د. تەها حوسێن

# لەبارەی شیعری جاهیلییەوە

لە عەرەبییەوە :

شەفیقی حاجی خدر

**ناسنامەی کتێب:**

ناوی کتێب: **لەبارەی شیعری جاهیلییەوە**

بابەت: **ڕەخنەی هزر و ئەدەب**

نووسەر: **دکتۆر تەها حوسێن**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: **شەفیقی حاجی خدر**

پیتچن: **وەرگێڕ**

هەڵەچن: **دەستەیەک**

نەخشەسازیی بەرگ: **ئازاد وەرتی**

نەخشەسازیی ناوەوە: **خەلیل هدایەت مام شێخ**

**شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر**

نرخ: **(٦٠٠٠) دینار**

تیراژ: **١٠٠٠ دانــە**

نۆرەی چاپ و ساڵ: **چاپی یەکەم/ ٢٠٢٣**

**لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی(          )ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.**

**مافی چاپکردنەوەی بۆ وەرگێڕ و ناوەندی ڕۆژهەڵات بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە پارێزراوە، هەر کەس و لایەنێک بە بێ ڕەزامەندیی وەرگێڕ چاپی بکاتەوە، تووشی لێپێچینەوەی قانونی دەبێتەوە.**

## لە بڵاوکراوەکانی

## ناوەندی ڕۆژهەڵات بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ژمارە (٥)

# فى الشعر الجاهلى

تأليف

طه حسين

أستاذ الآداب العربية بكلية الآداب بالجامعة المصرية

[ الطبعة الأولى ]

مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة

١٣٤٤ هـ - ١٩٢٦ م

# ناوەڕۆک


پێشباری وەرگێڕ ---------------------------------------- ٦
پێشەکییەک -------------------------------------------- ١٣
پێشکەشکردن ------------------------------------------ ٣٠
**کتێبی یەکەم: ------------------------------------------ ٣١**
١- بەرایی ------------------------------------------- ٣٢
٢- ڕێبازی توێژینەوە ------------------------------------- ٤٥
٣- ئاوێنەی ژیانی جاهیلی پێویستە لە قورئانەوە وەربگیرێ - ٥١
٤- شیعری جاهیلی و زمان ------------------------------ ٦٤
٥- شیعری و جاهیلی و زارەکان ------------------------- ٧٣

**کتێبی دووەم**

**هۆکارەکانی داتاشینی شیعر: ------------------------------- ٨٩**
١- داتاشین هەر تایبەت نەبووە بە عەرەب ----------------- ٩٠
٢- سیاسەت و داتاشینی شیعر --------------------------- ٩٧
٣- دین و داتاشینی شیعر ------------------------------- ١٢٨
٤- چیرۆک و داتاشینی شیعر ---------------------------- ١٥٩
٥- شعوبییەت و داتاشینی شیعر ------------------------- ١٨١
٦- گێڕەرەوەکان و داتاشینی شیعر ------------------------ ١٩٨

**کتێبی سێیەم**

**شیعر و شاعیران: ------------------------------------------ ٢٠٩**
١- چیرۆک و مێژوو ---------------------------------------- ٢١٠
٢- ئیمریئولقەیس/ عەبید/ عەلقەمە --------------------------- ٢٢٠
٣- عەمر بن قەمیئە/ موهەلهیل/ جەلیلە----------------------- ٢٥٢
٤- عەمر بن کەلسوم/ حارس بن حلیززە ------------------- ٢٦٥
٥- تەرەفە بن عەبد/ موتەلەمیس ----------------------------- ٢٧٧

## پێشباری وەرگێڕ

لە بەراییەوە پێویستە ئەوە بڵێم، من لەم دێڕانەدا نەهاتووم نووسەر و باسی دانراوەکانی بکەم، بەڵکو تەنیا سەرەداوی چۆنیەتی وەرگێڕانی ئەم کتێبە نازدارە باس دەکەم. هەرچی باسکردنی ناوەڕۆک و پرسە وروژێنەر و بەرهەمەکانی نووسەریشە، پێم وایە زۆر لەوە ڕونترە، لێرەوە بە بەرتەنگی چەند دێڕێکی بۆ تەرخان بکەم.

وێڕای ئەمەش، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی و شانازیمە، دوای ئەوەی لە وەرگێڕان بوومەوە و سێ هاوڕێش ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەگرییان بۆ خواردم، کەچی هێشتا لەبەر مەزنیی کارەکەی دکتۆر تەها حوسێن(١٨٨٩-١٩٧٣)دا، دڵم ئاوی نەخواردەوە، بۆیە داوام لە مامۆستا ئەیوب عەلی کرد، کە خۆی شارەزای ئەدەبی عەرەبییە، نەخاسمە کلاسیکەکەی، دەقاودەقتریش نامەی ماستەرنامەکەی لەسەر خودی نووسەر بووە، بۆ ئەوەی دوو کارم بۆ بکا، هەم وەرگێڕانەکەم لەگەڵ دەقە ماکە عەرەبییەکە بەراورد بکا، هەم لەسەرێکی دیکەشەوە، لە ڕووی هزرە ڕەخنەگرییە یاخیبوونە پێشکەوتنخوازییەکەی

نووسەرەوە چەند لاپەڕەیەک وەک پێشەکی بنووسێ، بۆ خۆشبەختیی من و خوێنەرانیش، بەپیر بانگەوازەکەمەوە هات.

ئەم کتێبە لە مایسی ١٩٢٦ەوە چاپ و بڵاوکراتەوە، واتە نەوەد و حەوت ساڵ بەر لە ئێستا. ئەم کتێبە بەر لەچاپکردنی نووسەر بابەتەکانی وەک موحازەرەی بە خوێندکارەکانی زانکۆی قاهیرە داوەتەوە، لێ ئەوکات لەنێو چوارچێوەیەکی تەسکدا بووە، هەر خوێندکاران پێی ئاشنا بوون. کاتێکیش کردیە کتێب و لە ١٩٢٦دا بڵاوی دەکاتەوە، ئینجا ناوەڕۆکەکەی بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا دەبێ، ئەوسا وەک ئەوەی لەپڕ ئاگرێکی گەورە کەوتبێتەوە و کێفەڕاتێک قەومابێ، خەڵک لێی بەئاگاهاتەوە. بەحوکمی باڵادەستبوونی بیری کەونار و نەریتخوازیش بەسەر زانکۆ و سیستمی بەڕێوەبردن و ڕۆژنامەگەری و ململانێی حزبییەوە، لە ڕێی دنەدانی پیاوانی دینی و مەزهەبییەوە، تەوژمی شاڵاو لەسەر شاڵاو دژ بە نووسەر و کتێبەکەی کەوتنەگەڕ. ڕەوتی شاڵاوەکان نەک هەر بە ڕەخنەگرتنێکی بە بەڵگەوبەندەوە نەوەستان، بەڵکو هەم کتێبەکەی بابەت و نووسەرەکەشی وەک خاوەنەکەی گرتەوە. ئەوەبوو کتێبەکە لە بازاڕ کێشرایەوە و بۆ ماوەیەکی زۆریش تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم قەدەغە کرا، چەندان کتێب و وتار لەدژی ناوەڕۆکەکەی نووسران، گوایە پیرۆزیی مێژووی ئیسلامێتی و عەرەب و ئەدەبەکەی شێواندووە، پاشان خودی نووسەر وەک مامۆستای زانکۆ سزادرا و لە زانکۆی قاهیرە دەردەکرێ و لەوەش پتر

پەڕاوی دادگای لەســەر دەکرێتەوە. تۆمەتەکەی ســەریشــی هەر ئەوەبوو، کە دەنگێکی جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز بوو بۆ کەلتور بەگشــتی و شــیعری جاهیلی بەتایبەت، دەنگێک لەگەڵ ڕەوتی کەونار ناگونجێ و بڕوای بە خۆڕادەستکردنی نابینایانە نییە بێ ئەوەی ئاوەز ببێتە ســـەنگی محەک، بەڵکو بە هزرێکی ڕۆشنگەرانەی ڕەخنەیی سەیری هەر دەقێکی بەردەمی دەکا، بە بەڵگەوبەندی بە بەپێز و سەنگینانە ڕاڤەی دەکا و لە بنجوبناوانی دەکۆڵێتەوە.

بەم جۆرە گۆڕەپانی ڕۆشــنبیریی میســری و پاشــان عەرەبی، لەبارەی نووسەر و پەیامەکەیەوە، دابەشبووە سەر سێ بەرەی یار و نەیار و بێلایەن. لێ ئەوەی بۆ من مایەی ســـەرنجە لەمــاوەی نــزیــکەی ســـەدەیەک، دوای ئەوەی ئەم کــتــێـبە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆرینەی زمانەکانی جیهان و مشتومڕێکی زۆری لەســەر کراوە و زۆریشــی لەســەر نووســراوە، کەچی لە کایەی ڕۆشـــنبیریی کوردیدا، بێدەنگی و پەردەپۆشـــکردنی مقۆمقۆکەکە بــاڵاکێش بووە. لەگەڵ ئەوەی ژمــارەیەکی زۆری خوێنـدکــاری کورد ئەو کــات لە زانکۆی قــاهیرە و تەنــانەت ئەزهەریش خوێندوویانە و ئاگاداری ئەو کێشمەکێشە بوون، کە لەســـەر کتێبەکە هەبوو. هەرچەنـدە لەم دوو دەیەی دواییـدا هەندێک لە کتێبەکانی نووســـەر بە کتێبە بەناوبانگەکەی فیتنەی گەورە (الفتنة الكبرى)شەوە لە لایەن مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف بــامـۆکـیـی ڕەحـمەتـیـیەوە وەرگـێـڕدراون، هەروەهــا ڕۆمــانە

یـادەوەرییەکەی ڕۆژگـار (الایـام)یش لە لایەن کـاک شـــیروان هەڵەبجەییەوە کراوەتە کوردی، وەک ئـاگـاداریشـــم، پیری چیرۆکنووس و وەرگێڕان مامۆســـتا جەلیل کاکەوەیس ڕۆمانە نازدارەکەی (دعاء الکروان)ی وەرگێڕاوە، بەداخەوە هێشتا چاپ نەکراوە. کاتێ من دەستم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کرد، مامۆستا جەلیلیش خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بوو. بەدەر لەوە توخنی ئەو کتێبە هەراخوڵقێنە نەکەوتوون.

پێم وایە ئەو ڕێبـازەی نووســـەر بۆ نووســـینی ئەم کتێبە گرتوویەتیە بەر، هەروەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا باسی دەکا، پێداویستییەکی گرنگی هەر لێکۆڵینەوە و نووسینێکی بابەتییانەیە بە دروستی، بۆیە نووسـەر و بەدوای ئەویشـدا خوێنەر نابێ لە دەربڕینی هیچ بۆچوونێکی ئەرگومێنتدار بترســـێ، شـــیمانەی گومانداریەکەی دیکارتیش دەراوێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی بە عەقڵ حوکم لەسـەر هەر دەقێک بدرێ، کە پێشـتر بە شـتێکی سەلمێنراوی حاشاهەڵنەگری پەردەپۆشکراو بە بەرگی پیرۆزێتی پێمان فرۆشراوە.

هەقیشـە ئەوە بڵێم وەرگێڕانی ئەم کتێبە شـتێکی ئاسـان نەبوو، ئـاخر شـــێوازەکەی تەهـا حوســـێن لە ڕەوانبێژی و ڕیتمی نووسـیندا ناوازەیە. لەپاڵ ئەمەشـدا بۆ پەیبردن بە پەیامەکەی و بە دروســـتی هێنانەوەی پێویســـتم بەوە بوو تا بکرێ زیاتر لە نووسـینەکانی نووســـەر ئاشـنا بم، لەپاڵیشـدا لەو سـەرباس و لاباســـانەی لە دوتووێی کتێبەکەیدا باســـی کردووە، واتە بۆ

وەرگێڕ هەر خوێندنەوەی کتێبەکە بەس نەبوو، بەڵکو خوێندنەوە و گوێگرتن لە بەرنـامەی زۆر، کە لەبـارەی ئەم کتێبەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، چونکە دەکرێ بڵێم ئەم کتێبە لەو کتێبانەیە کە زیاتری لەبارەوە خوێنرابێتەوە و نەوەک دەقەکە خۆی بینرابێ، بەتایبەتی لای ڕۆشنبیرانی کورد.

هەروەک یەکێک لە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانی عەرەبیش باسـی کردووە، شـێوازی تەها حوسـێن شـێوازێکی وەسـفی بریقەدار نییە، بەڵکو شـێوازێکی ڕەوانبێژی وشـە و دەسـتەواژەکانە بە پشـتبەسـتن بە کێش و موزیکی واژەکان خۆیان، لەبەر ئەوەی خۆی نابینا بووە، هەر زانسـت و زانیارییەکی وەرگرتووە لە ڕێی بیسـتنەوە وەریگرتووە، پێچەوانەی نووسـەرانی دیکە، هەر بۆ نموونە پێچەوانەی عەباس مەحمود عەقادی (١٨٨٩-١٩٦٤) هـاوچەرخی خۆی کە کـابرایەکی بینـا بووە، لە دارشـتنی نووسـینەکەیدا زیاتر بینینی وشـەکان و ڕەوانبێژیی وەسـف بەسەریدا زاڵ بووە.

ڕەنگبێ لایەنی نەیاری ئەم کتێبە و نوسـەرەکەی ئەوە بڵێن، کەوا نووسـەر هەر دوای سـاڵێک پەشـیمان بووەتەوە، کاتێکیش کتێبەکەی چاپکردۆتەوە نەوەک هەر ناونیشـانەکەی گۆڕیوە و کردوویەتیە (لە ئەدەبی جاهیلییەوە- في الادب الجاهلي -١٩٢٧) بەڵکو ناوەڕۆکەکەشی دەستکاری کردووە ئەو بڕگە و لاپەڕانەی پتر لە لایەن ڕەخنەگران بە دنەی لێکدانەوەی دینی لاداون و سـڕیونەتەوە، لە بەرانبەر ئەو ڕایەدا، دەبێ ئەوە بگوترێ، تەها

حوســێن هەرگیز لە بیروباوەڕی خۆی، بەتایبەتیش لەم کتێبەی پەشــیمان نەبووەتەوە، چونکە لە دانیشــتنێک لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری ناوداری میسری، کە لە نێویاندا نەجیب مەحفوزیش ئامادەبووە و پرســیاریشــی لێکردووە، جەختی لەســەر پاشــگەزنەبوونەوەی خۆی کردووە. نووســەرێکیش دەڵێ، تەها حوســێن پەیامەکەی خۆی گەیاند، ئیدی دوای خۆی ئاوڕی نەداوەتەوە و پەشــیمــان نەبۆتەوە، بەڵکو ڕووی کردووەتە بابەتگەلی دیکە و کارەکەی خۆی کردووە.

هیوادارم خوێنەری کورد ئەم وەرگێڕانەم کە زنجیرە وەرگێڕانەکانی دیکەم جیاوازە، بە هزرێکی کراوەوە لێوەربگرێ، و ڕەخنە و گومان بکاتە ســەنگی مەحەک لە پێوەری حوکمدان بەسەر دەق و بیروبۆچوونی باوی گوتراودا.

ئەوەی ماوەتەوە، ئەوەیە بڵێم، هەروەک لەوەگێڕانەکانی دیکەمدا کۆمەڵێک هاوڕێی دڵســۆز هاوکارییان کردووم و بە خەم و پەرۆش و ســەلیقەوە شــەونخونییان لەگەڵ کێشــاوم و بە وەرگێڕانەکەمدا چوونەتەوە و هەڵەی تایپ و ڕێنووس و هەندێ لە دەســتەواژەکانیان بۆ ڕاســتکردوومەتەوە. لەیەک کاتدا دەستنووسی یەکەمی وەرگێڕانەکەم بۆ کاک ڕیاز کاکە مەحمود و لوقمان شلانی نارد، ئەوانیش بەوپەڕی مشوورخۆرییەوە بە کۆمەڵێ تێبینی و سەرنجی ڕاستکەرەوە بۆیان ناردمەوە، پاشان ڕێباز مستەفاش بە سەلیقە وەرگێڕییەکەی خۆی جارێکی دیکە پێیداچووتەوە.

لەدوای ئەوانیش هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا، مامۆستا ئەیوب عەلی بە شارەزایی خۆی لە زمانی ئەدەبی عەرەبی و کتێبەکانی تەها حوسێن لەگەڵ عەرەبییەکەدا بەراوردی کردووە و سەرنج و تێبینی بەپێزی بۆ نووسیم، لە هەندێ شوێنیش هەڵە و کورتهێنییەکەی ڕاستکردووەتەوە و پێشنیازی چەند پەراوێزیشی بۆ کردم، سەرباری ئەمەش لە دوو سێ لاپەڕەدا کورتە پێشەکییەکی سەنگینی بۆ نووسی. بۆیە ئەم وەرگێڕانەشم بەرهەمی بەکۆمەڵی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێ سەنگینانەیە.

لە هەندێ چەمکی ئەدەبیشدا پرسم بە حەیدەری برام کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی ڕستەسازی و زمانەوانیی دەقی وەرگێڕدراو. هەڵبەت پێزانینی زۆرم بۆ فەرهاد جەمیلی پشتوپەنای وەرگێڕانەکانم، سوپاس و پێزانینیشم بۆ هاوژینی خۆشەویستم کنێر جەمیل، کە بێ یارمەتیی ئەو، دەرفەتی وەرگێڕانم نەدەبوو.

**لە کۆتاییشدا هەر خوێنەر دەبێتە سەنگی لە محەکدانی وەرگێڕانەکەم.**

ش.ح.خ
لاهای-هۆڵەندا
٢٠٢٣-٠٤-١٩

## پێشەکی

**تەها حوسێن (١٨٨٩-١٩٧٣) و شۆڕشی عەقڵی و هزر لە نووسینی کتێبەکەی (لەبارەی شیعری جاهیلییەوە)**

**نووسینی: ئەیوب عەلی،**
**هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە هزری تەها حوسێن بەناوی (مەیلی ڕۆشنگەری لە نووسینەکانی تەها حوسێندا)**

هەر لەگەڵ دەرچوونی کتێبی (لەبارەی شیعری جاهیلییەوە) لە ١٩٢٦دا کاردانەوەی جیا جیای نەوەک هەر لە کایەی ڕۆشنبیری و کلتووری میسری لێکەوتەوە بەڵکو هی عەرەبیش، بە جۆرێک ڕەخنەگران بە کتێبی سەربەگۆبەند و هەرایان لە قەڵەم دا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئاخر کتێبەکە ئاودێر بوو بە هزر و بیرۆکەی بوێرانەی دژەباو، هەڵگەڕانەوە بوو لەو داب و نەریتە ئەدەبییانەی ئەوکات، کە کۆمەڵگەی

میسـری لەسـەر ڕاهاتبوو. کتێبەکە خۆی ڕێبازێکە بۆ مێژووی زمـان و ئەدەب و ڕێچکەکـانی ڕەخنەگرتن لە دەقەکـان و ڕاسـتکردنەوەی ماخۆیەتی ڕاسـتەقینەیان، بەمە دەرگای بۆ ڕوانین و تێڕامان لە میراتە ئەدەبییە جێماوەکە خستەسـەر پشت، بۆ ئەوەی بە ڕێبازیکی نوێ لەو میراتە ئەدەبییە نووسراو و نەنووسراوە بکۆڵرێتەوە و هەڵبسەنگێنرێتەوە.

کتێبەکە گۆبەندێکی وەهای نایەوە کە هیچ کتێبێکی دیکەی بەر لەو نەینابێتەوە. ئاخر لە سەدەی ڕابردوودا هیچ کتێبێک نابینرێ بەم چەشـنە بووبێتە جێسـەرنجی ڕەخنەگر و توێژەر و لێکۆڵەرەوە و ئەکادیمییەکـان بە جیـاوازی ڕێبـاز و هزر و بیروبۆچوونیان.

هەر ئەوەنـدە بوو کتێبەکە لە کۆتـایی مـارتی ١٩٢٦دا کەوتە کتێبخانەکان، ئیدی کاردانەوەی توندی بەرپا کرد، سـەرەتا ڕۆژنامەکان دەسـتیانپێکرد، پاشـان کتێب و بەدوای ئەویشـدا دادگا هاتە مەیدان، هەموو هەمانەش هاوزەمان بوون لەگەڵ کۆمەڵێ سکاڵا و نارەزایەتی تا گەیاندییانە ڕاددەی خۆپیشاندان و تۆمەتبارکردنی تەهـا حوسـێن بە کفر و زەنـدەقـایەتی و دەرچوون لە دین، هەروەها هەر بەهۆی ئەمەشـەوە لە زانکۆ دەرکرا و ڕادەستی دادگاش کرا.

توێژەر و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکـان لەبـارەی کتێبەکە و نووسـەرەکەی بەدرێژایی سـەدەیەکی ڕەبەق بەسـەر سـێ هەڵوێستدا دابەش بوون:

١- **هەڵوێسـتی کۆنەپارێزان:** ئەوان کتێبەکـان وەهـا بینی کە تانەدانە لە ئیسلام، هەر بۆیە تەها حوسێنیان بە کفر و دژایەتی ئیسـلام و دەسـتتێکەڵکردن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسـان لە دژی موسـڵمانان تاوانبار کرد. ئەوەبوو شـێخ و مەلاکانی ئەزهەر دابەزینە سـەر نووسـەر و کەوتنە ژماردنی خەتا و هەڵەکانی، ئەمەشیان بە وتارگەلێک و شێوازێک کرد، کە لایەنی ناوزڕاندن و شـکاندن و سـووکایەتیکردن بە کەسـایەتی نووسـەر و دەستپاکیی زانستییەکەی بەسەردا زاڵ بوو. ئەوانەی ئاڵای ئەم شـەڕەیان لە دژی تەها حوسـین و کتێبەکەی هەڵکرد، هەریەک لەمانەی خوارەوە بوون: موسـتەفا سـادق ئەلرافعی (مصـطفی صـادق الرافعي) بە کتێبێک بەناوی (لەژێر بەیداخی قورئان - تحت راية القران)دا، محەمەد ئەلخزر حوسـێن (محمد الخضـر حسـین) کتێبێکی بەناوی (هەڵوەشـاندنەوەی کتێبی لەبارەی شـیعری جاهیلیەوە - في نقض كتاب في الشـعر الجاهلي)، محەمەد فەریـد وەجـدی لە کتێبەکەی خۆی (ڕەخنە لە کتێبی لەبارەی شـیعری جاهیلییەوە - نقد کتاب الشـعر الجاهلی )، محەمەد لوتفی جومعەش لە کتێبی (ئەسـتێرەی درەوشـاوەی چاودێر لە شیعری جاهیلی - الشهاب الراصد في الشعر الجاهلي) و محەمەد ئەحمەد غەمراویش لە کتێبی (ڕەخنەی شـیکەرەوانە

لە کتێبی لەبارەی شـیعری جاهیلییەوە - النقد التحليلي لكتاب في الشعر الجاهلي) نووسی.

٢- **هەڵوێسـتی لایەنگران**: ئەوکەسـانە بوون کە سـەرسـامی و کارانگازیی خۆیان بە کتێبەکەی تەها حوسـێن دەربڕی بەوەی بە کتێبێکی ناوازە و ڕەخنەیەکی ڕۆشـنگەرانەیان دانا کە ئاڵای نوێگەرێتی لە هزری عەرەبییدا نوێدا بەرز و شەکاندەوە، چونکە داوای گۆڕینی ڕێبازە باوە کۆنەکەیان دەکرد، ئاخر تەها حوسێن لای ئەوانە بە ماخۆی هزرێکی ڕۆشـن و گەشـاوەی ڕۆشـنگەر دادەنرا، ئەو ڕۆشـنگەرەی ئاوەز و هزر ڕۆشـن دەکاتەوە و میراتی ئەدەبی بەجێماوەی عەرەبی بە هزرێکی نوێ و ڕێبازیکی عیلمی زانستی سەنگین و یەکلاکەرەوە دەکۆڵێتەوە.

ئەو کەسـانەی بە تەها حوسـێن و هزرە شـۆڕشـگێڕییە نوێگەرێتییەکەی کـارانگـاز بوون، هەریەک لە دکتۆر جـابر عصـفور بوو، بە زۆرێک لە وتار و لێکۆڵینەوە لەسـەر تەها حوسێن و کتێبەکانی بەتایبەتیش کتێبەکەی (ئاوێنە هاوپێچەکان، لێکۆڵینە لە ڕەخنەگرتن لە تەها حوسـێن) هاتە دەنگ، بەسـمە حجام بن عوسـمان لە کتێبەکەی بەناوی (شـیعری جاهیلی لەنێوان تەها حوسێن و مارگلیۆس)، ئیبراهیم عەبدولرەحمان لە کتێبەکەی (شـیعری جاهیلی، پرسـگەلە هونەری و بابەتییەکان). حەسـەن ئەحمەد جغام لە کتێبەکەی (تەها حوسـێن: دۆزەکان و هەڵوێسـتەکـان)، دکتۆر عەبـدولمونعیم تلیمە لە کتێبەکەی (لەبارەی شـیعری جاهیلییەوە: کتێب و دۆز)، سـامح کورەییم

کە لە کتێبەکانی (شەڕە ئەدەبی و هزرییەکانی تەها حوسێن) و ( (تەها حوسێن : هزرێکی نوێکەرەوە) و (چی تەها حوسێن دا ماوە).

٣- **هەڵوێستی بی لایەنەکان:** ئەو کەسانەی هەوڵیان داوە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیان بۆ کتێبەکە بێلایەن و میانڕەو بن. ئەو کەسانەش پرس و بابەتی بەردەستیان بەشێوەیەکی بابەتییانە تاوتوێکرد و لایەنە ئەرێنییەکانیان دەرخست، هەروەها هەندێ لە هەڵەکانی نووسەریشیان خستە پێشچاو. لەنێو ئەو جۆرە نووسەرانەشدا هەریەک لە حوسێن فوئاد بوستانی لە کتێبەکەی بەناوی (شیعری جاهیلی)، دکتۆر مستەفا ئەلجۆزۆ لە کتێبەکەی (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پرسی گومان لە ئەدەبی جاهیلی) و دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی لە پێشەکی کتێبەکەی بەناوی (لێکۆلینەوەی ڕۆژهەلاتناسان لەبارەی ڕاستی و دروستی شیعری جاهیلی)، دکتۆر ناسرەدین ئەلئەسەد لە کتێبەکەی (سەرچاوەکانی شیعری جاهیلی و بەها مێژووییەکەیان)، توهامی ئەلهانی لە کتێبەکەی (تەها حوسێن و شیعری جاهیلی لەنێوان هەوێنگەلی ڕۆژهەلاتناسان و سایەی عەرەب)، دکتۆر زیاد ئەحمەد سەلامە لە کتێبەکەی (لەگەڵ تەها حوسێن لە بارەی شیعری جاهیلییەوە).

ئەمەو زۆر کتێبی دیکە کە بە دەیان کتێبن و ژمارەی وتارەکانیش بەسەدانن، لێرەدا جێگەی باسکردنی وردودرشتی هەموویان نابێتەوە. کاردانەوەی ئەم هەموو کتێب و وتارانە

خۆی ئەگەر شـــتێک بگەیەنێ، ئەوا واتـای مەزنیی کتێبەکە و ناوەڕۆکەکەی لە هزری شـــۆڕشـــگێڕیی داهێنەرانە دەگەیەنێ، هەروەهـا واتـای داننـان بە بە گرنگی کتێبەکە و کـاریگەرییە مەزنەکەی و مەودای باندۆرەکەی لەســـەر گۆڕەپانی پرس و دۆزە ئەدەبی و هزرییەکان دەگەیەنێ.

کتێبی (لەبـارەی شـــیعری جـاهیلییەوە) دەربڕی هەموو بیروبۆچوون و تێڕوانینی تەها حوسـێنە بۆ شـیعری جاهیلی و تێیدا شـیمانەی داتاشـینی شـیعری جاهیلی تێدایە کە باسـی کردووە و وردەکارییەکەشـــی بە ئامراز و لێکەوتە و ئەنجامە جێبەجێکارییەکانی خســـتووەتەڕوو، بە تێروتەســـەلی چووەتە بنجوبناوانی پرسەکە.

تەها حوســێن کات و ڕۆژگاری خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی هزری ڕۆشـنگەری و سـەرخسـتنی تەرخان کردبوو، ئاخر ڕۆشـنگەری لە هزری ئەودا لەسـەر فرە بنەما و دینگەیی وەسـتاوەتەوە. ئەو دەســـتپێکی پڕۆژە ڕۆشـــنگەرییەکەی بە خۆداماڵین لە مەیل و ئارەزووی دینی و نەتەوەیی دەستپێکردووە، جۆرە خۆداماڵینێک کە بەبێ ئەوە توێژینەوەی زانستی بەر ناگرێ.

ئەو تێزە مەنهەجییەی لە ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەمدا پێشـــنیـازی کرد، هەر گواســـتنەوەیەکی کوێرانەی هزری ئەوروپییـانە نەبوو، بەڵکو بەرەنجـامی تێخوێنـدنەوەیەکی لەســـەرخۆ و لێکۆڵینەوەیەکی سـەنگین بوو بۆ میراتی کەونـاری

عەرەبی، هەڵبەتە تێیدا ڕۆشـــنگەری بەرجەســـتە دەبێ، کە هەڵوەدای بانگەوازێکی هۆشـمەندانە و سـەقامگیربونی عەقڵ و پێداگیرییە لەسەر داهێنانی خودی عەقڵ، هەورەوها بانگەوازیشە بۆ بەدەستهێنانی توێژینەوەی زانسی بە خۆداماڵین لە هەر مەیل و ئارەزوویەکی دینی و نەتەوەیی، هەر بۆیەشـــە ئەو بەوپەڕی توندییەوە بەگژ ئەو مەیل و ئارەزووە لەڕێلادەرانەدا چووەوە. تۆوی هزری ڕۆشـــنگەریی ئەو لە ژینگەیەکی لەباردا چەکەرەی کرد، واتە ژینگەی پەروەردە و فێرکردن، هزرەکەشـــی لەســـەر بنەمـای ئـاوەزمەنـدی و ئـازایی و مەیلی مرۆڤـدۆســـتی و دادپەروەریی و یەکســـانی و ڕوانینە دوارۆژ و دەرفەتی وەک یەکی لە فێربوون و بێبەرامبەری و بنەماکانی دیکە ڕۆنا.

دیارە هزری ئاوەزمەندیی ڕۆشـــنگەریی تەها حوســێن لەســـەر بنەمای عەقلانی ڕۆشـنگەری ڕۆنراوە، واتە بەناوبژیگرتنی عەقڵ بەشـێوەیەک بیکاتە بناغە بۆ ئەوەی شـتەکان لە سـەنگی محەک بدا، ئەو بیروبۆچونانەی لە سـەرەتای پێگەیشـتنی هزریی ئەودا لەسەر بنەمای زانست و زانیاری و عەقڵی ڕەتکەرەوە بە هەموو دیـاردەیەکی جەهـل و نەفـامی و پـاشـــکەوتن و خورافە و جادووبازیی ڕۆنرابوو، ئاخر ئەو زۆر دژی خورافە و جادوبازیی و بیرکردنەوەی نـاعەقڵانی بوو. ئەو بڕوای بە زانســـت بوو چونکە ڕێگەی عەقڵە، ئەو عەقڵەی دەکرێ بەهۆیەوە مـاخۆکەی بوێرانە بیربکاتەوە، هەر بەو شـــێوە ڕەونەقدارەش دەگوترێ ڕۆشـــنگەر، ڕۆشـــنگەری بەوپەڕی واتا و ئاماژەکانی خۆی، ئەو

ڕۆشنگەرییەی وای لێکرد هەڵسەنگاندنێک بکا و بەشتەکاندا بچێتەوە بەوەی ببێتە مایەی پێشکەوتنی نەتەوە و گەشەکردنی.

بەڵێ، تەها حوسێن بیرمەندێکی عەقڵانی بوو، عەقڵی بە باشترین دەسەڵات دانابوو بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێتەوە، بە سەروەری عەقڵ بڕوادار بوو، پێیوابوو عەقڵ پێویستییەکە بۆ پەخشبوونی سەروەری لە سەردەمێک کە پێی وابوو هیچ ڕێگەیەک نەماوە بۆئەوەی لێوە دەربچین و لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەدا تەریب بڕۆین مەگەر بەعەقڵ نەبێ، هەر بۆیەشە پێگەی عەقڵی لە ڕەوتی مێژووی هزر لێکدابووەوە، یەکێک لە توێژەرەکان وایدەبینێ کە ڕوانینی تەها حوسێن بۆ عەقڵ وای لێکردووە ئەو بڕوا و ئیمانە بەهێز و پتەوەی بۆ پەیدا ببێ. هەر ئەوە پاڵنەری بووە تا هەموو شتێک کە بە عەقڵەوە پەیوەستە لەخۆی بگرێ و باوەشی بۆ بکاتەوە، ئەوسا سەرچاوی ئەو ڕەوانینە عەقڵمەندییەش هەرچییەک بێ، چ بەرەنجامی ڕۆژهەڵاتناسی بێ یاخود لەبەرڕەوتی هزری چەرخی ڕۆشنگەرییەوە بێ. ئەمەش لە هەوڵی بەکردارکردنی خۆیەوە ڕەنگی دایەوە و بەرجەستە بوو. بەرجەستەبوونێکی خودی و هزری، بەرجەستەبوونێکی لەنێوان ئازادی عەقڵ و دەستکەوتی جێبەجێکردنەکەی بەوەی جێگەی سیستەمە زانیارییە باوەکە بە شتێکی دیکە بگرێتەوە کە کاکڵەکەی هزری خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا کەوتنە مقۆمقۆ و مشتومڕ دۆزیەوە، ئەوانەی لە مەیل و ئارەزووەکانی هاوشان و پشکدار بوون، بەتایبەتیش ئەحمەد

لوتفی ســـــەید، ئینجــا ئەو لە بۆتەی ڕەوایەتی خۆی ئەوانی گرتنەوەخۆ. ئەوەی ناســـراویشـــە ئەوەیە، تەها حوســـێن بەو وێناکردنەی کە کەسێکی عەقڵانی بووە، ویستوویەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکە ڕزگار بکا و عەقڵیش لە مەیلی ســـۆزداری و هــزرە بەســـــەرچــووە کــۆنەکــان و دابــونەریــتە پەڕپــوتە لەیەکترازاوەکــانی ڕابردوو ڕزگــار بکــا، ئەوانەی بووبوونە بەربەربەست لەبەردەم عەقڵێکی پڕشنگداری ڕاستەقینە.

پرســـــی عەقــڵ لای تەهــا حوســـــێن چەقی بــازنەی کردەی بەرهەمــهــێنــانــی چەمکەکــان و پەیــڕەوکــردنــیەتــی لە پــڕۆژە ڕۆشـــــنگەرییەکەی، ئەو هەر بەتەنیا وابەســـــتە نەبوو بە چەند تێزیکی ئەکادیمی یان هەر سەرنجدەرێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ڕاگوزەر لە کۆمەڵگــای ڕۆژئــاوایی، بەڵکو ئەو کــاکڵە نــاوازە و جەوهەری ئــاوەزمەنــدیێتی ڕۆژئــاوایی لە بەرجەســـــتەبوونی فەلســـــەفەی دیــکــارتــی وەرگــرتــووە، کە خــۆی لە کــۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتبوو، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەر لە خولیا و ئارەزوویەکی ڕۆشــنگەریی دەســتەبژێری باڵای تێنەپەڕاندبوو، هەر هیچ نەبێ لە ســەردەمی تەها حوســـێندا. کەواتە پڕۆژەکەی تەها حوســـێن هەر بەتەنیا پڕۆژەیەکی ســـــەرەتایی نوێکردنەوە نەبوو، بەڵکو بەشـــێوەکی گشـــتی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی عەقڵی عەرەبی بوو. بەهــای تەهــا حوســـــێنیش لە توانــای زێــدەبــاری بۆ بیرکردنەوە و بەدادوەریکردنی عەقڵەوە دەهات بەوەی هەڵگری مەشـــــخەڵێکی

ڕۆشـــنگەری ڕاســـتەقینەیە، هەروەها ئەو توانا ناوازەییەی لە کنەوپشـــکنینی شـــتەکان و چارەســـەرکردنیان بە شـــێوازێکی زانستییانە.

تەها حوسێن بانگەوازی ڕاچەنین و ڕۆشنگەری دەکرد ئەوانەی لەســـــەر بنەمـای عەقڵ و ژیربێژییەوە ڕۆنرابوون، بەجۆرێـک بانگەوازە ڕۆشـــنگەرییەکەی لە دەراوی ڕۆشـــنبیرییە بەرفرە و عەقڵە تیژبینییەکەی و هزرە هۆشـیارە نایابەیەکەوە سـەرچاوی گرتبوو، ئەوســـا ئەمەشـــیان چ لە ڕەخنەی ئەدەبی دەرکەوتبا یاخود لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یان لە توێژینەوەی فەلســـەفی یاخود لە مێژووی شـــیعر و ئەدەب و یان لە ژیاننامە یاخود لە چیرۆک و ڕۆمان یان لە کاروباری ڕۆژانەی مەیدانی بە سیفەتی ئەوەی وەزیر خوێندن و مامۆســتای زانکۆ یاخود دامەزرێنەری گۆڤاری هزری ڕاچەنیوی ڕۆشـــنگەری، بەتـایبەتیش گۆڤـاری ئەلکاتبی میســـری کە لەدوای جەنگیی دووەمی جیهانیدا و لە ١٩٤٥دا و بۆ ماوە ســێ ســاڵ بە ســپۆنســەری بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی جوو دەریدەکرد.

تەها حوســێن خوازیار بوو عەقڵی عەرەبی ڕۆشـنبکاتەوە و لە شـــتە باوە چەســـپیوەکانی ڕابردوو دەربازی بکا، هەر بۆیە لە پیاوە هەرە لەپێشـەکانی عەرەبی لە ڕووی هزرو عەقڵەوە دانرا، ئەمەش لە ڕەوت و ڕێـبـازە هـزریـیە ڕۆشـــــنگەریەکەی پێشـکەوتنخوازییەکەیەوە دیاربوو، ئەو دەیەویسـت ڕێسـایەکی دیکەی نوێ لەبارەی ئەدەب و شـــیعری عەرەبییەوە دابهێنێ،

ڕێبـاز نویێ بهێنێته کـایه، ڕێبـازێـک و ڕەوتێکی جیـاواز بۆ هەڵســـەنگاندنی میراتی کەوناری عەرەبی، بەجۆرێک هەندی لە شـــتە چەســـپیوە کۆنباوەکان، بەتایبەتیش شـــیعری جاهیلی بهەژێنی و پێگە جێگیرە باوەکەیان لەق بکا، ئەمەشـی لە ڕێبازی گومـانـداری دیکـارتـدا دۆزییەوە، هەر بۆیە لەو دەروەدا ئەو بە یەکەم پیاوی ڕۆشـنگەری سـەردەمی هاوچەرخ دانرا، ئاخر ئەو ویسـتی عەقڵی عەرەبی لە کۆتوبەندە نەریتییە بەسـەرچووەکان و نەرتیە دێرینەکان و دابە ناجۆر و هزرە شاشەکان ڕزگار بکا، ئەوانەی عەقلی عەرەبی بۆ ماوەیەکی درێژ داگیرکردبوو بەوەی هەر هەمان بەندوباوی جارانیان دەگوتەوە و خۆیان بە یەقینێکی ڕەها دادەنا. هەرچی تەها حوســـێنیش بوو بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە و کرانەوە و ڕزگـاربوون لەو کۆتوبەنـدە کەڵەکەبووانە خۆی لەبەردەم ڕێبازی گومانداریی دیکارتدا بینی. نموونەشـــی هەر قســـەی خۆی بوو: "دەمەوێ لە ئەدەبدا لەســـەر هەمان ڕێبازی فەلســـەفەی (دیکارت) بڕۆم، ئەو ڕێبازەی لەســـەرەتای ئەم چەرخە و بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی شتەکاندا دایهێنا. هەموو خەڵکیش ئەوە دەزانێ، کە ڕێســـای بنەمای ئەم ئاراســـتەیە ئەوەیە؛ نووســـەر خۆی لە هەموو شـتێک، کە پێشـتر دەیزانی دابرنێ و ڕووت بکاتەوە. ئینجا بە زەینێکی بەتاڵ لەوەی پێشـتر لەبـارەی بـاســـکراوە، بە تەواوی واتـای بەتـاڵی ڕووی تێبکـا. هەموو خەڵکیش ئەوە دەزانێ، ئەم ڕێبازە، پێشـــتر هەوادارانی کۆنەخواز لە دین و فەلسەفە هەر لەو ڕۆژەی سەریهەڵداوە لێی سەخڵەت و تووڕەن، هەرچەندە بە پیتترین ڕێباز و مەحکەمترین

و باشترین کاریشە، ئاخر هەر ئەویش بوو زانست و فەلسەفەی تەواو نوێکردەوە، هەر ئەو ڕەوتە بوو ڕێبازی ئەدیبەکانی لە ئەدەبەکەیان و هونەرمەندانی لە هونەرەکەیان گۆڕی، هەر خۆیشی خاسیەتی ناسینەوەی ئەم چەرخە نوێیەیە."[١]

ئیدی لێرەوە لەخۆگرتنی ئەو ڕێبازەی دیکارت ڕادەگەیەنێ بەوەی خۆی لە هەموو نەریتی بۆماوەیی لە دین و نەتەوایەتی و ئاروزەوەکانی دابماڵێ و بە مێشکێکی پاک و سافەوە بەدوای لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا بڕوا. ئەو ئەوەشی ڕاگەیاند کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و مێژوودا ئەو ڕێبازە گوماندارییەی دیکارت پەیڕەو دەکا، کە بەهۆیەوە دەگاتە ئەو ڕاستییانەی لە یەقینەوە نزیکن... لە هەمان کاتیشدا ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەو ڕێبازە لە ڕێبازی گومانی ڕەها جیاوازە ئەوەی بەرەو لەقکردنی بڕوابوون بە میراتی بەجیماوە دەگەیەنێ و ماخۆکەشی بە هیچ ئەنجامێکی شایستە ناگەیەنێ، ئەو لە ڕێبازی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە خواروخێچە دەمارگیرانەش دوورکەوتۆتەوە کە هیچ سوودیان نییە، هەر بۆیە تەها حوسێن گوتوویەتی: "خۆ ئەگەر ئێستا لە میسردا کەسانێک هەبن پشتیوانیی کۆنەخوازی بن، ئەوانی دیکەش پشتیوانیی نوێخوازی بن، ئەوا ئەوە دەگەیەنێ، کە عەقڵیەتی خەڵکەکە شەقڵی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە و ئەوانی دیکەش ئەو بەختەیان نەبووە، یان سەرنەکەوتوون ئەو بەختە وەربگرن مەگەر بە ڕاددەیەکی

[١] في الشعر الجاهلي، ل ١١-١٢

کەم نەبێ. بڵاوبوونەوەی زانستی ڕۆژئاوایی لە میسر و بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا، کردوکۆشی تاک و بەکۆمەڵیش بە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی زانستی ڕۆژئاوایی، هەموو ئەمە وامان لێدەکا بەیانی، یان دووبەیانی عەقڵمان ببێتە عەقڵێکی ڕۆژئاوایی، بەوەی لەژێر کاریگەریی ڕێبازی "دیکارت"دا ئەدەب و ویژەی عەرەب بخوێنین، هەروەک چۆن ڕۆژئاواییەکان ئەدەب و ویژەی یۆنان و ڕۆمانیان خوێند و لێیانکۆڵیەوە."[2] ئەو دوارۆژیش "بۆ ڕێبازی دیکارت نەوەک ڕێبازی کۆنەکان" دەبینێ."[3]

کاتێک تەها حوسێن لە توێژینەوەکەیدا قووڵ بووەوە بینی ئەوەی نووسراوە لەگەڵ ڕوانینی عەقڵانی یەکناگرێتەوە، هەر بۆیە هەڵوێستی لە ئاست هەندێ لە کۆنەکان پەیوەست بوو بەوەی گیانێکی هاوچەرخانە بەبەر ئەدەبی عەرەبیدا بکاتەوە، ئەو ئاراستەیەشی ڕوون و ئاشکرا لە کتێبەکەی (لەبارەی شیعری جاهیلییەوە) دیارە، ئاخر ئەو وەهای دەبینێ کە پرسیارەکان کلیلی زانست و زانیاریین، هەر دەبێ عەقڵیش هەموو شتێک لێکبداتەوە، هەموو شتێکیش کە دێتە پێشی لێی بپرسێتەوە؛ هەروەها عەقڵی ڕەخنەگر ناوێکی دیکەی عەقڵی ئازادە، هەروەک چۆن ئاوەزمەندیتی مەیلێکی پێویستیی

[2] هەمان سەرچاوە ل ٤٥

[3] هەمان سەرجاوە ل٤٦

ئـازادییە، شــــوێنە و پێگەیـان هەروەک چۆن کـارلێکردن و کاریگەری بەسەریەکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن.

بنەماکانی ڕۆشنگەری عەقڵانی و دیاردەکانی لای تەها حوسێن لە ڕێی پڕۆژە ڕۆشنگەرییە ڕۆشنبیرییە پێشکەوتنخوازییەکەی دەرکەوت و بەشــــێوەکی کراوە دەســــتی پێکرد کە داخران و چەقبەســــتنی بۆ نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا دەرگای لەســــەر گفتوگۆ و وتوویژ و لەگەڵ یەکرۆیشتن و بەیەککگەیشتن لەنێوان کلتور و شـارسـتانییەکانی لەیەکجیاوازییەکانی بەدوادهات، هەر لەبەرئەوەش بوو ڕەوتی هزری ڕۆشــــنبیری ڕۆژئـاوایی گـوازرایەوە لای ئەدەبی عەرەبی، بەوەی بە مەبەســــتی ڕۆشــــنگەری بـاس لە ئەدەبی عەرەبی بکـا و پێواژۆی عەقڵ ســــەربخـا. ئیـدی ئەو پڕۆژە هزرییەی ئەو بووە لووتکەی ڕۆشــــنگەری لە جیهـانی عەرەبییـدا، بەڵکو لەوەش پتر بووە شــۆڕشــێکی ڕۆشــنگەری، کە مێژووی هزری نوێی عەرەبی و هاوچەرخ پڕۆژەیەکی ڕەگداکوتاو هەمەگیر و پڕبەپێســتی وەک ئەوەی تەها حوســێنی بەخۆوە نەبینی، ئاخر تەها حوســــێن ســــەرتاپای ژیانی خۆی بۆ ئەو پڕۆژەیە تەرخان کرد و تا دوا هەناســــەی ژیانیشــــی هەر داکۆکیکار بوو لێی، ئەم پڕۆژەیەش چەند توخمێکی ئاوەزمەندی ڕۆشــــنەگری لەخۆگرتبوو، بەوەی ڕوانینی نەریتییانەی پیرۆزکردنی میراتی ئەدەبی عەرەبی بەلاوە نا، لەبری ئەو کنەوپشــکنین و ڕوانینێکی کنکۆڵییانەی بۆ مێژوو

دەکا. ئەو مێژوو لە گوزەرێکی بابەتیی زیاتر نابینی، بۆیە دەبێ بخرێتە بەر نەشتەری لێکدانەوە و ڕەخنەوە.

هەر عەقڵانییەت خۆی لای تەها حوسێن پڕۆژە ڕۆشنگەریەکەیە، ئەویش پڕۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سـیاسـی مەدەنی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی خوێندەواری هۆشـیارە، هەروەها هەر پڕۆژەکە خۆیشی پەیوەندی گونجاوی نێوان دەوڵەتی دیموکرات و کۆمەڵگەیەکی پێشـکەوتووە، واتە تێگەیشـتنە لە پڕۆژەکەی بەوەی پڕۆژەیەکی گشـتگیرکردنی ڕۆشـنبیرییە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیـاوازی و بێ هیچ ڕیزپەڕییەک، ئـامـانجیش ڕۆنانی کۆمەڵگەیەکی پەرەسـەندوو و پێشـکەوتووە لەسـەر باڵاترین چەمکی پێشـکەوتن و گەشـەکردن، ئاخر خۆ داخوازی عەقڵ لە داخوازی مرۆڤ و مێژو زیاتر نییە.

سـیماکانی ئاوەزمەندێتی لای تەها حوسـێن لە سـەربەسـتی تاکەکەسـی و دیموکراسـی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و نوێبوونەوە و نۆژەنبوونەوەی دیاردەکانی ژیانی هەمەڕەنگ و داکۆکیکردن لە زمـانێکی نوێ و ڕێبـازێکی نوێ دەردەکەوێ، ئاخر سیماکانی ئەو پڕۆژەیە ئاوەزمەندێتییە هەر وەک پێویست هەڵگری بارە کۆمەڵایەتییەکە خۆیەتی.

تەها حوسـێن وایدەبینێ کە پڕۆژە عەقڵانییەکەی پێداگرتن و مسـۆگەرکردنی ئەوەی لە واقیعدا هەیە و لە زەین و بیرشـماندا نادیارە، ئاخر زەین و هۆش بەربەسـتێکە لەبەردەم ئەو خێراییە

پێویســــتەی بۆ پێشــــکەوتنی ڕۆژهەڵات. لەبەر ئەوەی زەین و هۆش پێویســــتی بە ڕۆشــــنگەرییە، بۆیە لای بــانگخوازانی ڕۆشــــنگەری ئەو هەڵگرە کۆمەڵایەتییە لە وتار و دوانەکانیان پەنهانە، ئەوەی توانســــتی ڕۆشــنگەری دەســـتەبەر دەکا، بۆیە وتارەکانی گشـــتگیر دەکا هەروەک ئەوەی ڕوی دوان و وتاری لە گەل یان دەوڵەت یاخود هەڵســـوێنەرانی کاروباری پەروەردە وفێرکردن بکا.

خوێنەری کوردیش زۆری پێویســــــت بە وەرگێڕانی کــارە هزرییەکــانی تەهــا حوســــێن هەیە، چونکە کــارەکــانی ئەو شــۆڕشــێکی هزری گرنگی بەرپاکرد و لاســاییکردنەوە کوێرانە باوەکەی بەلاوە نا، ئەو لاســایکردنەوەی عەقڵ کۆتوبەند دەکا و دەروازەکانی بیرکرنەوەی راســتودروســت دەگرێ. هەر لێرەو لەبەر ئەوەشــە دەســتی وەرگێڕی بەتوانا شــەفیقی حاجی خدر دەگوشــــم کە کتێبی (لەبارەی شــــیعری جاهیلییەوە)ی کردۆتە کوردی، ئەمەش هەڵوێستێکی سەنگینانەی ئەوە، هەروەک چۆن ئەم هەڵوێســــتەمان لە وەرگێڕانە جیاوازەکانی دیکە و لە زمانە جیاوازەکانی دیکەی لێ بینیوە.

**هەولێر**

**سەرچاوەکان:**


١- في الشـــعر الجاهلي – طه حســـين – مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة – الطبعة الاولى – ١٩٢٦ م .

٢- طه حســين فكر متجدد – ســامح كريم – الدار المصــرية اللبنانية .

٣- الثقافة والحرية ( قراءة في فكر طه حســـين ) – ماجد السامرائي – الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع – دمشق – الطبعة الاولى – ١٩٩٦ م .

٤- المرايا المتجاورة دراســة في نقد طه حســين – د . جابر عصـفور – دار قباء للطباعة والنشـر والتوزيع – القاهرة – ١٩٩٨ م .

٥- ( نزعة التنوير في آثار طه حسـين ) رسـالتي للماجسـتير ( مخطوطة ) .

**بۆ جەنابی دەوڵەتمەدار عەبدولخالق سەروەت پاشا**

**دەوڵەتمەداری هێژام،**

بەر لە ئەمڕۆ لەبارەی سیاسەتەوە دەمنووسی، ئیدی ناوهێنانی تۆ و ئاماژەکردن بە چاکییەکەت، هێوربوونەوەیەکی دەروونی پێدەبەخشیم، دڵخۆشییەکی هەقدۆست ویژدانێکی ئاسودەی ئەمەکدار.

لێ لە سیاسەت دوورکەوتمەوە و خۆم بۆ زانکۆ تەرخانکرد، لەوێش لە دانیشتنەکانیدا هەروەک پێشان دەتبینم، ماخۆی گیانێکی بەهێز، دڵێکی زیرەک، وردبین، سەرکەوتوو لە پشتگیرییت بۆ بەرژەوەندییە زانستییەکان، هەروەک سەرکەوتوو لە پشتگیریی بۆ بەرژەروەندییە سیاسییەکان.

تۆ بڵێی ڕێگەم بدەی بە سڵاوی پاکوبێگەرد و ئەوپەڕی شکۆوە ئەم کتێبەت پێشکەش بکەم؟

**تەها حوسێن**

**٢٢ی مارتی ساڵی ١٩٢٦**

# کتێبی یەکەم

# ١

## بەرایی

هێشتا خەڵکی لای ئێمە بەم چەشنە نوێیە توێژینەوە لە مێژووی شـــیعری عەرەبی ئاشــــنا نەبوون. هاتوومەتە ســـەر ئەوەی بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە بڵێم، کە تیپێک لەوانەی لێی ســــەخڵەت دەبن، تیپێکی دیکەش بەتەواوی بە لاڕێیدا دەبەن. لێ من وێڕای تووڕەیی ئەمـــان و لاڕێبوونـی ئەوانـی دیکە، دەمەوێ ئەو تـوێـژینـەوەیەم بـڵاوبـکەمەوە، یـــان بە دەربـڕینـێـکـی دیـکە ســــنووربەندی بکەم، بەر لە ئەمڕۆش، لەگەڵ خوێندکارەکانم لە زانکۆدا پێشکەشم کرد. شتێکیش لەگەڵ زیاتر لە دووسەد کەس باس بکرێ، چیدی بە نهێنی نامێنێتەوە.

بە جۆرێکیش بـاوەڕم بە ئەنجـامی ئەم توێژینەوەیە هەیە، کە پێشـــتر نەمزانیوە هەســـتێکی وەهام لە بەرانبەر هەڵوێســـتی

لەیەکجیاوازی خۆم لە مێژوویی ئەدەبی عەرەبی بۆ هاتبێ. هەر ئەم بڕوابوونە بەهێزەش وای لێکردم ئەم توێژینەوەیەم سنووربەند بکەم و بەم بەندڕیزییەی خوارەوە بڵاوی بکەمەوە، بێباک لە نیگەرانیی سەخڵەتبووەکان و بێباک لە بەلاڕێدابردنی لادەران. من لەم توێژینەوەیە ئەرخاینم و ئەگەرچی کۆمەڵێکیش تووڕە بکەم و کارەکە لەسەر ئەوانی دیکەش قورس بکەم. ئەمەش دەبێتە مایەی پەسەندنامەی ئەو تاقمە کەمژمارە ڕۆشنگەرانە (منەوەرانە)، ئەوانەی لە ڕاستیدا ئامرازی ئایندەن و بنەمای ڕاچەنینی نوێ و گەنجینەی ئەدەبی نوێن.

دەمێکە خەڵک پرسی کۆن و نوێی هێناوەتە گۆڕێ، مشتومڕیشیان لەنێواندا توند بووە، بۆ هەندێکیان غایلەی وەها هاتووە، گوایە دەتوانن دادەوریی لەنێوان ناکۆکەکاندا بکەن. لێ من لەو بڕوایەدام ناکۆکەکان خۆیان پرسەکەیان لە هەموو ڕوویەکەوە نەخستووەتە بەرباس، ئاخر ئەوان هێشتا هونەرەکانی ئەو ئەدەبەیان تێنەپەڕاندووە، کە خەڵک لە پەخشان و شیعردا باسوخواسی لێدەکا، هەروەها لە شێوازی دروستکردنی ئەو جۆرە هونەر و واتایانە تێنەپەڕیون، لەو بێژانەی کە لای نووسەر یان شاعیر بووەتە بنەما، کاتێک بە هەستوسۆزی خۆی و ئەنجامی ئاوەزەکەی ڕوو لە خەڵک دەکا. لێ پرسەکە ڕوویەکی دیکەی هەیە، کە باس لە هونەری نووسین و شیعر ناکات، بەڵکو باس لە توێژینەوەی زانستی ئەدەب و مێژووی هونەرەکانی دەکات

ئێمە لە نێوان دوو تایەکە داین: یان دەبێ هەروەک پێشـــینان گوتوویانە ئەدەب و مێژووکەیمان پەسەند بێ و هەر بە تەنیا بە برێکی کەم بیخەینە بەر نەشتەری ڕەخنە، کە هیچ توێژینەوەیەک لێی بەدەر نییە، ئیدی ئەمەیان ڕێگەمان دەدا بڵێین: **ئەســـمەعی** هەڵە بووە یان پێکاویەتی، **ئەبوعوبەیدە** ســـەرکەوتوو بووە یان سەرنەکەوتووە، **کەسائی** گەیشتووەتە ڕێگەی ڕاست یان گومڕا بووە، یان بێین و هەموو زانستی نووسەرە پێشینەکان بێنین و بیخەینە بەردەم توێژینەوە. لەبیرم چوو، خۆ من نـامەوێ بڵێم توێژینەوە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم گومـان دەکەم. نـامەوێ هیچ شـتێک کە پێشـینەکانمان لەبارەی ئەدەب و مێژووەکەیان گوتبێ وەک خۆی بپەژرێنین تـا لێی نەکۆڵینەوە و پشـــتڕاســـتی نەکەینەوە، ئەوسا بگەینە یەقین و سەنگی مەحەک.

جیاوازیش لە نێوان ئەو دوو ڕێبازەدا لە لێکۆڵینەوەدا گەورەیە، ئـاخر ئەوە جیـاوازیی نێوان بـاوەڕێکە کە مـایەی دڵنیـایی و ڕەزامەندیە لەگەڵ گومانێک کە مایەی مەراق و شڵەژانە، ئەوەی زۆر جاران بە حاشالێکردن و نەسەلماندن کۆتایی پێدێ.

**ڕێبازی یەکەم**؛ هەموو شـــتێک وەک چۆن پێشـــینان بەجێیان هێشـــتووە دەهێڵێتەوە، نە دەیگۆڕێ و نە لایدەبا، بەگشـــتی و بەخڕی لە دەسـتکارییەکی سـەرەتایی و ئاسـان بترازێ توخنی نـاکەوێ. هەرچی **ڕێبـازی دووەم**یشـــە، ئەوا زانســـتی کۆن هەڵدەگێڕێتەوە و ســـەروابنی دەکـا. خۆ ئەگەر زۆرینەشـــی نەسڕێتەوە، ئەوا بەشێکی زۆری هەر لێ لادەبا.

دەی بـا ئەم چەشـــــنە لە قسـەکردن بەلاوە بنێن و بە نموونەهێنانەوە ڕووبکەینە ڕوونکردنەوەی ئەو شـــتەی دەمانەوێ:

ئێستا پرسی شیعری جاهیلیمان لەبەردەستدایە، دەمانەوێ بە هەق لێی بکۆڵینەوە و یەکلای بکەینەوە. لێرەدا هەرچی کۆنەخوازانن ڕێگەیان لەبەردەمدا تەخت و ڕوونە، کارەکەی ئەوان ئاسانییەکی حاشانەویستی بەردەستە. ئاخر ئەدی زانایانی کۆنی شارەکانی عێراق و شام و ئێران و میسر و ئەندەلوس لەسەر ئەوە کۆک نەبوون، کەوا دەستە و تاقمێکی زۆر لەو شاعیرانە بەر لە ئیسلام ژیاون و شیعری زۆریشیان هۆنیوەتەوە؟ ئەدی هەر ئەو زانایانە لەسەر ئەوە کۆک نەبوون، کە ئەو شاعیرانە ناوی ناسراو و پارێزراوی دەقاودەقیان هەبووە و خەڵکیش بە دروستی لەبەریان کردوون و دەیانگێڕنەوە و هیچ کەسیش لەسەریان ناکۆک نییە؟ ئاخر ئەدی ئەو زانایانە لەسەر ئەوە کۆک نەبوون کە لەو شاعیرانە ژمارەیەک قەسیدە و کۆپلەشیعر بەجێماون، گێڕەوەکانیش پاراستویانە و لەبەریان کردووەوخەڵکیش پشتاوپشت گێڕاویانەتەوە، تا سەردەمی دەقنووسکردن(تدوین) هات و ئیدی لەنێو لاپەڕەی کتێباندا نوسییانەوە و ماشەڵڵا تا سەردەمی ئێستامان هەر ماون؟ خۆ ئەگەر زاناکان لەسەر ئەو هەمووە کۆک بووبن و ناوی شاعیرەکانیان بۆ گێڕابێتینەوە و پاشماوەی شیعر و هۆنینەوەکانیان بۆ گواستبێتینەوە و ڕاڤەشیان کردبێ،

ئیدی هیچی نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ بە دڵێکی پەسەند و ئاسوودەوە بۆیان بسەلمێنین و لێیان وەربگرین. خۆ ئەگەر هیچکام لە ئێمە لێینەکۆڵێتەوە و ڕەخنە نەگرێ و بەدوایدا نەچێ، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ ئەم کارە بکا بێ ئەوەی بەپێش هەوادارانی ڕێبازی کۆن بکەوێ و تێیانبپەڕێنێ. زاناکان لە گێڕانەوەدا هەندێکیان جیاوازییان تێکەوتووە و کتومت وەک یەکیان نەگێڕاونەتەوە. دەی کەواتە با هەڵیانسەنگێنین و گێڕانەوە لە دوای گێڕانەوە لە سەنگی محەکیان بدەین و بە دروستی ڕێکیان بخەینەوە، با بڵێین: بەسراییەکان پێکاویانە و کوفییەکانیش شاش بوون، یان **موبەرید** سەرکەوتووە و سەعلەب (ثعلب)ەش سەرنەکەوتووە. دەی با لە ئەدەب و هونەرەکانیشدا هەمان ڕێبازی فوقەها (شەرعزانەکان) لە فیقهدا بگرینەبەر، ئەمەش دوای ئەوەی دەرگای ئیجتیهاد داخرا: ئەمە ڕێبازی هەوادارانی کۆنە، هەر ئەمەش ڕێبازی باوی میسرە، ئەمەشیان دیسان مەزهەبی فەرمییە، کە قوتابخانەکانی میری و کتێبەکان و مەنهەجەکان بە جیاوازیی نێوانیشیان لەسەری ڕۆیشتوون.

خۆی نابێ ئەو بێژە نوێباوانەی ئەدەب هەڵتبخەڵەتێنێ، هەروەها نابێ ئەو چەشنە لە دانان و نووسینە لە خشتەت ببا، ئەوەی مێژووی ئەدەب دابەشدەکاتە سەر سەردەمەکان، ئیدی بەمشێوەیە هەوڵبدا جۆرێک لە ڕێکوپێکی و ڕێکخستنەوە بهێنێتە ناوەوە، ئاخر ئەمە هەمووی بایەخدانە بە توێکڵ و شەقڵ،

دەســت بۆ کرۆک و ناواخنی بابەتەکە نابا. ئاخر تا ئێســتاشــی لەگەڵدا بێ، عەرەب دابەش دەبنە سەر نەماو و ماوەکان، دابەش دەبــنە ســـــەر عەرەبە ڕەســــەنەکــان (الــعــاربــة) و بەعەرەببووەکان (المســـــتعربة). هێشـــتا ئەوان لە **جورهومن**، ئەوانی دیکەش لە کوڕی **ئیسماعیل**. هێشتا **ئیمرئولقەیس** ماخۆی قەســـــیدەی "قفا نبک..."یە و **تەرەفە** (طرفة) خاوەنی "لخولة أطلال.."ە و **عەمرو بن کەلسوم** خاوەنی "ألا هبي..."یە، هێشتاش قسەی عەرەب لە جاهیلی و ئیسلامەکەی هەر ئەوەیە کە دابەش دەبێتە سەر شیعر و پەخشان. پەخشانیش دابەش دەبێتە سەر بێسەروا و سەروادار (مرسل و مسجوع)، ئیدی تا کۆتایی لەو جۆرە قســـــە زۆرانە، کە هەوادرانی کۆنەخواز کتێبی لەســــەر دادەنێن و بە دەرس و دەوریش بە قوتابی و خوێندکارەکانی دەڵێنەوە.

ئەوان هیچ شــتێکیان لە ئەدەبدا نەگۆڕیوە. ئاخر هیچیشــیان پێ نەدەگۆڕا، چونکە بە خاترجەمییەوە لەســـەر قســـەی کۆنینەکان ڕۆیشـــتن و دەروازەی ئیجتیهادیان لەســـەر ئەدەب داخســـت، هەروەک چۆن لەسەر فیقهـ و زانستی کەلامیشدا دایانخست.

هەرچی هەوادارانی نوێخوازیشـن، ڕێگا لەبەردەمیان خواروخێچ و پێچدارە، لێکەوتەکەشـــی لەســـەریان بێ ژمارە. ئەوان هەر دەبێ بە هێورەیی و هێواشــی نەوەک خێرا هەنگاو بنێن، چونکە لەســـەر بڕوا و دڵنیـایی نین، یـان ئەو بڕوا و دڵنیـاییەیـان پێنەبەخشــراوە، ئاخر ئافەریدەکار عەقڵێکی پێبەخشـیون تا چێژ

لە گومان ببینن و لە مەراق و پشـــێویشـــدا ڕەزامەندی دڵ و دەروون بەدەســـت بێنن. ئەوان نایەنەوێ لە مێژووی ئەدەبدا هەنگـاوێـک بنێن تـا بەرچـاویـان ڕوون نەبێ. ئەوســـا لەم کارەیشـیاندا لەگەڵ کۆنینەکان و هەوادارانی کۆنەخواز کۆک بن یان لەنێوان خۆیان و ئەواندا جیاوازییەکی توند بێتە ئارا.

ئەوان لەوەی کۆنینەکـان گوتوویـانە دڵنیـا نین، بەڵکو بە خۆپارێزی و گومانەوە بۆی دەچن. لەوانەشە توندترین شت کە بۆ گومان ڕایان بکێشــێ، ئەو بڕوا و ئەرخاینبوونەی کۆنینەکان بێ بە خۆیان. ئەوان دەیانەوێ لە پرســـی شـــیعری جاهیلی بکۆڵنەوە، بۆیە ئەو کۆکبوونە و یەکدەنگییەی کۆنینەکان بەلاوە دەنێن. ئەوان دەپرســـن: تۆ بڵێی شـــیعری جاهیلی هەبێ؟ خۆ ئەگەر شـــیعری جاهیلی هەبێ، کەواتە چۆن دەیناســـینەوە؟ شیعری جاهیلی چییە؟ چەندە؟ بەچی لە هی دیکە جیادەکرێتەوە؟ ئیـدی درێژە بە پرســـیـارەکـانیـان دەدەن، کە وەڵام و چارەسەرەکەی پێویستی بە ڕوانین و پشوودرێژی و ئەرکی بە کۆمەڵی زانستی هەیە نەوەک هەوڵی تاکەکەسییانە. ئەوان ئەوە نـازانن کە عەرەب دابەش بوونەتە ســـەر ئەوانەی نەمـاون و ئەوانەی ماون، سـەر عارییە و موستەعریبە، هەروەها ناشزانن ئەوانە لە **جورهوم**ن، ئەوانی دیکەش لە کوڕی **ئیســـماعیل**ن، هەروەها هەر ناشزانن کە **ئیمریئولقەیس** و **ئیبن کەلسوم** و ئەو هۆنراوە دوورودرێژانەیان گوتووە یان نا، بەڵام ئەوان دەزانن

کە کۆنینەکـان وەهـای دەبینن. ئیـدی دەیـانەوێ بزانن ئـاخۆ کۆنینەکان لەم بۆچوونەیاندا پێکاویانە یان شاش بوونە؟

ئـامـانجی پەیوەســـــت بەو ڕێبـازەی نوێخوازان مەزن و پڕ مەترسـییە، پتریش بە لای شـۆڕشـی ئەدەبیدا دەڕوا تا شـتێکی دیکە بێ. ئەدی ئەوەنییە ئەوان گومان لە شـــتێک دەکەن بەلای خەڵکەوە یەقینە، نکۆڵی لە شـــتێک دەکەن، کە خەڵک ئەوەندە لەسەری کۆکن و بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری دەزانن.

بەختی ئەم ڕێبازە هەر بە ئەوەندە کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو بۆ سنووری دیکە دەپەڕێتەوە زۆر دوورتر لە خۆی و شوێنەوارێکی مەزنتری بەدواوەیە. بەڵکو ئەوان بگەنە ئەوەی مێژوو بگۆڕن یـاخود ئەوەی خەڵک لەســـەری کۆک بوون بەوەی مێژووی بزانن. ئاخر ئەوان گەیشـــتوونەتە گومان لە شـــتگەلێک، ڕێگە نەدەدرا گومانی لێبکرێ.. ئیدی ئەوان لە نێوان دوو شـــت دان: یان نکوڵی لە خۆیان و لە زانســـت و مافەکانیان بکەن، بەمە خۆیان ئاســـوودە بکەن و لێی پاڵدەنەوە، یاخود مافی خۆیان بزانن و ئەرکی زانسـت جێبەجێ بکەن، بەمەش خۆیان تووشـی زیـان بکەن، ئەوەی زانـایـان چەشـــتوویـانە و دەبێ هەروەک زاناکانیش بەرگەی تووڕەیی و سەخڵەتکاران بگرن.

من بانگەشـــەی ئەوە ناکەم لە زاناکان بم. خۆشـــم هەڵناکێشـــم بەوەی حەزم لێ بێ تووشی زیان بم. ڕاستییەکەی ئەوەیە، من حەزم لە ژیانی ئارام و پڕ لە ئاسوودەییە، دەمەوێ بە هەمواری

و ڕەزامەندییەوە تامی خۆشــــییەکانی ژیان بکەم. لێ لەگەڵ ئەوەشـــدا حەزم لێیە بیر بکەمەوە، حەزم لێیە توێژینەوە بکەم، حەزم لێیە ئەو شتەی بە بیرکردنەوە و توێژینەوە پێیگەیشتووم بە خەڵکیشی ڕابگەیەنم. لاریشم لەوە نییە لەسەر ئەو شتەی پێم ڕاگەیاندوون بەوەی حەزیان پێیەتی یان لێی ســــەخڵەتن، پشـــکی خۆم لە پەســـەندنامەی خەڵک یان ســـەخڵەتییەکەیان بەربکەوێ. کەواتە با پشــت بە خوا ببەســتم، با ئەوەی حەزم لێیەتی بە ڕاشکاوی و دەستپاکی و ڕاستگۆیی پێت ڕابگەیەنم، دەی با لەو باسوخواسەی بۆت دەکەم لە ڕێگەی ئەو نووسەرە زۆرزان و لەبلەبانانەش دووربکەومەوە، ئەوانەی بە شـێوەیەک دەچنە نێو دڵ و دەروونی خەڵکەکە، کە نابەڵەدی و نائارامیی پێوە دیارە و بە شێوەیەکی زۆر خۆپارێزیشەوە بۆی دەچن.

یەکەمین شـتیش کە بەم قسـانە سـەرسـامت بکەم ئەوەیە؛ من گومانم لە بەهای شیعری جاهیلی هەیە و لەسەر گومانەکەشم مکوڕم، یان با وەها بڵێین گومان خۆی لەســــەرم مکوڕ بووە، ئیدی بەم جۆرە لێم کۆڵیەوە و بیرم لێکردەوە و سـەعیم کرد و هەڵمسەنگاند، تا تا ئەمانە هەمووی بەشتێکی گەیاندم، کە یەقین نییە بەڵکو نزیکە لە یەقین. ئاخر زۆرینەی ڕەها ئەوەی پێیدەڵێن شـیعری جاهیلی، فرِی بەســەر جاهیلییەتەوە نییە، بەڵکو دوای سـەرهەڵدانی ئیسـلام هەڵبەسـتراوە و دروسـتکراوە، ئیدی ئەم شـیعرانە ئیسـلامیین و دەرخەری ژیانی موسـڵمانان و مەیل و ئارەزووەکانیان دەکەن زیاتر لەوەی دەرخەری ژیانی جاهیلی

بن. هاتوومەتە ســــەر ئەوەی بێ ســـێ و دوو بڵێم، ئەوەی لە شیعری ڕاستەقینەی جاهیلیدا ماوەتەوە زۆر کەمە، نابێتە هیچ و نیشـــانەنماش نییە بۆ هیچ شـــتێکی وەها، هەروەها نابێ بۆ دەرهێنانی وێنە و دیمەنی ئەدەبی ڕاســتودروســتی ســەردەمی جاهیلی پشـــتی پێببەســـتین. من ئاکامە ترســـناکەکەی ئەم بیردۆزەش هەڵدەســەنگێنم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دوودڵ نیم لە سـەلماندن و ڕاگەیاندنیدا، لاواز نابم لە بەرانبەر ئەوەی بۆ تۆ و بۆ خوێنەرانی دیکەی ڕابگەیەنم، بەوەی ئەوەی دەیخوێنێتەوە گوایە شــیعری ئیمریئولقەیســە یان تەرەفە یان ئیبن کەلســوم یاخود هی عەنتەرەیە، ئەمە فڕی بەســـەر ئەو کەســانەوە نییە، بەڵکو ئەم شــیعرانە داتاشــراوی حەکایەتخوان و گێڕەرەوەکان یان دروســتکراوی ئەعرابەکانن، یاخود دەســتکاریی زمانناســان یــان زێـدەڕۆییەکی چیرۆکخوانەکـان و داهێنراوی ڕاڤەکـاران (موفەسیرەکان) و فەرموودەبێژ و موتەکەلیمەکانن.

لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوە دەڵێم، کە سەردەمی جاهیلیی نزیک لە ئیسـلام ون نەبووە و دەتوانین بە شـێوەیەکی ڕوون و مەحکەم وێنایەکی ڕوون و ئاشـکرای بکەین. لێ ئەمەشـیان بە مەرجێک کە پشـت بە شـیعر نەبەسـتین، بەڵکو لە لایەک پشـت بە قورئان ببەستین و لە لایەکی دیکەشەوە پشت بە مێژوو و ئەفسانەکان ببەستین.

دەکرێ لێم بپرسی، ئاخۆ چۆن گەیشتمە ئەو بیردۆزە ترسناکە؟ لەســـەر دڵم ناخۆش نییە، وەڵامی ئەم پرســـەت بدەمەوە، ئاخر

خۆ من دەنووسم، هەر بۆ ئەوەش دەنووسم تا وەڵامت بدەمەوە. بۆ ئەوەی وەڵامێکی قەناعەتپێکەرانەشت بدەمەوە، پێویستە باسی چەند جۆرە پرسگەلی جیاوازت بۆ دەکەم. ئەوەش دەبینی کە ئەم کۆمەڵە باسوخواسە لەیەک جیاوازانەش هەر هەموویان بەرەو یەک ئامانج دەڕۆن، ئەویش ئەو بیردۆزەیە، کە کەمێک پێش ئێستا باسمکرد. لەسەر من پێویستە باسی ژیانی سیاسیی ناوەخۆی نەتەوەی عەرەبت بۆ بکەم، ڕۆژگاری دوای سەرهەڵدانی ئیسلام و ڕاوەستانی بزووتنەوەی داگیرکاری (فەتح/فتوحات)[٤] هەروەها باسی ئەوەی ئاخۆ لەنێوان ژیان و لەنێوان شیعردا چ پەیوەندییەک هەبووە. هەروەها پێویستە ڕەوشی ئەو خەڵکە بندەستەت بۆ باس بکەم کە دوای داگیرکاریی (فەتحی) ئیسلام لە وڵاتی ئێران و شام و جەزیرە و عێراق و میسر بەسەریاندا زاڵ بوون، ئیدی لەنێوان ئەم دۆخە و زمانی عەرەبی و ئەدەبەکەی چ پەیوەندییەک هەیە. پێویستە باسی سەرهەڵدانی زانستە دینی و زمانەوانییەکان و پەیوەندیی نێوان و زمان و ئەدەبت بۆ بکەم. هەروەها پێویستە باسی جووەکانی عەرەبستانت بۆ بکەم، پێش سەرهەڵدانی

---

[٤] خوێنەری بەڕێز دیارە لە ئەدەبیاتی عەرەبی ئیسلامییدا جیاوازی لەنێوان فەتح و داگیرکارییدا هەیە، لەڕووی توخمی پێکهاتەییان هەر هەمان شتن. لە کوردیشدا دوو واژەی جیاوازییان بۆ نییە، بۆیە هەردوو وشەکەم نووسیوەتەوە. دیارە مەبەستی عەرەب لە فەتح ڕزگاری و ئازادکردنە، هەر بۆ نموونە فەتحی مەککە واتە ڕزگارکردنی مەککە، بۆ شوێنەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، ئەمە نیازی ئەوانە بۆ خۆیان، واتە تێڕوانینی ئەوانە، کەچی بۆ خەڵکە بندەستکراوەکە، بەتایبەتیش بۆ غەیرە عەرەب، داگیرکردن و بەسەردادان و ژێردەستکردن بووە. وەرگێڕ

ئیســـــلام و لە دوای ئیســــلامیش، هەروەها پەیوەندیی نێوان جووەکان و ئەدەبی عەرەبی. دوای ئەوە پێویســـتە باســـی کریستیانێتی و بڵاوبوونەوەی دینەکەت لە عەرەبستان بۆ بکەم، ئەمەش بەر لە ئیسـلام و ئەو باندۆرەی لەسـەر ژیانی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ئـابووری و ئەدەبی عەرەبی هەبووە، لەگەڵ هەموو ئەمانە و پەیوەندی بە ئەدەب و شـــیعری عەرەبییەوە. پاشـان دەبێ باسـی کاریگەرییەکانی سـیاسـەتی دەرەکییت بۆ بکەم، ئەوەی لە ژیـانی عەرەبی بەر لە ئیســــلام بـاو بوو، باندۆرێکی بەهێزیشـــی لەســـەر شـــیعری عەرەبی جاهیلی و شـــیعری عەرەبییەوە هەبوو، ئەو شـــیعرەی داتاشـــرا و بەهی جاهیلییەکان لەقەڵەم درا. هەموو ئەو بەندانەی ئاماژەم پێدا بۆ ئەو بیردۆزەی پێشکەشم کرد سەردەکێشێ: ئەویش ئەوەیە کە بەشـــی هەرەزۆر و ڕەهای ئەوەی پێیدەڵێین شـــیعری جاهیلی هیچی بەسەر شیعری جاهیلییەوە نییە.

لێ لەگەڵ ئەوەشـدا هەر بەو بەندانە نەوەسـتام، تا هەر بەتەنیا لەنێوان من و دڵ و دەروونمدا بمێنێتەوە، بەڵکو لەوە تێمپەڕاند. دەمەوێ لەگەڵ تۆشـــدا بە ئاراســـتەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوە تێیپەڕێنم، کە پێموایە نیشـــانەنمای بەهێزتر و بەڵگەوبەنـدی ســـەرهەڵداوی پتری لە بەندەکانی پێشـــووتر هەیە، ئەمەش توێژینەوەی تەکنیکی و لایەنی زمـانەوانییە. ئیـدی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەمـانگەیەنێتە ســـەر ئەوەی؛ ئەو شـــیعرانەی دراونەتە پاڵ ئیمریئولقەیس یان **ئەلئەعشـــا** (الأعشـــی) یاخود

ئەوانی دیکە لە شـــــاعیرەکانی جاهیلی، ئەوا ناکرێ لە ڕووی زمان و تەکنیکەوە هی ئەو شاعیرانە بن، هەروەها ناشکرێ ئەم شیعرانە بەر لە سەرهەڵدانی قورئان گوترابن.

بەڵێ! ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەنجامی ســـەیر، بەوەی نـابێ بۆ ڕاڤەکردنی قورئـان و لێکـدانەوەی فەرمووده[°] پەنـا بۆ ئەم شیعرانە بەرین، بەڵکو دەبێ بە قورئان و فەرمودەوە ڕاڤەی ئەم شـیعرانە بکەین و لێکیان بدەینەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئەم شـیعرانە هیچ شـتێک ناسـەلمێنن و نیشـانەنمای هیچ شـتێکیش نین، ناشـــبێ بیانکەینە داردەســـتێک بەوەی تا ئێســـتا وەک ئامرازێک بۆ زانســـتی قورئان و فەرمووده بەکارهاتوون. ئاخر ئەم شـــیعرانە هەر دروســـتکراو و هەڵبەســـتراوی زاناکانن، بۆ ئەوەیان بووە ببنە شاهید بەسەر ئەوەی ویستوویانە.

خۆ ئەگەر لە هەموو ئەم ڕێگایانە بووینەوە و گەیشـــتینە یەک تاقە نیاز کە ئەویش ئەو بیردۆزە پێشـــکەشـــکراوەی منە، ئینجا تێدەکۆشـــین بۆ ئەوەی لەو شـــیعرانەش بکۆڵینەوە، کە دەکرێ هەر بەڕاستی شیعری ڕاستەقینەی جاهیلی بن. هەر لێرەشەوە دانی پێدادەنێم، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە زۆر ســـەخت و گرانە، گومـانێکی هەرە زۆریشـــم هەیە بمـانگەیەنێتە ئەنجـامێکی پەسەندکراو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بۆ دەدەین.

---

° فەرمووده: مەبەست لە حەدیسەکانی پێغەمبەری ئیسلامە. وەرگێڕ

# ٢

## ڕێبازی توێژینەوە

حەزم لێیە ڕوون و ئاشــکرا بم و مەبەســتەکەم بە خەڵکی بڵێم بێ ئەوەی ناچاریان بکەم پەنا بۆ شــیتەڵکاری ببەن و ڕێچکەی ڕێبازە جیاوازەکان لە ڕەخنە و ڕاڤە و پەردەلادان لەســـەر ئەو نیازەی مەبەستمە هەڵبدەنەوە. دەمەوێ ئەو باری ماندوبوونییە لەســەر شــانی خەڵکەکە لاببەم، خۆشــم لە کۆڵ وەلامدانەوە و پاڵنان و گەنگەشە بکەمەوە، کە پێویست بە گەنگەشەکردن ناکا. دەمەوێ ئەوە بڵێم؛ من ڕێگەی ئەو توێژینەوەیە دەگرمەبەر، کە ڕەوتی نوێخوازی لە یارۆیانی زانســـت و فەلســـەفە لەبارەی زانست و فەلسەفەدا گرتوویانەتەبەر. دەمەوێ لە ئەدەبدا لەسەر هەمــان ڕێبــازی فەلســـەفەی (دیکــارت) بڕۆم، ئەو ڕێبــازەی لەســەرەتای ئەم چەرخە و بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاســتیی شــتەکاندا

دایهێنا. هەموو خەڵکیش ئەوە دەزانێ، کە ڕێسـای بنەمای ئەم ئاراستەیە ئەوەیە؛ نووسەر خۆی لە هەموو شتێک، کە پێشتر دەیزانی دابڕنێ و ڕووت بکاتەوە. ئینجا بە زەینێکی خاڵی لەوەی پێشتر لەبارەی باسکراوە، بە تەواوی واتای خاڵی ڕووی تێبکا. هەموو خەڵکیش ئەوە دەزانێ، ئەم ڕێبازە، پێشتر هەوادارانی کۆنەخواز لە دین و فەلسەفە هەر لەو ڕۆژەی سەریهەڵداوە لێی سەخڵەت و تووڕەن، هەرچەندە بە پیتترین ڕێباز و مەحکەمترین و باشترین کاریشە، ئاخر هەر ئەویش بوو زانست و فەلسەفەی تەواو نوێکردەوە، هەر ئەو ڕەوتە بوو ڕێبازی ئەدیبەکانی لە ئەدەبەکەیان و هونەرمەندانی لە هونەرەکەیان گۆڕی، هەر خۆیشی خاسیەتی ناسینەوەی ئەم چەرخە نوێیەیە.

کاتێکیش ئەدەبی عەرەبی کۆن و مێژووەکەی بە لێکۆڵینەوە و لێدەرهاوێشتن تاوتوێ دەکەین، با ئەم ڕێبازە پەیڕەوبکەین. با پێشوازی لەو ئەدەبە و مێژووەکەی بکەین، لەکاتێکدا خۆمان بێبەری کردووە لە شتێک، کە پێشتر لەسەری گوتراوە و لەو هەموو کۆتوپێوەندە زۆروزەوەندە قورسانە ڕزگارمان بووە، ئەو کوتوپێوەندانەی دەست و پێ و سەرمان بۆ خۆی دەبەستێتەوە و لێمان ناگەڕێ بە دروستی جەستەمان بجوڵێنینەوە، ڕێگەی جووڵەیەکی ئاوەزمەندانەی ئازادانەشمان لێدەگرێ.

بەڵێ، دەبێ بەپیر لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی عەرەبی و مێژووەکەیدا بچین و لایەنی نەتەوایەتی و خاسـیـیەتە دیارەکانی فەرامۆش بکەین، دینەکەمـان و هەموو پەیوەسـتییەکـانی لەبیر بکەین، هەروەها هەرچی دژەنەتەوە و دژەدینیشـە هەر لەبیری بکەین، ئێمە نابێ بە هیچ شـتێکی لابەلا ببەسـترێینەوە، هەق نییە بەدەر لە ڕێبازی راسـتودروسـتی توێژینەوەی زانسـتی مل بۆ هیچ شـتێکی دیکە کەچ بکەین. خۆ ئەگەر ئێمە باری نەتەوایەتی و ئۆلی و هەر شتێکی پەیوەندیدار بەوانەوە، فەرامۆش نەکەین، لە لـێـکەوتەدا نـاچـاریـن بە لای مەرایـی و ڕازیـکـردنـی هەستوسۆزەکانماندا بشکێنینەوە، واتە مێشکمان لەگەڵ ڕەوشی نەتەوەیی و دیندا ڕابێنین، ئیدی مێشـکمان جام بکەین و پێی بیرنەکەینەوە. تۆ بڵێی کۆنینەکـانیش ئەمەیـان کردبێ؟ تۆ بڵێی زانسـتی کۆنینەکان شـتێکی وەهایان شـێواند بێ؟ کاتێک زانا کۆنینەکان عەرەب بووبن ئەوا بۆ عەرەب دەمارگیر بوون، خۆ ئەگەر بێگـانەش بووبن، لە بەرانبەر عەرەبدا دەمـارگیر بوونە، کەواتە زانسـتەکەیـان لە گەنـدەڵی بەدەر نەبووە، چونکە دەمـارگـیـرەکـان بـۆ عەرەب لەبـارەی بە بەنەمـردانـان و بەرزنرخاندنیان شوڵیان لێ هەڵکێشاوە و لەسەرووی خۆیان و زانستەکەیان داناون، هەروەها ئەو دەمارگیرانەی دژەعەرەبیش زێدەڕۆییان لە شـکاندنەوە و بچوکردنەوەی بەرانبەرەکەیاندا کردووە، بەمە زێدەڕۆییان بەسـەر خۆیان و زانسـتەکەشـیاندا هێناوە.

زانا پێشینەکان موسڵمان بوون و بۆ خۆشەویستیی ئیسلامیش دڵسۆز، ئیدی هەموو شتێکیان خستە خزمەتی ئەم ئیسلامە و خۆشەویستییان بۆی، لە هیچ بەندێکی زانستی و لە هیچ بەندێک لەبارەی ئەدەب و چەشنەکانی هونەر نەبووە کە بەهۆیەوە پشتگیرییان بۆ ئیسلام و بەرزڕاگرتن و ڕێزگرتن تەرخان نەکردبێ. هەرچی لەگەڵ ڕێبازەکەیان گونجابێ، وەریان گرتووە، هەرچی ناکۆکیش بووبێ فڕێیانداوە و لێی دوور کەوتوونەتەوە. یان پێشینەکان موسڵمان نەبوون: جوو یان کریستیانی یان مەجوسی یان بێبڕوا، یاخود موسڵمانێک بوون کە دڵیان پڕ لە کینەوڕق بووە، بەم چەشنە لە ژیاننامەی زانستییان ڕەنگی داوەتەوە، هەروەک چۆن موسڵمانە ڕاستگۆکان تووشی بووبوون؛ ئیدی ئەوانیش لە دژی ئیسلام دەمارگیربوون و لە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی خۆیاندا ڕەوتی توانج و بچووککردنەوەیان گرتووەتەبەر، هەر بۆیە هەم زوڵمیان لە خۆیان کردووە هەم لە ئیسلام، بەم کارەیان زانستیشیان شێواند و تاوانیشیان دەرهەق نەوەکانی دوای خۆیان کرد. خۆ ئەگەر پێشینەکان توانیبایان جیاوازی لەنێوان عەقڵ و دڵی خۆیان بکەن و بەو شێوەیە بۆ زانست چووبان هەروەک نوێگەرەکان بۆی چوون، بەوەی بە لایەنی نەتەوەیی و خێڵایەتی و دین و گرێدراوەکانیان کاریگەر نەبووبان و ئەدەبێکیان بۆ بەجێهێشتباین جیاواز لەوەی بەجێیانهێشت، ئەوا باری سەرشانی ئێمەیان سووک دەکرد و ئەو ماندووبوونەیان لەکۆڵ دەکردینەوە. لێ خۆ ئەمە سروشتی مرۆڤە، لێدەبازبوونی

نییە. ئیدی تۆش دەتوانی ئەوەی ئێمە گوتمان لەبارەی هەموو شـــتێکەوە بڵێی. خۆ ئەگەر هەر لە چـاخەکـانی بەراییـدا فەیلەســـوفەکان بە هەمان ڕێبازی (دیکارت)دا چوو بان، ئەوا پێویســـتی نەدەکرد (دیکارت) ڕێبازە نوێیەکەی بێنێتەکایە. خۆ ئەگەر مێژوونووســـەکانیش لە نووســـینەوەی مێژوودا هەر لە چاخەکانی بەراییەوە ڕێبازی (ســـینوبوس)یان لەبەرچاو گرتبا، ئەوا پێویســـــت نەبوو (ســـینوبوس) ڕێبـازەکەی لە مێژوودا دابهێنێ. بە دەربڕینێکی کورت و پوخـت: خۆ ئەگەر مرۆڤ بە فراژیی ئـافەریـدە کرابـا، ئەوا حەوجەی نەدەکرد[٦] چـاو ببڕێتە فراژیبوون (کەمال).

دەی با واز لە لەسەرکۆنەکردنی زانا کۆنینەکان و ئەو شتەی لە ژیـانی زانســـتیـانەیـانـدا پێی کـاریگەر بوون بێنین، کە زانســتەکەشـیان لە خۆیان شـێواند. دەی با کۆشـشـێکی وەها بکەین وەک ئەوان نەکەوینە ژێر کاریگەریی تا سەر لە زانستیش نەشـــێوێنین وەک ئەوان شـــێواندیان. دەی با تێبکۆشـــین و لە ئەدەبی عەرەبی بکۆڵێنەوە بێئەوەی بایەخ بە شـــکۆ و نەمریی عەرەب بدەین یان چاوی لێ بپۆشین، با گوێش بە سەرخستنی ئیســـلام نەدەین یان پرســـەی بۆ دابنێین، هەروەها باکیشـــمان بەوە نەبێ کە گونجاندنێک لەنێوان خۆی و ئامانجی لێکۆڵینەوەی زانســـتی و ئەدەبی پەیـدا بکەین، لەوەش نەترســـین ئـاخۆ لێکۆڵینەوەکەمـان بەچی دەگـا، بەوەی نەتەوایەتی بەهەنـد

[٦] حەوجەی نەدەکرد: پێویستی نەدەکرد.

هەڵبگرێ یان هەستوسۆزی سیاسی لێی دووربکەوێتەوە، یاخود لەلایەن هەستوسۆزی دینییەوە ببێتە مایەی ڕق لێبوونەوە. خۆ ئەگەر ئێمە تا ئەو ڕادەیە خۆمان ئازاد کرد، گومانی تێدا نییە بەو لێکۆڵینەوە زانستییەمان دەگەینە ئامانجگەلێک کە زانا کۆنینەکان پێینەگەیشتبوون. گومانیشی تێدا نییە هەر دەگەینە دۆستگەلێک ئەوسا لەگەڵیان کۆک بین یان ناکۆک. ئاخر خۆ جیاوازیی ڕاوبۆچوون لە زانست نەبووەتە هۆیەک لە هۆکارەکانی ڕق و کینە، بەڵکو هەر هەست و سۆز و هەوەس وا لەخەڵک دەکا سەری لێ بشێوێ و ژیانیان پڕ لە ڕق و کینە و دوژمنایەتی بکا.

ئیدی خۆت ئەوە دەبینی، کەوا ڕێبازی (دیکارت) نەوەک هەر بۆ زانست و فەلسەفە و ئەدەب بەپیت و فەڕە، بەڵکو بۆ ئەخلاق و ژیانی کۆمەڵایەتییش هەمان شتە. تۆ ئەوەش دەبینی هەر بەتەنیا لەسەر ئەو کەسانەی زانست دەخوێنن و لێی دەکۆڵنەوە و دەنووسن پێویست نییە ئەم ڕێبازە پەیڕەو بکەن، بەڵکو لەسەر ئەوانەی دەشخوێننەوە پێویستە. خۆشت ئەوە دەبینی کە من زێدەڕۆیی ناکەم، کاتێک لە ئێستاوە لەو کەسانەی ناتوانن خۆیان لە یەخەی کۆن بکەنەوە و لەدەست کۆتوبەندی هەستوسۆز و هەوەس ڕزگار بکەن، بەوەی کاتێک زانست دەخوێننەوە و لەو بارەیەوە دەنووسن بەندەکانی ئەم کتێبە نەخوێننەوە. ئاخر مەگەر کەسێکی ئازادی ڕاستەقینە نەبێ، دەنا سوود لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەرناگرێ.

# ٣

## ئاوێنەی ژیانی جاهیلی پێویستە لە قورئانەوە وەربگیرێ نەوەک لە شیعری جاهیلییەوە

من دەبێ ئەو کەسانە خاترجەم بکەم، ئەوانەی خۆیان بە ئەدەبی کۆنی عەرەبی خەریک کردووە و دڵیان بۆ دەسووتێ و خۆشی و چێژ لەو بڕوایەیان وەردەگرن، کەوا خۆری شـــیعری جاهیلی وەک ڕەنگدانەوەی ژیانی جاهیلییەت بەســـەرهەڵدانی ئیســـلام ئاوابوو، ئیدی ئەم کتێبە ئەو بڕوایەیان ناسـڕێتەوە، ڕێگەشـیان لێنـاگرێ لە ژیـانی جـاهیلی بکۆڵنەوە و بخوێنن و چێژێکی زانســـتی و هونەری لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانیان ببینن. بەڵکو من دوورتر لەوە دەڕۆم، من بانگێکی وەها ڕادەهێڵم، کە ڕێگەیەکی نوێی زۆر کورتبڕ و ڕوون و ئاســانم دۆزیوەتەوە تا

بگەنە ژیانی جاهیلی، یان بە دەربڕینێکی ڕاستودروستتر: ئەوان بە شـێوەیەک دەگەنە ژیانی جاهیلی کە پێشـتر نەیانناسـیبوو، دەگەنە ژیـانی جـاهیلییەکی بەهـارۆشـــن و چێژبەخش و زۆر جیاوازتر لەو ژیانەی لە هۆنراوە دووورودرێژەکان (المطولات)، یـان لە شـــیعرەکـانی دیکەدا هـاتووە، ئەوانەی دراونەتەپـاڵ شـاعیرانی سـەردەمی جاهیلی. ئاخر خۆ وەنەبێ من حاشـا لە ژیانی جاهیلی ناکەم، بەڵکو نکوڵی لەوە دەکەم، ئەم شـــیعرانە، ئەوەی پێی دەڵێن شـــیعری جاهیلی، هی ئەوان بن. خۆ ئەگەر بمەوێ لە ژیـانی جـاهیلی بکۆڵمەوە، ئەو ڕێڕەوە نـاگرمەبەر کە **ئیمریئولقەیس** و **نابیغە** و **ئەعشـــا** و **زوهەیر** گرتوویانەتەبەر، چونکە من متمـانەم بەوەی دراوەتە پـاڵ ئەوان نییە، بەڵکو من ڕێڕەوێکی دیکە دەگرمەبەر، من لە دەقێک دەکۆڵمەوە، ڕاستی و دروســتییەکەی هیچ گومانێک هەڵناگرێ، من لە ڕێی قورئانەوە بۆی دەچم و لێی دەکۆڵمەوە. ئاخر قورئان باشـــترین ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ســـەردەمی جاهیلییە. دەقی قورئانیش جێگیرە و گومانێکی تێدا نییە. من لە قورئاندا لەو سەردەمە دەکۆڵمەوە، لە ڕێی شیعری ئەو شاعیرانە دەکۆڵمەوە کە هاوچەرخی پێغەمبەر بوونە و لەگەڵیدا کەوتبوونە مشـــتومڕ و دەمەقاڵێ، هەروەها لە ڕێی شـــیعری شـــــاعیرانی دیکە لێیـان دەکۆڵمەوە کە دوای پێغەمبەر هـاتوون و بە دڵ لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونـانە و لە شـــێوەژیانی باوانیان نەبوون، واتە ئەوانەی بەر لە ئیســـلام هاتبوون، بەڵێ من لە ڕێی شـــیعری ســـەردەمی ئومەوییەکان دەکۆڵمەوە. ئـاخر من هیچ نەتەوەیەک لە نەتەوە کۆنینەکـان،

ئەوانەی دەســـــتیان بە ڕێبازی ئەدەب گرتووە و نوێگەرایەتی تێنەکەوتووە مەگەر بە شـــــێوەیەکی زۆر کەم نەبێ، دەنـا من ئەوانە هیچێکیان وەک نەتەوەی عەرەب نابیبم، کە دەسـتی توند بە ئەدەبەکەیەوە گرتبێ. ئاخر ژیانی جاهیلییەکان دیاردەیەکە زیاتر لە شـیعری **فەرەزدەق** و **جەریر** و **زیرڕومە**(ذه الرومة) و **ئەختەڵ** (الاخطل) و **ئەلراعی**[٧]دەردەکەوێ لەوەی لەو شــــیعرانە دەربکەوێ، کە دراونەتە پاڵ **تەرفە** و **عەنتەرە** و **شەماخ** و **بیشر بن ئەبی خازم**.

گوتم: قورئان ڕاســـــتگۆترین ئاوێنەیە بۆ ژیانی جاهیلی. کاتێ گوێت لەم پرســــــە دەبێ بە لاتەوە نامۆیە، بەڵام کاتێ هەندێک بیری لێـدەکەیتەوە، ئینجـا بۆت دەردەکەوێ چ بیرۆکەیەکی حاشــــاهەڵنەگرە. ئاخر ئاســــان نییە لەو کەســــانە تێبگەین، ئەو کەســــــانەی کاتێک ئایەتەکانی قورئانیان بۆ خوێندراوەتەوە پێی ســــەرســــام بوون، مەگەر لەنێوان ئەوان و ئایەتەکانی قورئاندا پەیوەسـتییەک نەبووبێ، هەر ئەو پەیوەسـتییەش لەنێوان کاری هونەری ناوازە و لەنێوان ئەو کەســــــانەدا هەیە، کە گوێیان لە هونەرەکە دەبێ یان ســــەیری دەکەن. هەروەها ئاســــانیش نییە لەوە تێبگەین کە عەرەب دژی قورئــان وەســـــتــانەوە و ڕەتیانکردەوە و مشـتومڕیان لەگەڵ پێغەمبەر لەسـەر قورئانەکە کردووە، ئـاخر ئەمە چۆن دەبێ مەگەر لێی تێنەگەیشــــتبن و

---

[٧] الراعي النميري ناوی عیبەید بن حصــــین بن معاوية بن جندل النمیرییە، بۆیەش ناوی شوان (الراعی)یە چونکە بە شاعیری وەسفی وشترەکان ناسراوە. (وەرگێڕ)

لەسـەر ڕاز و نهێنییە وردەکارییەکانی نەوەسـتابن. هەروەها شتێکی ئاسان نییە بەڵکو ڕێگەشی تێناچێ بڕوا بەوە بکەین، کە قورئان بۆ عەرەب شـتێکی نوێ بووبێ. خۆ ئەگەر وەها بووایە ئەوا نە لێی تێنەدەگەیشـتن، نە پێی وشـیـار دەبوونەوە و باوەڕیشـیان پێنەدەکرد و ڕکابەریان نەدەکرد و لەنێوخۆیان مشتومڕیان لەسەر نەدەکرد. بەڵێ قورئان لە شێوازەکەیدا نوێ بوو، لە بانگەوازەکەیدا نوێ بوو، لەبارەی دین و قانونداناان بۆ خەڵکەکە شـتێکی نوێ بوو، بەڵام خۆی کتێبێکی عەرەبی بوو، زمانەکەی زمانی ئەدەبی عەرەبی بوو، خەڵک لە سـەردەمەکەی خۆیدا واتە لە سەردەمی جاهیلیدا، پێی ئاشنا بوون. لە قورئاندا ڕەتدانەوەی بتپەرسـتان هەیە، ئەوانەی باوەڕیان بە بتپەرسـتی هەبوو، هەروەهـا وەڵامی بۆ جوو، بۆ عیسـاییەکـان هەیە، وەڵامی بۆ سـابئە و زەردەشـتییەکان (مەجوس)یش هەیە. قورئـان بە تەنیـا وەڵامی بۆ جووەکـانی فەڵەسـتین و کریسـتیانەکانی ڕۆم و مەجووسـە فارسـەکان و سـابیئەکانی دوورگەی عەرەب نییە، بەڵکو وەڵامی دەسـتە و تاقمی عەرەب دەداتەوە کە خۆی لە وڵاتەکانی عەرەبیدا نوێنەرایەتی دەکردن. خۆ ئەگەر وەها نەبووایە ئەوا نە بەهای دەبوو نە مەترسـییش دەبوو، ئەگەر وەها نەبووایە کەس لەوانە نە شـوێنی دەکەوت و نە دژیشی دەوەستایەوە، ئەگەر وەها نەبووایە کەس لەپێناویدا، یان لە دژیدا قوربانی بەسەر و ماڵی خۆی نەدەدا.

باشە تۆ بڵێی کەس باکی پێبایە گەر من هێرشم کردبایەیە سەر دینی بودایی، یان هەر ئۆلێکی دیکە کە لە میسردا ناپەرستریَ؟ لیَ کاتیَ دادەبەزمە سـەر کریسـتیانێتی، ئەوا بەم کارەم ڕقیان هەڵدەسـتێنم، جووەکان دەوروژێنم کاتیَ دادەبەزمە سـەریان، هەمان شـتیش کاتیَ پەلاماری ئیسـلام دەدەم. من جاریَ بە ئاسـتەم خۆم لەقەرەی یەکیَ لەو دینانە داوە، کەچی دەبینم خەڵک بە تاک و بە کۆمەڵ کەوتوونەتە بەرگری، پاشـان بەرگریی خودی دەوڵەت لە ڕێی نوێنەرایەتیی پۆلیس و دادوەری. ئاخر ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە من پەلاماری دینگەلێک دەدەم، کە لە میسر هەن و مسرییەکان باوەڕیان پێیان هەیە و دەوڵەتیش دەیانپارێزیَ. هەمان شـتیش لەبارەی سـەرهەڵدانی ئیسلامەوە دروستە: هێرشی کردە سەر بتپەرستان و ئەوانیش بەرگرییان لە خۆیان کرد و دژی وەسـتانەوە. پەلاماری جووی دا، ئەوانیش دژی وەسـتانەوە. هێرشـی کردە سـەر کریسـتییانەکان و ئەوانیش دژی وەسـتانەوە. ئەم دژوەسـتانەوەیەش ئاسـان و نەرم نەبوو، بەڵکو بە گوێرەی هێزوگوڕ و توانای بەرگریی خەڵکەکە بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان. هەرچی لەبارەی بتپەرستیی قوڕەیشەوەیە، ئەوە بوو پێغەمبەریان لە مەککە وەدەر نا، شەڕیان پێفرۆشت و یار و یاوەرانییان ناچارکرد لە مەککە باربکەن. هەرچی جووایەتی جووەکانیش بوو، دونیایان لەدژ هاندا و لە ڕووی عەقڵی و تاوتوێکردنی باسـەکانیان مشـتومڕیان لەگەڵ کرد و دژی وەستانەوە، پاشان گەیشتە شەڕ و مریشکەڕەشە. هەرچی

لەبارەی کریســـــتیانێتیش بوو، تا پێغەمبەر لە ژیاندا مابوو، دژایەتییەکی ئەوتۆیان نەکرد بەقەدەر دژایەتیی بتپەرســـــتی و جووایەتی. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو ژینگەیەی پێغەمبەری لێ پەیدابوو ژینگەیەکی کریســـــتیانی نەبوو، بەڵکو بتپەرســـــتی لە مەککەدا باوبوو، جووایەتیش لە مەدینە. خۆ ئەگەر پێغەمبەر لە حیرە یان نەجران پەیدابووایە، هەڵبەت لەو دوو شـــــارەش تووشـــــی کریســـــتیـانێتی دەبووەوە، هەروەک چۆن لەگەڵ بێبڕوایانی مەککە و جووەکانی مەدینە تێهەڵچوو.

ئەوەی ڕاســـتی بێ ئیســـلام کە تازە بەتازە ســـەری هەڵدا و کە لەگەڵ بێباوەڕەکانی حیجاز و جووەکانی کەوتە کێشـــــمەکێش، ئیدی ململانێ لەنێوان ئەو و کریســـــتیانەکان لە مشـــــتومڕ و بەڵگەوبەند لە دژی یەک هێنانەوە گەیشـــــتە دۆخی بەیەکدادان، خۆی پێغەمبەر ســـــەرەتـاکـانی ئەو ململانێیەی بینی و لە سەردەمی خەلیفەکانیشدا گەیشتە ئەوپەڕی سنووری خۆی.

کاتێ تۆ لە قورئاندا باســـی بتپەرســـتان و جوو و کریســـتیان و خاوەن بڕوا و دین و ڕێبازی دیکە دەخوێنیتەوە، ئەوا قورئان باســـی عەرەب و باســـی ئەو دەســـتە و تاقم و دینانە دەکا، کە عەرەبەکان ناسیویانە. قورئان ئەوەی ویستی پووچەڵی بکاتەوە کردی، ئەوەشی پێی پەسەند بوو پشتگیری لێکرد و هێشتیەوە. بەمەش هەم لایەنگر و هەم نەیار لای خاوەنی ئەو دەســـــت و تـاقم و دینـانەی بەگوێرەی دەســـــەڵاتی خۆیـان و بـاندۆرییـان لەســـــەر خەڵـک هەبوو، بۆخۆی پەیـداکرد. کەواتە مەودای

جیاوازی لە نێوان ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ژیانی جاهیلی لەو شـــیعرانەی دراونەتە پاڵ جاهیلییەکان و لە نێوان لێکۆڵینەوە لە قورئاندا چەند زۆرە!

جارێ هەرچی ئەو شـــیعرەیە کە دەدرێتە پاڵ جاهیلییەکان، نیشـــاندەری ژیانێکی تەمومژاوی وشـــکوبرینگی بێبەرییە، یان هەر خۆی لە هەســتی دینی بەهێز و هەســتوســۆزی دینی زاڵ بەسەر دەروون و ژیانی کردەییدا دوور و بێبەرییە، ئاخر ئەگەر وانەبێ ئەدی لە کوێ شـــیعرێکی وەها لە **ئیمریئولقەیس** یان **تەرەفە** یاخود **عەنتەرە**دا دەبینی و دەخوێنیتەوە! ئایا شـــتێکی ســەیروســەمەرە نییە، کە شـیعری جاهیلی لەئاسـت وێناکردنی ژیانی دینی جاهیلییەکاندا دەستەوەستان و دۆشداماو بێ!

هەرچی قورئانیشـــە شـــتێکی دیکەمان بۆ دەردەخا، ژیانێکی بەهێزی دینیمان نیشـان دەدا، کە خەڵکەکەی بۆ ئەوە بانگ دەکا تا پێیان بکرێ مشتومڕ و گەنگەشە و وتوێژ لەبارەی دینەکەیان بکەن. خۆ ئەگەر پەســـندان و پێداهەڵگوتنی کورتی هێنا ئەوا پەنایان بۆ فێڵ و تەڵەکە دەبرد، پاشـان بۆ چەوسـاندنەوە، ئینجا بۆ جاڕدانی شەڕ، شەڕێک تەڕ و وشکی بە یەکەوە دەسووتاند.

ئایا پێت وایە قوڕەیش، ئەو قوڕەیشـەی فێڵی لە ڕۆڵەکانی خۆی دەکرد و دەستخەرۆی دەکردن و دەیچەوساندنەوە و بە چەندین جۆر ئازار و ئەشـــکەنجەی دەدان و لە زێدەکەیانی دەردەکردن پاشـان جاڕی شـەڕی لە دژیان دەدا و بە هەموو هێز و ژیان و

سامانییەوە قوربانی لەم پێناوەدا دەدا، ئایا ئەوەی دەکرد ئەگەر هـاتبـا لەبـارەی دینەوە هەر ئەو شــــیعرانەی دەدرێنە پـاڵ جاهیلییەکان، هەبوونایە؟ نەخێر! قورەیش بەهێزەوە بڕوای بە دینەکەی خۆی هەبوو. بۆ ئەو دینە و لەپێناو بڕوابوون بەو دینە تێکۆشا و ئەو قوربانییەی دا کە دای. هەر هەمان شتیش لەسەر جوو ڕاستە، بەهەمان پێودانگیش ئەوانی دیکە و ئەو عەرەبانەی لەسەر دینی خۆیان ڕووبەڕووی پێغەمبەر بوونەوە، ڕاستە.

کەواتە قورئان ڕاســتگۆترین دەربڕی ژیانی ئاینییە لای عەرەب، ڕاســـتگۆتر لەو شــــیعرەی ناویان لێناوە شــــیعری جاهیلی، لێ قورئـان هەر بەتەنیا وێنـای ژیـانە دینییەکە نـاکا، بەڵکو وێنـای شـــتێکی دیکەش دەکا، کە لەنێو شــــیعری جاهیلیدا نابینین، ئەویش وێنـاکردنی ژیـانی ئـاوەزمەنـدییەکی بەهێزە، وێنـای توانســتی مشــتومڕ و ڕکابەری لەگەڵ قورئان دەکا، کە قورئان بەشــێکی زۆری هەوڵ و تێکۆشـــانی لە ژیانی ئەو دینەدا داوە. ئەدی هەر قورئان نییە وێنای ئەو کەســـــانە دەکا، کە بە هێزی وتووێژ و دەمەتەقێ مشــــتومڕیان لەگەڵ پێغەمبەردا کردووە و گفتوگۆیەکی زۆر توندیان لەگەڵدا بەڕێکردووە! ئەدی باشــــە مشـــتومڕ و ناکۆکی و دەمەتەقێیان لەســـەرچی بووە؟ لەبارەی دین و ئەوەی بە دینەوە پەیوەســــتە لە کۆمەڵێک پرســــگەلی مەتەڵئاســــا، کە فەیلەســــوفەکان لە ژیانی خۆیاندا لەســــەری وەستان و دەستەوەستان بوون تا چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە: لەبـارەی ژیـانەوە، لەبـارەی ئـافەریـدەکردن، لەبـارەی ئەگەری

پەیوەندی لەنێوان خودا و خەڵک، لەبارەی پەڕجوو و ئەو جۆرە شتانە.

ئەرێ تۆ پێتوایە خەڵک هەبێ لەسەر ئەو شتانە مشتومڕ و دەمەتەقێ بکا، مشتومڕێک و دەمەتەقێیەک کە قورئان خۆی بە بەهێز و توانایی ئاخێوەرەکانی وەسف دەکا، ئایا تۆ پێتوایە ئەو خەڵکانە نەفام و دەبەنگ و زبر و توند بن بە شێوەیەک کە ئەو شیعرانەی دەدرێتە پاڵ جاهیلییەکان وەسفیان دەکا! نەخێر! ئەوان نەفام و دەبەنگ و زبر و دڵڕەق نەبوون و خاوەنی ژیانێکی زبر و وشکیش نەبوون، بەڵکو ئەوان خاوەن زانست و زیرەکی و خودانی هەستوسۆزی نەرمونیان و ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیی بوون.

لێرەوە دەبێ وریابین، ئاخر وەنەبێ هەر هەموو عەرەب وەها بووبن، قورئان نوێنەرایەتیی هەموویان ناکا، بەڵکو ئەوانیش هەروەک میللەتانی کۆنینە و زۆر لە میللەتانی نوێ بەسەر دوو چین دابەش بووبوون: چینی ڕۆشنهزرەکان (منەوەرەکان) ئەوانەی بە سامان و ئاوەز و زانیاری دەناسرانەوە، چینێکی ڕەشۆکیش (گشتی) کە هیچ بەختێکیان لەو شتە ناوبراوانەی چینی یەکەمیان نەبووە.

قورئان بەسەر ئەوەدا شاهیدە. ئەدی قورئان باسی ئەو بەشمەینەت و کلۆلانەمان بۆ ناکا ئەوانەی لە ملکەچیی سەردار و مەزنەکانیان هەڵگەڕانەوە، ئەوسا وەنەبێ ئەم هەڵگەڕانەوەیان

لە تیکۆشـانی بیرورِا بێ، یان باوەڕیان بە هەق بووبێ، ئەوانەی لەو کاتەی لێیان دەپێچرێتەوە دەڵێن: ***"ئەی پەروەرندەمان! ئێمە وەدووی ئاغاکان و گەورەکانی خۆمان کەوتین؛ ئەوان ئێمەیان گومرِا کرد.***"[٨] بەڵێ، هەر قورئان خۆی باســـی دوورکەوتنەوە و کەلێنی ئەعراب و دڵرەقی و شـــۆڕبوونەوە بەنێو کفر و دوورِوویی و کەمبەختی لە هەســـتوســـۆزی نەرمونیانمان بۆ دەکا، ئەوەی لە دژی بڕوا و ئاییندا هەیانبوو. ئەدی هەر قورئان نییە دەفەرموێ: ***ئەعرابەکان لەمەڕ خودانەناسـین و دوورِوویی بێڕەزاترن و بۆ ســـنوور و پێنەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری نـاردووە، کۆڵیترن.*** "[٩] ئـاخر ئەدی بۆ پێغەمبەر دانەنرابوو کە دڵی ئەعرابەکان بە پارە نەرم بکا! بەڵێ. کەواتە قورئـان نوێنەرایەتیی نەتەوەی (امـة)ی عەرەبی دەکـا بەوەی وەک هەر نەتەوەیەکی کۆنینەی دیکە، تێیدا کەســـانی دیار و ناوازە و ڕۆشـــنهزری تێداهەبوون، کە پێغەمبەر دەمەتەقێ و مشتومڕی لەگەڵدا کردوون، هەروەها ئەوانیش لەگەڵ پێغەمبەر، هەروەها خەڵکی ڕەشـــۆکیشـــی هەبووە، کە هیچ بەختیان لە ڕۆشـنهزری و ناوازەییدا نەبووە، ئەوان بابەتی ناکۆکی بوون لە نێوان پێغەمبەر و نەیارانی، پێغەمبەر هەندێک جار دڵی ئەوانەی بە پارە نەرم دەکرد.

[٨] ئایەتی ٦٧ لە سورەتی الاحزاب : **وقالوا ربنا إنا أطعنا سادتنا وكبراءنا فأضلونا السبيلا**

**٩ ئایەتی ٩٧ لەر سورەتی تەوبە : الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ**

قورئـان هەر بەتەنیـا نوێنەرایەتیی نەتەوەی عەرەبی دینـداری ڕۆشـنهزر ناکا، بەڵکو وێنەیەکی دیکەشـمان دەداتێ، کە دەبێتە مایەی سـەرسامی بۆ ئەوانەی ڕاهاتوون بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی عەرەبی بەر لە ئیسـلام، کە پشـت بەو شـیعری جاهیلیەوە ببەسـتن. ئاخر ئەوان لەو بڕوایەدان کە عەرەب بەر لە ئیسـلام نەتەوەیەکی گۆشـەگیر بووە، لە بیابانەکەیدا ژیاوە و بە دونیای دەرەوە ئاشـنا نەبووە و دونیای دەرەوەش نەیناسـیون، ئەوان لەسـەر ئەمەدا پرسـگەل و بیردۆزەکانیان ڕۆناوە، ئەوان دەڵێن شـیعری جـاهیلی نەکەوتبووە بن بـانـدۆری ئەو کـاریگەرییە دەرەکییـانەی کـاری لە شـیعری ئیسـلامی کردبوو: واتە نەکەوتبوونە بن باندۆری فارس (ئێران) و ڕۆم. ئەرێ باشـە ئەوە چۆن دەبێ! ئەوە گوتراوە گوایە لە بیـابـانـدا هـیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئاکنجییەکانی و نەتەوە شـارسـتانەکاندا نەبووە. نەخێر! ئەدی ئەوە نییە قورئان باسی شتێکی جیاوازتر لەوەمان بۆ دەکا. قورئان باسـی ئەوەمان بۆ دەکا، کە عەرەب پەیوەنـدییـان بە نەتەوەکـانی دەوروبەریـانەوە هەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکی تۆکمەشـیان هەبووە و لەنێوان خۆیاندا لەسـەر ئەوە دابەشـبوونەتە سـەر دەسـتە و تاقمی جیاجیا. ئەدی هەر قورئان نییە، باسی ئەوەمان بۆ دەکا، کە لەنێوان ڕۆم و لەنێوان ئێراندا جەنگ هەبووە و عەرەبیش لەو نێوەدا دابەشـبووەنەتە سـەر دوو بەرەی لەیەک جیاواز: بەرەیەکیان لایەنی ئەمیان و بەرەکەی دیکەش لایەنگری ئەویـان کردووە! ئـاخر ئەدی لە قورئاندا سـورەتێک بە ناوی سـورەتی ڕۆم نییە و بەم ئایەتەش

دەســـتپێدەکا: ***ئەلیف، لام، میم. ڕۆمی شـــکان .لە نزیکتر کەوشەنی ئەم سەرزەمینە. لە دوای ئەم ژێرکەوتنەیان جارێکی دی ســـەردەکەونەوە؛ لە ماوەی کەمتر لە دە ســـاڵ. پێش ئەو شکانە و لە دوایەش، هەموو کار، کاری خودایە***".[١٠]

کەواتە هەروەک یارانی ئەم شـــیعرە جاهیلییە پێیانوایە، عەرەب دابڕاو نەبوون، لێرەدا ئەوە دەبینی چۆن قورئـــان بـــاســـی بـــایەخـــدانی ئەوانی بە ئێران و ڕۆم کردووە. هەروەهـــا هەر قورئان وەسفی پەیوەندییەکانی ئابووریی ئەوانی بە نەتەوەکانی دیکە کردووە، هەروەک لە ســـورەتی ناوســـراودا هاتووە: "***بۆ هۆگریی قورەیش، کە ســـاڵانە دوو جار دەچن بەرەو زۆزان و گەرمیان..***"[١]ئیدی یەکێ لەو کاروانانە بۆ شـــام بۆ لای ڕۆم و ئەوی دیکەشیان بۆ یەمەن بۆ لای حەبەشە و یان ئێران بووە.

ژیاننامەی پێغەمبەریش ئەوەمان پێدەڵێ، کە عەرەب لە بوغازی بـــابولمەنـــدەب بۆ وڵاتی حەبەشـــــە پەڕیونەتەوە. ئـــاخر ئەدی موهاجیرەکانی بەرایی بۆ ئەم وڵاتانە کۆچییان نەکرد! هەر ئەم ژیاننامەیە پێماندەڵێ ئەوان لە حیرەش بۆ وڵاتی ئێران (فارس) تێپەڕیون، هەروەها ئەوان شـــام و فەڵەســـتینیشـــیان تێپیەڕاند و گەیشـــتبوونە میســـر. کەواتە ئەوان گۆشـــەگیر و دابڕاو نەبوون،

[١٠] ﴿الم * غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ *فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ * بِنَصْرِ اللَّهِ يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ

[١] لِإِيلافِ قُرَيْشٍ، إِيلافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ...

هەوەها بەدەریش نەبوون لە کاریگەریی ئێران و ڕۆم و حەبەشە و هیند و نەتەوە دراوسـێکانی دیکەیان. وەنەبێ ئەوان دینیان نەبووبێ، هەروەها نەفام (جاهیل) و زبر و دڵبەردیش نەبوون، بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە ڕووی سـیاسـی و ئابووریشەوە دابڕاو نەبوون، ئیدی بەم شێوەیە قورئان وێنایان دەکا.

خۆ ئەگەر خاوەنی زانسـت و دین، ماخۆی سـامان و هێز و دەسـەڵات، یان خودانی سـیاسـەتێکی گرێدراو بە سـیاسـەتی گشـتیی کارلێککەر و کارتێکراو بووبن، چی وای لێکردوون نەبووبنە نەتەوەیەکی شـارسـتانی دیار، نەوەک نەتەوەیەکی نەفامی دڕندە. ئاخر چۆن پیاوێکی ئاوەزمەند بڕوا دەکا قورئان لەنێو نەتەوەیەکی نەفامی دڕندەدا سەریهەڵدابێ!

کەواتە ئایا بینیت کە دۆزینەوەی ژیانی عەرەبی لە قورئاندا بەسـوودتر و باشـتر دەردەکەوێ لەو شـیعرە نەزۆکەی ناویان لێناوە شـیعری جاهیلی! ئایا دەبینی کە ئەم جۆرە ئاراسـتەیە لە توێژینەوە هەموو گۆڕانکارییەک دێنێتە گۆڕێ لەوەی لەبارەی کاروباری جاهیلییەکان، فرچکمان پێوەگرتووە!

# ٤

## شیعری جاهیلی و زمان

شتێکی دیکە هەیە وامان لێدەکا ملکەچی ڕاستی و دروستی ئەو بڕە زۆرە ڕەهایەی شـیعری جاهیلی نەبین، پێدەچێ باشـترین بەڵگەی سـەلمێنەریش ئەو بۆچوونەمـان بێ، وا ڕوونی دەکەینەوە. پێشـتر ئەو شـیعرەمان بینی کە نوێنەرایەتیی ژیانی دینی و عەقڵی عەرەبی جاهیلی نەدەکرد، لەسـەرێکی دیکەشـەوە شـیعرەکان هەر زۆر لەوە دوورن نوێنەرایەتیی زمانی عەرەبی ئەو سەردەمە بکەن کە گێڕەرەوەکان دەیدەنەپاڵ جاهیلییەکان و بە نـاوی ئەوانیش تۆمـاریـان کردوون. لێرەدا پێویسـتی بە پشوودرێژی و لەسـەروەستان و وریایی هەیە. ئاخر مەبەست لە زمانی عەرەبی ئەو واتا دیارکراوەیەتی کە بۆ پێناسـەکردن و واتالێکدانەوەی وشـەیەک لە وشـەکانی پەنا بۆ فەرهەنگ ببەین، مەبەسـتمان لێرە بێژەی وشـەکانە کە واتـاکەی لەسـەر هەڵهێنجراوە، ئەویش جـارێـک بە حەقیقی بەکـار دەبرێ و

جارێکیشیان بە مەجازی، ئەم بێژانەش بەگوێرەی پێداویستییەکانی ژیانی ئاخێوەران و ماخۆی زمانەکە دەگۆڕێن و پێشدەکەون.

ئێمە دەڵێین ئەم شیعری جاهیلییە زمانی جاهیلی دەرنابڕێ. دەی با جارێ تێبکۆشین زمانی جاهیلی بناسین و بزانین چییە، یان لەو سەردەمەی گوایە ئەو گێڕەرەوانە شیعرە جاهیلییەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ، چ شێوەیەکی وەرگرتووە. ئەو ڕاوبۆچوونەی گێڕەرەوەکان لەسەری کۆک بوون، یان خەریکبوو لەسەری کۆک بن، ئەوە بووە؛ عەرەب دابەش دەبنە سەر دوو پاژ: قەحتانییەکان، ئەوانەی جێهەواری یەکەمیان لە یەمەن و عەدنانییەکانیش ئەوانەی جێهەواری یەکەمیان لە حیجاز بووە.

هەروەها هەر ئەوان لەسەر ئەوە کۆکن، کە قەحتانییەکان هەر لەوەتەی خودا ئافەریدەی کردون عەرەبن و ئەوان عەرەبی عاریبەن، کەچی عەدنانییەکان زمانی عەرەبییان وەرگرتووە، واتە لەسەری ئافەریدە نەکراون، ئەوان بە زمانی دیکەی وەک عیبری و کلدانی دەپەیڤین، لێ دواتر فێری زمانی عەرەبیی عاریبە بوون، ئیدی زمانی زگماکی یەکەمیان لەسینگدا سڕاوەتەوە و لەجێگەیدا زمانی وەرگیراوی دیکەیان جێکردەووەتەوە. هەروەها هەر ئەو گێڕەرەوانە لەسەر ئەوەش کۆکن، کە بنەچەی عەدنانێتیی ئەو بەعەرەببووانە (مستعرب) دەگاتەوە سەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم. ئەوان فەرموودەیەک دەکەنە بنەمای هەموو بیردۆزەکەیان لەو بارەیەوە، پوختەکەشی

ئەوەیە، یەکەمین کەس کە بە زمانی عەرەبی داوەوە و زمانی باوکی بیرچۆتەوە، ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بووە.

لەسەر ئەوە هەموو گێڕەرەوەکان (ئەوانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوە) کۆکن، لێ ئەوان لەسەر شتێکی دیکەش هاوڕان، زانستی نوێش سەلماندوویەتی، ئەویش ئەوەیە، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زمانی حیمەیر/ حمیر (کە زمانی عەرەبی عاریبە بووە) و زمانی عەدنان (عەرەبی بەعەرەببوو /موستەعرەب/) هەیە. لە ئەبی عەمرو بن عەلاء دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: نە قسەی حیمیەرییەکان قسەی ئێمە بووە نە زمانەکەشیان.

ئەگەر ڕاستیت دەوێ، لێکۆڵینەوەی نوێ جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان ئەو زمانەی خەڵکی لە باشووری عەرەبستان/ وڵاتی عەرەبی قسەی پێدەکەن، لەگەڵ ئەوەی لە باکوور قسەیان پێدەکرد هەبووە. ئێستاش هەڵکۆڵینەکان و دەقەکانمان لەبەردەستە، سەلمێنەری جیاوازی بێژەکان و ڕێسای ڕێزمانی ڕستەسازی و وشەسازیین. کەواتە هەردەبێ چارەی ئەو پرسە بکرێ.

خۆ ئەگەر ڕۆڵەکانی ئیسماعیل زمانی عەرەبی لەو عەرەبانە فێربووبن کە ئێمە پێیاندەڵێین عاریبە، کەواتە ئەدی ئەو مەدا دوورییە چی بووە لەنێوان ئەو زمانەی عەرەبی عاریبە بەکاریهێناوە لەگەڵ ئەوەی عەرەبی بەعەرەببوو، تا ڕادەیەک ئەبو **عەمرو بن عەلاء** ئەوە بڵێ کەوا دوو زمانی لەیەک جیاواز

بوون، هەروەها زاناکانی ئەم دواییانەش ئەو جیاوازییە بە بەڵگەوە دەسەلمێنن، سەلماندنێک هیچ جێگەی گومان و مشتومڕ نەهێڵێتەوە! خۆی کارەکەش هەر بەوەندە ناوەستێ، ئەوە بۆ هەموو کەسێک ڕوونە، ئەوانەی بەگشتی ئاگایان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە و بەتایبەتیش ئەوانەی ئەفسانە و چیرۆکیان خوێندووە و لێیان کۆڵیتەوە، کە ئەم بیردۆزە دروستکراوە و بەزۆر دارێژراوە، ئەمەش لە سەردەمەکانی دوایی هاتووە و کاتێک پێداویستیی دینی و ئابووری، یان سیاسی وەهای خواستووە.

**بۆ تەورات هەیە باسی ئیبراهیم و ئیسماعیلمان بۆ بکا، هەروەها بۆ قورئانیش هەیە باسی ئەو دووانەمان بۆ بکا، لێ هەر بە تەنیا ناوهاتنی ئەو دوو کەسە لە تەورات و قورئاندا بەس نییە تا هەبوونە مێژوویەکەیان بسەلمێنرێ**، سەرباری سەلماندنی ئەو چیرۆکەش، کە باسی کۆچی هاجەر بە خۆی و ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیممان بۆ مەککە بۆ دەکا تا لەوێ وەک عەرەبی بەعەرەببوو (موستەعریب) ژیا بن و گەشەیان کردبێ. ئێمە ناچارین شتەکە وەها ببینین، **ئەم چیرۆکە جۆرە فێڵێکە بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان جوو لەگەڵ عەرەب لە لایەک و لە لایەکەی دیکەشەوە سەلماندنی پەیوەندی لەنێوان ئیسلام و جووایەتی و قورئان و تەوراتدا.** کۆنترین سەردەمیش بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هزرەیە، هەر ئەو چاخەیە کە جوو لە باکووری عەرەبستان نیشتەجێ بوون و لێیان داکوتا و مۆڵگەی

خۆیان لێدروســت کرد. ئێمە دەزانین جەنگی دژوار لەنێوان ئەو جووە هاتووە نیشـــتەجێبووانە و عەرەب، ئەوانەی هەر لەوێ ئاکنجی بوون ، هەڵگیرســاوە، جەنگەکە لەدواتردا بە شـێوەیەک لە شێوەکان بە ئاشتی و خۆگونجاندن و جۆرێک لە هاوپەیمانی و ئـاگربڕ کۆتـایی پێهـاتووە. شـــتێکی دووریش نییە کە ئەم ئاشـــتییەی لەنێوان خەڵکی هاوردەی پەلاماردەر و ماخۆکانی خـاکەکە بووبێتە بنەمـای ئەم چیرۆکەی دەڵێ کەوا عەرەب و جوو پســـمامن، بەتایبەتیش کاتێک ئەمان و ئەوان شـــتێکی هاوبەشییان لەنێواندا هەبووبێ، هاوبەشییەکەش کەم نییە، ئیدی ئەوان و ئەمان سامیین.

لێ ئەو شـــتەی جێگەی گومان نییە، ســـەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئیســـلام و ئەو نەیارییە توندەی لەنێوان خۆی و بتپەرســـتیی عەرەب بوو، ئەوانەی ئەهلی کتێب نەبوون، ئیدی وای پێویســت کرد پەیوەســـتییەکی بەتین لەنێوان ئاینی نوێ و هەردوو ئایینە کۆنەکان بدۆزرێتەوە: واتە لەگەڵ کریســـتیانێتی(عیســـایەتی) و جووایەتی(موسایەتی)دا.

هەرچی پەیوەندیی دینییە، ئەوا جێگیر و ڕوونە، ئـاخر لەنێوان قورئان و تەورات و ئینجیلەکاندا هاوبەشـیی لە ڕووی بابەت و وێنە و ئـامـانجـدا هەیە، ئـاخر مەبەســـتی هەر هەموویـان یەکتاپەرستییە، پشتیشی بەیەک بنەما بەستووە، کە هەر ئەویش خاڵی هاوبەشی هەر سێ ئایینیە ئاسمانییە سامییەکەیە. لێ ئەو پەیوەنـدییە دینییە هەر پەیوەنـدییەکی واتـایی ئـاوەزمەنـدییە

دەکرێ بە شـێوەیەکی باشـتر و لە ڕێی پەیوەسـتییەکی دیکەی مادی بەرجەستە یان وەک بەرجەستەیی لێهاتبا نێوان عەرەب و خەڵکی ئەهلی کتێب. ئاخر ئەدی چ ڕێگرێک هەبوو لەوەی ئەم چیرۆکە بقۆزرێتەوە، واتە چیرۆکی نزیکـایەتیی مـادی لەنێوان عەرەبی عەدنانی و جوو؟

قورەیش هەموو ئـامـادەکـارییەکی تێـدا بوو تـا لە سـەدەی حەفتەمی زایینیدا ئەو ئەفسـانەیە بپەڕژێنێ. ئاخر لە بەرایی ئەو سـەدەیەدا بەوە کۆتایی هات ڕاچەنینێکی سـیاسـی و ئابووری وەها بۆ مەککە و دەوروبەری بێتەدی، تا دەسـەڵاتی واتایی خۆی لە بەشـێکی زۆری عەرەبسـتانی بتپەرسـتیدا بڵاوبکاتەوە. سـەرچاوەی ئەم ڕاچەنینە و **ئەو دەسـەڵاتەش دوو شـت بوون: لە لایەک بازرگانی و لە لایەکی دیکەوە دین.**

هەرچی لەبـارەی بـازرگـانییەوە بوو، ئەوا ئێمە دەزانین کە قورەیش بازرگانی لەگەڵ شـام و میسـر و وڵاتی ئێران (بلاد فارس) و یەمەن و وڵاتی حەبەشەدا دەکرد.

هەرچی لەبارەی دینیشـەوە بوو، ئەو کەعبەیەی کە قورەیش لە دەوری خڕدەبووەوە و هەموو سـاڵێکیش عەرەب حەجی بۆ دەکرد، جۆرێک لە دەسـەڵاتێکی بەهێزیشـی بەسـەر دڵ و دەروونی بێ بڕوایاندا کێشابوو، هەر ئەو عەرەبە بێ بڕوایانەش کردبوویـانە هێمـایەک بۆ دینێکی بەهێز، بەوەی بیـانەوێ لە بەرانبەر کشـان و بڵاوبوونەوەی جووایەتی لە لایەک و پاشـان

کریســـتیانی لە لایەکی دیکە بوەســـتێتەوە. ئێمە ئەو ئاماژەیە لە ئەفســانەکان بەدیدەکەین، کە شـتێکی لە کێبڕکێی دینی لە نێوان مەککە و نەجرانــدا هەبووە. هەروەهــا ئەو ئــامــاژەیەش لە ئەفســانەکاندا دەبینین، کە ئەم کێبڕکێی دینییە لە نێوان مەککە و ئەو کڵێســـایەدا هەبوو، کە حەبەشـــە لە ســـەنعا دایمەزراندبوو، ئەوەی بووە مایەی شەڕی فیل، هەروەک چۆن لە قورئاندا ناوی هاتووە.

کەواتە قورەیش لەو ســـــەردەمەدا ســـــەرهەڵداوێکی مادیی و بازرگانی و سـەرهەڵداوێکی دینی بتپەرستی بووە. ئیدی بە پێی ئەو دوو ڕاچەنیینـانە تەقەللای ئەوەی بوو لە عەرەبســـــتـانـدا یەکەیەکی ســـیاســـیی بتپەرســـتیی ســـەربەخۆ بنیات بنێ، تا لەبەردەم دەســـتوەردانی ڕۆم و ئێران و حەبەشـــە و دینەکانیان لە عەرەبستاندا بوەستێتەوە.

خۆ ئەگەر ئەمە ڕاســـت بێ -کە ئێمە بڕوامان بە ڕاســـتییەتی هەیە- ئەوا زۆر ڕێی تێدەچێ ئەم شــارە نوێیە بۆ خۆی بەدوای بنەڕەتێکی مێژووی کۆنــدا بگەڕێ، کە بە بنەمــا مێژوویيە نەمرەکاندا ببەســـترێتەوە، ئەوانەی لە ئەفســـانەکاندا باســـیان کراوە. کەواتە هیچ ڕێگریک لەوەدا نییە قورەیش ئەو ئەفسـانەیە پەسەند بکا، کە دەڵێ کەعبە دروستکراوی دەستی ئیسماعیل و ئیبراهیمە، هەروەک چۆن پێشــتر ڕۆما بە هۆکاری هاوشـێوەوە ئەفســانەیەکی دیکەی پەســەند کردبوو، ئەو ئەفســانەیەی گریک (یۆنان) بۆی دروستکردبوو بەوەی سەلماندوویەتی، کەوا ڕۆما

دەگەڕێتەوە بۆ بـایـنـاســـی کوڕی پریـامـی ســـەرداری ترۆی (تەروادە).

کەواتە کاروباری ئەم چیرۆکە ڕوونە. شـتێکی نوێکردەیە و بەر لە ئیســلام ســەریهەڵداوە، **ئینجا ئیســلام لەبەر هۆکاری دینی قۆســتوویەتیەوە، مەککەش لەبەر هۆکاری دینی و ســیاســی پەسەندی کردووە.** کەواتە کاتێک مێژوویی ئەدەبی و زمانەوانی بیەوێ بنەمای زمانی عەرەبی پاراو (فوسحە/فصحی) بناسێنێ، دەتوانێ گوێی پێ نەدا. کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندی لەنێوان زمانی عەرەبی پاراو، ئەو زمانەی عەدنانییەکان پێی دەدوان و ئەو زمانەی قەحتانییەکان لە یەمەن پێی دەدوان وەک پەیوەندیی نێوان زمانی عەرەبی و هەر زمانێکی دیکەی ناســراوی ســامی بوو، ئیدی چیرۆکی "عاریبە" و "بەعەرەببوو/موســـتەعریبە" و فێربوونی ئیســـماعیل بۆ عەرەبی لە جورهمەوە، هەر هەمووی قسەی ئەفسانەیین نە گرنگییان هەیە و نە سوودبەخشیشن.

ئەنجـامی هەموو توێژینەوەکەش دەمـانگەڕێنێتەوە ســـەر ئەو بابەتەی لە سـەرەتاوە دەسـتمان پێکردبوو، ئەویش ئەوەیە؛ **ئەو شــیعرەی ناوی لێدەنێن شــیعری جاهیلی، فڕی بەســەر زمانی جاهیلییەتەوە نییە و ناشکرێ ڕاست و دروست بێ.** ئاخر ئێمە لەو شـــاعیرانەی زۆر شـــیعری جاهیلییان دەدرێتە پاڵ ئەوە دەبینین، کە کەســانێکن ســەر بە عەرەبی یەمەنن، ســەر بەو قەحتانییە عاریبانەن کە بە زمانێک دواون، زمانی قورئان نەبوو، ئەو زمـانەی **عەمرو بن عەلاء** لەبـارەیەوە وتوویەتی: زمـانی

ئەوان لەگەڵ زمـانی عەرەب جیـاواز بوو، توێژینەوەی نوێش سەلماندوویەتی، کە زمانێکی غەیرە زمانی عەرەبییان هەبووە.

لێ کاتێ ئێمە ئەو شـــیعرانە دەخوێنینەوە، ئەوانەی دەدرێنە پاڵ ئەو شـاعیرە قەحتانیانەی جاهیلی، ئەوا هیچ جیاوازییەک، نەکەم و نەزۆر لەنێوانیان و لەگەڵ شـیعری عەدنانییەکان نابینین. خوا بەهـانـامـانەوە بێ![12] بەڵکو ئێمە هیچ جیـاوازییەک لەنێوان زمـانی ئەم شیعرە و زمانی قورئانیشدا نابینین. ئەرێ چۆن لەوە بگەین و چۆن لێکی بدەینەوە؟ ئەمەش شـــتێکی ســـووک و ئاســـانە، ئەویش ئەوەیە، ئەم شیعرەی دەدرێتە پاڵ قەحتانییەکانی بەر لە ئیسلام هیچی بەسەر قەحتانییەکانەوە نییە. شاعیرەکانی ئەوان ئەوانەیان نەگووتووە، بەڵکو دوای ئیسلام و بە هۆکاری جیاواز، کە دواتر ڕوونیـدەکەینەوە بە نـاوی ئەوانەوە هەڵبەســـتراون، هۆکـارەکـانیش ئەوکـاتە ڕوون دەکەینەوە کـاتێـک بـاســـیـان دێتەگۆڕێ، کە وای کرد لەنێو ئیسلامدا ئەم شیعرانە دابتاشرێن و بدرێنە پاڵ شیعری جاهیلی.

[12] نستغفر الله!

## ٥

# شیعری جاهیلی و زارەکان

تەنانەت ئەم شتە لە شیعری جاهیلیی قەحتانیش تێدەپەڕێ و خۆی دەگەیەنێتە شیعری عەدنانییش. گێڕەرەوەکان باسی ئەوەیان بۆ کردووین؛ شیعرەکان لە هۆزەکانی عەدنانەوە گوازراونەتەوە، سەرەتا لە ڕەبیعەوە ئینجا بۆ قەیس و پاشان بۆ تەمیم. ئیدی لەوێ تا دوای ئیسلامیش مانەوە، واتە تا ڕۆژگاری بەنوئومەیە، تا هەڵکەوتنی ناوازەیی فەرەزدەق و جەریر.

ئێمەش ناتوانین ئەم جۆرە قسەیە پەسەند بکەین مەگەر بەخەندەوە نەبێ، چونکە ئێمە زانیارییەکی ڕاستودروستمان لەسەر ڕەبیعە و تەمیم نییە و بە جوانی نایانناسین، واتە ئێمە حاشایی لێدەکەین یان گومانمان هەیە، هەر بەلای کەمییەوە

گومانێکی بەهێزمان لەو ناوانە هەیە، کە دراونەتە پاڵ هۆزەکان، گومانمان لە بەهای ڕەچەڵەکی ئەو شـــاعیرانە و ناوی ئەو هۆزانە هەیە، پێمانوایە یان ئەوە بەڕاســـتتر دەزانین، کە ئەم هەموو شـــتە زیاتر لە ئەفســـانە دەچێ نەوەک لە زانیاریی حاشاهەڵنەگر.

لێ ئێســتا پرســی ڕەچەڵەک و بەهاکەی مایەی ســەرنجادانمان نییە. جارێ با لێی گەڕێین تا لە کاتی پێویســـتی بەندەکانی ئەم کتێبە دیینەوە ســـەری و باســـی لێوەدەکەین. ئێمە ڕاوبۆچۆنی خۆمان زۆر بە ڕاشکاوی و بەگشتی لە "یادەوەری ئەبی عەلا"دا باس کردووە،[13] لێ ئەو پرســـەی لێرە مایەی ســـەرنجمانە و وامان لێدەکا گومان لە بەهای ئەم بیردۆزە بکەین (بیردۆزی گواســـتنەوەی شـــیعر لە هۆزەکانی عەدنان بەر لە ئیســـلام) پرســـێکی تەواو تەکنیکییە. ئاخر گێڕەرەوەکان هەموویان لەســـەری کۆکن، گوایە هۆزەکانی عەدنان بەر لە پەیدابوونی ئیســـلام نە زمانێکی یەکگرتوو، نە زار(زاراوە)ی یەکانگیر لەنێوخۆیاندا هەبووە، تا ئەو زمانە لەیەکجیاوازانە لەیەک نزیک بکاتەوە و شـــیرازەپســـانی ئەو هەموو زارانەی نێوانیان لاببا. شـــتێکی لۆژیکیش بوو بەر لە ئیســـلام زمانەکانی عەرەبی عەدنانی لەیەک جیاواز بن و زارەکانیشـــیان لەیەک جیاواز بن.

[13] (ذکری أبي العلاء) کتێبێکی تەها حوســـێنە تێزی یەکەم دکتۆرایەتی لە ســـالی ١٩١٤ و لەپێش کتێبی ( فی الشـــعر الجاهلی) نووســـیویەتی، لەم کتێبەش هەرای نایەوەو ســـەریەشـــەی زۆری بۆ دروســـت بوو و بەکافر و زەندیق تاوانبار کرا، گوایە ابو العلاء المعری لە ئیسلام داشۆریوە. وەرگێڕ

بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو ئەو بیردۆزەی ئاماژەمان پێداوە ڕاست بێ، کە بیردۆزی لاپەڕگەیی عەرەبییە، هەروەها ئەوەش سەلمێنرا کە عەرەب لەیەک دوور بوون و شیرازەیان لەگەڵ یەک پچڕابوو، هۆکارگەلێکی پەیوەندیی ماددی و واتایی وەهایان لەنێواندا نەبوو تا زارەکان یەکبخا.

خۆ ئەگەر ئەمە هەمووی ڕاست بێ، ئەوا زۆرباش ڕێی تێدەچوو هەر هۆزێک لەو هۆزانەی عەدنان، زمان و زار و ڕێبازی تایبەت بەخۆی لە قسەکردندا هەبووبێ، ئیدی خۆ دەبوو جیاوازیی زمان و زارەکان لە شیعری شاعیرانی ئەو هۆزانەدا ڕەنگی دابایەتەوە، ئەمە بەرلەوەی قورئان یەک زمانی عەرەبی یەکگرتوو و زارێکی لەیەکنزیک بەسەر عەرەبدا بسەپێنێ. لێ ئێمە ئەو شتە لە شیعری عەرەبیی جاهیلییدا نابینین. ئاخر تۆ دەتوانی ئەو هۆنراوە دووروودرێژ و ئەو شیعرە هەڵواسراوانە (موعەللەقات) بخوێنیتەوە، کە هەوادارانی کۆنەخواز وەک نموونەیەکی ڕاستودروستی شیعری جاهیلیی عەرەبی دەبینن، لەو خوێندنەوانەشدا ئەوە دەبینی هۆنراوەیەکی دووروودرێژی **ئیمریئولقەیس**، کە خۆی کندییە واتە قەحتانییە، شیعرێکی دیکەی **زوهەیر**، یەکێکی دیکەی **عەنتەرە**، هی سێیەم هی **لەبید** دەخوێنیتەوە، هەر هەمووشیان هی هۆزی قەیسن، پاشان قەسیدەیەکی **تەرەفە**، هەروەها قەسیدەیەکی **عەمرو بن کەلسوم** یەکێکی دیکەی **حارس بن حیلیززە** دەخوێنیتەوە، هەر هەموویان

لە هۆزی ڕەبیعەن و سەرجەم شیعرەکانیش بەیەک زمان و زار نووسراون.

ئیدی خۆت دەتوانی ئەو حەوت قەسیدانە بخوێنیتەوە، بێ ئەوەی هەست بکەی جیاوازییەکیان لە زاردا لەگەڵ یەک هەبێ، یان لە زمانەکە لەیەک دوور بن، یان لە شێوازی قسەکردنەکە لەیەک جیاواز بن. بەحرە عەروزییەکە هەر ئەوەیە کە هەیە، ڕێسای سەرواکان هەر ئەوەیە کە هەیە، واژە بەکارهێنراوەکانی بە واتاکانیانەوە هەر ئەوانەن کە لای شاعیرانی ئیسلامیشدا دەیبینینەوە، ڕێبازە شیعرییەکە هەر هەمان ڕێبازی شیعرییە.

هەموو شتێک لەو هۆنراوە دووردرێژانە نیشانەیە بەوەی جیاوازیی هۆزەکان لە شیعری ئەم شاعیرانەدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئیدی ئێمە لە نێوانی دوو شت داین: یان ئەوەیە دەبێ باوەڕ بەوە بهێنین، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان هۆزە عەرەبییەکانی عەدنان و قەحتاندا نەبووە، واتە نە زمان و نە زار و نە ڕێباز و شێوازی ئاخاوتنیان بووەتە ئاستەنگ، یاخود دان بەوەدا بنێین کەوا شیعرەکان هی ئەم هۆزە ناوبراوانە نین، بەڵکو لە دوای ئیسلامدا بۆیان هەڵبەستراون و دراونەتە پاڵیان. ئێمەش زیاتر بەلای ئاراستەی دووەمدا دەیشکێنینەوە لەوەی لایەنگری هی یەکەم بین. بەڵگەی گردەبڕانەش لەسەر بنەمای جیاوازیی زمان و زار بەندە، کە لەچاو عەدنان و قەحتاندا ڕاستییەکی واقیعییە، ئاخر هەر نووسەرە کۆنەکان خۆشیان

دانیان پێداناوە، هەروەک چۆن **ئەباعەمرو بن عەلا** وەهای بینی و هەروەها توێژینەوەی نوێش سەلماندوویەتی.

شـــتێکی دیکەش کـاریگەرییەکی دوورمەودای هەیە، ئەوەش ئەگەر هات و هەم ئێمە یان کەسـانی دیکە کاتی تەواویان هەبێ بۆ ئەوەی شـــتەکەی لێهەڵبهێنجنن و بەدرێژی لێی بکۆڵنەوە، ئەویش ئەوەیە، قورئـان کە بەیەک زمـان و زار دارێژراوە، ئەویش زمانی قورەیشـە و زارەکەشـی بەردەسـتی خوێنەرانی قورئان لە هۆزە جیاوازەکان نەبوو، تا ئەوکاتەی فرەخوێندنەوە پەیـدابوو و زارەکـانیش زۆر لەیەک جیـاواز بوون، ئیـدی خوێنەرانی قورئان و زانایانی دوایی زۆریان کرد و تێکۆشـان تا شـێوازەکەی ڕێک بخەن و لێی بکۆڵنەوە و سـاغی بکەنەوە و زانسـتییان بۆ دانا یان زانسـتێکی تایبەتییان بۆ دارشـت. ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو خوێندنەوانە ناکەین، کە لەنێو خۆیاندا زۆر لەیەک جیـاوازن، جیـاوازییەکەش لە سـەروبۆر و ئینجـا چ سەروبۆری ڕێسایی بن یان گەردانکردنی وشەکان. ئێمە ئاماژە بە جیاوازیی خوێنەرانی قورئان ناکەین لەوەی وشەی "الطیر" لە ئایەتی "**يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ** " بە فەتحە نەسـب بکرێ یان ڕەفع بکرێ، هەروەها ناشچینە سەر جیاوازییەکەیان لە بۆرەی سەر واو یان سـەرەی فەتحەی ئایەتی "**لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ**" هەروەها ئاماژەش بۆ ئەو جیاوازییەی لە بۆرەی پیتی 'حاء' یان ژێری کەسـرەکەی نـاکەین لە ئـایەتی "**وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا**" هەروەهـا ئـاماژەش بە جیـاوازییەکـانیـان لە دارشـتنی کـاری

بکەردیار و بکەرنادیار (مەعلوم و مەجهول) لە ئایەتی "**غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ**" ناکەین. ئاماژە بەو چەشـــنە جیاوازییانەی گێڕانەوەی قورئان ناکەین، چونکە ئەم پرسە گرێکوێرەیە، ئەوکاتە باسی دەکەین، کاتێک لە ئەنجامدا لە مێژووی قورئاندا بکۆڵینەوە. لێ ئێمە ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکەی خوێندنەوەکان دەکەین کە عەقڵ پەسەندی دەکا، نەقلیش لێیخۆش هاتووە و پێویســـتیی جیاوازیی زارەکانی لەنێوان هۆزەکانی عەرەب داخوازییەتی، ئەوانەی نەیانتوانی قورگ و زمان و لێویان بگۆڕن تا بتوانن قورئان بەو شێوەیە بخوێننەوە کە چـۆن پـێـغەمـبەر و هـۆزەکەی ئەو واتە قـورەیـش خوێندوویانەتەوە، ئیدی وەهایان خوێندووەتەوە هەر وەک چۆن قسەی پێدەکرێ، بە شێوەیەک کە لە هی قورەیش جیاواز بووە، لەو شـــوێـنـانەدا وشـــەکـانیـان درێژکردووەتەوە کە هی درێژکردنەوە نەبوون، کورتیشـــیان کردووەتەوە کە هی کورت کردنەوە نەبوون، سکونیان کردوو لەو شوێنانەی سکون نابن، دوو پیتیـان لەیەک داوە (دەغمیـان کردووە)، یـان بێـدەنگیـان کردووە و پیتیان لە گۆکردن لابردووە یان لە شـــوێنی خۆیان گواســـتووەتەوە لەکاتێکدا نە لەیەک دەدرێ و نە لادەبرێ و نە دەشگوازرێتەوە. ئیدی ئەم جۆرە لە جیاوازیی زارەکان بەگشتی باندۆرێکی سروشتیی پێویست لەسەر شیعر و کێش و برگە و بەحر و سەرواکانی دەکا.

ئێمە ناتوانین لەوەش تێبگەین ئاخۆ چۆن **خەلیل فەراهیدی** تۆماری کردوون، چۆن کێش و بەحر و سەروای شیعری سەرتاپای هۆزەکانی عەرەبی تۆمارکردوون، لەکاتێکدا ئەو هەموو جیاوازییەی زمان و زارەکانیان لەنێواندا هەبووە. خۆ ئەگەر پەخشانێتیی قورئان، کە نە شیعر بووە و نە پابەندیش بووە بە ڕێساکانی شیعر، نەیتوانیبێ ئەو هەموو هۆزانە بهێنێتە ڕایێ و شیرازەیان ڕێک بخا، ئەدی چۆن شیعر بەو هەموو کۆتوبەندانەی خۆیەوە توانیویەتی ڕێکیان بخا و بیانهێنێتە ڕایێ! ئەدی چۆن بوو ئەو هەموو زارە لەیەکجیاوازنە باندۆری خۆیان لەسەر کێشی شیعر و بڕگە موزیکییەکانی جێنەهێشت، ئەدی باشە چۆن ئەو پەیوەندییە دیار و ئاشکرایەی جیاوازیبوون لە زاردا لە کێشەکانی شیعری شاعیرانی ئەو هۆزانەدا ڕەنگی نەدایەوە؟

دەکرێ تۆ ئەوە بڵێی: ئاخر جیاوازیی زارەکان لە پاش قورئانیشدا هەبووە، گومانیشی تێدا نییە کە هۆزەکانی عەرەب بەو هەموو جیاوازیانەیان سەروسەودایان لەگەڵ شیعردا لە دوای ئیسلامدا هەبووە و هیچ جیاوازییەکیش لە زارەکان دەرنەکەوتووە، هەروەک چۆن بەحر و کێشەکانیشی لەگەڵ ئەو جیاوازییەش لە دوای ئیسلامدا هەر ڕێک هاتەوە، ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێ لە سەردەمی جاهیلیش بەهەمان شێوە ڕێک هاتبێتەوە.

من نکوڵی لەوە ناکەم لەدوای ئیسلامدا جیاوازیی زارەکان ڕاستییەکی واقیعی بووە. هەروەها نکوڵیش لەوە ناکەم، کە شیعر لای ئەو هۆزانە لەگەڵ جیاوازییەکانیشیاندا ڕێک هاتەوە. لێ مەزندەی ئەوە دەکەم تۆ شتێکت لەبیرچووبێ، کە باش وایە لەبیری نەکەی؛ ئەویش ئەوەیە: هۆزە عەرەبەکانی دوای ئیسلام بۆ ئەدەب (وێژە)ی خۆیان زمانێکیان لێگرت، کە زمانی زگماکی خۆیان نەبوو. لە ئەدەبدا بە کۆتوپێوەندێک بەندبوون، ئیدی کاتێک بە زمانی خۆیان نووسیبا یان شیعریان بهۆنیبایەوە، ئەوا بەو کۆتوپێوەندە بەند نەدەبوون، واتە ئیسلام بەسەر سەرتاپای عەرەبدا یەک زمانی گشتی سەپاند، ئەویش زمانی قورەیش بوو. سەیریش نەبوو ئەو هۆزانە لە شیعر و پەخشانی خۆیاندا، بەگشتی لە ئەدەبی خۆیاندا بەو زمانە نوێیەوە پابەند بن. ئاخر کاتێ تەمیمییەک یان قەیسییەک لە ئیسلامدا هەڵبەستی بهۆنیبایەوە، خۆ بە زمان و زاراوەی تەمیم یان قەیسدا نەیدەهۆنییەوە، بەڵکو بە زمان و زاراوەی قورەیش دەیهۆنییەوە. نموونەی ئەمەش بە باشی لە زمانی دیکەی ناعەرەبیش، لە زمانە کۆن و نوێیەکاندا دەرکەوتووە و دەردەکەوێ. دۆرییەکانی گریک شیعری دۆری و کێشی دۆرییان هەبوو، یونییەکانیش شیعر و کێشی یونیی خۆیان هەبوو. کەچی کاتێک ئەسینا لە سەرتاپای وڵاتی گریکدا پەیدابوو، شیعر و کێشی یونی و پەخشانی ئەتیکی بڵاوبووەوە، کاتێکیش دۆرییەکان هۆنراوەیان هەڵدەبەست یان پەخشانیان دەنووسی هەر ئەوەیان دەکرد کە لە ئەسینا لەبارەی هەڵبەست و پەخشان پەیڕەو

دەکرا، زمـانی یونییـان بەکـاردەهێنـا، ئەو زمـانەی بە ڕێبـازی ئەســــینییەکان موتوربەکرابوو، ئیدی ئەوان وازیان لە زمان و زاراوە و کێش و شێوازی خۆیان هێنا و ڕوویان لە زمان و زار و کێش و شــــێوازی ئەســــینییەکـان کرد. عەرەبیش لەدوای ئیسلامدا هەر هەمان شتی کرد: وازیان لە زمانی ئەدەبی خۆیان هێنا بەو هەموو جیاوازییەی زمان و زارەکانی پێدەناســـرایەوە، ڕوویان لە زمان و زاری قورئان کرد. هەمان شـــتیش لەبارەی نەتەوە نوێیەکان ڕاســـتە، ئەوانەی هەرێمەکانیان لەیەک دوورن و ناوچەکانیان دوورەدەست و پێکهاتەی ڕەگەزییان ئاڵۆزە. من تەنیـا یەک نموونەی زینـدوو بە فەرەنســـــا دەهێنمەوە. لە فەرەنسادا لەپاڵ زمانی فەرەنسیدا، زمانی هەرێمی بە ڕێزمان و شـــیعر و دەســـتووری تایبەتی خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا خەڵکی هەرێمەکـان بۆ ئەوەی کـارێکی ئەدەبیی خۆیـان، یـان کارێکی زانســتییانەی خۆیان دەربخەن، ئەوا لەســەر زمانەکەی خۆیان نەدەمان و بایاندەدایە ســـەر زمانی فەرەنســـی. هەر ژمارەیەکی زۆر کەمیان بە ڕێبازی (میســـترال)دا ڕۆیشـــتوون، بەوەی بە زمانی هەرێمە تایبەتییەکەی خۆی بنووسێ.

هەست دەکەم پێویستیم بە هێنانەوەی نموونەیەکی دیکە هەبێ، لەوانەیە ببێتە مایەی ســــەرســـــامیی ئەوانەی ئەدەبی عەرەبی دەخوێنن، چونکە پێشـــتر لەو جۆرە توێژینەوانەی مێژووی ئەدەبی ڕانەهـاتوون. ئەویش ئەوەیە لە زمـانی میســـریی هـاوچەرخمـانـدا زاری جیـاواز و شـــێوەی جیـاواز جیـاوازی

ئاخاوتنمان هەیە، ئاخر خەڵکی میســـری ســـەروو زاری خۆیان هەن. میســـــری ناوەڕاســـــتیش زاری تایبەت بە خۆیان هەیە، خەڵکی قاهیرەش زاری خۆیان و میسری خوارووش هەر زاری تایبەتی بە خۆیان هەیە. ڕێککەوتنێکی بەردەوام لەنێو ئەو زارانە و میســـرییەکان لە شـــیعری زمانی عامیانەدا هەیە، ئاخر خەڵکی میسری سەروو کێشێکی شیعری هەیە کە لای قاهیرەییەکان و خەڵکی دەلتا نییە، ئەوانیش کێشـــــی خۆیان هەیە لای میســـــری سەروو نییە. ئەمەش لەگەڵ سروشتی شتەکان دەگونجێ. ئاخر شـــــیعر لە مـاخۆی زمـان و زاری دوانـدەر دەرنـاچێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا، کەچی ئێمە کاتێ شـــیعر دەهۆنینەوە یان پەخشـــانی ئەدەبی و زانســـــتی دەنووســـــین واز لە زمـــان و زارە هەرێمییەکەمان دەهێنین و دەچینە ســـــەر زمان و زارێک، کە عەرەب لە دوای ئیسلام چوونەتە سەری، ئەویش زمان و زاری قوڕەیشە، واتە زمانی قورئان و زارەکەیەتی.

❖

کەواتە پرســـــەکە ئەوەیە کە بزانین: ئـایـا زمـانی قوڕەیش و زارەکەی بەســـەر عەرەبســـتاندا زاڵ نەبوو، ئاخۆ بەر لە ئیســـلام یان دوای ئیسـلام شـیعر و پەخشـانی عەرەبی خسـتە بن ڕکێفی خۆی؟ هەرچی ئێمەین بە هزریی مـامنـاوەنجییەکەدا دەڕۆین و دەڵێین: زمـان و زارەکە بەر لە ئیســـــلام زاڵ بوو، ئەوکـاتەی شـــــانوشـــــکۆی قوڕەیش بەرز بوو، ئەوکـاتەی مەککە بووە

یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و لەڕووی سیاسەتی بێگانەی کەنارەکانی عەرەبستان وەستایەوە. لێ دەسەڵاتی زمانی قورەیش کەمێک بەر لە ئیسلام شتێکی وەها نەبوو، بە ئاستەم لە حیجاز تێدەپەڕی. کەچی کاتێک ئیسلام هات، ئینجا دەسەڵاتەکە سەرتاپای گرتەوە، چونکە دەسەڵاتی زمان و زار لەپاڵ دەسەڵاتی دینی و سیاسی بڵاوبووەوە و باڵی بەسەر عەرەبستاندا کێشا.

کەواتە ئەگەر ئێمە توانیمان ڕێککەوتنی زمان و زاری لە شیعری خەڵکی حیجاز، ئەوانەی هاوچەرخی پێغەمبەربوون ڕاڤە بکەین، ئەوا ناتوانین شیعری ئەوانە ڕاڤە بکەین کە هاوچەرخی ئەو نەبوون، یان دەمەتەقێ و مشتومڕیان لەگەڵدا نەکردووە.

دەی با جارێ واز لەم پرسە تەکنیکییە وردەکارە بهێنین، کە دانی پێدادەنێین بەوەی پێویستی بە وردەکاری و ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فراوانتر و گشتگرتر هەیە بەوەی لەم بەندەدا ڕێگەمان دەدا بپەڕینەوە سەر پرسێکی دیکە، کە لەوەی پێشتر کەمتر نییە، هەرچەندە کۆنەخوازان بۆ تێگەیشتنی تووشی زەحمەتی و سەختی دەبن، چونکە ئەوان لەم جۆرە گومانکردنە لە بارەی توێژینەوەی زانستی ڕانەهاتوون. پرسەکە ئەوەیە، ئێمە تێبینی و سەرنج دەدەین، کە زاناکان لە شیعری جاهیلیدا شتێک/ماددەیەکیان دەستکەوتووە تا بەهۆیە ببێتە گەواهی بەسەر بێژەکانی قورئان و فەرموودە و ڕێزمان و ڕێبازی قسەکردنیان. سەیریش لەوەدایە ئەوان لەو بارەیەوە هیچ

ئاستەنگی و سەختییەک نابینن، بە شێوەیەک هەستێکی وەهات بۆ پەیدا دەبێ، کە ئەم شیعری جاهیلییە، قورئان و فەرموودەی هەروەک کاڵای بەقەد باڵای خۆی بڕیوە و دامەن و باســـک و لاقەکانی نە کورتیان هێناوە و نەدرێژ، فیت و ڕێک بەو بەژنە بڕاون و وەک بڵێی زۆر بەدروســـتی تەواو بەڕادان دراون. کەواتە ئێمەش ڕایدەگەنین، ئەمە لەگەڵ ســروشــتی شــتەکان نایەتەوە، ئاخر ئەو جۆرە هاوشـــیرازەیی و هاوتاییە وردەی نێوان قورئان و فەرموودە و شـیعری جاهیلی نابێ بمانگەیەنێتە ئەو متمـانەیە، مەگەر لای ئەوانە نەبێ کە ئەوەنـدە ســـادە و ســـاویلکەن و وەک ئێمە نین، بەڵکو ئەو جۆرە وردەکارییە لە هاوشـیرازەیی و هاوتایی دەمانباتە سـەر گومان و حەیرانبوون و وامان لێدەکا لە خۆمان بپرســین: تۆ بڵێی ئەو وردەکارییە لە هـاوشـــیرازەیی و هـاوتـایی لە ئـاکـامی ڕێکەوت نەبووبێ، لێ تۆبڵێی ئەم شــتە زۆرلەخۆکردنێکی نەویســتبێ و ئاخێوەرەکانی شــەونخونی زۆریان بۆ نەکردبێ؟ هەردەبێ ئێمە زۆر ســادە و ســـاویلکە بین تا بڕوا بەوە بکەین، بەوەی فڵانەکەس چووەتە لای ئیبن عەباس و بڕێکی زۆر پرســـی لەبارەی زمانی قورئان بۆ ئامادە و ڕێکخستووە، کە زیاتر لە ٢٠٠ پرس دەبوون، ئیدی پرســـەکـانی بەڕوودا دەدا، ئەویش وەڵامی پرســـیـارەکـانی داوەتەوە: ئەرێ عەرەب لە شـــیعرەکانی خۆیاندا ئەو شـــتەیان نـاســـیوە؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ! ئیمریئولقەیس، یـان عەنتەرە، یاخود ئەوانی لە شـــیعرەکانیاندا گوتوویانە.... ئینجا بەیتێک لە شیعرەکە دەڵێت، لێ خۆ ئەگەر تۆ لە ڕێبوارانی ڕێی فیقهـــ بیت،

گومانت نابێ لەوەی ئەو بەیتە بۆ ئەوە دانراوە کە ڕاســـتی و دروستی بێژەکە بسەلمێنێ کە لە بێژەکانی قورئاندا هاتووە!

لێرەدا پەنجە بۆ یەکێ لە شـــتەکان دەبەین، کە دەبێتە مایەی تووڕەیی هەوادارانی ئەدەبی کۆن، لێ ئێمە هەروەک چۆن لە سەرەتادا دەستمان پێکرد، ئاوا لەسەر ڕێگەی خۆمان دەڕۆین و نە بـاکمـان پێیـان هەیە و نە کەســـیش هەڵـدەخەڵەتێنین و دەســتخەرۆی دەدەین: ئەرێ باشــە، ناکرێ ئەو چیرۆکەی ئیبن عەباس و نافیع بن ئەلئەزرەق بە دەســـتکاری و زۆرلەخۆکردن دانرابێ لەپێناو مەبەســـتگەلی جیاواز کە ڕێچکەی ئاخاوتن و بەرجەستەکردنی بۆ سەلماندنی بێژەکانی قورئان دانابێ، بەوەی هەموویان ڕێک لەگەڵ زمانی پاراوی عەرەبیدا بێنەوە، یان بۆ ئەوە بووبێ تا بیســـەلمێنێ کە **عەبدوڵلا بن عەباس** لە داناترین خەڵکە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی قورئـان لە هەموو عەرەبیش باشـــتر زمانی عەرەبی جاهیلی لەبەر بووە و زانیوە؟ خۆشـــت ئەوە دەزانی، کە یادگەی **ئیبن عەبـاس** لە ســـەدەی دووەم و ســـێیەمی کۆچیـدا نموونەی پێهێنراوەتەوە. هەر خۆشـــــت چیرۆکەکەی ئەوت لەبەرە ئەوەی لەگەڵ **نـافع بن ئەلئەزرەق**دا هەیبوو، ئەوەی **عومەر بن ئەبی ڕەبیعە** تەڕدەستانە شیعری بۆ خوێندووەتەوە کاتێ گوتوویەتی: " أَمِن آلِ نُعمٍ أنتَ غادٍ فَمُبكِرُ ". خۆشت ئەوە دەزانی کە **عەبدوڵلا ئیبن عەباس** نۆکەر/مەولایەکی هەبوو، لەوەوە زانستەکەی بۆ خەڵک دەگواستەوە، ئەو کابرایە زۆر شـــتی لە ســـەردارەکەی تێپەڕاند و بە ناوی ئەویشـــەوە

گوتوویەتی، نۆکەرەکەش ناوی **عیکریمە** بوو. تۆ ئەوەش هەر دەزانی کە لەبەرکردنی ئەو هەموو فەرموودەیەی عەبدوللای ئیبن عەباس لە سوود و کەڵکی سیاسی بەدەر نەبوو، ئاخر **ئیبن عەباس** زۆر شتی گێڕاوەتەوە یان زۆر شتی لەوەوە گێڕدراوەتەوە، کە لە بەرژەوەندیی شیعەدایە، چونکە ئیبن عەباس وەڵامی نافیع بن ئەلئەزرەقی داوەتەوە کاتێ گوتوویەتی: هۆ ئیبن عەباس من هیچ کەسێکم وەک تۆ نەدیوە فەرموودەی لەبەرکردبێ، ئەویش گوتوویەتی: منیش کەسم لە عەلی باشتر نەبینیوە، کە فەرموودەی لەبەر بن. خۆشت ئەوە دەزانی کە شیعە فەرمودەیەک دەگێڕێتەوە بەوەی پێغەمبەر دەکاتە شارێک لە زانست و عەلیش دەکاتە دەرگاکەی.

باشە تۆ بڵێی ئەم چیرۆکەی ئیبن عەباس کە بەو شێوە ساویلکەیی و سادە و ساکارییە دانراوە، هەر بە مەبەستێکی دەرس و فێرکارییەکی ئاسان دانەنرابێ، بەوەی قوتابی گوێی لە بێژەیەکی قورئان بێ و بەبێ هیچ زەحمەتی و ماندووبوون گەواهییەکەی لە شیعرێکدا بدۆزێتەوە، تۆ بڵێی یەکێ لە زاناکان بۆ ڕاڤەکردنی کۆمەڵێک بێژەی قورئان پەنای بۆ هەڵبەستنی چیرۆکەکە نەبردبێ تا بە مەبەستەکەی بگا؟ خۆی ئەم چیرۆکە زۆر سادە و ئاسانە، دەکرێ نافع چەند پرسێکی کەمی لە ئیبن عەباس کردبێ، ئیدی ئەم زانایە بۆی زیادکردووە و شووڵی لێهەڵکێشاوە تا بووەتە سیپارەیەکی تایبەت و خەڵکیش دەستاودەستی پێکردووە.

ئەم جۆرە دەســـــتکاری و زۆرلەخۆکردن و بۆهەڵبەســـــتنە بۆ مەبەستی دەرس و فێرکاریی ڕووت لە ڕۆژگاری عەباسییەکان، نەخاســـمە لە ســـەدەی ســـێیەم و چوارەمدا شـــتێکی باو بووە. ناشـــــمەوێ لێرە درێژەی پێبدەم یان لە ســـــەلماندنەکەی قووڵ ببمەوە، لێ ئاماژەی کتێبی "الامالي لابي علي القالي"ت بۆ دەکەم، هەروەها ئاماژەی کتێبی دیکەی هاوشـــــێوە، کە تێیدا کۆمەڵێک مەتەڵ و وەسـفی تێدا دەبینیەوە کە دراونەتە پاڵ ئەعرابەکان بە ژن و پیـاو و گەنج و پیریـان. ئیـدی تێیـدا ئەوە دەبینیتەوە کە حەوت کچ کۆدەبنەوە و وەســـفی ئەســـپەکانی باوکیان دەکەن، هەریەکەیان شـــتی وا شـــتی ســـەیروســـەمەرە و قســـەیەکی سەروادار لەبارەی ئەسپی باوکیانەوە دەکا، خەڵکی ساویلکەش بە ڕاستیی وەریدەگرێ، لەکاتێکدا نەگوتراوە بەڵکو مامۆستایەک نووسـیویەتی تا قوتابییەکانی وەسـفی ئەسـپ و شـتەکانی دیکە لەبارەی ئەسـپەوە ئەزبەر بکەن، یان زانایەک ئەوەی نووسـیوە تا وەها دەربکەوێ زۆر دانایە و پڕە لە زانسـت و زانیاری. هەر هەمان شـــــتیش لەبارەی حەفت کچ کە کۆدەبنەوە و وەســـــفی مێردی نموونەیی دەکەن، ئەو مێردەی هەر یەکێـک دڵـی دەخوازێ، ئیدی ئەوان قسـەی سـەرواداری وا سـەیروسـەمەرە لەبارەی پیاوەتی و جوامێرییەوە دەکەن ئاماژەی وەهای بۆ دەکەن، نیشانەی وەهای بۆ هەڵدەدەن، ئەوانەی بە دڵی ژنانن.

لە چەشـــنی ئەم بابەتە لە شـــیعر و پەخشـــان و پەخشـــانی ســــەروادار زۆرە، لە کتێبەکانی الامالي و العقد الفريد و دیوانی

ئەلمەعانی هی **ئەبی هیلال** و ئەوانی دیکەدا دەدۆزییەوە. خەریکە بێمە سەر ئەو باوەڕە، کە ئەم چەشنە لە بۆدروستکردن و داتاشینە بنەمای مەقامات و هاوشێوەکان لە چەشنی داڕشتن و هۆنینەوەکانیەتی.

لێ وا دیارە لە بابەتەکە دوورکەوتوومەتەوە، دەی با بگەڕێمەوە سەر ئەوەی پێشتر گوتم، ئەویش ئەوەیە، هەقە بۆ خاتری خۆمان و زانست بپرسین: ئایا ئەو شیعرە جاهیلییە ئەوەی سەلمێنرا کە نە نوێنەرایەتیی ژیانی عەرەبی جاهیلی و نە بیروباوەڕیان و نە دینەکەیان و نە ژیارییەکەیان دەکا، بەڵکو نوێنەرایەتیی زمانەکەشیان ناکا، تۆ بڵێی ئەو شیعرە لە دوای ئیسلامدا نەهۆنرابێتەوە، ئیدی درابێتە پاڵ جاهیلییەکان؟ من لەو بارەیەوە هیچ گومانێکم نییە. لێ ئێمە دوای ئەوەی ئەم بیردۆزەیەمان بۆ سەلمێنرا، پێویستمان بەوە هەیە هۆکارە جیاوازەکانی ڕوون بکەینەوە، ئەو هۆیانەی وای لە خەڵکەکە کردووە لە دوای هاتنی ئیسلامدا بیانهۆنێتەوە و بیانداتە پاڵ جاهیلییەکان.

# کتێبی دووەم
# هۆکارەکانی
# داتاشینی شیعر

## ١

## داتاشین هەر تایبەت نەبووە بە عەرەب

توێژەر پێویستە لەسەر ئەوە ڕابێ لە مێژووی نەتەوە کۆنەکان بکۆڵێتەوە، ئەو نەتەوانەی شایستەی ئەوە بوون کاری شکۆدارانە بکەن، کە چۆن ڕەوتی ژیانیان بە چەندین شێوە هەوراز و نشێوی سەختانگ و کوێرەوەریدا تێپەڕیوە، بۆ ئەوەی لە مێژووی نەتەوەی عەرەب وەک خۆی تێبگا و هەموو شتێکیش بگەڕێنێتەوە سەر ماکە بنەڕەتەکەی خۆی. خۆ ئەگەر شتێکیش وەک ڕەخنە لەسەر ئەوانە هەبێ کە لەبارەی مێژوویی عەرەب و ئەدەب و وێژەیان نووسیویانە و باش نەیانپێکاوە، ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی زانیارییەکی باشیان لەبارەی مێژووی نەتەوە کۆنینەکان نەبووە، یان بیریان نەچووەتە سەر ئەوەی بەراوردێک لەنێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی پێش خۆیان بکەن، بەڵکو هەروا سەیری

نەتەوەی عەرەبیان کردووە، وەک ئەوەی نەتەوەیەکی لێهاتووی هەڵکەوتە بێ، کەســی نەناســیبێ و کەس نەیناســیون و لەهیچ یەکێک نەچووە و هیچ یەکێکیش لەو نەچووە، نەکەوتووەتە بن باندۆری هیچ نەتەوەیەکی دیکە و خۆیشی باندۆری لەسەر هیچ کەس جێنەهێشــتووە، هەموو ئەمەش بەر لە ســەرهەڵدانی شــارســتانیی عەرەبی و باڵکێشــبوونی دەســەڵاتەکەی بەســەر جیهانی کۆندا ڕوویداوە.

هەر بەڕاســتیش گەر هــاتبــا و ئەوانە لە مێژووی نەتەوە کۆنینەکــانیــان کۆڵیبــایەوە و بەراوردێکیــان لەنێوان ئەوان و مێژووی عەرەبدا کردبایە، ئەوا ڕاوبۆچوونیان لەبارەی نەتەوەی عەرەبەوە دەگۆڕا، بەمەش هەر مـێژووی عەرەب، خـۆیـانـی دەگۆڕی. لێرەدا لە نەتەوە کۆنینەکـان تەنیـا نـاوی دووانیـان دەهێنم: نەتەوەی گریـک/یۆنـان و نەتەوەی ڕۆمـان. ئەوەی بۆ ئەو دوو نەتەوانە لە چاخە کۆنەکاندا هاتبوو بەقەد ئەو توانا و دەســەڵاتە بوو کە بۆ عەرەب لە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا هەڵکەوتبوو. ئـاخر هەردوو نەتەوەکە لەدوای قۆنـاغی ژیـانی بەرایی (ڕەوەندایەتی/کۆچەرایەتی)، شــارســتان بوون. ژیانی ناوەخۆی هەردوو نەتەوەکە کەوتبووە بن بارودۆخێکی سیاسیی لەیەک جیاواز. هەردووکیشیان بەپێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی کۆتاییان پێهات، کە دنەدەرێک بوو تا دەســەڵاتیان لە بازنەی هـاووڵاتیـانی نێوەخۆ بپەڕێتەوە و پەلاماری وڵاتـانی دەوروبەر بدەن و دەسـەڵاتیان بەسـەر زەویدا بشـکێ و بیخەنە بن جڵەوی

خۆیانەوە. هەردووکیشـیان هەر لەگۆترە دەسـەڵاتیان بەسـەر زەویدا پەلی نەهاوێشـت و بڵاونەبووەوە، بەڵکو سـوودیان وەرگرت و سـوودبەخشـیش بوون و شـوێنەوارێکیشـیان بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشـت، تا ئێستا لێی سـوودمەندە: گریک فەلسـەفە و ئەدەب و ڕۆمانیش قانوننامە و سـیسـتمیان لەدوای خۆیاندا بەجێهێشت.

نەتەوەی عەرەبیش بەهەمـان شـێوە بوو، هەروەک یۆنـان و ڕۆمان لەدوای ژیانی سـەرەتایی ڕەوند و کۆچەرایەتی بوونە شـارسـتان، هەروەک یۆنان و ڕۆمانیش بە تەوژمی سـیاسـیی هەمەجۆر کـاریگەر بوون، تـا کۆتـاییەکەی بە پێکهێنـانی قەوارەیەکی سـیاسـی بە چەشـنی یۆنان و ڕۆمان گەیشـت و سـنووری سـروشـتی نەتەوەکەی خۆی تێپەڕاند و دەسـەڵاتی بەسـەر زەویـدا بـاڵکێش بوو، هەروەک یۆنـان و ڕۆمـانیش کەلتوورێکی بەهاداری نەمری بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشـت، تێیدا ئەدەب و زانسـت و دین بەرجەسـتەبوو. شـتێکی سـەیریش نییە ئەو بەربەسـت و کۆسـپانەی هاتنە سـەر ڕێی ژیانی عەرەب بە هەموو جیاوازیی لق و هۆبەکانیەوە لەزۆر ڕووەوە هاوشـێوەی ئەو بەربەسـت و کۆسـپانەی سـەر ڕێی ژیانی یۆنان و ڕۆمان بوون.

هەر بە ڕاسـتییش بیرکردنەوەیەکی هێورانە لە ژیانی هەر سێ نەتەوە ناوهێنراوەکان دەمانگەیەنێتە سەرەئەنجامێکی هاوشێوە، ئەگەر نەڵێین ئەنجـامی یەکـانگیر. بۆچی نـا؟ ئـاخر ئەدی ئەو

ئاماژەیەی لەبارەی لەیەکچوونی نێوان ئەو سـێ نەتەوانەمان پێشـکەش کرد بەس نییە بۆ ئەوەی بمانخاتە سـەر ئەو هزرەی، کەوا کـاریگەرییەکـان هەر یەکن یـان لەیەک نزیکن، ئەو باندۆرانەی کاریان لەسـەر ژیانی ئەو نەتەوانە کرد و گەیاندنی بەیەک ئەنجام، یان ئەنجامێکی لە یەک نزیک!.

ئێمە لێرەدا نـامـانەوێ لە بـابەتەکەمـان دوورکەوینەوە و بێینە سـەر باسی یەکانگیری و لەیەکجیاوازیی نێوان عەرەب و یۆنان و ڕۆمان، ئاخر ئێمە لەم بارەیەوە نانووسـین، بەڵکو دەڵێین ئەو دیاردە ئەدەبییەی لەم کتێبەدا لێیدەکۆڵینەوە، ئەوەی هەوادارانی کۆنەخواز زۆر لێی دەسـەڵمێنەوە، ئەم دۆخەش هەر بەتەنیا لەسـەر نەتەوەی عەرەب تایبەت نییە، بەڵکو پەڕیوەتەوە نەتەوە کۆنەکانی دیکەش، نەخاسـمە هەردوو نەتەوە نەمرەکانی یۆنان و ڕۆمان. ئیدی هەر نەتەوەی عەرەب بە تەنیا ئەو تاکە نەتەوەیە نییە کە شیعری بە دەمی شاعیرانی خۆی هەڵبەستبێ و بە درۆ و بوختان بداتە پاڵ شـاعیرە کۆنەکانی، بەڵکو پێشـتر لەلایەن نەتەوەکانی یۆنان و ڕۆمانیشەوە شیعر داتاشراوە و گوتوویانە گوایە ئەوە شـیعری شـاعیرە کۆنەکانیانە، بەمەش خەڵکیان پێهەڵخەڵەتاندووە و باوەڕیشـیان پێهێناوە. ئەم هەڵخەڵەتاندن و باوەڕپێکردنە بووەتە ڕێسـایەکی ئەدەبی، خەڵک لەباوکەوە بۆ نەوەی دوای خۆی بەجێهێشـتوە بە دڵنیـاییشـەوە وەک کەلتوورێک بۆیان بەجێماوەتەوە، تا سـەردەمی نوێ هات و تا

ڕەخنەگران لە ماخۆیانی مێژوو و ئەدەب و زمان و فەلسەفەدا کۆڵیانەوە و بەپێی توانا شتەکانیان ڕاستکردووەتەوە.

ئەوەش باش دەزانی کە بزووتنەوەی ڕەخنە لەچاو یۆنان و ڕۆماندا هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە، سبەی و دووسبەش کۆتایی پێنایەت. تۆ ئەوەش دەزانی ئەم ڕەخنەیە گەیشتووەتە ئەنجامگەلێک، کە بەتەواوی کلتووره نەریتە باوەکەی لە مێژووی ئەو دوو نەتەوەیە و ئەدەبەکەیان گۆڕیوە. تۆ ئەگەر بیر بکەیتەوە، ئەوا لەگەڵمدا لەسەر ئەوە هاوڕا دەبی، کە بنەمای ڕاستەقینەی ئەم جووڵانەوە ڕەخنەییە، کارانگازبوونی توێژەرانی ئەدەب و مێژووە بەو ڕێبازەی کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا بانگم بۆ ڕادێرا، ئەویش ڕێبازی (دیکارت)ە بۆ فەلسەفە.

ئیدی چ خۆشی بێ یان ناخۆشی بێ پێویستە بکەوینە بن باندۆری ئەم ڕێبازە لە توێژینەوەی زانستی و ئەدەبی، هەروەک چۆن ڕۆژئاواییەکان پێی کاریگەر بوون. پێویستە ئەم ڕێبازە لە ڕەخنەی ئەدەب و مێژووماندا دابهێنین هەروەک چۆن ڕۆژئاواییەکان لە ڕەخنەی ئەدەب و مێژوویاندا دایانهێنا. ئاخر ئەوە دەیان ساڵە هەر خۆی جۆری بیرکردنەوەی عەقڵییانەی ئێمە دەگۆڕێ و دەبێتە ڕۆژئاوایی، یان تۆ وەها بڵێ، بە چەشنێک دەگۆڕێ لە ڕۆژئاوایی نزیک دەبێتەوە لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی. هەرچەند ڕۆژگاریشی بەسەردا تێپەڕێ، کەچی گۆڕانکاری نۆژەن دەبێتەوە و پەیوەندییەکانیش بە خۆرئاواوە خێراتر دەبن.

خۆ ئەگەر ئێستا لە میسردا کەسانێک هەبن پشتیوانیی کۆنەخوازی بن، ئەوانی دیکەش پشتیوانیی نوێخوازی بن، ئەوا ئەوە دەگەیەنێ، کە عەقڵیەتی خەڵکەکە شەقڵی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە و ئەوانی دیکەش ئەو بەختەیان نەبووە، یان سەرنەکەوتوون ئەو بەختە وەربگرن مەگەر بەڕاددەیەکی کەم نەبێ. بڵاوبوونەوەی زانستی ڕۆژئاوایی لە میسر و بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا، کردوکۆشی تاک و بەکۆمەڵیش بە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی زانستی ڕۆژئاوایی، هەموو ئەمە وامان لێدەکا بەیانی، یان دووبەیانی عەقڵمان ببێتە عەقڵێکی ڕۆژئاوایی، بەوەی لەژێر کاریگەریی ڕێبازی "دیکارت"دا ئەدەب و وێژەی عەرەب بخوێنین، هەروەک چۆن ڕۆژئاواییەکان ئەدەب و وێژەی یۆنان و ڕۆمانیان خوێند و لێیانکۆڵیەوە.

پێمخۆشە زانیارییەکی کەم لەسەر هەر کتێبێک لەو کتێبە زۆروزەوەندانەی ئێستا لە ئەوروپا لەبارەی مێژووی ئەدەبی یۆنان و ڕۆمان چاپ و بڵاودەبنەوە پەیدا بکەی، تا دوای ئەو زانیارییە لە خۆت بپرسی، ئاخۆ چی لەو بیروباوەڕەی کۆنینەکان لەبارەی مێژووی ئەدەبی ئەو دوو نەتەوانە ماوەتەوە: تۆ بڵێی بۆچوونی کۆنەکان لەمەڕ ئەلیادە و ئۆدیسە ڕاست بووبێ؟ ئەرێ ئەوەی لەبارەی (هۆمیرۆس) و (هیرۆدۆس) و شاعیرە حەکایەتخوانەکانی دیکەیان دەدوان، تەنانەت باوەڕیشیان پێیان هەبوو، ڕاست بوو؟ ئەرێ ئەوەش ڕاست

بوو گوایە کۆنەکانیان سەرتاپای سیاسەت و زانست و وێژە و ژیانیان لە باوسوخواسی یۆنان و ڕۆمان بە بنەما وەرگرتبوو؟ شتێکی خۆش و شیرینیشە ئەوەی (هیرۆدۆت) لەبارەی مێژووی یۆنان و ئەوەی (تیتوس لیفیۆس)یش لەبارەی مێژووی ڕۆمان نووسیویانە بخوێنیتەوە، هەروەها ئەوەی مێژوونووسەکانی بەم دواییانەش لەبارەی مێژووی ئەو نەتەوانەیان نووسیوە بخوێنیتەوە، لێ کاتێ تۆ نووسینی مێژوونووس و ئەدیبە عەرەبەکانی ئەم سەردەمە دەخوێنیتەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەوەی ئیبن ئیسحاق و ئەوەی تەبەری لە مێژووی عەرەب و ئەو ئەدەبەی گێڕاویانەتەوە و نووسیویانە نابینی. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو مێژوونووس و ئەدیبانە بەم ڕێبازەی توێژینەوە کارانگاز نەبوون، تۆ هێشتا ناتوانی بڕوا بەو کەسایەتیانە بکەی و لە خەیاڵپڵاویی و ئەفسانە دەرباز ببی.

خۆ ئەگەر وا کەوتەوە ئەم کتێبە ڕەزامەندیی زۆر لە ئەدیب و مێژوونووسانی بەدەست نەهێنا، ئەوا ئێمە دڵنیاین لەوەی تێزەکە زیانی پێناگا و لە کاریگەرییەکەشی بەسەر ئەو نەوە تازەپێگەیوە کەم ناکاتەوە. ئاخر ئایندە هی ڕێبازی (دیکارت)ە نەوەک ڕێبازی کۆنەخوازان.

# ٢

## سیاسەت و داتاشینی شیعر

پێشـــتر گوتم عەرەبیش هەروەک نەتەوە کۆنینەکان کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکان تا شـیعر و باسـوخواسـەکانیان دابتاشـن. دەکرێ گرنگترین لەو کـارانگـازییـانەی مۆری خۆی بە هەنیەی نەتەوەی عەرەب و ژیانییەوە ناوە بە شێوەیەکیشە نەدەسڕێتەوە و نە دەڕوا، ئەویش ئەو کاریگەریەیە کە بەئاســـتەم دەتوانرێ جیابکرێتەوە، چونکە تێکەڵەی دوو ڕەگەزی زۆر بەهێزە کە دین و سـیاسـەتن. ئەوەی ڕاسـتی بێ ناتوانین لە مێژووی ئیسـلامی بگەین هەرچەندە لق و هۆبەی زۆریشی لێ دەبێتەوە مەگەر ئەم پرسـە (پرسـی دین و سـیاسـەت) بە باشـی ڕوون نەکرێتەوە. هەر لەگەڵ ســەرهەڵدانی ئیســلام و لە ســەدەکانی یەکەم و دوومدا، بارودۆخ وەهای خواســـت، کە عەرەب نەیتوانی لەژێر باندۆری ئەو کارانگازیانەدا دەربچێ و لێی ڕزگار ببێ.

ئەوان موسـلـمـان بوون هەر بە ئیسـلامەتیش لە جیهـان بەدیارکەوتن، بۆیە ئەوان زۆریان پێویسـت بەوە بوو شـانازیی بەو ئیسـلامەتییەوە بکەن و لەو پەیوەندییەدا دەسـت بەو سەرهەڵدان و دەسەڵاتەیانەوە بگرن، بە شێوەیەک ببێتە مایەی قایلبوون. ئەوان لەهەمان کاتیشـدا خەڵکی دەمارگیر و ماخۆی چاوتێبڕین و بەرژەوەندییش بوون، بۆیە ناچاربوون چاویان لەو دەمـارگیرییەیـان بێ و لەگەڵ سـوود و چـاوتێبڕین و دینەکەیان بیگونجێنن.

کەواتە هەر جووڵەیەک لە جووڵەکانیان و هەر ڕوویێکی ژیانیان لەبن باندۆری دین و سـیاسـەتدا بووە. خۆ ئەگەر ژیانی ئەوان وەک وەسـفمان کرد بە دین و سـیاسـەتەوە کاریگەر بووبێ، هەوڵ و کۆششیان بۆ خۆگونجاندن لەنێوان ئەو دووەدا بووبێ، یـاخود بە دەسـتەواژەیەکی دروسـتتر: بۆ ئەوەی کەڵک لە هەموویان وەربگرن، ئەوا بۆ مێژوونووسـی سـیاسـی، یان ئەدەبی، یان کۆمەڵایەتی وەها باشـترە پرسـی دین و سـیاسـەت لای عەرەب بکاتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕشـتەیەی ئەو ویسـتوویەتی، تا لە لق و هۆبەکانی مێژوودا بکۆڵێتەوە. ئیدی دوای ئەوەی زیاتر لەو پرسـە دەکۆڵینەوە، بۆت دەردەکەوێ کە ئێمە نە پێلێهەڵبڕین و نە خەتابار.

یەکەمین شـتیش کە باشـە سـەرنجی بدەین ئەو کۆشـشـە توندوتیژە بوو، لەلایەک بە پێغەمبەر و یارەکانی پەیوەست بوو، لەلایەکی دیکەشـەوە بە قورەیش و هـاوپەیمـانەکـانی. لێ لە

ڕۆژانی سـەرەتای پەیدابوونی ئیسـلامدا، ئەو کاتەی پێغەمبەر و یار و یاوەرەکانی لە مەککە کڵۆڵ و بەشمەینەت بوون، ئەوا ئەم کۆشـشـە (جیهادە) سـەرلەبەری هەر کۆشـشـێکی دەمەتەقێی پانتایی مشـتومڕی ڕووت بوو، بە ڕادەیەک لەمەدا پێغەمبەر لە بەرانبەر زۆرینەی ڕەهای میللەتەکەی تاک و تەنیا بوو، ئیدی ئەو بە قورئـان دەمەقـاڵێی لەگەڵ دەکردن، ململانێکەی بە هێنانەوەی ئایەتە مەحکەمەکان بوو، ئیدی بەسـەریاندا زاڵ دەبوو، سـەری لێدەشـێواندن و هەراسـانی دەکردن. ئەو چەند لەو دەمەتەقێیە و دەمەقـاڵێیەدا سـەرکەوتوو دەبوو، بەختی ئەوەی بۆ پەیدا دەبوو کەسـانێک لە میللەتەکەی خۆی بەلای ئەودا بشکێننەوە و ببنە پشتیوان و پاشان ببنە حیزب(لایەنێک)ی دژوار، لێ حیزبەکە حیزبێکی سیاسی نەبوو، ئەوسا چاویشی نە لەسەر مەزنایەتی و نە بەسەردازاڵبوون و نە تەپەسەرکردن بوو، یان هێشتا ئەوە لە بانگەوازەکەیدا پەیدا نەبووبوو. لێ ئەو حیزبە چەند بەهێزوگوڕ و شـیرازەپتەوتر دەبوو، ئەوەندەش دژایەتی و بەرهەڵستی قوڕەیش و ئاژاوەکەیان توندتر و گرژتر و شـەڕانگێزتر دەبوو، تا وەک خۆت دەزانی ڕەوی (کۆچی) یەکەم و پاشان کۆچی پێغەمبەریشی بۆ مەدینە بەدوادا هات.

لێ ئێرە نە جێگەی باسـی کۆچکردنە بۆ مەدینە و نە جێگەی ئامادەکارییەکانی ئەنسـاریشـە بۆ پشـتیوانیی پێغەمبەر و داڵدەدانی، هەروەها جێگەی ئامانجە جیاجیاکانی ئەو کۆچەش نییە. لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین بە ئەرخاینبوونەوە ئەوە تۆمار

بکەین، کە ئەم کۆچە پێگەی پرسی ناکۆکیی لەنێوان پێغەمبەر و قورەیش گەیاندە دۆخێکی جیاواز، وای لێکرد ناکۆکییەکە لە ڕووی سیاسییەوە بۆ چارەسەرکردنی پشت بە هێز و شمشێر ببەستێ، ئەمە لەدوای ئەوەی ناکۆکییەکە پێشتر دینی بووە و بەند بووە بە مشتومڕ و دەمەقاڵێ بە بەڵگەوبەند و هیچ شتێکی دیکە نا.

❖

لەوکاتەی پێغەمبەر کۆچی کردە مەدینە، ئیدی ئیسلام یەکەیەکی سیاسیی پەیداکرد، کە هێزێکی ماددی و باسکئەستووری خۆی هەبێ، قورەیشیش هەستیکرد شتەکە لە بتپەرستیی و ڕاوبۆچوونە بەمیراتماوەکان و دابونەریتە کۆنەکان تێپەڕیوە، بازی داوەتە شتێکی دیکە، بۆ قورەیش لە دین و ئەوەی پێیەوە پەیوەستبوو دژوارتر و کوشندەتر بوو، ئەویش سەرداریێتیی سیاسیی بوو بەسەر حیجاز و ڕێگەی بازرگانیی نێوان مەککە و ئەو وڵاتانەی کاروانی بازرگانی لە زستان و هاویناندا بۆ بەڕێدەکرد. خۆشت باش دەزانی کە دەستگرتن بەسەر کاروان ماکی ئەو بەیەکدادانە گەورەیەی نێوان پێغەمبەر و قورەیش بوو لە بەدر. گومانیشی تێدا نییە کە کردوکۆششی (جیهاد)ی نێوان پێغەمبەر و قورەیش تا ئەوکاتەی پێغەمبەر لە مەککە بوو هەر لایەنێکی دینی ڕووت بوو. لێ کاتێ کۆچی کردە مەدینە، کردوکۆیەکە بووە کۆششێکی دینی و سیاسی و ئابووری، ئیدی

مەکۆی ململانێی نێوان قورەیش و موسـڵمانەکان هەر بەتەنیا لەسـەر ئەوە نەمایەوە ئاخۆ ئیسـلام هەقە یان ناهەق، بەڵکو بابەتەکە گەیشـتە ئەوەی ئاخۆ نەتەوەی عەرەب یان هەر بەلای کەمی نەتەوەی حیجاز ملکەچی کێ دەبن، هەروەها ڕێگاکانی بازرگانی دەکەونە بەردەستی کێ.

بەم چەشـنە دەتوانی لە ژیاننامەی پێغەمبەر بگەی بەوەی لەو کاتەی بۆ مەدینە باری کرد، هەر بەتەنیا بە قورەیش پەیوەست نەبوو، بەڵکو بە عەرەبەکانی دیکە هەروەها بە جووەکانیش پەیوەسـت بوو. لێ خۆ ئێمە مێژووی پێغەمبەر نانووسـینەوە، بەڵکو لەو هەموو شـتە دەمانەوێ بەپەلە بگەیەنە مرازەکەمان، ئەویش وەرگەڕانی کردوکۆ (جیهاد) بوو بۆ باری سـیاسـی، هەڵبەت ئەمەش دوای ئەوەی جیهادەکە دینی بوو، دوژمنایەتی لەنێوان مەککە و مەدینە پەیداکرد، یان دوژمنایەتی لەنێوان قورەیش و ئەنسـارەکان پەیداکرد، کە پێشـتر شـتێکی وەها لە گۆڕێدا نەبوو. ئاخر هەر ژیاننامەی پێغەمبەر ئەوەمان بۆ باس دەکا، بەر لەوەی پێغەمبەر بەرەو مەدینە کۆچ بکا پەیوەندی و هاموشـۆ لەنێوان قورەیش و ئەوس و خەزرەجدا گەرموگوڕ و بەتین بووە. ئەمەش خۆی شـتێکی سـروشـتی و لۆژیکی بوو، ئاخر ئەوس و خەزرەج لەسـەر ڕێگەی بازرگانیی قورەیش بوون بۆ شـام. هیچ چارەش لەبەردەم ئەو شـارە بازرگانییەدا نەمابووە ئەوەی ناوی مەککە بوو، بەدەر لەوەی ئاسـایشـی ڕێگای بازرگانیی خۆی بپارێزێ و پەیوەندیی دۆسـتانە لەگەڵ

ئەو کەسانە بەهێز بکا، ئەوانەی لەتوانایاندا هەبوو ئەم ڕێڕەوە بخەنە بەردەم گەف و هەڕەشەی خۆیان.

کەواتە لەدوای کۆچەکە، دوژمنایەتی لەنێوان مەککە و مەدینەدا بەرپابوو. زۆریشی پێنەچوو دوژمنایەتییەکە خوێنی تێکەوت، ئەویش ئەو ڕۆژەی ئەنسارەکان لە "بەدر" و قوڕەیشییەکانیش لە ڕۆژی "ئوحد"دا سەرکەوتن. ئەوە بوو شیعریش لەم دوژمنکارییەدا لەپاڵ شمشێردا بەشداری شەڕەکان بوو، ئینجا شاعیرەکانی ئەنسار و قوڕەیش بە شەڕەشیعر لەبەرانبەر یەک وەستانەوە، دارِسانە یەکدی و پەلاماری یەکدییان دا و دەمەقاڵەیان لەگەڵ یەکدا گەرم کرد، هەر بەرەیەک بەرگریی لە شکۆ و دەستەکەوتەکانی خەڵکی خۆی دەکرد. پاشان هەڵوێستەکە زۆر ناسکتر بوو، ئاخر شاعیرانی ئەنسار لە دژی قوڕەیش وەستانەوە و بەرگرییان لە پێغەمبەر و یارەکانی دەکرد کە قوڕەیشی بوون، هەرچی شاعیرانی قوڕەیش بوون دادەبەزینە سەر ئەنسارەکانی پێغەمبەر و یارەکانی، کە لە کاکڵەی قوڕەیش بوون. هەر دەبێ ئەو داشۆرینی شاعیرانە گەیشتبێتە ئەوپەڕی توندوتیژیی خۆی، چونکە پێغەمبەر دنەی شاعیرەکانی بەرەی خۆی دەدا، پەسنی شاعیرە یار و دۆستەکانی خۆی دەدا و ئامادەی دەکردن و بەڵێنی پاداشتی پێدەدان، هەروەک چۆن بەڵێنی بەجەنگاوەران دەدا کە لەو

دونیادا حســـاب و پاداشـــتیان لای خودا زۆرە و دەشـــیگوت جوبرائیل لایەنگری حەسسانە.[١٤]

لەگەڵ بەرپابوونی جەنگ و گەرمبوونی شـەڕوشـۆڕدا، شـیعری داشـــۆرینیش لەنێوان قورەیش و ئەنســـاردا توند و گرژ بوو. خۆشـت پشـکی عەرەب لە دەمارگیری و سـووربوونیان لەسـەر تـۆڵەکـردنەوەی خـوێـنـی ڕژاودا دەزانـی، هەروەهــا هەوڵ و تەقەللایـان بۆ بەرگریکردن لە ئـابڕووی تکـاو دەزانی. ئیـدی شــتێکی ســەیروســەمەرە نەبوو کە ڕق و بێزاری لەنێوان ئەو دوو نشینگەیەی خەڵکی حیجاز بگاتە ئەوپەڕی لوتکەی خۆی.

قورەیش لە کۆشــشــی خۆی بە ســەرەنێزە و زمان و ســەر و سـامان بەردەوام بوو، قسـووری نەکرد، لەم کارەشـیدا عەرەب و جوو هاوکاری بوون، بەڵام ســەرنەکەوت. ئیدی ڕۆژی خۆی هات و سێبەری پێغەمبەر گەیشتە سەر مەککە، ئەوسا مەزن و بڕیاڕدەریان **ئەبوســـوفیان** لەنێوان دوو بژاردەدا مایەوە: یان ئەوەتا لەســـەر بەرگریی خۆی بەردەوام بێ و بەمەش مەککە لەنـاو بچێ، یـان لەگەڵ دۆخەکەدا بڕوا و خۆی بگونجێنێ و ئاشــتی بکا، هەروەک خەڵکەکە بچێتە ســەر دینەکە و چاوەڕێی ئەوە بکا بەڵکو ئەو دەســەڵاتە ســیاســییەی لە مەککەوە گوێزرایەوە مەدینە، لە قورەیشــەوە کەوتە دەســت ئەنســار،

[١٤] مەبەسـت حەسسـانی کوڕی سـابت (ثابت)ە، کە سـەر بە هۆزی خەزرەجی مەدینە و لە ئەنسـارەکان بوو، بە شـاعیری پێغەمبەر ناسـرا و لە نێوان سـاڵەکانی ٣٥-٥٠ی کۆچی لە سەردەمی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا کۆچی دوایی کرد.

جارێکی دیکە بۆ قورەیش و بۆ مەککە بگەڕێتەوە. ئەبوسوفیان موسڵمان بوو، لەگەڵیدا قورەیشیش موسڵمان بوو، بۆ پێغەمبەریش یەکێتیی عەرەبی بەدیهات، ئەو ئاگرەی لەنێوان قورەیش و ئەنسساریشدا لە کڵپە و جۆشدا بوو دامرکایەوە و بووە خۆڵەمێش، ئەوسا بەڕواڵەت سەرجەم خەڵکەکە بوونە برا و هاوشۆکاری دینی.

خۆ ئەگەر پێغەمبەر لە دوای فەتحی مەککەدا نەمردبا، لەوانەبوو ئەو ڕقوکینەیەی نێوانیان بسڕێتەوە و نەهێڵێ و دەکرا ڕووی عەرەب بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی وەرگەڕاندبا، بەڵام زۆری پێنەچوو لە دوای گرتنی مەکەدا مرد، نە ڕێسایەکی بۆ جێنشینی و نە دەستورێکی بۆ ئەو نەتەوەیەی جێهێشت کە دوای ناتەبایی یەکی خستبوو. جا لێرەدا خۆ هیچ شتێکی سەیر نەبوو ڕقوکینە کۆنەکە سەرهەڵبداتەوە و ئاژاوە (فیتنە) خەوتووەکە بێدار بێتەوە و خۆڵەمێشیش لەسەر پشکۆی ڕقەکینەکە لابدرێ و بگەشێتەوە!

هەر بەڕاستییش هێشتا بەتەواوی پێغەمبەر لەم دونیایە نەچووبووە دەر، کە موهاجیرەکانی قورەیش و ئەنسارەکانی ئەوس و خەزرەج کەوتنە ناکۆکی، ئاخۆ جێنشینییەکە چۆن بێ؟ بۆ کێ بێ؟ خۆ ئەگەر چەند کەسێکی لێبڕاو و پێکراوی دینداری قورەیش نەبووبان و پارسەنگی هێزە مادییەکەش هەر لای قورەیش نەبووبایە، خەریک بوو کار لەکار بترازێ. ئەوەبوو ئەنسارەکان ملکەچ بوون بەوەی پرسی مەزنایەتییەکەیان

لەدەست دەربچێ و بۆ قورەیش بگەڕێتەوە. وادیار بوو دۆخەکە لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا سـەقامگیر دەبێ، هەموویان لەسـەر ئەوە کۆک بوون، کەسـیان لاریی لێنەبوو تەنیا سـەعدی کوڕی عوبادە نەبێ، ئەو کەسـەی ڕەتی کردەوە موبایەعەی ئەبوبەکر بکا، هەروەها موبایەعەی عومەریش بکا و نوێژی موسـڵمانان دابیەسـتێ و حەجی ئەوانیش بکا. ئەو لەسـەر ئەو نەیارییە شـکۆدارییەی خۆی مایەوە و مکوڕ بوو، تا بە غەدر لە یەکێ لە گەشتەکانیدا کوژرا. هەروەک گێڕەرەوەکان گێڕاویانەتەوە، گوایە جنۆکە دەسـتی لێوەشـاندووە و کوشـتوویەتی. ئیدی هێزی قورەیش و ئەنسـار لە ڕۆژگاری ئەبوبەکردا لە هەڵگەڕانەوەی عەرەب لە موسـڵمانێتدا بۆ ڕۆژگاری عومەر بۆ داگیرکاریی (فەتح) ڕۆیشـت. لێ ئاکنجییەکانی ئەمان و ئەوان لە مەککە و مەدینەدا نەیانتوانی ئەو ناکۆکییە توندوتیژە کۆنینەی خۆیان، کە لە سـەردەمی پێغەمبەردا بۆ یەکدییان هەبوو، فەرامۆش بکەن، هەروەک چۆن نەیانتوانی ئەو خوێنەی لە پەلامـاردان و بەسەردادانەکان (لە عەزەوات)دا ڕژا، لەبیر بکەن.

گومانی تێدانییە ئەو لێبڕاوییەی **عومەر** ڕێگر بوو لەوەی ئاژاوە لەنێوان موهاجرین و ئەنسـار، یان بە واتایەکی دروسـتتر لەنێوان قورەیش و ئەنسـاردا هەڵبگیرسـێ. گێڕەرەوەکان ئەوەیان بۆ گێڕاوینەتەوە، کە عومەر ڕێگریی لە گێڕانەوەی شـیعرەکان کردووە، ئەو شـیعرە داشـۆرینانەی کاتی خۆی لە سـەردەمی پێغەمبەردا لەنێوان موسـڵمان و بێبڕواکاندا

لەئارادابوون. هەر ئەم گێڕانەوەیە سەلمێنەری گێڕانەوەیەکی دیکەیە، ئەویش ئەوەیە کە قوڕەیش و ئەنسار ئەو داشۆرینەی ڕۆژگاری پێغەمبەر لەنێوانیاندا هەبووە لەبیریان نەچووە و یادیان کردووەتەوە، سووریش بوون لەسەر گێڕانەوە و بە گێڕانەوەشی لایەک چێژی وەردەگرت و بەرانبەرەکەشی ڕقی هەڵدەستا، چێژ و ڕقێک مەگەر هەر ماخۆی دەمارگیریی بەهێز لەکاتی دۆڕان و سەرکەوتندا هەستی پێکردبێ

دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان عومەر دەچێتە مزگەوتی پێغەمبەر، دەبینێ **حەسان** شیعر بۆ کۆمەڵە موسڵمانێک دەخوێنێتەوە، ئیدی گوێی دەگرێ و پێیدەڵێ: ئەوە چیتە دەڵێی وەک حوشتر دەبۆڕێنی؟ حەسانیش پێیگوتەوە: ئەی عومەر وازم لێبێنە، بەو خودایە هەر لێرە و لە حزوری کەسێکی لەتۆ چاکتر شیعرم دەگوت و ئەویش ڕەزامەند بوو، ئیدی عومەر وازی لێدەهێنێ و بە ڕێی خۆیدا دەڕوا. تێڕوانین لەم گێڕانەوەیە بەو لایەدا دەڕوا، کە وەک پێشتر سەرنجمان لێیدا بەوەی ئەنسارەکان وەک ئەوە وابوون، کە تۆڵەی خۆیان پێنەکرابێتەوە و دەمارگیرییەکەیان وایلێکردبوون نەتوانن وازی لێبهێنن. ئیدی خۆیان بە پشتیوانیی پێغەمبەر و زەبروەشاندنیان لە قوڕەیش هەڵدەدایەوە، بەشان و باڵی ئەوەشیان هەڵدەدا، کە بەر لە مردنی پێغەمبەر چ نەبەردییەکیان کردووە و بەدەست و زمانیان چ دەسکەوتێکی مەزنیان بۆ خۆیان تۆمارکردووە.

عومەریش قورەیشـــی بوو، دەمارگیرییەکەی وایلیکردبوو رقی لەوە بێ گـالتە بە قورەیش بکرێ، خۆشـــیی لە بەزین و شـکسـتەکانی نەدەهات، لەوەی کە بەسـەر قورەیشـدا هاتبوو. لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرداریکی لیبڕاو بوو، دەیەویست کاروباری ڕەعیەتەکەی ڕابگرێ و دەسەلاتی موسلمانان لەسەر بنەمایەک دامەزرینێ کە دەمارگیرانە نەبێ. لەمەشـــیاندا هەندێ سەرکەوت، بەلام بە هەموو مراز و خواستەکانیشی نەگەیشت.

گیرەرەوەکـان ئەوەیـان گیڕاوەتەوە، گوایە **عەبـدوللا بن ئەلزەبعەری** و **زراری کوڕی خەتـاب** لە ڕۆژگـاری خەلافەتی عومەردا هاتنە مەدینە و چوونە لای **ئەبی ئەحمەد بن جەحش**، ئەویش کـابرایەکی نـابینـای قســـەخۆش بوو، خەلک بە چاکە ناویان دەهینا، ئەوان چوون و پییانگوت دەی بانگی حەسـسـانی کوڕی سـابتمان بۆ بکە تا شـیعرمان بۆ بخوینیتەوە و ئیمەش لە بەرانبەردا شـــیعری بۆ بلیینەوە، ئەویش گوتی باشـــە، ئینجا بەدوای حەسـسـانیدا نارد و ئەویش هات. کابرای نابینا گوتی: ئەوانە برایەکانتن و لە مەککەوە هـاتوون و دەیـانەوێ گوێ لە شـیعرت بگرن. حەسـسـانیش گوتی؛ چۆنتان پێ باشـە، ئیوە دەســـت پیبکەن یـان من؟ دوو کەســـەکەش گوتیـان: ئیمە دەســـتپیدەکەین. ئیدی لەو شـــیعرانەیـان گوت کە قورەیش لەبـارەی ئەنســـارەکـانی گوتبوو، ئەوەنـدەیـان گوت تـا بەرانبەرەکەیان لە توورەییان کولا و ســـووربووەوە، کاتیکیش لیبوونەوە سـواری وشـترەکانیان بوون و بۆ مەککە گەڕانەوە.

ئینجا حەسسان بە توورەیی ئەوانی بەجێهێشت و چووە لای عومەر و سەربردەکەی بۆ گێڕایەوە. عومەریش گوتی: پشتیوان بە خوا تۆڵەت بۆ دەکەمەوە. ئینجا بەدوای هەردوو کەسە قورەیشییەکەیدا نارد، کاتێ ئەوان گەیشتن، لای عومەر چەند کەسێک لە یارانی پێغەمبەر دانیشتبوون. ئەوسا عومەر بە حەسسانی گوت: دەی بە دڵی خۆت شیعریان پێ بڵێوە، ئەویش ئەوەندی گوت تا دڵی دامرکا. دواى ئەوە عومەر گوتی -خاوەنی کتێبی ئەلئەغانی بۆمان دەگێڕێتەوە- : ئاخر لێم قەدەغە کردبوون ئەو شیعرانە بڵێنەوە چونکە قەتماغەی ڕقوکینە کۆنەکان هەڵدەداتەوە، خۆ ئەگەر نەشیسەلمێنن ئەوا بینووسن. ئیدی ئەگەر عومەر ئەم قسەیەی کردبێ یان نەیکردبێ، ئەنسارەکان شیعری داشۆرینی خۆیان لە دژی قورەیش دەنووسییەوە و پەرۆشیش بوون لێیان ون نەبێ.

ئیبن سەلامیش گوتوویەتی: قورەیش سەیری خۆی کرد، بینی پشکی ئەو لە شیعری جاهیلیدا زۆر کەمە، بۆیە لە ئیسلامدا زۆری هەڵڕشت. گومانیشم نییە بە شێوەیەکی تایبەتی وەهای شیعر هەڵڕشتبێ تا ئەنسارەکانی پێ دابشۆرێ.

کاتێکیش عومەر کوژرا و دوای چەندوچوونێکی زۆر، خەلافەتەکە بۆ عوسمان بەجێما، بەمە ئەو بیرۆکە سیاسییەی لە مێشکی ئەبو سوفیاندا هەبوو هەنگاوێک چووە پێشەوە، وەنەبێ هەر بە تەنیا خەلافەت لە دەستی قورەیشدا بێ، بەڵکو بەتایبەتیش لە تیرەی بەنوئومەییەدا قەتیس مایەوە. ئینجا

دەمارگیریی قورەیش کڵپەی ســـەند، دەمارگیریی ئومەییەکان کڵپەی سەند، لەگەڵیدا دەمارگیرییەکانی دیکەی عەرەب وروژا و گڕی گرت و بزووتنەوەی دەســـتبەســـەرداگرتنی خاکی دیکە هەندێک هێور بووەوە، پاشـــان عەرەب خۆبەخۆ بە ناویەک وەربوون. هەروەک خۆشت باش دەزانی، لە ئەنجامدا عوسمان کوژرا و شـیرازەی موسـڵمانان لەیەک ترازا، دوای ئەو فیتنە و شەڕانەش سەرجەم کاروبار کەوتە بن دەستی بەنوئومەییە.

هەینێ نەخشـــەی ســـیاســـیی خەلیفە گۆڕا، یان بە دەربڕینێکی دروستتر: ئەو نەخشـەیەی عومەر دایناًبوو شکستی هێنا، واتە نەخشـــەی ئەوەی ڕێ لە عەرەب بگرێ، لاپەڕەی ڕقوکینەکانی بەر لە ئیسلامیان هەڵبدەنەوە. ئەوە بوو عەرەب گەڕانەوە سەر بەدترین دۆخی جاهیلییان لە کێبڕکێی و شـانازی بەخۆوەکردن، ئەمەش لە هەموو ئاواییەکانی ئیســـلامیدا قەوما. لێرەدا ئەوەندە بەســـیەتی نموونەی کێبڕکێی شـــاعیرانی ئەنســـار و غەیرە ئەنسارتان لای موعاویە و یەزیدی کوڕی موعاویە بۆ بهێنمەوە، تـا لەوە تێبگەیـت ئـاخۆ عەرەب تـا چ ڕاددەیەک بۆ ڕۆژگـاری دەمارگیرییە کۆنینەکەیان گەڕابوونەوە.

لەوانەیە ئەو چیرۆکەت خوێندبێتەوە، کە باســـی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، چۆن عەبدوڕەحمانی کوڕی حەسـسـان بۆ لێدان لە بەنی ئومەییەدا شـــیعرێکی دڵـداری بەســـەر ڕەملەی کچی موعـاویەدا گوتبوو. موعـاویەش هەروەک دابی خۆی، خۆی وا نیشان دا حەوسەڵەی خۆی گرتووە و بە عەبدوڕەحمانی گوت:

تۆ لە کوێی خوشـــکی هینـد لە کویێ! هەرچی یەزیـدیش بوو وێنەیەکی ئەبوســـوفیانی باپیرەی بوو، پیاوێکی دەمارگیری قینلەدڵ و زەبروەشـێنی دژە ئیسـلام و ڕێسـاکانی بوو، **کەعبی بن جوعەیل**ی دەســـخەرۆ کرد بەڵکو بە شـــیعر ئەنســـارەکان دابشـــۆرێ، ئەویش ڕازی نەبوو وەڵامی دایەوە؛ ئایا دەتەوێ دوای موســـڵمانبوونم وام لێبکەی لە ئیســـلام هەڵبگەڕێمەوە؟ پاشـــان ئەختەڵی هەڵخەڵەتاند، **ئەختەڵ** عیســـایی بوو، ئەویش بەگوێی کرد و شـــیعرێکی داشـــۆرێنی پیســـی ناوداری لە دژی ئەنسارەکاندا نووسی.

گوتم یەزید وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ئەبوسوفیانی باپیرەی بوو، دەمارگیرییە خێڵەکییەکەی لەســـەرووی هەموو شـتێکەوە بوو. خۆ تۆ نکوڵی لەوە ناکەی کە یەزید ماخۆی کەتنەکەی ئەلحەڕە (الحرة) بوو، ئەوەی ناموسی ئەنسارەکانی لە مەدینەدا پێشێل کرد، ئەوەی قوڕەیش بەهۆیەوە تۆڵەی لەو کەســـانە کردەوە، ئەوانەی لە بەدردا بەسەریدا سەرکەوتبوون، دوای ئەوەی لەوێ قەومـا، جارێکی دیکە ئەنســـــارەکان هیچ پێگەیەکیان نەما و هەڵنەســـتانەوە. هەرچۆنێک بێ کاتێ گێڕەرەوەکان چیرۆکی کەتنی ئەلحەڕە دەگێڕنەوە، دەڵێن زیاتر لە هەشتا کەس لەوانەی بەشـداریی جەنگی بەدریان کردبوو کوژران، واتە ئەو کەسـانە کوژران کە قوڕەیشیان سووک کردبوو.

لێرەدا پێویسـتیش ناکا چیرۆکێکی دیکەتان بۆ بگێڕمەوە، ئەویش چیرۆکی عەمری کوڕی عاسـە، ئەوەی لە ئەنسـارەکان تووڕە و

تەنگەتاو بووبوو تا حەزی بە ناوەکەشـــیان نەدەکرد، ئینجا داوای لە موعاویە کرد ناوەکەیان بســڕێتەوە، ئەوسـا نوعمانی کوڕی بەشـیری ناچار کرد، ئەو نوعمانەی تاکەکەسـی ئەنسـار بوو، لە پشـــتیوانەکانی بەنوئومەییە بوو، بگاتە ئەو ڕاددەیەی بڵێ:

یا سَــعدُ لا تجب الدعاء فَما لَنا     نَـسَـبٌ نُجيبُ لَهُ سِوى الأَنـصارِ

نَـسَـبٌ تَـخَـيَّرَه الإِلَهُ لِقَـومِنـا     أَثـقِـل بِهِ نَـســَباً عَلى الكُـفّــارِ

إِنَّ الَّذيـنَ ثَـووا بِـبَدرٍ مِـنـكُم     يَـومَ القَـليـــبِ هُـمُ وُقـودُ النارِ

موعاویە شـــیعرەکەی بیســـتەوە، لێ هەر ئەوەندە ســـەرکۆنەی عەمری کرد بەوەی لە بێزاربوونەکەی پەلەی کردووە. ئاخر خۆ موعـاویەش لە عەمری کوڕی عـاس بەرانبەر ئەنســـــارەکـان داخلەدڵتر بوو، بۆ قورەیشـــیش دەمـارگیرتر بوو، یـان هیچی کەمتر نەبوو لە یەزیـدی جێگرەوەی. لێ مـاخۆیـانی ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییەی قورەیش لەنێوان خۆیاندا جیاوازییەکی زۆریان هەبوو، هەیانبوو کەســێکی ســـەرەڕۆ بوو وەک یەزید، هەشـــــیـان بـوو خـۆگر و بەتەگبیر بـوو وەک مـوعــاویە. لەنێوانیشـــیاندا هەبوو لە ڕووی دەمارگیرییە خێڵەکییەکەی زۆر دەســـتگرەوەبوو تا دەگەیشـــتە ڕاددەی ســـۆزنواندن بەرانبەر ئەنســـــار و دڵی پێدەســـــووتان. دەکرێ زوبەیری کوڕی عەوام یەکێک لەوانەبێ ئەوانەی بەزەییان بە ئەنسارەکان دەهاتەوە، کە

لەســـەر بەڵێن و پەیمانی خۆیان و ڕاســپاردەی پێغەمبەر ماون. گێڕەرەوەکــان ئەو چیرۆکەمــان بۆ دەگێڕنەوە، گوایە زوبەیر بەلای چەند موســـڵمانێکدا تێدەپەڕێ، لەنێویاندا حەســـــــان دانیشـــتووە و شـــیعریان بۆ دەخوێنێتەوە، ئەوانیش هیچ باکیان بەوە نەبوو ئاخۆ حەســــــان چی دەڵێ، ئینجا لۆمەی کردن و پێگەی شیعری حەسسانی لای پێغەمبەر وەبیرهێنانەوە، ئەمەش کاری لەســـەر دڵی حەســـــان کرد و پێیدا هەڵدا. پێمخۆشـــە ئاوڕێک لە ســـەرەتای ئەم شـــیعرە بدەینەوە، دیارە باشـــترین نیشــانەیە لەســـەر ئەوەی دەمەوێ بیســەلمێنم، کە ئەنســار لەو هەڵوێستەی قوڕەیش لە چ نیگەرانی و دڵتەنگیدا بوو:

أَقـــامَ عَـلى عَهـــدِ النَبِيِّ وَهَديِهِ … حَوارِيُّـهُ وَالقَـولُ بِالفِعلِ يُعدَلُ

أَقامَ عَلى مِنهـــــــاجِهِ وَطَـــريقِهِ … يُـوالي وَلِيَّ الحَقِّ وَالحَـقُّ أَعـــدَلُ

هُوَ الفارِسُ المَشهورُ وَالبَطَلُ الَّـذي … يَصولُ إِذا ما كـــانَ يَومٌ مُحَجَّلُ

إِذا كَشَفَت عَن ساقِها الحَربُ حَشَّها … بِأَبيَضَ سَـبّاقٍ إِلى المَوتِ يَـرفُلُ

وَإِنَّ اِمــرَأً كانَت صَفِــيَّةُ أُمُّـــهُ … وَمِـن أَسَـدٍ في بَيتِـها لَمُـرَفَّلُ

لَهُ مِن رَســولِ اللَهِ قُربى قَريبَـــةٌ … وَمِن نُصرَةِ الإِســلامِ مَجدٌ مُؤَثَّلُ

فَكَـــم كُـــربَةٍ جَلّى الزُبَيرُ بِنَفسِـهِ … اِنِ المُصطَفى وَاللَهُ يُعطي فَيُجزِلُ

فَـلا مِثلُهُ فيهِـــم وَلا كانَ قَبـــلَهُ … وَلَيـسَ يَكونُ الدَهرَ ما دامَ يَذبُلُ

ثَناؤُكَ خَيـرٌ مِـن فَعــالِ مَعــاشِرٍ … وَفِعلُكَ يا اِبنَ الهاشِـــمِيَّةِ أَفضَلُ

دەی سـەیری دوو بەیتەکانی دەسـتپێکی شـیعرەکە بکە، چۆن حەسـسـان یادی سـەردەمی پێغەمبەر و خەمباریی خۆی لەو بارەوە دەردەبڕێ و بەداخە بۆ ئەوەی چۆن لایەنگری پێغەمبەر بوون و ئەویش چۆن پاداشـتی داونەتەوە، لێ باقی دێڕەکانی دیکە بەدوای جۆرێـک لە هێنـان و بردنی تێـدایە، زۆریش لە بابەتەکە دەرناچێ. لە خوێندنەوەی ئەو دێڕانە ئەوە دەردەکەوێ کە نیازی ئەو سـووربوونە لە پەسـندانی زوبێر و باسـکردنی نەبەردییەکـانیەتیـی، ئەوەش بەدەردەکەوێ کە لە دوایـین دێڕیشـیـدا لاوازییەکی وەهـای تێـدایە نـاگـاتە دێڕەکـانی سەرەتاییەکەی.

ئەم چیرۆکە بە وردی لە لایەن چەند کەسـانێک لە بەرەبابی زوبەیر و لە نەوەکانی **عەبدوللای کوڕی زوبەیر** گێڕدراوەتەوە. ئەرێ لێرەدا تۆش ئەوە بە دوور دەزانی کە دەمـارگیرییەتی زوبەیرییەکان دنە و درێژەی بەم بەیتانە دابێ و لە مەبەستەکەی حەسسانیشی لەبارەی داننان بە چاکە و پیاوەتی تێپەڕاندبێ و تـا بە شـێوەیەکی تـایبەت دەمـارگیرییەتی زوبەیر وەهـا کەوتبێتەوە، کە ئەو لە کێبڕکێکـارانی خۆی لەوانەی کێبڕکێی عەبدوللای کوڕیان دەکرد بە باشتر بزانێ.

جێگەی خۆیەتی لاباسـێکی دیکە بکەینەوە، چونکە دەبێتە سـەلمێنەری ئەوەی ئێمە خەریکین. پێشـتر باسـی داشـۆرینی ئەلئەختەڵ /الاخطل بۆ ئەندسارەکانم بۆ کردی. ئەوان هەروەک - بینیت- چۆن نوعمان بن بەشـیر بەم شـیعری داشـۆرینە تووڕە

بوو، ئینجا لەبەردەستی موعاویەدا چەند بەیتەشیعرێکی گوت، کە دواتر دەیهێنینەوە، لەوێدا هەروەک لە بەیتە شیعرەکانی حەسساندا شوێنەواری دەمارگیریی خێڵەکی پێوەدیارە. نوعمانی بن بەشیر لەو ئەنسارانەی هەوادار و شوێنکەوتەی قورەیش و بەنوئومەییە بوو، یان تۆ وەها بڵێ بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕەگەڵیان کەوتبوو. دەشگوترێ ئەو تاکە ئەنسارى بوو لەپاڵ موعاویەدا لە شەڕی سەفەین "صفین" جەنگاوە،[15] هەروەک چۆن زوبەیریش لە تاقمە کەمژمارەکەی قوڕەیشییەکان بوو لەبەر خاتری پێغەمبەر یان لەبەر ئەمەکدارییان بۆ ڕۆژی تەنگانە لەگەڵ ئەنسارەکاندا هاوسۆز بوو.

[15] مەسەلە مەشهوورەکەی (کراسی عوسمان)یش کە بۆ درێژەدان بە کێشەکە و نەبڕاندنەوەی بەردەوام پاتە دەکرێتەوە، لەوەچێ هۆکارە سەرەکییەکەی خودی (نوعمانی کوڕی بەشیر) بووبێت، چونکە پاش کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفانی سێیەم خەلیفەی ئیسلام، هەستا بە بردنی کراسە خوێناوییەکەی ناوبراو و پەنجە بڕدراوەکانی نایلەی خێزانی عوسمان بۆ شام و هەڵواسینی بە مزگەوتی ئومەوییەوە، تا سۆز و گیانی تۆڵەکردنەوەی بەنوئومەییەکان دژ بە عەلی و هاشمییەکان بخرۆشێنێ. (وەرگێڕ)

نوعمان بن بەشیر ئەم شیعرەی بۆ موعاویە خوێندەوە:

مُعـــــاويَ إلّا تُعطِنا الحَــقَّ تَعتَرِف
ضَـربـنـاكُـمُ حَتّـى تَفَرَّقَ جَـمعُكُم
وَطــارَت أَكُــفٌّ مِـنـكُـمُ وَجَـمـاجِـمُ
وَعـاذَت عَـلى البَـيـتِ الــحَرام عَـــوانِسٌ
وَأَنــتَ عَـلى خَـوفٍ عَـلَيــكَ تَـمـائِمُ
وَعَـضَّت قُـرَيـشٌ بَـالأَنـامِـلِ بُـغـضَـةً
وَمِـن قَـبلُ مـا عُضَّت عَلَـــينا الأَباهِـمُ
فَـكُــنّـا لَهـــا فـي كُـلِّ أَمـرٍ تَـكـيـدُهُ
مَـكـانَ الشَـجا وَالأَمـرُ فـيـــهِ تَفاقُــمُ
فَـمـا إِن رَمـــى رامٍ فَـــأَوهـى صَـفاتَنا
وَلا ضـامـنـا يَــوماً مِنَ الدَهـــرِ ضائِمُ
وَإِنّــي لأَغـضـي عَـــن أُمورٍ كَـثيـرَةٍ
سَـتَـرقـى بِهـا يَـوماً إِلَيــكَ السَــلالِمُ
أُصـانِـعُ فـيـهـا عَـبـدَ شَـمـسٍ وَإِنَّنـي
لِتِـلـكَ التِّيـ فـي النَـفـسِ مِنّـي أُكاتِــمُ
فَلا تَـشـــتُـمَـنّـا يـابـــنَ حَـربٍ فَإِنَّما
تُــرَقّـــى إِلى تِـلكَ الأُمــورِ الأَشــائِمُ
فَـمـا أَنــتَ وَالأَمــرُ الَّذي لَستَ أَهلَهُ
وَلَكِـن وَلِيُّ الحَـقِّ وَالأَمـــرِ هــاشِـمُ
إِلَيـهُـم يَـصـيـرُ الآمـــرُ بَـعـدَ شَـتـاتِهِ
فَـمَـــن لَكَ بِــالأَمـرِ الَّذي هُـــوَ لازِمُ
بِهِـم شَــــرَعَ اللَه الهُـدى وَاِهتَدى بِهِم
وَمِـنـهُـم لَهُ هـادٍ إِمـــامٌ وَخـاتِـمُ

وَلَيـلَكَ عَـمّـا نـابَ قَـومَـكَ نـائِمُ
لحى الأَزدِ مَشدوداً عَلَيـها العَـــمائِمُ
أَيَـشـــتُـمُـنـا عَـبدُ الأَراقِمِ ضَلَّةً
وَمـاذا الَّذي تُـجـــدِي عَـلَيكَ الأَراقِمُ
فَـمـالِيَ ثَـأرٌ غَـيـرُ قَـطعِ لِسـانِهِ
فَدونَـكَ مِـن يُـرضيـهِ عَـنكَ الدَراهِمُ
وَارعَ رُوَيـداً لا تَـسُـــمـنـا دَنِـيَّةً
لَعَـلَّكَ فـي غِـبِّ الحَـوادِثِ نـادِمُ
مَـتـى تَـلقَ مِـنّا عُصبَةً خَزرَجِيَّةً
أَو الأَوسَ يَـوماً تَختَـرِمكَ المَخـــارِمُ
وَتَـلقَـكَ خَـيـلٌ كَالقَـطا مُـسبَطِرَّةٌ
شَـمـاطيـطُ أَرسـالٌ عَـلَيها الشَكائِمُ
يُـسَـوِّمُها العَـمـــرانِ عَـمرو بنُ عامِرٍ
وَعُـمـرانُ حَـتّـى تُـســتَـباحَ المَحـارِمُ
فَتَـطـلُبَ شَـعـبَ الصَدعِ بَعدَ انِفتاقِهِ
فَـتَـعيـــا بِهِ فَـالآنَ وَالأَمـرُ ســالِمُ
وَإِلا فَــبَـــزّي لَأَمَــةٌ تُــبَّعِــيَّةٌ
مَــواريـــثُ آبـائي وَأَبـيـضُ صـارِمُ
فَإِن كُـنـتَ لَم تَـشـهـد بِبَـدرٍ وَقيعَةً
أَذَلَّت قُـــرَيـــشـاً وَالأُنـوفُ رواغِـمُ
فَــسـائِل بِـنـا حَـيَّيـ لُؤَيٍّ بِـن غـالِبٍ
وَأَنـتَ بِـمـا تُـخـفـي مِن الأَمـرِ عالِمُ
أَلَم تَـبـتَـدِركُم يَـومَ بَـدرٍ ســــيوفُنا

دیارە هەر سێ بەیتەکەی دوایی لەلایەن شیعەکانەوە بۆ نوعمان بن بەشیر هەڵبەستراون. هەرچەندە ئەوە دەزانین کاتێ دەسەڵات لە دەستی ئەنسار دەرچوو، ئەوانیش ڕقیان لە قورەیش داگرت و هەر بەسروشتی خۆشیان لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییاندا بەلای بەرەی نەیار بە موعاویەدا شکانەوە، هەربۆیە دایانە پاڵ عەلی، ئێمە گومانمان لەوەدا نییە، کە نوعمان بن بەشیر لەسەر ڕێبازی هاشمییەکان نەبووە و لەگەڵ عەلەوییەکانیش هاوڕا نەبووە، بەڵکو ئومەوی مەشرەب بووە یان بە دەربڕینێکی دروستتر سوفیانی بووە. کاتێکیش هەستی کرد جڵەوی حوکمڕانیی لەبن دەستی بەرەبابی ئەبی سوفیان بۆ **مەروانی کوڕی حەکەم** گوێزرایەوە، لە ئومەوییەکان هەڵگەڕایەوە و بایدایەوە لای ئیبن زوبەیر و هەر لە هەراکەی ئەویشدا کوژرا.

بەم جۆرە بۆت دەردەکەوێ تا چ ڕاددەیەک دەمارگیریی خێڵەکییانەی قورەیش و ئەنسارەکان ڕۆیشتووە. هەروەها ئەوەش دەبینی کە چۆن کارانگازیی بەسەر شیعر و شاعیرانەوە هەبووە. ئیدی لە میانەی هێنانەوەی ئەو دوو نموونانەی پێشوو دەبینی چۆن دەمارگیریی خێڵەکییانەی زوبەیری و هاشمی، شیعری حەسسان و نوعمان بن بەشیریان قۆستۆتەوە تا ڕکابەری نەیارەکانیان پێبکەن. لێ من هێشتا لەباسی ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییەی نێوان قورەیش و ئەنسار و کاریگەرییان بەسەر شیعر و شاعیران نەبوومەتەوە، ناشمەوێ واز لەم

دەمــارگیرییە بهێنم بیێەوەی بـاســـی ڕووداوەکەی نێوان عەبدوڕەحمان بن حەسسان و عەبدوڕەحمان بن حەکەمی برای مەروانی خەلیفە بکەم، باسی ئەو ململانێیە توندوتیژەی کە تەنیا شوێنەوارێکی کەمی بۆ ئێمە لێ ماوەتەوە.

گێڕەرەوەکان لەبارەی بنەمای ئەو داشـــۆرینەی نێوانیان لەگەڵ یەک نـاکۆکن. نـاچـاریشـــین لەگەڵ یەک نـاکۆک بن، ئـاخر دەمارگیرییە خێڵەکییەکە بەرۆکی گێڕەرەوەکانیشـی گرتبووەوە. هەرچی ئەنســـارەکانن دەڵێن، ئەم دوو پیاوە وەک تاک دوو برادەر بوون، لێ عەبدوڕەحمانی بن حەســـسانی ئەنســـاری حەزی لە ژنی برادەرە قوڕەیشـــییەکەی دەکرد و هاموشـــۆی ژنەی دەکرد. ئیدی برادەرەکەی پێیزانی، ئەویش نامەیەکی بۆ ژنەکەی عەبدوڕەحمان بن حەسسان نارد و تا مێردەکەی خۆی لێ ئاگادار کردەوە، ئەویش فێڵێکی کرد، بەڵکو ژنی برادەرەکەی بێتەماڵیان، کە هاتیش لە ژورێک شـــاردیەوە، ئینجا ژنەکەی عەبدوڕەحمان حەســـســـان فێڵی کرد و ســـوور بوو تا کابرای قوڕەیشی بێتەماڵیان، کاتێکیش هات، ئەوسا مێردی ژنە ویستی ژنی برادەرەکەی بشـــارێتەوە و بیخاتە ژوورێک، کەچی دەبینی ژنی خۆیەتی، بەم شـیۆەیە بەینی ئەو برادەرە تێکچوو. هەرچی قوڕەیشـــییەکـانیش بوون هەمـان چیرۆک بە هەڵگەڕاوەیی دەگێڕنەوە، وای لێـدەکەن کە کـابرای قوڕەیشـــی برادەری ئەنســـارییەکە بووە و بە وەفـاش بووە بۆی، ژنی کـابرای

ئەنســـاری نامەی بۆ کابرای قورەیشـــی ناردووە، ئەویش لەبەر خاتری برادەرایەتی گوێی پێنەداوە و وەڵامیشی نەداوەتەوە.

گومـانیش لەوەدا نییە کە ئەم چیرۆکە خەیـاڵ بووە بە هۆیەوە زێدەڕۆیی لەنێوان ئەنســـار و قورەیشـــدا کراوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئـاگری دووبەرەکییـان دامرکـابووەوە، ئـاخر ئەوەی خـاوەنی کتێبی (الاغـاني) لەبـارەی مـاکی ئەم داشـــۆرینە دەگێڕێتەوە زۆر لە ژنانەوە دوورە:

هەردوو برادەرەکە بە سەگەکانیان ڕاویان دەکرد، قورەیشییەکە بە برادەرەکەی گوت:

| | |
|---|---|
| أزجـــر كلاب كانها قليطة | بقع ومثــل كلابكم لم تصطد |

ئیبن حەسسانیش وەڵامی دەداتەوە:

| | |
|---|---|
| من كان يأكل من فريسة صيده | فالتمــر يغنيــنا عن المتصيـد |
| انا أناس ريقـــــون وأمكـــــم | ككلابكم في الــولغ والمتـــردد |
| حزناكـــم للضـــب تحترشونه | والريف يمنعكــم بكل مهند |

لەو ڕۆژەوە بەدرەفتاریی زۆر کەوتە نێوان ئەو دوو برادەرە.

لێرەدا عەبدوڕەحمانی بن حەســـــانی ئەنســـاری زۆر جوان دڵودەروونی ئەنسارییەکانی وێناکردووە کاتێ گوتوویەتی:

| | |
|---|---|
| صار الذليـــــل عزيزا والعزيز به | ذل وصـــار فروع الناس اذنابا |
| انى لملتمـــــس حتى يبين لكم | فيكم متى كنتـم للناس أربابا |
| وفارقوا طلعكم ثم انظروا وسلو | عنا وعنكم قديم العلم أنسابا |

پاشان شتەکە لە دەستی ئەو دوو شاعیرە دەردەچێ، کابرای قورەیشی هانای بۆ شاعیرانی موزەر (مضر) و ڕەبیعە برد. پرسەکە لە شیعر و شاعیرانیش تێپەڕی و گەیشتە موعاویە، ئەویش بەدوای سەعیدی کوڕی عاسیدا نارد، کە والی ئەو بوو لەسەر مەدینە، فەرمانی پێکرد هەر یەکێک لەو دوو شاعیرە سەر و سەد قامچییان لێبدا، سەعید لە ڕۆژگاری موعاویەدا لەگەڵ ئەنسارەکاندا هاوسۆز بوو، هەروەک چۆن زوبەیریش لە ڕۆژگاری عومەردا هاوسۆزیان بوو، ئاخر لەنێوان سەعید و عەبدورەحمانی بن حەسساندا هاموشۆ و دۆستایەتیەک هەبوو، بۆیە ڕەتی کردەوە قامچیکوتی بکا، هەروەها حەزیشی نەدەکرد لە کابرای قورەیشیش بدا، بۆیە فەرمانەکەی موعاویەی جێنەجێ نەکرد. لێ کاتێک وازی لە پلەی والیەتی بەسەر مەدینەدا هێنا، کاروباری شارەکە ڕادەستی مەروانی کوڕی حەکەم کرا، ئەویش هەر خێرا دەمارگیریی برایەکەی جوولا و سەد قامچی لە عەبدورەحمان کوڕی حەسسان دا. لێرەوە عەبدورەحمان بن حەسسان بەبیری هاتەوە کە ئەنسارەکان باڵوێزێکیان لە شام هەیە، ئەویش نوعمان بن بەسیرە، بۆیە ئەمەی خوارەوەی بۆ نووسی:

| | |
|---|---|
| لیت شعري أغائب لیس بالشأ | م خلیلي أم راقد نَعمان |
| أيّةً ما یکن فقد یرجعُ الغا | ئبُ یوماً ویوقَظ الوسنان |
| إنّ عمرا وعامرا أبوینا | وحراما قِدماً علی العهد کانوا |
| إنهم مانعوك أم قلة الکُتّ | اب أنت عاتب غضبان |
| أم جفاء أم أعوزتك القراطي | سُ أم أمري به علیك هوان |

يــوم أنبــئت أن ســـاقــيَّ رُضّـت وأتـــاكــم بــذاكـــم الرُكــبــان
ثـم قالوا إنّ ابنَ عـمـك فـي بلو ى أمــورٍ أتــى بــهـــا الحَـدثـان
فـتـئطُ الأرحام والودُ والصـــحبة فــيــمـــا أتــت بــه الأزمـــان
إنــمــا الرمـحُ فــاعــلمـــنّ قـنـاةَ أو كـبـعـض العيـدان لولا السِّــنـان

دەڵێن نوعمان بن بەشـــیر دەچێتە لای موعاویە، پێیڕادەگەیەنێ کە ســـەعید فەرمانەکەی جێ بەجێ نەکردووە، کەچی مەروان تەنیا لەســـەر ئەنســـارییەکەی جێبەجێ کردووە. موعاویەش پێیـدەڵێتەوە، کەواتە چیـت دەوێ؟ نوعمـانیش دەڵێ: دەمەوێ مەروان وا لێبکەی فەرمـانەکە لەســـەر هەردووکیـان جێبەجێ بکرێ. دەگێڕنەوە نوعمان لەو بارەیەوە ئەم بەیتەشـــیعرانەی هۆنیونەتەوە:

يا اِبــنَ أَبي سُــفيانَ ما مِثلُنا جــارَ عَـلَـيـهِ مَـلِكٌ أَو أَميـر
اِذكُـر بِـنـا مَـقــدَمَ أَفراسِـنـا بِـالحِـنو إِذ أَنتَ إِلَيــنا فَقيـر
وَاِذكُـر غَـداةَ الســاعِدِيِّ الَّذي آثَـرَكُـم بِـالأَمـرِ فـيـها بَشير
فَـاِحـذَر عَـلَيـهُم مِثـلَ بَدرٍ وَقَد مَـرَّ بِـكُـم يَـومٌ بِـبَـدرٍ عسيـر
إِنَّ اِبــنَ حَــسّـانَ لَهُ ثــائِرٌ فَـأَعـطِهِ الحَـقَّ تَـصِحُّ الصُدور
وَمِــثــلِ أَيّـامٍ لَنـــا شَـتَّـتَـت مُـلـكــاً لَكُـم أَمــرُكَ فيها صَغير
أَمـا تَـــرى الأَزدَ وَأَشــيـاعَـها تَـجـولُ خُـزراً كـاظِـمـاتٍ تَـزيـر
يَــصولُ حَــولي مِـنـهُـمُ مَـعشَـرٌ إِن صُـلتُ صـالوا وَهُمُ لِيَ نَصـير
يَـأبـــى لَنـــا الضَيـمَ فَلا يُعتَلى عِــزٌّ مَــنـيــعٌ وَعَــديـدٌ كَـثـيـر
وَعُــنـصُــرٌ فـي عِـزِّ جُـرثـومَـةٍ عـادِيَّـةٍ تَـنـفَـلُّ عَـنهـــا الصُخور

لە کۆتاییدا موعاویە فەرمانی بۆ مەروان دەکرد، ئەویش پەنجا قامچی لە برایەکەی خۆی دا، عەبدورەحمان بن حەسسانیش لە باقی پەنجا قامچییەکەی دیکەی خۆی خۆش بوو. لێ ئەوە لە مەدینەدا بڵاوبووەوە، کەوا مەروان سەد قامچی وەک حەد (قەساس/قصاص)ی کەسی ئازاد لە عەبدورەحمان داوە و پەنجا قامچییشی وەک حەدی کۆیلە لە براکەی خۆی داوە. ئەم قسەیە بە گران لەسەر عەبدورەحمانی بن حەکەم کەوت، بۆیە دەچێتە لای براکەی داوای لێدەکا سەد قامچییەکەی تەواو بکا. دواتر ئەم دوو پیاوە درێژەیان بە شیعری داشۆرین بەیەکدی دا.

دەکرێ نووسەرێک لەبارەی مێژووی سیاسی کتێبێکی قەبە لەبارەی دەمارگیرییە خێڵەکییەکەی نێوان قورەیش و ئەنسار و ئەو کاریگەرییەی لە سەردەمی بەنیئومەییدا لە ژیانی موسڵماناندا هەبوو بنووسێ، ئێمە ناشڵێین هەر لە مەدینە و مەککە و دیمەشق، بەڵکو دەڵێین لە میسر و ئەفریقیا و ئەندەلوسدا هەبووە. هەروەها دەکرێ نووسەر لە بواری مێژووی ئەدەبدا دانراوێکی سەربەخۆ لەبارەی ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییەی نێوان قورەیش و ئەنسار بنووسێ بەوەی چ باندۆرێکی لەسەر شیعری هەردوولا هەبووە، ئەو شیعرەی بۆ ئیسلامیان هۆنیوەتەوە، هەروەها لەو شیعرەش کە هەردوولا بە ناوی جاهیلییەکان هۆنیویانەتەوە و داویانەتە پاڵ شاعیرانی جاهیلی. ئەمە بەبێ ئەوەی ئەو مێژوونووسە سیاسییە یان ئەدەبییە لەو ناتەباییەی نێوان قورەیش و ئەنساردا دەربچێ،

باشـــە ئەدی چۆن ئەگەر هات و ئەو ناتەباییە پەڕییەوە بۆ هۆزەکانی دیکە! ئاخر دەمارگیرییەکە وەنەبێ هەر لە خەڵکی مەککە و مەینەدا قەتیس مابێتەوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ سەرتاپای عەرەب، ئیدی عەدنانی لە بەرانبەر یەمانی دەمارگیر بووە، موزەر (مضـــر) لەســـەر باقی عەدنان و ڕەبیعەش لە هەمبەر موزەر دەمارگیر بووە. موزەر خۆی بەســـەر خۆیدا دابەش بووبوو، بەوەی دەمـارگیریی قەیســـی و تەمیمی و قوڕەیشـی تێدا هەبوو. ڕەبیعەش بەسـەر خۆی دابەش بووبوو، دەمارگیریی تەغلب و دەمارگیریی بەکری تێدا هەبوو. دەکرێ هەمان شـــتیش لەبارەی یەمەن بڵێی، ئاخر ئەویش دەمارگیریی خێڵەکی خۆی هەبوو، حیمیەر هی خۆی هەبوو، هەروەهـا قوزاعە (قضاعة)ش هی خۆی هەبوو.

هەموو ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییانە لقوپۆپیان لێ دەبووەوە و بەملا و ئەولادا پان دەبوونەوە، بەگوێرەی بارودۆخی سـیاسـی و هەرێمایەتیی دەوروبەریشـیان شـەقڵ و شـێوەی خۆیانیان وەردەگرت. ئەوەبوو لە شـام شـەقڵی خۆی هەبوو، شـەقڵێکی دیکە لە عێراق، سـێیەمەکەیان لە خوراسـان و شـەقڵی چوارەمیشـیان لە ئەندەلوس هەبوو. خۆشـت زۆر باش ئەوە دەزانی، کە هەر ئەم دەمارگیرییەبوو، کە تەختوتاجی دەسەڵاتی بەنیئومەییەی لەناوبرد، چونکە ئەوان ڕوویان لە سـیاسـەتی پێغەمبەر وەرگێڕا، ئەو سیاسەتەی دەیەویست دەمارگیرییەکان نەهێڵێ، ئیدی ئەوان ویستیان شانازیی بە بەرەیەک لە عەرەب

لەســـــەر حیســـــــابی بەرەکەی دیکەی عەرەب بکەن. ئەوان هێزوگوڕیـان دایە دەمـارگیرییە خێڵەکییەکە، بەڵام پێیـان جڵەو نەکرا، نەوەک هەر لەدەستیان دەرچوو، بەڵکو لەدەست عەرەب و فارسیش دەرچوو.

خۆ ئەگەر ئەمە کـاریگەریی دەمـارگیری بێ لەســـــەر ژیـانی سیاسی، کە لایەکی کەمیش لە کاریگەرییەکەیت لەسەر شیعر و شـــاعیراندا بینی، ئیدی دەکرێ ئەوە بێنیتە بەرچاوی خۆت، ئەم هۆزانەی عەرەب لە چ کێشـــەمەکێشـــێکی ســـیاســـیی توندوتیژدا بوون، هەریەکەیـان لەســـــەر ئەوە مکوڕ بووە گوایە ژیـانە کۆنینەکەی خۆی لە جاهیلییدا باشترین و چاکترین پێشینە بووە، هەروەک شـــــکۆکەی لە ســـــەردەمی جاهیلیدا بەرز و بـاڵا و دوورمەودا بووە. بارودۆخیش وەهای خواست شیعری جاهیلی بفەوتێ، ئاخر عەرەب هێشتا شیعرەکانی خۆی نەدەنووسینەوە، بەڵکو ســـــینگاوســـــینگ بەدەم دەیگێڕایەوە. کاتێکیش ئەوەی لە ئیسـلامەتیدا لە شـەڕەکانی هەڵگەڕانەوە (الردة) و ئینجا لە کاتی داگیرکردن و دەسـتبەسـەرداگرتنی شـار و ناوچەکان و پاشـان ئـاژاوەکـان (الفتنـة) ڕوویـدا، ئەوە بوو ژمـارەیەکی زۆر لە گێڕەڕەوەکان و ئەوانەی دەقەکانیان لەبەر بوو، بە قورئان و فەرمـوودەی پـێـغەمـبەرەوە کـوژران. کـاتـێـکـیـش عەرەب لە ســـــەردەمی بەنی ئومەیەدا ئاســـــوودەیی و هێوربوونەوەیان بەخۆوە بینی و ژیانیان سـەقامگیر بوو، ئیدی بە شـیعرەکانیاندا چوونەوە، بینیان بەشـێکی زۆری لەناوچووە و هەر بڕێکی زۆر

کەمی لێماوەتەوە. هێشــتاش هەر پێویســتی بەو جۆرە شــیعرە بوو تا ئاگری دەمارگیرییە دامرکاوییەکەی بۆ خۆش بکاتەوە. ئەوســا شــیعریان زۆر داتاشــین و هۆنینەوە لەنێویاندا شــیعری زۆر دوور و درێژ و شــیعری ئاســایی، ئینجا ئەم شــیعرانەیان دانە پاڵ شاعیرە کۆنەکانیان.

ئەوەش شتێک نییە ئێمە گریمانەمان بۆ کردبێ، یان لە دۆخەکەدا تێمـان خوێنـدبێتەوە و هەڵمـانهێنجـابێ، بەڵکو ئەمە هەر خۆی بیرورِای نووسەرە کۆنەکان خۆیان بووە. **محەمەد بن سەلام** لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی "طبقات الشـعراء" ئەو شــتەمان پێدەڵێ. ئەو لەوەش پترمان بۆ باس دەکا، باســی ئەوەمان بۆ دەکا چۆن قورەیش لە جـاهیلییەتـدا لەچـاو هۆزەکـانی دیکەی عەرەبـدا کەمترین شــــیعری هەبووە، ئیـدی ئەمە نـاچـاری کردووە لە ســــەردەمی ئیســــلامەتیدا لەچاو هۆزەکانی دیکەی عەرەبدا زۆرترین شیعر دابتاشێ. هەر ئیبن سەلام لە زاری **یونس ئیبن حەبیب**مـان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش لە ئەبی عەمرو بن عەلاء دەیگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: هیچتـان لە شــــیعری جاهیلی بۆ نەمـاوەتەوە مەگەر بڕێکی زۆر کەم نەبێ، خۆ ئەگەر زۆرتـان هەبووایە ئەوا زانست و شیعری زۆرتان دەبوو.

هەر ئیبن ســـەلام ڕێبازێکی لە ئاماژەپێدان بۆ ســـەلماندن هەیە بەوەی زۆرینەی شیعر فەوتاوە، جێگەی خۆیەتی کورتە باسێکی بخەینەڕوو. ئەو وەهای دەبینێ کە **تەرەفە بن عەبد** و **عەبید بن ئەلئەبرەس** (عبيد بن الابرص) لە ناودارترین شـاعیرانی جاهیلی

و پێشـــکەوتووترینیان بوون. ئەو وەهای بۆ دەچێ، گێڕەرەوە ڕاســتەکان لەبارەی ئەو دوو شــاعیرە تەنیا دە شــیعرێکیان لە شـــیعری ئەوان لەبەرکردووە و پاراســـتوون. ئەو دەڵێ: خۆ ئەگەر ئەو دوو شـــاعیرە هەر ئەوەندە شـــیعرەیان گوتبێ کە ماوەتەوە و پارێزراوە، ئەوا شـــایســـتەی ئەو ناوبانگە و پێشـــکەوتنەیان نەبوون، کەواتە هەر دەبێ شـــیعری زۆریان گوتبێ، بەڵام فەوتـابێ و هەر بڕێکی زۆر کەمی لێ مـابێتەوە. زۆر سەختیش بووە بۆ گێڕەرەوەکان، یان کەسانی دیکە لەو دە شیعرە زیاتر لەو دوو شاعیرە بگێڕنەوە مەگەر بە خۆیان بۆیان زیاد کردبێ، هەروەک ئیبن سەلام دەڵێ شیعری زۆری بە ناوی ئەو کەسانە داتاشیون و داویانەتە پاڵیان.

لێ ئیبن ســـەلام هەر بەوەنـدە لێنـاگەڕێ، بەڵکو ڕەخنە لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق و ئەوانی دیکە دەگرێ، ئەو کەسانەی ژیاننامەی پێغەمبەریان گێڕاوەتەوە، **بەوەی شـــیعریان داوەتە پاڵ خەڵکی عاد و ســـەمود (ثمود) و هی دیکەش، ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم شیعرانە دروستکراو و هەڵبەستراون. ئاخر چ بەڵگەیەک لە دەقی قورئـانی ڕوونترە، کە دەیســـەلمێنێ ئەڵڵا میللەتی عـاد و ســـەمودی ســـەراوبن کردووە و کوێری کردوونەتەوە و هیچیان لێنەماوەتەوە!**

دوای کەمێکی دیکە دێینەوە ســـەر باســـوخواســـی ئەو جۆرە شـیعرەی عاد و سـەمود و غەیرە عاد و سـەمود. لێ جارێ کە ئاماژەمان بەو باســـەدا، هەر بۆ ئەوە بوو دەریبخەین چۆن

نووســـــەرە کۆنینەکانیش ڕوونیان کردووەتەوە هەروەک ئێمە ڕوونی دەکەینەوە، چۆن هەســتیان کردووە وەک ئێمە هەســتی پێدەکەین، بەوەی ئەو شـــیعرانەی دراونەتە پاڵ شـــاعیرانی جاهیلی زۆرینەیان بە هۆکاری ســـیاســـی و نا ســـیاســـی هەڵبەستراون و داتاشراون. ئەو نووسەرە کۆنینانە ئەم شتەیان ڕوونکردووەتەوە. لێ ڕێبـازی ئەوان لە ڕەخنە لە هی ئێمە لاوازتر بووە، ئاخر ئەوان دەستیان پێدەکرد، بەڵام لە مەبەستدا کورتیـان دەهێنـا. هەر لێرەوە گوتراوە گوایە ئیبن ســـەلام دەیتوانی شـتێکمان لەبارەی سـەرەتای شـیعری عەرەبییەوە بۆ بگێڕێتەوە. ئەو چەند بەیتە شـــیعرێکی گێڕاوەتەوە گوایە هی **جەزیمەی ئەبرەش** (جذيمة الابرش) بوون، ئەوانی دیکەش هی **زوهەیر بن جەنـاب** (زهير جنـاب) بوونە، ئیـدی بەم جۆرە. کەواتە تۆ ئەوە دەبینی، کە ئێمە ناتوانین ئەم شـــتە بپەژرێنین، هەروەک چۆن ئیبن سـەلام نەیتوانی شـیعرەکانی میللەتی عاد و سەمود بپەژرێنێ.

هەر چۆنێک بێ، ئەم بەندە درێژە بۆ ئەنجامێک سەردەکێشێ کە جێگەی گومـانی تێـدا نـابێتەوە، ئەویش ئەوەیە، دەمـارگیریی خێڵەکی و ئەوەی لە بەرژەوەندیی سـیاسـەت پێیەوە پەیوەسـت بووە، گرنگترین هۆکار بوون بەوەی عەرەب شیعر بهۆنێتەوە و دایبتاشـــی و بیداتە پاڵ شـــاعیرانی جاهیلی. ئەوەشـــت بینی کە پێشینەکان لەم ئەنجامەدا پێش ئێمە کەوتوون. دەمەوێ ئەوەش ببینی کە لەمەدا چ زەحمەتییەکیان بینیوە. ئاخر ئیبن ســـەلام

بۆمان باس دەکا، کەوا زانستپەروەران بەئاسانی دەتوانن ئەو شیعرە داتاشراوانە بناسنەوە کە گێڕەرەوەکان دەیدەنە پاڵ شاعیرانەوە، لێ زەحمەتییەکی زۆر لە جیاکردنەوەی ئەو شیعرانەدا دەبینین کە عەرەب خۆی هەڵیبەستبێ. ئێمە هەر لەسەر پوختەکردنەوەی ئەم ئەنجامە و تۆمارکردنی ناوەستین، بەڵکو لێیەوە ڕێسایەکی زانستی هەڵدەهێنجین، ئەویش ئەوەیە، مێژوونووسی ئەدەب لەو کاتەی شیعر دەخوێنێتەوە، ئەوی پێی دەگوترێ شیعری جاهیلی، ئەوا ناچارە گومان لە ڕاستی و دروستی شیعرەکە بکا، ئەوەش لەوکاتەی تێیدا بەهێزی و لایەنگیریی دەمارگیریی خێڵەکیی بەرەیەک بەسەر بەرەیەکی دیکەی عەرەبیدا بینی. پێویستە ئەو گومانەش لەوکاتەدا بەهێزتر و تۆکمەتر بێ، کە ئەو هۆزە یان ئەو دەمارگیرییە، کە شیعرەکە پێی هەڵدەڵێ و لایەنگیریی لێدەکا -هەروەک دەڵێن- ڕۆڵێکی لە ژیانی سیاسیی موسڵمانان بینیبێ.

# ٣

## دین و داتاشینی شیعر

وەنەبێت هەر لەم سەدانەی دواییدا، بەڵکو لە سەردەمی خۆی و لە کاتی ئومەوییەکاندا کاریگەریی هەستوسۆز و بەرژەوەندییەکانی دینی لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان کەمتر نەبووە بۆ سەر داتاشینی شیعر و دانەپاڵ جاهیلییەکان. دیارە لەژێر کاریگەریی دینییەوە ئەم بۆهەڵبەستنە و دانەپاڵە لە ڕۆژگاری خەلیفەکانی ڕاشدییەوە پەرەیسەندووە. خۆ ئەگەر کات و دەرفەتی ڕۆچوونە ئەو باسەمان هەبووایە، ئەوا خوێنەرمان بە جۆرێک لە لێکۆڵینەوە لەو بوارە خەریک دەکرد، کە لە سوود و کەڵکی زانستی و ئەدەبیی بەهادار بەدەر نەدەبوو، بەوەی مێژوویەک بۆ ئەم بۆهەڵبەستنە بە کاریگەریی دین دیاریبکەین.

ئێمە وەهای دەبینین کە بارودۆخی هەمەجۆری باڵکێش بەسەر ژیانی ئۆلییانەدا بەتایبەتی هی عەرەب و موسڵمانەکان چەندین جۆر و شێوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئاخر ئەم داتاشین و دانەپاڵە لە قۆناغێکی خۆیدا و هەندێک جار بەمەبەستی سەلماندنی ڕاستی و دروستی پێغەمبەرایەتی و ڕاستگۆیی پێغەمبەر بووە، ئەم جۆرەشیان ڕووی لە سەرتاپای خەڵکەکە بووە. ئیدی تۆ دەتوانی ئەمە لەو شیعرانەدا بدۆزیتەوە کە وەها گێڕدراوەتەوە گوایە لە سەردەمی جاهیلیدا بۆ ڕێخۆشکردن بۆ هاتنی پێغەمبەر و هەموو ئەو هەواڵ و باسوخواسانە و هەموو ئەو ئەفسانانە هاتوون تا قەناعەت بە خەڵکی ڕەشۆک بهێنن، بەوەی زاناکانی عەرەب و کاهینەکان و مالمە جووەکان و کەشیشە عیساییەکان چاوەڕێی هاتنی پێغەمبەرێکی عەرەب بوون، پێغەمبەرەکەش لە قوڕەیش یان لە مەککە پەیدا ببێ. لە کتێبی سیرەی **ئیبن هیشام** و کتێبەکانی دیکەی مێژوو و ژیاننامەدا زۆر نموونەی لەم چەشنەی تێدایە. هەروەها تۆ دەتوانی چەشنێکی دیکەی شیعری داتاشراو هەڵبهێنجێ کە دراوەتە پاڵ شاعیرە جاهیلییەکان، بەڵام وەنەبێ ئەوانە کەسی ئاسایی بووبن، واتە ئادەمیزادی جاهیلیی عەرەب، بەڵکو بە زمانی جنۆکەومنۆکە هەڵبەستراون و دراونەتە پاڵ شاعیرەکانی جاهیلی لە جنۆکە. ئیدی دەردەکەوێ وەنەبێ نەتەوەی عەرەب هەر بەتەنیا لە ئادەمەوە بن، بەڵکو لەپاڵ ئەو نەتەوە ئادەمیزادەشدا نەتەوەیەکی دیکەی عەرەب لە جنۆکە هەبووە، هاوشێوەی نەتەوەی ئادەمیزاد دەژیا و کەوتبووە ژێر هەمان کاریگەرییەکانی ڕەوتی ژیان، بەهەمان

شـــێوە هەســـت و بەرجەســـتەی خۆی و چاوەڕوانی شـــتە چاوەڕوانکراوەکانی دەکرد. ئەوانیش شـــیعریان دەهۆنییەوە، تەنانەت شـــیعرەکانیشـــیان لە هی مرۆڤ چاکتر بووە، بەڵکو شـــاعیرەکانی ئەوان بووبوونە کوانووی بەهرە بۆ شـــاعیرە ئـادەمیزادەکـان. خۆ خۆت چیرۆکی **عەبید** و **هەبید** دەزانی. هەروەهـا ئەوەش دەزانی کە ئەعراب و گێڕەرەوەکـان چۆن لە دوای ئیســـلامدا گاڵتەیان بە ناوی شـــەیتان دەکرد، گوایە بۆ شـــاعیرانی پێش پێغەمبەر و دوای پێغەمبەریش ســـروش/الهام بووە. لە قورئانیشدا سورەتێک بە ناوی سورەتی جنۆکە "سورة الجن" هەیە، تێیـدا هـاتووە کە جنۆکەکـان گوێیـان لە پێغەمبەر گرتووە، ئەو کاتەی قورئانی خوێندووەتەوە، ئیدی دڵیان نەرم بووە و باوەڕیان بە ئەڵڵا و پێغەمبەرەکەی هێناوە، ئینجا ئەوانە گەڕاونەتەوە لای میللەتەکەیان و داوایان لێکردوون، بەڵکو بێنە ســـەر دینی نوێ. هەروەها هەر ئەم ســـورەتە ئەوەشـــمان پێڕادەگەیەنێ، کە جنۆکەکان بۆ ئاســـمان هەڵکشـــاون و گوێیان قولاغ کردووە، پاشـــان دابەزیونەتەوە ســـەر زەوی، بەم جۆرە زانیاریی کەم یان زۆریان لەبارەی ڕازەکانی ئاســـمان و غەیب پەیداکردووە، کاتێکیش ڕۆژی پەیدابوونی پێغەمبەرایەتی نزیک بووەتەوە، ڕێگەی گوێهەڵخســـتنیان لێگیراوە و لە ئاســـمانەوە نێزەکباران کراون، ئیدی تا ماوەیەک هەواڵی ئاســـمان لەســـەر خەڵکی زەوی بڕاوە. هەر ئەوە بوو حەکایەتخوان و چیرۆکبێژ و گێڕەرەوەکان ئەم ســـورەتەی قورئان و هاوشـــێوەکانیان دەخوێندەوە، ئەوانەی باســـوخواســـی جنۆکەی تێدابوو، ئینجا

کەوتنەخۆ، باسکیان لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن لێ هەڵکرد، تا لەو لێکدانەوەیان هەموو ڕێبازێکیان بە بێسنووری قۆستەوە، وایان کرد جنۆکەکان شیعر و هونەری سەروا بزانن و بیڵێن، ئیدی فەرموودەی وەهایان بە زمانی پێغەمبەر هەڵبەست، کە بەگوێرەی مراز و داخوازییەکانیان پێویست بوو تا ئایەتەکانی قورئانی پێ لێکبدەنەوە و ڕاڤەی بکەن.

لەوەش سەیروسەمەرەتر خودی سیاسەت بوو، ئاخر ئەویش جنۆکەکەی وەک داردەست بەکارهێنا و لەهەمان ڕۆژگاری ئیسلامیدا وایلێکرد شیعریش بڵێ. لە بەندی پێشوودا ئاماژەمان بەوەدا، کە چ شتێک بۆ کوشتنی **سەعدی کوڕی عوبادە** سەریکێشا، ئەو پیاوە ئەنسارییەی سەری بۆ خەلافەتی قوڕەیش دانەنەواند، لە بەندەکەدا باسمان کرد، ئەوان گوتوویانە گوایە جنۆکە کوشتوویەتی. ئەوان هەر بەو قسەوباسە نەوەستان، بەڵکو شیعری وەهایان گێڕاوەتەوە گوایە جنۆکە گوتوویەتی کە چۆن شانازییان بە کوشتنی سەعدی کوڕی عوبادە کردووە:

**نحن قتلنا سيد الخزرج سعد بن عبادة**

**رميناه بسهمين فلم نخطئ فؤاده**

هەروەها جنۆکە لە لاواندنەوەی عومەری کوڕی خەتابیشدا شیعری گوتووە:

**أبعد قتيل بالمدينة أظلمت　　له الأرض تهتزّ العضاه بأسوق**

**جزى اللّه خيرا من إمام و باركت　　يد اللّه في ذاك الأديم الممزّق**

فمن يسع أو يركب جناحي نعامة ليدرك ما حاولت بالأمس يسبق
قضيت أمورا ثم غادرت بعـدها بـوائق في أكمامهـا لـم تفتّـق
و ما كنت أخشى أن تكون وفـاته بكفّي سبنتى أزرق العين مطرق

سـەیریش لەوەدایە ئەوانەی ئەم شـیعرەیان گێڕاوەتەوە بڕوایان بەوە هەبووە گوایە ئەمە شـــیعری جنۆکەکانە. ئەوان حاشـــا لەوەش دەکەن و پێشـــیان ناخۆشـــە و بە تەنزیشـــەوە دەڵێن کەسـانێک هەن ئەم شـیعرەیان بە هی شـەماخ بن زرار (الشـماخ بن ضرار) زانیوە.

دەی با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەمان، بە شێوەیەک لە شێوەکان نیشـــانمان دا چۆن شـــیعر بە ناوی دین بۆ ئادەمیزاد و جنۆکە هەڵبەسترا. نیازیش لەم داتاشینە -وەک بۆی دەچین- ڕازیکردنی پێویستییە گشتییەکان بوو، ئەوانەی دەیانەوێ لە هەموو شتێک پەرجوویەک (معجزة) هەبێ، ئەوەیان پێناخۆش نەبوو کە پێیان بگوترێ لە ئاماژەکانی ڕاســـتگۆیەتیی پێغەمبەر بەر لە وادەی ئاشـکرابوونی پەیامەکەی بە ماوەیەکی زۆریش چاوەڕێ دەکرا، واتە بەر لەوەی لەدایکیش ببێ. ئـاخـر ئەدی ئەوە نەبوو شـــەیتـانەکـانی جنۆکە و کـاهینەکـانی ئـادەمیزاد و مـالم و کەشیشەکانی موسایی و عیسایی باسیان کردبوو.

هەروەک چۆن چیرۆکبێژ و ئەوانەی شـــیعرەکانیان داتاشـــیبوو پشتیان بەو ئایەتانەی قورئان بەستبوو، ئەوانەی باسوخواسی جنۆکەیـان تێـدایە، بۆ ئەوەی ئەو شـــیعرانەی گوایە جنۆکە

نووسیویەتی لەگەڵ هەر باسوخواسێکی پەیوەست بە دین دابهێنن، هەر ئەوانیش بوون لە گێڕانەوە و داتاشینی دەنگوباس و شیعر و فەرموودە، کە بەزاری ڕاهیب و مالم و کەشیشەکانیان هەڵبەستبوو، لەمەشدا پشتیان بە قورئان بەستبوو. ئاخر قورئان باسی ئەوەمان بۆ دەکا، کە جوو و کریستیانەکان (یەهود و نەسارا) لە تەورات و ئینجیلەکەیاندا باسوخواسی پێغەمبەر بەنووسراوی دەبیننەوە. کەواتە پێویست بوو ئەو چیرۆک و ئەفسانانە دابهێنرێن، ئەوانەی چ ڕەچاوی هاتنی مژدەی پێغەمبەر بوون و داوایان لە خەڵکەکە بکردبایە تا بەرلەوەی پەیداش ببێ، باوەڕیان پێهێنابووایە.

جۆرێکی دیکە لە کاریگەریی دین بۆ بەزارهەڵبەستنی شیعر و دانەپاڵ جاهیلییەکان پەیوەندی بە گەورەکردنی شانوشکۆی پێغەمبەرەوە هەبوو، ئەمەش لەبارەی مالبات و تیرە و بنەچەکەی لەنێو قوڕەیشدا. **بە هۆکارێک لە هۆکارەکان خەڵکەکە هاتە سەر ئەو ڕایەی هەر دەبێ پێغەمبەر لە کاکڵەی بەنی هاشم بێ، بەنی هاشمیش لە کاکڵەی تیرەی عەبدولمەناف بێ، تیرەی عەبدولمەنافیش لە کاکڵەی قوڕەیش بێ، قوڕەیشیش لە کاکڵەی موزەر (مضر) بێ، موزەریش لە کاکڵەی عەدنان بێ، عەدنانیش لە کاکڵەی عەرەب و عەرەبیش لە کاکڵەی سەرجەم مرۆڤایەتی بێ. ئیدی هەولۆکۆششی چیرۆکبێژ و حەکایەتخوان سەلماندنی ئەو جۆرە کاکڵەبوونە لێبڕاردنە بێ خەوشەی مالباتی پێغەمبەر بوو، بەم جۆرە خێزانەکەیان دەدایە پاڵ عەبدوللا و**

**عەبدولموتەلیب و هاشم و عەبدولمەناف و قوسەی، بە جۆرێک باسوخواسیان بەرزدەکردنەوە و شانوشکۆیان مەزن دەکردن تا بە شێوەیەکی تایبەتی ببنە کاکڵەی بژاردەی سەر میللەتەکەیان، پاشان بەشێوەکی گشتییش بەسەر عەرەبدا.** خۆشت باش ئەوە دەزانی کە سروشتی چیرۆکگێڕانەوە لای عەرەب شیعری بەدوادا دێ، نەخاسمە ئەگەر مەبەست لەم چیرۆکانە خەڵک بەگشتی بێ.

لێرەوە هەستوسۆزی دینی و سیاسی بۆ داتاشین و دانەپاڵی شیعر دەردەکەوێ. بارودۆخ وەهای خواست خەلافەت و دەسەڵات لە قورەیش بکەوێتە دەست بەرەبابی پێغەمبەر، هەرچەندە قورەیش لەمەدا ناکۆک بوو، بۆیە جارێکیان جڵەوی دەسەڵاتەکە دەکەوێتە دەستی بەنوئومەییە، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ بەنی هاشم لە تیرەی پێغەمبەر بەپلەی دووەم. ئیدی ناکۆکی لەنێوان ئەواندا توند دەبێ، ئەمیان و ئەویان چیرۆک و حەکایەتەکان بۆ کردوکۆشی سیاسییانەیان بەکارهێنا. هەرچی لە ڕۆژگاری بەنوئومەییەدا بوو، ڕۆڵی چیرۆکبێژ و حەکایەتخوانەکان لەوەدا بوو کە شانوشکۆی ئومەییە لە سەردەمی جاهیلییدا بەدەربخەن و بەرزی بنرخێنن. لێ لە ڕۆژگاری عەباسییەکانیشدا ئیشوکاری چیرۆکبێژەکان بووە ئەوەی بە شانوباڵی شکۆی بەنی هاشم لە سەردەمی جاهیلیدا هەڵبدەن. ئەم ناکۆکییەش لەنێوان چیرۆکبێژانی هەردوو لای

سـیاسـیدا زۆر توند بوو، قووڵ بووبووەوە، بەم جۆرە فەرموودەگێڕانەوە و باسوخواس و شیعریش زۆر بوون.

وەنەبێ ئەم دۆخە هەر لە نێوان هەردوو تیرەی عەبدولمەناف بەند ببێ، بەڵکو هەر هەموو ئەرستۆکراتیەتی قورەیش چاوی لە شـکۆ و نەمرییەکە بڕیبوو، بەوەی بەشـی خۆی لە نەمریی ڕابردوودا هەبووە، هەروەک چۆن لە ژیانی هاوچەرخیاندا هەیانبووە.. کەواتە تیرە و بەرەبابی قورەیش، وێڕای ناکۆکی و جیاوازیی نێوخۆیان باسوخواس و شـیعریان دادەتاشـی و بۆ خۆیان هەڵدەبەست و چیرۆکبێژانیان دانەخۆرە دەکردن بۆ ئەوەی چیرۆک و سەربردەیان بۆ بهۆننەوە و بۆیان دابتاشن. ئەمەش هیچ بنەمایەکی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە تیرەی پێغەمبەر لە قورەیش ناوی دەرکرد و جڵەوی دەسەڵاتیشیان کەوتە بەردەست. دەی تۆش سەیرێکی ئەو هاوکاری و هاوسۆزییە دینی و سیاسییە بۆ هۆنینەوە و داتاشینی شیعر لە هەردوو ڕۆژگاری بەنوئومەییە و بەنی عەباسدا بکە.

پێویستیش ناکا نموونەت بۆ بهێنمەوە. ئاخر هەر خۆت دەتوانی سەیری ژیاننامەی پێغەمبەر هی سیرەی ئیبن هیشام و کتێبی دیکەی گێڕانەوەی ژیاننامە(سیرە) و مێژوو بکەی، تا لەو بارەیەوە شتی زۆرت بۆ دەربکەوێ. لێ لێرەدا تەنیا یەک نموونەت بۆ دەهێنمەوە، بەهۆیەوە ڕوون دەبێتەوە کە تیرە و بەرەبابی قورەیش چۆن هانی داتاشـینی شـیعریان داوە بۆ ئەوەی هەر بنەماڵەیەکی دەسەڵات کێبڕکێی ئەوی دیکەی پێبکا،

ئەوسا ئومەوی بێ یان هاشمی. ئەو چیرۆکەی دەیگێڕمەوە تایبەتە بە تیرەی بەنی مەخزوم لە قورەیش. ئەم نموونەیە بەڵگەیەکی ڕاستودروست و بەهێزت لەسەر پەرۆشی و سووربوونی قورەیش بۆ هۆنینەوە و بۆ داتاشینی شیعر نیشان دەدا، تێیدا باکیان بە ڕووقایمیی خۆشیان نەبووە و نە ڕاستگۆیی و نە دینیشی تێدا ڕەچاوکراوە.

ماخۆی کتێبی ئەلئەغانی بە پشتڕاستکردنەوەی لە **عەبدولعەزیز بن ئەبی نەهشەل** (عبدالعزيز بن ابى نهشل) دەگێڕێتەوە، ئەبوبەکر بن عەبدوڕەحمان ئیبن ئەلحارس بن هشام گوتی چوومە لای هاوڕێکەم داوای چاکەیەکی لێبکەم: خاڵۆ، ئەمە چوارهەزار درهەمە، لەباتی ئەوە، هەر ئەوەندەم بۆ بکە، ئەم چوار بەیتە شیعرەم بۆ بڵێن، بەڵام بڵێ کە ئەم شیعرانەم لە حەسسان بیستوون و ئەویش لەبەردەم پێغەمبەردا گوتوویەتی. منیش گوتم ئەستەغفروڵڵا من بوختان بە خودا و پێغەمبەرەکەی بکەم، لێ ئەگەر بخوازی دەڵێم ئەو بەیتە شیعرانەم لە **عائیشە** بیستوون، ئەویش گوتی نەخێر، نابێ، هەر دەبێ بڵێی ئەم بەیتانە هی حەسسانن و بۆ پێغەمبەری گوتوون لە مەجلیسی ئەویشدا گوتوویەتی، ئەو ڕەتی کردەوە و منیش ڕەتم کردەوە، هەر لەبەر ئەوە چەندین شەو بوو قسەمان بەیەکەوە نەکردن. پاشان بەدوایدا ناردم و گوتی چەند بەیتە شیعرێک لە پەسندانی هیشام -واتە ئیبن ئەلموغەیرە- و بەنوئومەییەدا بهۆنەوە، منیش

گوتم ناوەکانم بدەرێ، ئەویش گوتی وای لێبکە لە عکاز (عکاظ) گوترابن و باوکیشت گوتبێتی.

منیش گوتم:

أَلا لِلَّهِ قَومٌ و     لِدَت أُختُ بَني سَهمِ
هِشامٌ وَأَبو عَبدِ     مُنافٍ مِدرَهُ الخَصمِ
وَذو الرُمحَينِ أَشباكَ     عَلى القُوَّةِ وَالحَزمِ
فَهَذانِ يَذودانِ     وَذا مِن كَثَبٍ يَرمي
أُسودٌ تَزدَهي الأَقرا     نَ مُنّاعونَ لِلهَضمِ
وَهُم يَومَ عُكاظٍ مَ     نَعوا الناسَ مِنَ الهَزمِ
وَهُم مَن وَلَدوا أَشبوا     بِسِرِّ الحَسَبِ الضَخمِ
فَإِن أَحلّف وَبَيتِ اللَ     هِ لا أَحلِفُ عَن إِثمِ
لَما مِن إِخوَةٍ بَينَ     قُصورِ الشَأمِ وَالرَدمِ
بِأَزكى مِن بَني رَيطَ     ةٍ أَو أَوزنَ في الحِلمِ

گوتی: پاشان هاتم و گوتم: ئەمە باوکم گوتوویەتی، ئەویش گوتی نەخێر، بەڵکو **ئیبن ئەلزەبعەری** (ابن الزبعري) گوتوویەتی، گوتی ئیدی ئەم شیعرە لای خەڵک تا ئێستاش هەر بە ناوی ئیبن ئەلزەبعەری ناسراوە.

دەی کەواتە سەیری عەبدوڕەحمان بن حارس بن هیشام بکە، چۆن ویستوویەتی هاوڕێکەی درۆ بکا و شیعرەکە دابتاشێ و بیداتە پاڵ حەسسان، هەر بەوەندەش لێنەگەڕاوە، بەڵکو وەهای

بڵاوکردووەتەوە گوایە گوێی لە حەسسان بووە ئەم شیعرەی لەبەردەستی پێغەمبەردا خوێندووەتەوە، هەموو ئەو شتەش بۆ چوار هەزار درهەم، لێ بابای شاعیر حەزی نەکردووە درۆ بە ناوی پێغەمبەرەوە بکا، بەڵام بەخۆی ڕەوا بینیوە درۆ بە زاری عائیشەوە بکا. عەبدوڕەحمانیش ڕازی نابێ، بەڵکو هەر دەبێ درۆ بە زمانی پێغەمبەرەوە بکا، بۆیە بەینیان تێکدەچێ. هەردووکیشیان پێویستیان بە ئەوی دیکە هەبووە، ئەمیان شیعری بە ناوی شاعیرێکی ناسراو دەویست، ئەویشیان بەدوای پارەدا دەگەڕا، پاشان هەردووکیان ڕێکدەکەون بەوەی شیعرەکە بەزاری عەبدوللا بن ئەلزەبعەریی، شاعیرەکەی قورەیشەوە هەڵبەستن. نموونەی ئەمەش زۆروزەوەندە.

چەشنێکی دیکە لە مەبەستی داتاشین و دانەپاڵی شیعر، کە چیرۆککگێڕەرەوەکان پەنایان بۆ بردووە، بۆ ئەوە بووە تا ڕاڤەی دەقی نووسراوی قورئانی پێبکەن، ئەو دەقانەی لەبارەی نەتەوە فەنابووەکانی عاد و سەمودەوە بوون. ئیدی گێڕەرەوەکان (فەرمووودەگێرەڕەوەکان) شیعری زۆریان بەم جۆرە زیادکردووە. هەر ئەوەندەشمان بەسە، کە ئیبن سەلام لە کتێبەکەی خۆی (طبقات الشعراء)دا ڕەخنەی گرتووە و شیکردووتەوە، سەلماندوویەتی ئەو جۆرە شیعر و هاوشێوەکانیان ئەوانەی دراونەتە پاڵ توببەع و حیمیەر، دانراون و دراونەتەپاڵیان، ئەو شیعرانە **ئیبن ئیسحاق** و ئەوانی دیکە لە چیرۆکهەڵبەستەکان دایانتاشیوە و داویانەتە پاڵ ئەوان.

ئاخر ئیبن ئیسحاق و چیرۆکبێژەکانی دیکە هەر بەتەنیا بە شیعر هۆنینەوە و دانەپاڵ نەوەستاون بەوەی ئەم شیعرانەیان داونەتە پاڵ میللەتی عاد و سەمود و توببەع و حیمیەر بەڵکو پێیان لێهەڵبڕیوە شیعریان بەزاری خودی ئادەمیش هەڵبەستووە، ئەوان دەڵێن گوایە ئادەم لە لاواندنەوەی هابیلدا، کاتێک بە دەستی قابیلی برای دەکوژرێ، شیعرەکەی هۆنیەوەتەوە. پێمان وایە درێژدادڕی و مایەی هەراسانییە ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم جۆرە پڕوپووچییە بڕۆین.

جۆرێکی دیکەی باندۆری دین بۆ داتاشینی شیعر ئەوەیە؛ لەکاتی پەیدابوونی ژیانی زانستیی لای عەرەب هاتۆتەکایە، ئەمەشیان لە دوای ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان دروست بوو. ئیدی ئەوان یان خەڵکی مەوالی بندەست ویستیان قورئان بەشێوەی ڕێساکانی زمانەوانی بخوێننەوە و لێی تیبگەن و ڕاستیودروستی بێژە و واتای وشەکانی لێکبدەنەوە و بیسەلمێنن. بەم شێوەیە بەهەر هۆیەک بێ هەستیان کرد پێویستییان بەوەیە بیسەلمێنن، کە قورئان کتێبێکی عەرەبییە و ڕێک و دروست لەگەڵ بێژەی عەرەبی دێتەوە، بەم جۆرە بۆ هەر وشەیەکی قورئان دەبووایە بۆ پشتڕاستکردنەوە ئاماژە بە بەیتە شیعرێکی عەرەبی بکەن تا بیسەلمێنن ئەو وشانەی لە قورئاندا هاتوون عەرەبین و هیچ گومانیان لەسەر نییە. دەکرێ تۆش بە ئاسانی هاوڕام بی لەوەی دەتوانین هەروەک لە کتێبی یەکەمدا پێشکەشم کردووە،

بە زەحمەتییەکی زۆرەوە دەتوانین لەو هەموو شـــیعرەی کە فەرموودەبێژان و ڕاڤەکارانی قورئان بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی بێژە و واتای قورئان هێناویانەتەوە دڵنیابین و بیســـەلمێنین. ئیدی خۆت ڕاوبۆچوونی ئێمەت لەبارەی چیرۆکی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس و نافعی بن ئەلئەزرەق زانی، پێویســـتیش ناکا لێرە دووپاتەی بکەینەوە. لێ ئێمە شتێکی دیکەی دەخەینەسەر، ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەو بڕوایەداین خۆ ئەگەر دەقێکی عەرەبی هەبێ هیچ گومانی لەسەر نەبێ و باشترین بەڵگەی سەرچاوەی زمانی عەرەبی بێ، ئەوا قورئانە. ئیدی بە دەقی ئایەتەکانی قورئان و بێژەکانی پێویســـتە ئەوە پشـــتڕاســـت بکەینەوە ئاخۆ شیعرەکە وەک ناوی لێدەنێن شیعری جاهیلی دروستە یان نا، نەوەک دەقەکانی قورئان بەو جۆرە شیعرانە پشتڕاستبکرێتەوە.

لەوەش تێناگەم ئاخۆ چۆن زانایەکی سەنگین گومان لە عەرەبیی قورئان و سەقامگیربوونی بێژە و شێواز و هۆنینەوەی عەرەبی سەردەمی پێغەمبەر لە بێژە و هۆنینەوە و ڕێکخستنەکەی دەکا! لێ پرســـێکی دیکە هەیە، کە زانایان و ماخۆیانی لێکدانەوە لە مەوالییەکان بە شێوەیەکی تایبەت زۆرجار لەســـەر تێگەیشتنی قورئان و لێکدانەوەی دەقەکانی نەگەیشتوونەتە یەک، ئەوە بوو لە ڕووی ڕاڤە و لێکدانەوە ناکۆکییان کەوتە نێوانیان. هەر لەو ناکۆکییە و دەمەقاڵێیەشـــدا ناکۆکیی دیکە لەنێوان فەقیهـــــــ و شەرعزانەکان پەیدابوو.

لێرەوە جۆرێکی نوێ لە کاریگەریی دین لەسەر داتاشینی شیعرەوە هەیە. ئەم ناکۆکییانەی نێوان زاناکان بایی خۆی کاریگەریی لەسەر پێگەی زاناکە و ناوبانگ و ڕاوبۆچوونی خەڵک پێی و متمانەی میر و خەلیفەکان بە زانستەکەیدا هەبوو. هەربۆیە ئەو زانایانە سوور بوون لەسەر ئەوەی بەردەوام بە شێوەی سەرکەوتوو لە ناکۆکییەکانیان دەربکەون، بەوەی ڕاوبۆچوونی ئەوان بە لای ڕاستی و هەق دایە. هەر شتێکیش بۆ گەواهیدان لەوەی پێشتر واتە بەر لە هاتنی قورئان لەسەر زمانی عەرەبدا هەبووە! ئیدی لە هێنانەوەی ئەو گەواهییانەدا شوولێان لێهەڵکێشا، ئەوەبوو لە هەموو شتێکدا نموونەیان بە شیعرێکی جاهیلی هێناوەتەوە، بەم جۆرە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی و زمانەوانی و کتێبەکانی ڕاڤەکردنی قورئان و وتارەکان باندۆرێکی وەها بەهێزیان لەسەر خوێنەر پەیدا دەکرد دەکەوتە بن باری وێنەی سەیروسەمەرەی شیعری عەرەبی جاهیلی، وای لێهات خەیاڵت بۆ ئەوە بچێ، هەر یەکێ لەو زانایانە بە جیاوازی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە لەبارەی ڕشتەیەک لە زانستی و زانیاریی بەردەستی، ئەوا بۆی هەبوو بە ئاسانی ئەگەر پێویست بووبا دەست بۆ ئەوەی هەیە لە قسە و ئاخاوتنی عەرەبی بەر لە ئیسلام ببا تا ڕاوبۆچوونەکەی پێ پشتڕاست بکاتەوە، هەروەک ئەوەی قسە و وتەی عەرەبی بەر لە ئیسلام هەموو شتێکی گرتبووەخۆ و داناییەکی بێسنووریان هەبووبێ. ئەمەو لە کاتێکدا هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە جاهیلییەکان ئەوانەی لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەیەک یان

شـــیعرێکیان گوتووە، کەسـانی نەفام و زبر و دڵبەرد بوون. تۆ بڵێی ئەو کەسە نەفام و دڵڕەقانە بە نەفامی و نەزانی و دڵزبری و دڵڕەقیی خۆیان بووبنە گەواهیدەر و پشـــتڕاســـتکەرەوەی شارستانێتیی عەباسییەکان لە زانست و ئەدەب و هونەر! ئاخر موعتەزیلەش هەر بە شـیعری جاهیلی ڕێبازەکەیان دەسـەلمێنن. کەســـانێک کە موعتەزیلەش نەبوون، وتـارنووســـەکان کە دادەبەزینە ســـەر موعتەزیلەکان و وەڵامیان دەدانەوە، ئەوانیش هەر پشتیان بە شیعری جاهیلی دەبەست. من لەوە زیاتر نابینم کە تـۆش هەروەک لە بەرانـبەر ئەو پـاژەی هەنـدێـک لە موعتەزیلەکان گێڕاویانەتەوە پێبکەنی، ئەو بەشـــەی گوایە بۆ چەســپاندنی ئەوەی کەوا کورســـیی خوا کە بەقەد ئاســـمان و زەوی بەرفراوانە زانستەکەیەتی، ئیدی ئەم پاژەش لە شاعیرێک (هەڵبەت شـاعیرێکی نەناسـراو) وەرگیراوە کە گوتوویەتی: "ولا بكرسي علم الله مخلوق".

خەڵکی زانستخواز بێ ژمار درۆیان بە زمانی خەڵکی جاهیلییەوە کردوە و بە درۆ شـتیان لێدەرهێناون. ئەم شـتەش هەر بەتەنیا بە پیاوانی ئـایینی و خودان لێکدانەوە و وتـار و زمـانپـاراو و ئەدیبەکـان بەنـد نەبووە، بەڵکو لەوانیشـــی تێپەڕانـدووە تـا گەیشـــتووەتە کەســـانێکی دیکە لەوانەی دەمیان لە زانســـت وەرداوە، جا هەر بابەتێکیان هاتبێتەپێش تاوتوێیان کردووە.

بە هەر هۆیەک بێ لە ســـەردەمی عەباســـییەکاندا داهێنان لای خەڵک ئەوە بووە، هەموو شـــتێک بۆ عەرەب بگەڕێندرێتەوە

تەنانەت ئەو شـــتانەی خەڵکی بندەســـتی وەک فارس و ڕۆم و ئەوانیـدیکەش دایـانهێنـابێ. کـار بە شـــێوەیەک بووە ئیـدی هەڵبەستنی شیعر بە زمانی شاعیرانی جاهیلی بێڕادە و سنوور بووە. خۆ ئەگەر تۆ بڕوانیتە کتێبی (الحیوان)ی جاحز (جاحظ)، ئەوا لەو داتاشـــینە ئەوەندەی حەز بکەی و قەناعەتی پێبکەی دەدۆزیەوە.

لێ من لێرەدا نـامەوێ لە کـاریگەریی هەســـت و ســـۆز و بەرژەوەندییە دینییەکان بۆ داتاشین و دانەپاڵی شیعر بە خەڵکی جاهیلی دووربکەومەوە. ئاخر چەندین جۆری لەم کاریگەرییەمان بینی، لێ هێشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە مەزنترین هونەر لە ڕووی دژواری و جێهێشـتنی شـوێنەواری و بەهێزترین و توندترینیان، کە گەمەی بە عەقڵی کەسـانی کۆن و نوێ کردووە، ئەویش ئەو چەشـنەیە کاتێک مشـتومڕ و دەمەتەقێ لەنێوان موسـڵمانان و شوێنکەوتووانی میللەتانی دیکە، نەخاسمە جوو و کریستیانەکان پەیـدابووەوە. ئەو مشـــتومڕ و دەمەقـاڵێیەی لە ســـەردەمی پێغەمبەردا بەهێز و گوڕ بوو، پـاشـــان دوای ســـەرکەوتنی پێغەمبەر بەســـەر جوو و بتپەرەســـتەکانی عەرەبســـتاندا هێور بووەوە، لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینیش نەما یان خەریک بوو ئەو مشتومڕە لەبەین بچێ، چونکە بڕیار لە سەردەمی ئەو خەلیفانەدا بۆ بەڵگەوبەند و بۆ زمان و دەمەتەقێ نەبوو، بەڵکو بۆ شـمشـێر بوو، ئەو شـمشـێرەی تەختوتاراجی فارسـیان لەنـاوبرد و بەشـــێکی زۆریـان لە دەوڵەتی ڕۆم لە شـــام و

فەلەستین و میسر و بەشێکیش لە باکووری ئەفریقایان بۆ خۆیان دابڕی. بۆیە کاتێک ئەو داگیریکارییە کۆتاییهات و عەرەب لە شارەکاندا جێگیربوون و هۆکاری پەیوەندی لەنێوان ئەوان و خەڵکی بندەستی کریستیانی و ناکریستیانی پەیدابووەوە، ئیدی ئەو جۆرە مشتومڕە و دەمەقاڵێیە سەریهەڵدایەوە و شێوە و شەقڵێکی خەبات و تێکۆشانی لەخۆگرت لەوەی شتێکی دیکە بێ. مشتومڕ و دەمەتەقێکەران ڕێبازگەلێکی وەهایان گرتەبەر لە سەیروسەمەرە بەدەر نەبوو، بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین.

هەرچی موسڵمانەکان بوون دەیانەویست بیسەلمێنن، کە ئیسلام لە عەرەبستاندا و بەر لە هاتنی پێغەمبەریشدا پێشینەی هەبووە، هەروەها پوختەی دینی ئیسلامی و کاکڵەکەی، ئەو کاکڵەی دینی ڕەوایە کە خودا بۆ پێغەمبەرانی پێشتری ناردووە. ئیدی سەیر نەبوو کە بەر لە ئیسلام میللەتێک هەبووبێ و لەسەر دینی ئیسلام بوون و ئەو دینەشیان لەو کتێبە ئاسمانییانە وەرگرتبێ کە پێش قورئان بە سروش دابەزیبوون. قورئانیش باسی ئەو کتێبانەمان بۆ دەکا، قورئان ناوی تەورات و ئینجیل دەهێنێ، لەسەر ئەوە مشتومڕ و دەمەتەقێ لەگەڵ جووەکان و کریستیانەکان دەکا. هەروەها قورئان ناوی کتێبی دیکەش، بەدەر لە تەورات و ئینجیل دەهێنێ کە سیپارە/پەڕاوەکانی ئیبراهیم (صحف ابراهیم)ە. ناوی دینی دیکە، کە جوو و کرسیتیانی نەبوون دەهێنێ، ئەویش میللەتی ئیبراهیمە، ئەو

شــتەیە کە پێی دەڵێن حەنەفییەت کە تا ئێســتا نەمانتوانیوە واتا ڕاســتودروســتەکەی بزانین. خۆ ئەگەر گەلی جوو دەســتیان بە دینــی خــۆیــانەوە گــرتــبێ و لــێکــیــان دابــێتەوە، هەروەهــا کریســـتیانەکانیش دەســتیان بە ئۆلی خۆیانەوە گرتبێ و لێکیان دابێتەوە، ئەوا هەڵوێســتی قورئان لەمیان و ئەویان هەڵوێســتی ئەوە بووە کە ئەوەی باســیان کردوە بە ڕاســتی نەزانێ، ئیدی تانەی لە ڕاستودروستی ئەو تەورات و ئینجیلەی بەردەستیان داوە و بە دەســـــتکــاری و گۆڕین تــاوانبــاری کردوون، هیچ کەســـێکیش میللەتی ئیبراهیمی لەســـەر خۆ پاوان نەکردووە و هەروەها لافوگەزافی ئەوەشی لێنەداوە کە هەر خۆی لێکیبداتەوە، ئیدی موسڵمانەکان ئەوەیان لەخۆگرت، بەوەی پوختەی ئیسلام بۆ ئۆلی ئیبراهیم دەگەڕێتەوە، ئیبراهیمیش لە هەردوو دینی جوولەکە و کریستیانی کۆنترین و پاکترینە.

لە نێو عەرەبدا لەگەڵ ســـەرهەڵدانی ئیســـلام و دواتریش ئەو بیرۆکەیە باوبوو، کەوا ئیسلام دینی ئیبراهیمی نوێکردووەتەوە. هەر لێرەشـــەوە بڕوایــان وەهــابووە، کە دینی ئیبراهیم لە ڕۆژگــاری خۆیــدا دینی عەرەب بووە، پــاشـــــان گومڕاکــان خەڵکەکەیان لاڕێ کردووە تا بابدەنەوە سەر بتپەرستی. پاشان هیچ لە دینی ئیبراهیم نەماوەتەوە لە چەند کەســـێکی کەم نەبێ کە ناوبەناو لێرە و لەوێ دەردەکەوتن. قســـە و گفتاری ئەو کەســـانە لەوەی ئیســـلام دەچوو. لێکدانەوەی ئەمەش شـــتێکی ئاسان بوو، ئاخر خۆ ئەوان شوێنکەوتەی ئیبراهیم بوون، گوایە

دینی ئیبراهیمیش ئیسلامێتی بووە. ڕاڤەکردنی ئەم شتەش لەڕووی زانستیەوە دیسان ئاسانە، چونکە قسە و گفتاری ئەو خەڵکە وەها لە دوای ئیسلامەتی بۆیان دانراوە و هەڵبەستراوە، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی ئەوە دەربخەن گوایە دەیسەلمێنن کە ئیسلامەتی لە عەرەبستاندا کۆن و دێرینە. ئیدی بەم جۆرە دەتوانی هەموو ئەو باسوخواس و شیعر و فەرموودانەی دراونەتە پاڵ جاهیلییەکان، ئەوەی لەنێوان ئەو قسە و گوتانەی ئەوان و ئەوەی لە قورئاندا هاتووە، بەوەی لەیەکچوونێکی نیمچە بەهێز یان لاوازیان لەنێواندایە، هەر هەموویان داتاشتراون.

لێرەوە دەگەینە پرسێک کە توێژەران لەبارەی مێژووی قورئانەوە لە فەرەنسییەکان و بە شێوەیەکی تایبەتیش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان پێیگەیشتوون، ئەویش باندۆری سەرچاوە عەرەبییە پاکوبێگەردەکانە بەسەر قورئان. ئەو لێکۆڵەرەوانە وەهای دەبینن، کە قورئان بە جوولەکەیەتی و کریستیانێتی و ڕێبازەکانی دیکە، ئەوانەی لە عەرەبستان و دەوروبەری باوبووە، کارانگاز بووە. لێ ئەوان ویستیان سەرچاوەیەکی پاکوبێگەردی عەرەبیش بۆ ئەم سەرچاوانە سەربار بکەن، بۆ ئەم دەراوەش لە شیعری عەرەبی جاهیلیی گەڕان، بەتایبەتی ئەوانەی پشتیان پێدەبەست. ئەوە بوو مامۆستا (کلیمان هوار) لە وتارێکی درێژ لە گۆڤاری ئاسیایی ساڵی ١٨٠٤دا ئەوەی نووسی گوایە گەیشتووەتە شتێکی بەهادار و سەرچاوەیەکی

نویٚ لە سەرچاوەکانی قورئانی دۆزیوەتەوە، ئەو شتە بەهادارە و ئەو چاوگە نوێیەش شیعری ئومەی ئیبن ئەبی سەڵت (أمية ابن ابی الصلت) بوو. مامۆستا (هوار) درێژەی بەو لێکۆڵینەوەی خۆی داو و بەراوردێکی لەنێوان ئەو شیعرەی دراوەتە ئومەیە ئیبن ئەبی سەڵت و ئایەتەکانی قورئان کرد و لە ئەنجامیشدا بەراوردکارییەکەی گەیشتووەتە دوو ئەنجام:

(**یەکەمیان**) ئەو شیعرەی دراوەتە پاڵ **ئومەیە ئیبن ئەبی سەڵت** ڕاستوردوستە، چونکە جیاوازیی لە نێوان شیعرەکەی ئومەیە بن ئەبی سەڵت و قورئاندا هەیە، ئەویش ئەوەی لە قورئان لەبارەی وەردەکاری چیرۆکەکان دا هاتووە، ئاخر ئەگەر شیعرەکان داتاشراو بوونایە و ئەوا بە تەواوی لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ڕێک دەهاتنەوە و جیاوازییان نەدەبوو. خۆ ئەگەر ئەو شیعرە ڕاستودروست بێ، ئەوا بەڕای مامۆستا (هوار) پێویست بوو پێغەمبەر کەم یان زۆر لە هۆنینەوەی قورئاندا پەنای بۆ بردبێ.

(**دووەم**) ڕاستی و دروستی ئەو شیعرانە و پەنابردنەبەری لە لایەن پێغەمبەروە بۆ هۆنینەوەی قورئان وای لە موسڵمانەکان کرد دژایەتیی شیعری ئومەیە بن ئەبی سەڵت بکەن و بیسڕنەوە تا هەر قورئان بەتەنیا بمێنێتەوە، ئەوسا ئەو قسەیە دروست بێ، کە دەگوترێ پێغەمبەر قورئانەکەی بە سروش لە ئاسمان بۆ دابەزیوە. ئیدی بەم جۆرە مامۆستا **هوار** تیوانیویەتی یان وایزانیوە کە توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە شیعری جاهیلی

ڕاســتودروســت هەیە، هەروەها هەر ئەو شــیعری جاهیلییەش کاریگەریی بەســـەر قورئانەوە هەبووە. هەرچەندە من یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر سەرسامم بە مامۆستا **هوار** و چەندانێک لە هاوڕێ ڕۆژهەڵاتناســەکانی، بەوەی لە لێکۆڵینەوەی زانســتی بەهادار لە مێژووی ئەدەبی عەرەبی و لەسـۆنگەی ئەو ڕێبازەی گرتبوویانەبەر زۆر جار گەیشـتوونەتە ئەنجامی زانسـتی، بەڵام من ناتوانم ئەو بەندەی نووســینەکەی بخوێنمەوە کە ئاماژەمان پێدا، بێ ئەوەی ســـەیرم بەوە نەیە کە چۆن هەندێک جار زاناکانیش دەکەونە هەڵوێســتگەلێک کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە و زانســتەوە نییە. لێرەدا ئەوە بۆ من بایەخی نییە ئاخۆ قورئان بە شـــیعری ئومەییە کارانگاز بووە یان نا، چونکە من خۆ مێژووی قورئان نانووسمەوە، هەروەها بەرگریشی لێ ناکەم و خۆشم لە قەرەی سروش و ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە نادەم، هەروەهــا بە پەیوەنــدیی نێوان قورئــان و ئەوەی جوو و کرستییانەکان باسوخواسیان لێدەکرد. هەموو ئەم شتانە ئێستا بۆ من گرنگ نین، بەڵکو ئەو شـــتەی بۆ من گرنگە، شـــیعری ئومەیە بن ئەبی سەڵت و هاوشێوەکانییەتی لە شاعیرانی دیکە.

ئەوەی ســەیرە لە کاروباری ئەو ڕۆژهەڵاتناســانە ئەوەیە، هەر ئەوان و لەو بـابەتە و بـابەتە هـاوشــــێوەکـانـدا گومـانیـان لە ڕاسـتودروسـتی ژیاننامە(سـیرە)ی پێغەمبەر هەیە و ئەوان ئەو گومانەیان گەیاندووەتە ڕاددەی لاملی و نەســــەلماندن، ئەوان وەهای نابینین کە ژیاننامەی پێغەمبەر ســەرچاوەیەکی ڕاســتی

مێژوویی بێ، بەڵکو ئەمە لای ئەوان هەروەک لای هەموو زانایان ئەوەیە: دەســـتەیەک لە باســـوخواس و فەرموودەکان پێویســـتیان بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانســـتیی ورد هەیە تا ڕاســـتییەکەی لە هەڵبەســـتراوەکەی جیابکرێتەوە. ئەوان ئەم هەڵوێســـەتە زانســـتییەیان لە بارەی ژیاننامەی پێغەمبەر هەیە و لەو هەڵوەستەشیان زێدەڕەوییان کردووە، کەچی ئەوان لەسەر شـیعری **ئومەییە بن ئەبی ســەڵت** ڕادەوەســتن و هەڵوێســتێکی ڕاستودروســت و متمانەی لەئاســتدا دەردەبڕن، ئەمە و لەکاتێدا دەنگوباســـی ئومەیە ئەوەندە ڕاســـت و دروســـت نییە وەک باســـوخواســـی ژیاننامەی پێغەمبەر. کەواتە ئەدی نهێنی ئەو متمانە ســـەیرە لەبارەی دەنگوباســـێک بۆ دەنگوباســـێکی دیکە چییە؟ تۆ بڵێی خودی ڕۆژهەڵاتنـاســـەکـانیش لە پرســـی دەمـارگیرییەوە دووربن، ئەو دەمـارگیرییەی وەک تۆمەتێـک دەیدەنە پاڵ لێکۆڵەرەوەکانی ســـەر بەو دینانە؟ هەرچی منم نە ڕۆژهەڵاتناســـم و نە لە پیاوانی ئاینییشـــم. لێ دەمەوێ لێرەدا هەمان هەڵوێســتی زانســتی لەبارەی شــیعری ئومەییە بن ئەبی سەڵت بنوێنم، کە لەبارەی هەموو شاعیرەکانی جاهیلیدا نواندم. پێشـــم وایە شـــیعری ئومەییە بن ئەبی ســـەڵت هەر لە ڕێی گێڕانەوە و لەبەرکردنەوە پێمانگەیشـــتووە تا هەمان ئەو گومانە لە ڕاســـتی و دروســـتی بێنمە زمان، هەروەک چۆن لەبارەی ڕاســتیودروســتی شــیعری ئیمریئولقەیس و ئەلئەشـعا و زوهەیر هێنامە زمان، هەرچەندە لە لایەن پێغەمبەرەوە هەمان هەڵوێستی کە بۆ ئومەیە بن ئەبی سەڵت هەبوو، بۆ ئەوانی دیکە نەبوو.

هەر ئەم هەڵوێستە خۆی وام لێدەکا گومانی تەواو لە شیعری ئومەییەی بن ئەبی سەڵت بکەم، ئاخر ئومەیە لە دژی پێغەمبەردا وەستایەوە: بە شیعر یارانی پێغەمبەری داشۆری و لایەنی دژەکانی گرت و کوژراوەکانی قورەیشی لە جەنگی بەدردا لاواندەوە. هەر ئەمەش بەتەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی گێڕانەوەی شیعرەکانی ئەو قەدەغە بکرێ، ئیدی شیعرەکەی بفەوتێ هەروەک چۆن بەشێکی زۆر لە شیعری بتپەرستی ئەوەی بە داشۆرین باسی پێغەمبەر و یارانی کردبوو فەوتا و لەناوچوو، ئەمەش لەوکاتەی کە ناکۆکییەکی توند لەنێوان ئەوان و دژەکانیان لە عەرەبی بتپەرست و جووەکاندا هەبوو. ئەوەش هیچی ڕێی تێناچێ پێغەمبەر فەرمانی بە نەگێڕانەوەی شیعری ئومەییە کردبێ تا بەتەنیا بە تاکەسوار لە مەیدانی زانست و سروش (الوحي) و خەبەر و باسی غەیب بمێنێتەوە. ئاخر خۆ شیعری ئومەییە بن ئەبی سەڵت هیچ شتێکی وەهای تێدانەبوو هەروەک شاعیرانی دیکەی هاوچەرخی بوو، بۆیە نەیدەتوانی بەرانبەری قورئان ببێتەوە، هەروەک چۆن شیعری دیکەش نەیدەتوانی ئەم کارە بکا. ئێ خۆ زانیاریی ئومەییە بن ئەبی سەڵتیش لە کاروباری دین هەروەک زانیاریی مالمەکانی جوو و کەشیشەکانی کریستیانی بوو. پێغەمبەریش لە بەرانبەریان مەحکەمانە لەسەر پێی خۆی وەستا و توانی جارێک بە بەڵگەوبەند تاوێکیش بە شمشێر بەسەر عەقڵی عەرەبدا زاڵ ببێ. ئیدی کاروباری پێغەمبەر لەگەڵ ئومەیەی بن ئەبی سەڵت هەروەک کاروباری ئەو بوو لەگەڵ زۆر لە شاعیرانی دیکە،

ئەوانەی هەجوویان کرد و ئەوانەی دژی وەســـتانەوە خەڵکیان لەدژ هاندا.

لێرەوە دەکرێ لەوە تێبگەی کە لە پێغەمبەر ئەوە گێڕدراوەتەوە، گوایە پێغەمبەر شـتێکی لە شـیعری ئومەیە خوێندۆتەوە، لایەنی دینی و حەنەفییەتی تێـدا بووە، ئینجـا گوتوویەتی "بە زمـان بـاوەڕی هێنـاوە و بە دڵیش کـافر." بە زمـان بـاوەڕدار بووە، چونکە بانگەوازی بۆ هەمان ئەو شتە دەکرد کە پێغەمبەر بانگی بۆ ڕادەدێرا، بە دڵیش کافر بوو، چونکە لایەنگریی بێ بڕوایانی دەکرد بۆ مـاخۆی ئەو دینەی کە بە زمـان داوای دەکرد. ئیدی کـاروبـاری ئەو هەروەک کـاروبـاری ئەو جووانە بوو، ئەوانەی پشـــتگیریی پێغەمبەریـان دەکرد و هـاموشـــۆیـان دەکرد، تـا ئەوکاتەی لە پەرەســەندنی دەســەڵاتە ســیاســی و ئابووری و دینییەکەی ترســـان، ئینجا لێیهەڵگەڕانەوە و بـایـاندایەوە لای بێبڕواکانی قورەیش.

شــیعری ئومەییە بن ئەبی ســەڵت لە شــیعری ئەو عەرەبانەی بووبوونە حەنەفی و کریســـتیـانی و جوو جیـاوازتر نەبوو. ناشکرێ موسڵمانان بە مەبەست شیعرەکەی ئەویان فەوتاندبێ، مەگەر ئەوەی داشـــۆرینی بۆ پێغەمبەر و یارەکانی تێدابێ و بەخراپ نـاوی هێنـابن. ئەوە بوو موســـڵمـانەکـان هەر هەمـان ڕێبازی خۆیان لە هەمبەر شـیعری دیکەش گرتە بەر، پشـتگوێ خران تا نەمان و فەوتان.

لێ لە شـــیعری ئومەییە بن ئەبی ســـەڵتدا خەبەروباســـی وەها هاتووە، کە لە قورئانیشدا هاتووە وەک باسوخواسی **سەمود** و **ساڵح** و وشترەکە و **سەیحە** (الصيحة). مامۆستا **هوار** وەهای بۆچووە، ئەو باســوخواســەی لە شــیعری ئومەییەی بن ئەبی سەڵتدا هاتووە هەندێ لەوەی لە قورئاندا هاتووە جیاوازە، گوایە لە لایەکەوە ئەمە بەڵگەیە بۆ سـەر ڕاسـتی و دروسـتی هەبوونی شـیعرەکە، لە سـەرێکی دیکەشـەوە پێغەمبەر باسـوخواسـەکەی لەو وەرگرتووە و دایڕشتۆتەوە.

منیش بەهای ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە نازانم. ئاخر کێ دەڵێ کە ئەو باســـوخواســـەی لە قورئاندا هاتووە، هەر هەمووی بەر لەوەی قورئان باسـی بکا، نەزانراو بووە؟ ئاخر کێ هەیە حاشـا لەوە بکـا کە زۆر لەو چیرۆکـانی نێو قورئـان لای جوو و کریســـتیانی و هەندێکیشـــیان لای خودی عەرەبەکان نەزانراو بوونە؟ ئیدی بۆ پێغەمبەریش ئاسان بووە بیانزانێ، هەروەها بۆ غەیری پێغەمبەریش ئاســـان بووە لە ڕێی میللەتانی خاوەک کتێبەوە بیانزانێ. ئێ خۆ پێغەمبەر و ئومەییە بن ئەبی سـەڵتیش هاوچەرخ بوون. ئیدی نە پێغەمبەر ئەو شـــتانەی لە ئومەییە وەرگرتووە نە ئومەییەش لە پێغەمبەری وەرگرتوون. هەروەها کێ دەتوانێ بڵێ ئەو کەســـەی شـــیعر بۆ مەبەســـتی لاسـاییکردنەوەی قورئان بهۆنێتەوە و بۆی هەڵبەسـتێ پێویسـتە لەسـەری وەها بکا شـیعرەکەی لەگەڵ دەقی قورئاندا بگونجێنێ؟ ئایا ڕێی تێناچێ هەندێ جیاوازی لەنێوانیان پەیدا بکا تا بتوانێ

داتاشـــینەکەی پەردەپۆش بکا و وەهمێکی وەها دروســـت بکا بەوەی شـــیعرەکەی ڕاســـتودروســـتە و هیچ دەســـتکاری و زۆرلەخۆکردنی پێوە دیار نییە؟ بەڵێ!

ئێمە بڕوامان وایە ئەو شـــیعرەی دراوەتە پاڵ ئومەییە بن ئەبی ســـەلت و ئەوانی دیکە لە ئەوانەی بوونەتە حەنەفی، ئەوانەی هـاوچەرخی پێغەمبەر بوونە یـان لەدوای ئەودا هـاتوون، بە تەواوی هەڵبەسترا و و داتاشراون. موسڵمانەکان دایانتاشیوە - هەروەک پێشـتریش باسـمان کرد- بۆ ئەوەی بیسـەلمێنن، کە ئیسـلامەتیی پێشـینە و بەرایییەکی لە عەرەبسـتاندا هەبووە. لێرەوە ناتوانین ئەو شـیعرانەی دراونەتە پاڵ ئەو شـاعیرانە هەروەها ئەوانەی دراونەتە پاڵ حەنەفییەکان پەسـەند بکەین مەگەر بە جۆرێک لە خۆپارێزی و گومانێکی زۆر نەبێ.

ئەمە کاروباری موسڵمانان بووە. هەرچی غەیرە موسڵمانیش لە ماخۆیانی دینەکانی دیکەوە بێ، ئەوانیش سـەیریان کردووە ئاخۆ ئەوانیش لە ژیانی نەتەوەی عەرەبی بەر لە ئیسـلام و لە کۆندا شتیان هەبووە و جێدەستیان دیار بووە. هەر بە ڕاستیش جوو بەشـێکی زۆریان لە وڵاتی حیجاز لە مەدینە و دەوروبەر بوون و ڕێگەی شـامیان لەبەر دەسـتدا بووە و کردبوویانە نشینگەی خۆیان. هەر بەڕاستیش جووایەتی لە حیجاز تێپەڕیوە و بۆ یەمەن پەڕیوەتەوە. وا دیـارە مـاوەیەک لای خـانەدان و دەمڕاستانی یەمەن جێگیر بووە، ئیدی بە شێوەیەک لە شێوەکان کـاریگەریی بەسـەر ئەو نـاکۆکییەی نێوان خەڵکی یەمەن و

حەبەشــەدا هەبووە، کە دیارە حەبەشــییەکان کریســتیان بوون. هەر بەڕاســــتیش جووایەتی بەدوای چەوســــاندنەوەی کریســــتیانەکانی نەجرانەوە بوون، هەروەک چۆن قورئان لە سورەتی (ئەلبروج)دا ناوی هێناوە.

هەموو ئەم شــتە ڕاســتییە و گومانی تێدا نییە. هەمووشــی لە باســوخواس و ئەفســانەکانی عەرەبدا دیارە، بە شــێوەیەکی تایبەتیش لە قورئاندا دیارە، ئاخر باسوخواسی جوو لە سورەت و ئایەتەکانی قورئانــدا کەم نین. خۆشــــت ئەوە دەزانی چ ناکۆکییەک لە نێوان پێغەمبەر و جوودا هەبووە تا کار بەوە گەیشــت لە ڕۆژانی عومەری کوڕی خەتابدا عەرەبەســتانیان پێ چۆڵ بکرێ. هەر بەڕاســــتیش جووەکــان بوبوونە عەرەب، ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبیش بووبوونە جوو. گومانیشــم لەوەدا نییە، ئەو تێکەڵاوییەی نێوان جووەکان و ئەوس و خەزرەج وای لەو دوو هۆزە کردبێ ئامادەیان بۆ قبووڵکردنی دینە نوێیەکە تێدا بێ و پشتگیریی ماخۆکەی بکەن.

ئەمە لەبارەی جووەکان، هەرچی کریســـتیانەکانیش بوون، ئەوا دینەکەیان بە شێوەیەکی بەهێز و بەربڵاو لە هەندێ لە ناوچەی وڵاتی عەرەبدا بڵاوبووەوە، لەدوای شــــام، غەســــاســــینەکان ملکەچی ڕۆمەکان بوون و لە عێراقیش مەنازیرەکان ملکەچی دەسەڵاتی فارسەکان بوون، لە نەجران و لە وڵاتی یەمەنیشەوە کە بە حەبەشەوە پەیوەست بوون، کریستیانی بوون.

دیارە هۆزەکانی عەرەب لە سـارانشـینەکان بەر لە ئیسـلام بە ڕۆژگارێکی جیاواز لە کورت و درێژییەوە، چوونەتە سـەر دینی کریسـتیانی. ئاخر ئێمە دەزانین تەغلب کریسـتیانی بووە و هەر خۆشی پرسێکی لە پرسەکانی فیقهی وروژاند. ئاخر ڕێساکە بۆ عەرەب ئەوەبوو، یان موسـڵمان ببێ یان شـمشـێر، هەرچی جزیەش بوو لە خەڵکی غەیرە عەرەب دەسـتێنرا، لێ تەغلب بە جزیە قایل بوو، هەروەک فەقیهەکانیش دەڵێن، عومەریش پێی قایل بوو.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کریسـتیانێتیش هاوشـێوەی جووایەتی چووبووە نێو قووڵایی عەرەبسـتـان و نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە. گومانی گەورەش ئەوەیە، ئەگەر هاتبا و ئیسلامێتی پەیدا نەبووبایە، ئەوا عەرەب دەچووە سـەر یەکێ لەم دوو دینانە، لێ نەتەوەی عەرەب میزاجێکی تایبەتی خۆی هەبوو، کە بۆ هەردوو دینەکان ڕاسـتەڕێ نەبوو، پاشـان بەدوای دینە نوێیەکە کەوت، کە کەمترین شت لەسـەر ئەوە بگوترێ ئەوەیە، ئەم دینە بە شـێوەیەکی سـروسـتی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب بەتەواوی گونجا.

هەرچۆنێـک بێ، شـتێکی ڕێتێچوو نییە ئەم دوو دینە لە عەرەبسـتاندا بڵاوبووبنەوە و هیچ باندۆرێکیان بەسـەر شـیعری عەرەبی بەر لە ئیسـلامدا جێنەهێشـتبێ. خۆشـت ئەوەت بینی چۆن دەمـارگیریی خێڵەکیی عەرەبـایەتی وای لە عەرەب کرد شیعر دابتاشن و بیدەنە پاڵ هۆزەکانی جاهیلییان، ئەمەش دوای

ئەوەی شـــیعری ئەو هۆزانە فەوتابوون. هەمان شـــتیش لەگەڵ جوو و کریســـتیانەکان هەر ڕاســـتە: ئەوانیش لەســـەر باب و باپیرانی ســـــەردەمی جاهیلییان دەمارگیر بوون، ڕازی نەبوون بەوەی ئەوانیش هەروەک بتپەرستان شیعریان نەبووبێ، ڕازی نەبوون بەوەی ئەوانیش شـــان و شـــکۆ و نەبەردییان نەبووبێ هەروەک هـاوتـایەکـانیـان، هەر بۆیە ئەوانیش شـــیعریـان بۆ شاعیرانی کۆنی خۆیان داتاشی، کۆمەڵێک شیعریان هەڵبەست و دایانە پاڵ **سەموئەل بن عەدی** و **عوەدی بن زەید** و شاعیرەکانی دیکە لە کریستیانی و جوو.

هەر گێڕەرەوەکان خۆیان هەســـتیان بە شـــتێکی وەها کردبوو، ئاخر بینیان ئەو شیعرەی دراوەتە پاڵ **عەدی بن زەید** ئاسان و ســـــووک و ڕەوانە و لەگەڵ ســـــەردەمی جـاهیلیدا نـاگونجێ، ئەمەشـــــیان وەهـا لێکدایەوە گوایە پەیوەندی بە هەرێم و بە لەیەکنزیکی لە فارس و ژیانی شـــارســـتانەوە هەبووە هەر وەک چۆن خەڵکی حیرەی شارستان وەهایان بەکاردەهێنا.

ئێمەش هەمـان ئـاســـــانی لە شـــــیعری جووەکـانـدا دەبینین، بەتایبەتیش لە شیعری **سەموئەل**. ناشتوانیین هەمان لێکدانەوەی شـــــیعـری **عەدی** بـۆ بـکەیـن. ئـاخـر **ســـــەمـوئەل** -ئەگەر خەبەروباســـەکان ڕاســـت بن- ژیانێکی ڕەق و زبر ژیاوە، زیاتر لە ژیانی ســارانشــین نزیک بووە لەوەی شــارســتان بێ. ماخۆی کتێبی (الاغـاني) بۆمـان بـاس دەکـا، کە کوڕەکـانی ســـــەموئەل شیعرێکی قافیەدارییان داتاشیوە و داویانەتە پاڵ ئیمریئوئلقەیس،

گوایە ئیمریئولقەیس کاتێ لەڕێی چوونی بۆ کوستەنتیپول چەکەکەی لەلا داناوە، پەسنی داوە و مەدحی کردووە. ئێمەش ئەوە بەڕاست دەزانین کە کوڕەکانی سەموئەل ئەو قەسیدە ڕائییەیان داناوە و دراوەتە پاڵ ئەلئەعشا، تێیدا لە چیرۆکی ناوداری خۆی لەگەڵ کەلبیدا باس دەکا کە چۆن پەسنی شورەحبیلی کوڕی سەموئەل دەکا.

لێرەدا تۆ ئەوە دەبینی، کە هەستوسۆزی دینی بە جیاوازییەکان و فرەمەبەستیەوە هەروەک هەستوسۆزی سیاسی، کاریگەریی بەسەر داتاشینی شیعرەوە هەبووە، ئەو شیعرانەی دراونەتە پاڵ شاعیرانی جاهیلی.

خۆ ئەگەر هەر بەڕاست لە وەرگرتنی شیعر ئەوەی دەرخەری کاریگەریی مەیلی سیاسییە داودۆز[١٦]بین، ئەوا هەقیشە لە قبوڵکردنی ئەو شیعرەی دەرخەری مەیلی دینییە هەر داودۆز بین.

گەورەترین گومانیش بۆ ئەو شیعرەی کە پێیدەگوترێ جاهیلی ئەوەیە، لەنێوان سیاسەت و دیندا دابەش بووە، بەشێکی بەملادا شکاوەتەوە بەشەکەی دیکە بەو لادا.

---

[١٦] داودۆز: بەو کەوە دە گوترێ کە شوێنی داوەکان دەزانێ و لێیان دەدا و بە داوەکەوە نابێ، واتە مەعلان و لێزان.

لێ هۆکارەکانی داتاشینی شیعر وەنەبێ هەر لەسەر سیاسەت و دین قەتیس بووبێ، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ شتگەلی دیکەش.

## ٤

# چیرۆک و داتاشینی شیعر

لەو هۆکارانەدا یەکێک هەیە نە دینییە و نە سیاسەت، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزی بە دین و سیاسەتەوە هەیە، مەبەستمان لەو چیرۆکانەیە کە لە پێشدا زیاتر لە جارێک ئاماژەمان بۆ کردوون.

چیرۆک بەخۆی نە سیاسەتە و نە دینیشە، بەڵکو هونەرێکە لە هونەرەکانی ئەدەبی عەرەبی، پێگەیەکی مامناوەندی لەنێوان ئەدەبی تایبەتی و ئەدەبی میللی گرتووە. ئاوێنەی جۆرێک لە جۆرەکانی ژیانی دڵودەروونی موسڵمانانیش بووە. ئەم هونەرە لە سەردەمی ئەدەبی عەرەبی باڵا (ڕاقی) گەشەی کرد، لە ڕۆژگاری بەنوئومەییە و سەرەتای ڕۆژگاری بەنی عەباسدا، تا ئەوکاتەی جووڵانەوەی نووسینەوە و دەقنووسکردن هاتەکایە،

ئیدی کتێب بڵاوبوونەوە و خەڵک خۆشـــییان لێ بینی و توانیان دەستیان پێ بگات بێ ئەوەی پێویست بکات بچنە دانیشتنی ئەو چیرۆکخوانـانە، لێ ئەم هونەرە خەریـک بوو دەپووکـایەوە و وردە وردە ســـیفەتی ئەدەبیی باڵای لەســـەر لاکەوت تا کاڵ بووەوە و خەڵک دەستبەرداری بوو.

ئەم هونەرە ئەدەبییە ژیانی عەرەبی و ئیسـلامی لە گۆشـەنیگای خەیـاڵەوە گرتەخۆ، کـاتی خۆی لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی ڕێزی شـایسـتەی خۆیانی پێنەدا، من لەوەدا مامۆسـتا **مسـتەفا سـادق ئەلرافعی** هەڵاوێرد دەکەم، چونکە ئەو پەی بە ئەگەری کاریگەریی چیرۆک لەسەر چۆنیەتیی بۆهەڵبەستن و هۆنینەوەی شـیعر و دانەپاڵ شـاعیرە کۆنەکانی هەبوو، هەروەها پەی بە شـتە بەهادارەکانی دیکە برد و زانیارییەکی باشـی لەبارەوە پەیـداکردبوو و لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی "مێژووی ئەدەبیی عەرەبی"دا بڵاویکردەوە. ئێمە دەڵێین ئەم ئەدەبە بە شـێوەیەکی خەیاڵی تەواوەوە ژیانی عەرەبی و ئیسلامی تاوتوێکردووە. لەو بڕوایەشـداین، ئەوانەی لە مێژووی ئەدەبیی عەرەبی دەکۆڵنەوە، ئەگەر هاتبا و بایەخێکی زانستیی ڕاستودروستیان بەو هونەرە دابوایە، ئەوا دەگەیشتنە ئەنجامی بەهادار و دەکرا ڕاوبۆچوونیان لەبارەی مێژووی ئەدەب بگۆڕن. خۆ ئەگەر هۆکارەکان، ئەوانەی بوونەتە مـایەی ســـەرهەڵـدانی چـیرۆک (حەکـایەت) لای موسـڵمانەکان هەرچیەک بن، ئەوا ئەم هونەرە پەیدا بوو، لەگەڵ

پەیدابوونیشـــیدا پێگەیەکی لای موســـڵمانەکان پەیداکرد، هەمان ئەو پێگەیەی شیعری چیرۆکئامێز لای یۆنانییە کۆنەکان هەیبوو.

گومـانیشـــمـان لەوەدا نییە، ئەو چیرۆکخوانە موســـڵمـانـانە شـــوێنەوارێکی چیرۆکئامێزی وەهایان بۆ بەجێهێشـــتووین، لە جوانی و ڕەوانبێژیدا خۆی لە قەرەی "ئەلیادە" و "ئۆدیســە" دەدا. هەموو ئەو جیاوازییەی لە نێوان چیرۆکی ئیسلامی و یۆنانیشدا هەیە، ئەوەیە یەکەمەکەیان بە شـیعر نەبووە بەڵکو پەخشـان و ناوبەناو بە شـــیعر ڕازێنراوەتەوە، کەچی هی دووەم هەمووی هەر بە شیعر بووە، ئەوەی یەکەمیان وەنەبێ بابای چیرۆکخوان لەســەر هەوا و نەزمی مۆســیقا خوێندبێتیەوە یان چیرۆکەکەی خۆی گێڕابێتەوە، کەچی چیرۆکخوانی یۆنـانی لە گێڕانەوەدا پشـــتی بە ئامێرەکانی موزیک بەســـتبوو، هی یەکەمیان لای موســـڵمانەکان ئەو بایەخەی پێنەدرا وەک ئەوەی لای یۆنان، لەکاتێکدا یۆنان "ئەلیادە" و "ئۆدیسە"ی دەپەرست و بایەخیان بە کۆکردنەوە و ڕێکخســـتن و گێڕانەوە و بڵاوکردنەوەی دەدا، هەروەک چۆن موسڵمانەکان ئەو بایەخەیان بە قورئان دەدا، لێ لەبری ئەوەی موسڵمانەکان سەرقاڵی ئەو چیرۆک و حەکایەتانە بن، ئەوان خەریکی قورئان و زانستەکانی بوون.

هەر بە ڕاستیش لە سەردەمەکانی سەرەتای ئیسلامدا، ئەدەبی عەرەبی لەپێناوی ئەدەبدا نەدەخوێندرا و نە لێی دەکۆڵدرایەوە، بەڵکو وەک ئـامرازێـک بۆ ڕاڤەکردنی قورئـان و لێکـدانەوە و لێهەڵێنجانی حوکمەکانی ســـەیر دەکرا. هەموو ئەمەش نزیکتر

بوو لە سەنگینی و جدی بوون، هەر بۆیە تا ئەوپەڕی خەیاڵ بڕ بکا ئەم چیرۆکانە بۆی ڕۆیشـــتن و بەم جۆرە لە دڵودەروونی گەل نزیـک بوونەوە، ئـاخر چیرۆک بووبووە دەربڕی مەیـل و هەوەس و پەند و نموونەی باڵای خۆی. شـــتێکی ســـەیریش نەبوو کەســـانێکی جدی لە موســـڵمانان لە چیرۆکەکان دوور بکەونەوە.

حەکایەتخوانەکان لە مزگەوتی شـــارە گەورەکاندا ڕوویان لە خەڵـک دەکرد و بـاســـوخواســـی کۆنینەی عەرەب و بێگـانە (عەجەم) و لەگەڵ ئەو شـتانەی پەیوەندییان بە پێشـینییەکان و پێغەمبەرایەتیشـــەوە هەبوو بۆ دەگێڕانەوە، ئەوان لەســـەر قسەوباسەکانی خۆیان لەبارەی ڕاڤەکردنی قورئان و فەرموودە و گێڕانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەران و داگیرکاری و پەلاماردان دەڕۆیشـتن و جڵەویان بۆ خەیاڵی خۆیان بەتەواوی شـل دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی زانست و ڕاستگۆیی دەیوەستاندن. خەڵکەکەش حەزیان لە چارەی ئەو حەکایەتخوانانە دەکرد و بە تاســـەوە گوێیان لێدەگرتن. زۆری پێنەچوو خەلیفە و میرەکانیش بەهای ئەو گێڕانەوە نوێیەیـان لە ڕووی ســـیـاســـی و دینییەوە بۆ دەرکەوت، ئیدی گرتیانە خۆ و بەکاریان هێنا و بەباشـــترین شێوەش بۆ خۆیان قۆستەوە، بەم چەشنە چیرۆک و حەکایەتیش هەروەک شیعر بووە ئامرازێکی سیاسی.

گومانی تێدانییە بایەخدان بە لێکۆڵینە لەو هونەرەدا بۆ هەمان ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە شـــیعر ســـەردەکێشـــێ، بەوەی لایەنە

(حیزبە) سیاسییەکان بە جیاوازییەکانیانەوە ئەو حەکایەتخوانانەیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا تا بانگەوازی ئەوان لە نێوان چینەکانی گەلدا بڵاوبکەنەوە، هەروەک چۆن شاعیرەکانیان بەکارهێنان بۆ داکۆکیکردن لە ڕاوبۆچوونی خۆیان و پەسندان و بەشانوباڵهەڵدانی سەردار و مەزنەکانیان. خۆ ئێمە ئەوە دەزانین کە ژیاننامەی ئیبن ئیسحاق مەیل و هەواداریێتیی هاشمییانەی هەبوو، ئەو لە ئاخروئۆخری دەسەڵاتی ئومەوییەکانەوە چ دەردەسەرییەکی بینی، لێ کاتی عەباسییەکان جێگەیان گرتنەوە و لە سەرەتای حوکمڕانی ئەواندا پێگەیەکی باشی لای ئەوان دەستکەوت.

لێکۆڵینەوەی قووڵ لە ژیانی ئەو چیرۆکخوانانە، ئەوانەی چیرۆکەکانیان لە بەسرا و کوفە و مەککە و مەدینەدا دەگێڕانەوە، بێ سێو دوو ئەوەمان بۆ دەردەخا کە چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو چیرۆکخوانانە و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا هەبووە.

لێ وەنەبێ چیرۆکەکان هەر بەتەنیا بە سیاسەتەوە کارانگاز بووبن، بەڵکو بە دینیش کارانگاز بوون. لە بەندی ڕابردوودا چەند نموونەیەکمان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە هێنابووەوە.

چیرۆکەکان بە شتێکی دیکەش بەدەر لە سیاسەت و دین کاریگەر بوون، ئەویش بە گیانی گەل، ئەوی لەبارەیەوە دەیگێڕایەوە. لێرەوە بایەخێکی تەواوی بە ئەفسانە و پەرجووەکان و شتی و سەمەرە دابوو. لێرەوە کردوکۆشی بۆ

ڕاڤەکردنی ئەو ئەفسانانە و تەواوکردنی کەموکورتییەکان و ڕوونکردنەوەی شتە نارۆشنەکان بوو. ئیدی ئێمە دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکانە هێز و دەرامەتی خۆیان لە سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووە، گرنگترینیشیان چواریان بوون:

**(یەکەم)** سەرچاوە عەرەبییەکە قورئان بوو، لەگەڵ هەموو ئەوەی پەیوەندیی پێوە هەبوو لە فەرموودە و گێڕانەوەکان، هەروەها ئەوەی عەرەب لە باسوخواس و ئەفسانەی شارەکانی دەگێڕایەوە و ئەوەی لە شیعریشەوە دەگێڕدرایەوە، لەگەڵ ئەوەی فەرموودەگێڕەوەکان لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر و خەلیفەکان و هێرش و پەلامار و داگیرگارییەکانیان (فتوحاتیان) دەگێڕایەوە.

**(دووەم)** سەرچاوەیەکی جووایەتی ... کریستیانی، ئەوەش ئەوە بوو کە ئەو چیرۆکخوانانە لە میللەتانی خاوەن کتێب لەبارەی باسوخواسی پێغەمبەران و ڕاهیبەکان و ئەوانەی پەیوەندییان بەو شتانە هەبوو دەگێڕایەوە، لێرەدا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە کاریگەریی کریستیانی و جوو هەبووە، ئەوانەی بوونە موسڵمان و فەرموودەیان دارشت و ئەوسا چ بە دڵسۆزی بێ یان لە نادڵسۆزییەوە بێ دزەیان پێکردووە.

**(سێیەم)** سەرچاوەی فارسی، ئەوەی چیرۆکخوانان لە عێراق بەتایبەتیش فارسەکان لەوەی پەیوەندی بە باسوخواس و ئەفسانە و باسوخواسی هیند و ئەفسانەکانیان دەگێڕایەوە.

پاشان سەرچاوەی (**چوارەم**)، سەرچاوەیەکی تێکەڵە بوو، کە نوێنەرایەتیی دڵودەروونی گشتیی غەیرەعەرەبی لە خەڵکی عێراق و جەزیرە و شام و نەبەتی و سریانی و هەموو ئەوانەی لەو وڵات و ئەم شار و ئەو شاردا تێکەڵاویان بووبوون، ئەوانەی سەردار و سەروەر نەبوون و قەوارەیەکی سیاسیشیان نەبوو.

هەموو ئەم سەرچاوانە بۆ چیرۆکنووس کانیاو بوون. ئیدی لە چیرۆکەکانی ئەواندا چەندین ڕەنگی جۆربەجۆر لە هونەری قسە و پەیڤین هەبوو، دەکرا زانای لێکۆڵەر لەبەر پشێوی و زێدەڕۆیی خەیاڵ تییدا سەرسام نەبووبا، بەڵام جوانییەکی نازداری ئەدەبی و هونەری تێدا بوو، هەموو ئەو کەسانەی بۆ خۆ ڕادەکێشا، ئەوانەی بە گوێرەی فرەگەلی و نەتەوەیی و مەیل و نیازی جیاجیان هەبوو. بە شێوەیەکی تایبەتیش سەرنجی ئەو کەسانەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، ئەوانەی تێدەکۆشان جیاوازیی دڵودەروونی گەلان و نەتەوەکان بدۆزنەوە ئەوانەی دەبوونە سروش بۆ ئەو چیرۆکخوانانە.

هەرچۆنێک بێ، ئەو هەموو سەرچاوانە وایان لە چیرۆکبێژان دەکرد زمانیان بۆ خەڵکی شار و گوێگرەکانیان بگەڕێ و ئەوانیش گوێی لێبگرن. خۆشت باش ئەوە دەزانی، چیرۆکی عەرەبی هیچ بەها و سەنگینییەکی لە بەر گوێی گوێگرەکەی نەدەبوو گەر هاتبا و ناوبەناو بە شیعر نەیڕازاندبایەوە. خۆ ئەوەندە بەسە سەیری حەکایەتی عەنتەرە و هاوشێوەکانی لە

"هەزار و یەکشــەوە" بکەی، لێرەدا بۆت دەردەکەوێ کە چیرۆک ناتوانێ دەستبەرداری شیعر ببێ، هەر هەڵوێستێکی گرنگ یان مەترســـیداری نێو ئەم چیرۆکانە بۆ چیرۆکخوان و گوێگرانی ڕاست نەدەهاتەوە، یان خۆش نەدەکەوت گەر برِێک لە شیعری تێنەئاخنیبا، بەڵکو بۆی ببێتە کۆڵەگە و ڕاگر. کەواتە چیرۆکخوانەکانی ڕۆژگاری بەنیئومەییە و بەنیعەباس پێویستیان بە ڕادەیەکی زۆری شیعر هەبوو تا چیرۆکەکانیان پێ برازێننەوە و پشتگیریی هەڵوێستی جیاجیای پاڵەوانەکانی خۆیانیان پێبکەن. ئیدی ئەوانیش ئەوەی حەزیان لێبا و لێنەبا لەو شیعرانەدا دەیاندۆزیەوە.

گومانیشم لەوەدا نییە ئەم چیرۆکخوانانە هەر بە سەربەخۆیی چیرۆک و ئەوەی پێویست بووایە لە شیعر بە تەنیا دایان نەدەنا، بەڵکو هانایان بۆ کەسانی دیکە دەبرد، ئەوانەی سەربردە و فەرموودە و باسوخواسیان بۆ دەهێنان، کەسانی دیکەش هەبوون قەسیدەی شیعرییان بۆ دەهۆنینەوە، ئەوانیش بە دەوری خۆیان تێهەڵکێشی چیرۆکەکانیان دەکردن. ئاخر دەقێکمان لەبەردەستدایە، وامان لێدەکا ئەو مەزندەیە بکەین؛ ئیبن سەلام بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ئیبن ئیسحاق لە گێڕانەوە و شیعردا پۆزشی دەهێنایەوە و دەیگوت: من هیچ لە شیعر نازانم، تەنیا ئەوەندەیە بۆم دەهێنن و منیش چیرۆکەکانمی پێ بارگاوی دەکەم. ئاخر کەسانێک هەبوون شیعریان بۆ دەبرد و ئەویش

تێهەڵکێشــی دەکرد و لەنێو چیرۆکەکاندا باریدەکرد. تۆ بڵێی ئەو کەسانە کێ بووبن؟

ئەرێ بۆمـان ڕەوا نییە ئەوە بێنینە بەرچـاومـان کە ئەم جۆرە چیرۆکخوانانە هەر بەتەنیا قســـەیان بۆ خەڵک نەدەکرد، بەڵکو هەر یەکێک لەوان سەرپەرشتی دەستەیەکی دەکرد، دەستەیەکی کەمیش نەبوون، کە پێکهاتبوون لە گێڕەرەوە و باسـوخواسـهێن و ڕێکخەر و هۆنەر، تا ئەو کاتەی شـتەکانی ئەو کەسـانەیان لێ خۆشهاتبا، ئەوا وەریان دەگرت و شـەقڵی خۆیان لێدەدا و گیانی خۆیـان بەبەردا دەکرد و بە گوێی خەڵکیـان دادەدا و بڵاویـان دەکردنەوە. نموونەی ئەوانەش هەروەک نموونەی چیرکنووسی بەناوبانگی فەرەنسی **ئەلێکساندەر دومای** گەورە بوو. ئاخر خۆ مرۆ لەو هەموو شـیعرەی لەنێو چیرۆکاندا ئاخنراوە سـەرسـام دەبێ و دۆش دادەمێنێ. هەر بۆ نموونە لە سیرەی ئیبن هیشامدا بە تەنیـا چەنـدین دیوانەشـــیعر لەبـارەی غەزوەی بەدر هۆنراونەتەوە، هەندێکیشـــیان لەبارەی غەزوەی ئوحدەوەیە. هەنـدێکی دیکەش هـی غەیری بەدر و ئوحودە، لەبـارەی هەڵوێسـت و پێشـهاتی دیکەوەیە، هەموو ئەمانەش دراونەتە پاڵ شـــاعیران و ئەوانەی شـــاعیریش نەبوون لە کەســـانی ناودار، هەنـدێکی دراونەتە پـاڵ هەمزە و هەنـدێکیشـــی پـاڵ **عەلی**، بەشـێکیشـی دراونەتە پاڵ حەسـسـان، بڕێکیشـی پاڵ **کەعبی بن مالک**، هەروەها بەشـێکیشـی دراونەتەپاڵ شـاعیرانی قوڕەیش، دراونەتە پاڵ کەســـانێک لە قوڕەیش کە هەرگیز شـــاعیریش

نەبوون، هەروەها بەهەمان شێوە دراونەتە پاڵ غەیرە قورەیشییەکانیش، واتە بەزاری ئەو کەسە ناوبراوانە هەڵبەستراون. خۆ هەر سیرەی ئیبن هیشام نییە کە پڕ بێ لەو جۆرە شیعرانە، کە جارێک درابێتە پاڵ جاهیلییەکان و جارێکیش درابێتە پاڵ دەوراندیدەکان (المخضرمين).[١٧]

زۆروزەوەندیی ئەو شیعرانەش لە دەراوە شیعرییەکانی شارە جیاوازەکانی سەردەمی بەنوئومەییە و بەنوعەباس هاتوون، هۆکارێک بوون بۆ ڕایەک دیارە کۆنەکان بڕوایان پێی هەبووە، لێ زۆر لە لێکۆڵەرەوە نوێیەکان کەمتر قەناعەتیان پێی هەیە، ئەویش ئەوەیە گوایە نەتەوەی عەرەب هەمووی هەر شاعیرە و هەموو عەرەبێک بە سروشت و سەلیقەی خۆی شاعیرە، خۆ بەسیەتی خەم و پەرۆشی بۆ ئەولایە بڕوا، ئیدی بەلایدا دەڕوا و تێدا شۆڕدەبێتەوە. نووسەرە کۆنەکان بڕوایان وەها بووە، هێشتاش لە نووسەرە نوێیەکان بڕوایەکی وەهایان هەیە. ئیدی پاکانەی ئەمان و ئەوان بۆ ئەو زۆریوبۆرییە ناماقووڵیەیە کە دراوەتە پاڵ کەسانی ناسراو و نەناسراویش، سارانشین و شارنشین. لێ هەرچی زانا و توێژەرانیان توانیویانە برێکی کەم یان زۆر لەو شیعرانە ڕەتبکەنەوە و بەوەی قبووڵی بکەن، یاخود لێی دڵنیابن. لێ دوایی بە لابردن و فڕێدان و ڕەخنە و تێڕوانین و لەبێژینگدانیش، هێشتا ژمارەیەکی زۆروزەوەند

[١٧] مەبەست لە دەوراندیدە ئەو کەسانەن کە هەردوو سەردەمی جاهیلی و ئیسلامییان بینیوە. وەرگێڕ.

دەدرێتە پاڵ کەسانێک، تێیاندا هەیە ناسراوە هەشە نەناسراوە، تێیاندا هەیە سارانشینە و هەشیانە شارستان. کەواتە چی لەوە ئاسانترە بڕوا بەوە بهێندرێ، گوایە عەرەب خۆڕسکانە شاعیرە، هەر ئەوەندە بەسەیەتی پیاوێک عەرەب بێ تا بە کەیفی خۆی شیعر بڵێ.

لێ ڕایەکی وەها لەگەڵ سروشتی شتەکان تێکناکاتەوە. ئێمە دەکرێ باوەڕ بەوە بهێنین کە بەختی نەتەوەکان لە شیعرگوتندا جیاوازە و وەک یەک نییە، هەندێکیان لە هەندێکیان شاعیرترن، هەندێکیان شاعیریان لەوانی دیکە پترن. لێ ناتوانین لەوە تێبگەین کە سەرلەبەری نەوەیەک لە خەڵکەکە شاعیر بن، یان نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بە ژن و پیاو، منداڵ و گەنج و پیریەوە، واتە بەخڕییەوە هەر شاعیر بن. دەقی کۆنینەمان لەبەردەست دایە ڕێنوێنە بەوەی هەموو عەرەب شاعیر نەبووە. زۆر جاریش کابرای عەرەب هەوڵیداوە شیعر بڵێ، بەڵام تێیدا سەرنەکەوتووە. ئەدی ئەوە نەبوو داوا لە پێغەمبەر کرا، لەوەی لە هەندێ هەڵوێست کە موسڵمانەکان پێویستیان بە شیعر هەبوو، بەڵکو ڕێگە بە عەلی بدا تا وەڵامی قورەیش بە شیعر بداتەوە، بەڵام پێغەمبەر ڕێگەی پێنەدا، چونکە عەلی فڕی بەسەر شیعرەوە نەبوو، ئینجا ڕێگەی بە حەسسان دا.

پێمان وانییە پێویستمان بە هەڵسەنگاندنی بەڵگەوبەندەوە هەبێ و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بۆ ئەوە بهێنینەوە، کەوا عەرەب هەموویان شاعیر نەبوون، بەڵکو مەبەستمانە ئەوە

ڕوونبکەینەوە، ئەو زۆروزەوەندی ئەم شیعرە وای لە نووسەرانی کۆن و نوێ کردووە، تا وەهای بۆ بچن بەوەی بێژەی عەرەبی هاوواتایە لەگەڵ شاعیر. خۆ ئەگەر لەمە پتریش بڕۆی، ئەوا دەبینی کە زۆر شیعر دراوەتە ماخۆیەکی نەناسراو، بەڵکو بێناو، ئیدی دەبینی جارێکیان دەڵێن شاعیرەکە وایگوت، یەکێکی دیکە دەڵێ ئەوەی یەکەم وایگوت، سێیەمەکەشیان دەڵێ ئەوی دی وایگوت، چوارەمینیان دەڵێ پیاوێک لە هۆزی فلان وایگوت، پێنجەمینیشان دەڵێ ئەعرابییەکە وایگوت، ئیدی بەم جۆرە... کاتێکیش سەرنجی ئەم هەمووە بدەی، ڕەنگبێ پاکانە بۆ نووسەرانی کۆن و نوێ بهێنیتەوە لەوەی بڕوایان وەهابووە، کە عەرەب هەمووی هەر شاعیر بووە.

ئەوەی ڕاستی بێ عەرەبیش وەک سەرتاپای نەتەوەکانی دیکە خودان ڕەوانبێژی و لەبلەبانی و بیرتیژی بوون و شیعری زۆری هەبووە، بێ ئەوەی هەموویان شاعیر بووبن، زۆرینەی ئەو شیعرانەش کە دراونەتە پاڵ ماخۆیەکی نەناسراو، ئەوا شیعری دروستکراو بووە، بە هۆیەک لە هۆیەکان بۆیان هەڵبەستراوە. ئەرمەش باسەکەی ئێمەیە، ئەویش چیرۆکەکانن.

زۆر لەو شیعرانە کە چیرۆکخوان پێویستی پێبووە تا چیرۆکەکانی خۆی پێ تیفتیفە بدا و وای لێبکا لەبەر گوێی گوێگر شیرین و خۆش و ڕەوان بکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە زاناکانیشی پێهەڵخەڵەتاوە، وایان لەقەڵەم داوە هەر بە ڕاستی ئەمانە عەرەبەکانی بەرێ گوتوویانە. هەندێ لە زاناکان بە

پرســـی داتاشـــینی ئەو شـــیعرانەیان زانیوە بەوەی هەندێکیان بەزۆر ئاخنراونەتە نێو چیرۆکەکان و هەندێکیشـــیان پووچ و درێژدادڕن، بەوەشیان زانیوە کە بەشێکیان هی ئەوە نین بدرێنە پاڵ ئەو ناوانەی گوایە شـــیعرەکانیان هۆنیوەتەوە. لەنێو ئەو زانایانەشدا (محەمەد بن سەلام)ە کە -وەک باسمانکرد- نکوڵی لە زۆر لەو شـــیعرانە کردووە کە ئیبن ئیســـحاق لە ژیاننامەی پێغەمبەردا داویەتیە پاڵ ژن و پیاو، ئەوســـا چ ئەوانەی شـــاعیر بووبن یان ئەوانەی هەرگیز شیعریان نەگوتبێ. زانایانی دیکەی غەیرە ئیبن ســـەلام ئەوەی ئیبن ئیســـحـاق و هـاوڕێ چیرۆکخوانەکانی گێڕاویانەتەوە قبووڵیان نەکردووە، هەر بۆ نموونە ئیبن هیشام لە سیرەی خۆیدا ئەو شیعرانە دەگێڕێتەوە کە ئیبن ئیسحاق گێڕاویەتەوە لێ کاتێ لە گێڕانەوەی بووەتەوە لە کۆتاییدا گوتوویەتی: زۆرینەی کەســـانی شـــیعرناس، یان کەمێک لەوان ئەم قەســـیدەیە ڕەت دەکەنەوە، یان دەیدەنە پاڵ ئاخێوەرێکی دیکە.

لێ ئەو زانـایـانەی ئـاگـایـان لە کـاریگەریی چیرۆک هەبوو لە داتاشـــین و دانەپاڵی شـــیعر، ئەوانیش هەڵخەڵەتێنران، ئاخر خۆ هەموو شـــیعردانەران لاواز و گەلحۆ نەبوون، بەڵکو تێیـانـدا هەبوو بیرتیژ و دڵکراوە و ڕووخۆش بوون، دەیانتوانی شـــیعر بهۆننەوە و دایبتاشن، بە باشیش بیدەنە پاڵ کەسانی دیکە، لەو کـارەیـانـدا زۆریش زیرەک و بەئـاگـا بوون و ســـەرکەوتنێکی باشیان لەو بوارەدا بەدەستهێنا. هەر ئیبن سەلام خۆی باسی

ئەوەمان بۆ دەکا، ئەگەر بۆ زانا ڕەخنەگرەکان شــتێکی ئاســان بووبێ شــیعری داتاشــراو، ئەوەی بەدەســتی لاوازە دانراوە جیاواز بکەنەوە، لێ ســەختە ئەوانە جیابکەنەوە کە وەســتایانە هۆنرابنەوە. ئەوەشت بینی کە عەرەب خۆیان شیعریان دروست دەکرد و دایاندەتاشــی و درۆشــیان دەکرد، لەمەشــدا پێیان لێهەڵبڕیبوو.

لەوانەیە لە ڕوونترین نموونە کە ئیبن ســەلامیشــی پێ هەڵخەڵەتابی ئەو شــیعرە داتاشــروانەی تاقمێک بن، ئەو وەهای گێڕاوەتەوە گوایە کۆنترین شیعرە، کە عەرەب تا ئێستا گوتبێتی، هەندێکی دراوەتە پاڵ **جەزیمە ئەلئەبرەش** (جذیمة الابرش)، هەندێکیشیان دراوەتە پاڵ زوهەیر بن جەناب، هەندێکی دیکەش دراوەتە پاڵ **عەنبەر بن تەمیم** و هەندێکی دیکەش بۆ **مالیک** و **ســەعد**، کوڕەکانی **زەید مەنات بن تەمیم**، هەروەها هەندێکی دیکەش دراوەتە پاڵ **ئەعسەر بن سەعد بن قەیس عەیلان**(أعصر بن سعد بن قیس عیلان). گەر تەماشای هەموو ئەو شیعرانەش بکەی دەبینی شــیعری بوودەڵەی نەزۆک و زۆرلەخۆکردنێکی لە هۆنینەوە پێوەدیــارە. ئەوە زۆر ڕوون دیــارە کە یەکێــک لە گێڕەرەوەکــان یــان چیرۆکخوانێــک لە چیرۆکخوانەکــان زۆری لەخۆکردووە تا پەندێک یان ئەفســانەیەک یاخود بێژەیەکی نامۆ لێکبداتەوە، یاخود گێڕانەوەکەی لەبەر گوێی بیســـەرێک خۆش بکا، بۆیە ئەو شیعرانەی وەها داناون. دەی با بۆ ئەمە نموونەی

ئەم دوو بەیتە شـیعرە بهێنینەوە کە دراونەتە پاڵ ئەعسـەر بن سەعد بن قەیس عیلان.

بەیتەکانیش ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| **قالت عميرة ما لرأسك بعدما** | **نفد الـزمان أتى بلون منـكر** |
| **أعميـر إن أباك شيّب رأسه** | **كَـرّ الليـالي واختلافُ الأعصرُ** |

ئیبن سـەلام و زانایانی دیکە و گێڕەرەوەکان گوتیان: ئەو پیاوە لەبەر بەیتی کۆتایی شـیعرەکە ناوی ئەعسـەریان لێناوە. ئیبن سەلام گوتی: هەندێک کەس پێیان گوتووە "یعصر"ە، کە ئەمەش وانییە.

هەر ئیبن سـەلام خۆی باسـی ئەوەمان بۆ دەکا گوایە **مەعد** لەو چاخەدا ژیاوە کە موسـای کوڕی عیمرانی تێدا ژیاوە، واتە چەندین سەدە بەر لە عیسا، واتە بیست سەدەش بەر لە ئیسلام. خۆ ئەگەر سـەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەو ئەعسـەرە هەر ئیبن سـەعد بن قەیس عیلان بن ئەلیاس بن موزەر بن نزار بن مەعد بووبێ، بینیمان ئەو لە زەمانێکی زۆر زوودا ژیاوە، واتە بەلای کەمییەوە بیست سەدە بەر لە ئیسلام.

ئەرێ تۆش پێتوایە ئەو دوو بەیتە شیعرییانەی تازە خوێندتەوە، وەک دەگوترێ هی ئەوە بن هەزار ساڵ بەر لە ئیسلام بن! ئاخر خۆ ئێمە نازانین زمانی عەرەبی سـێ یان چوار سـەدە بەر لە ئیسلام چۆن بووە، ئاخر ئێمە بە زەحمەت لە شـیعری عەرەبیی

ڕاســـــتەقینە، ئەوەی لە ســـــەردەمی پێغەمبەر و دوای ئەودا گوتراوە بگەین، کەچی هیچ زەحمەتیەک لە تێگەیشـــــتن لەو شـیعرە نابینین، کە ئەگەر قســەی ئیبن ســەلام ڕاســت بێ، ئەوا زیاتر لە بیست سەدە بەر لە پێغەمبەر گوتراوە.

تۆ بڵێی ئەوە ڕوون و ئاشکرا نەبێ، کە ئەو دوو بەیتەشیعرە لە ســـەردەمی ئیســـلامدا دانرابن هەر بۆ ئەوەی ڕاڤەی ناوی ئەو کابرایەی پێبکرێ، خۆی لەڕاستیدا کەسێکە لە ئەفسانەکان، ئێمە نازانین ئاخۆ هەر بە ڕاستی هەبووە یان نەبووە.

هەمان ئەو شتەش بەو شیعرانە دەڵێین، کە ئیبن سەلام داویەتە پاڵ مالک و سەعدی کوڕانی زەید مەنات ئیبن تەمیم. ئاخر ئێمە نە دەزانین سەعد کێیە و نە مالیک و نەدەشزانین زەید مەنات و نە بە تەمیمیش ئاشـــناین، کە کێیە و کوڕی کێ بووە. مەزندەی هەرە گەورەمان بۆ ئەوە دەچێ، ئەو کەســانە ئەفســانەیی بن و هەرگیز بوونێکی ڕاســـــتەقینە یان نەبووە. بە ڕای گێڕەرەوە و چیرۆکخوانانیش بەکارهێنانی هەروەک ئەو پەندە عەرەبییەیە، کە دەڵێ "هۆ یەزید وشـــــتر وەها ئـاو نـادرێ"... ئیـدی ئەوانیش پێویستیان بە ڕاڤەکردنی پەندەکان هەبوو، گەلیش هەر بە خۆی کەیفی بە ڕاڤەکردنی پەنـدەکـان دی. ئیـدی لێرەوە بوو ئەم چیرۆکە داهێنرا، ئەو چیرۆکەی ســەعد و مالکی تێدا دێنە قســە، بە لێزیادکردنی ئەم دێرە کێش و سەرواداراناوە.

دەکرێ هەر هەمان شـتیش لەبارەی ئەو بەیتەشـیعرانە بڵێی کە دراونەتە پاڵ عەنبەر بن تەمیم:

قَـد رابَني مِن دَلوِيَ اِضطِــرابُها
وَالنـــأيُ فـي بَهــراءَ وَاِغتِرابُـها
إِلا تِجِــئ مَلأى يَجِــئ قِرابُهــا

شـــــتەکەش لای ئێمە لە ڕاڤەکردنی ئەم بەیتەی دواییە تێناپەڕێ، کە پێدەچێ بەهەمان ئاراسـتەی نموونەکەوە بێ. هەمان شـــتیش لەبارەی ئەو شـــیعرە بڵێ کە دراوەتە پاڵ جەزیمە ئەبرەش (جذیمة الابرش)، هەروەها هەر شتێک کە بە جەزیمەوە دۆســـــتەکەی **ئەلزەبا** (الزَّباء) و عەمری بن عەدی خوشکەزایی و **قەسیر** (قصیر)ی وەزیری گرێدرابێ.

بۆ هەموو ئەمــانەش تەنیــا یەک بنەمــا هەیە، ئەویش ڕاڤەکردنی دەســتەیەک لە پەندەکانە، کە تێیدا ناوی هەموو ئەو کەســـانە، یان هەندێکیان تێداهاتووە، وەک "گوێڕایەڵی هیچ فرمـانێکی قەســـیر نـاکرێ (لا یطـاع لقصـــیر أمر"). هەروەهـا ئەو گوتەیەی ئەوان: "بۆ شـــتێـک وای لەخۆی کرد/کەپووی خۆی بڕی/ (الأمر مـا جـدع قصـــیر أنفه)، هەروەها گوتەی ئەوان: بۆتە پیاو یان خۆ ڕیشـــی لەبەر هەتاوێ ســـپی نەکردووە (شـــب عمرو علی الطوق). یان باســـوخواســـی ئەو شــتانەی بەم چیرۆکانە پەیوەســـتن،

ئەوانەی لای ئەو خەڵکە تێکەڵەی عێراق و جەزیرە و شــام و ئەوەی بە ســـــارانشـــینی عەرەبەوە لکابوو، باو بوو، هەروەک ئەسپەکەی جەزیمە کە ناوی عەسا (العصا) بوو، لەگەڵ ئەو قوللەی قەسیر لەسەر عەساکە دروستی کردبوو دوای ئەوەی ئەســـپەکەی تۆپی، ئیدی پێیدەگوترا "قوللەی عەســـــا"، ئەو خوێنەی جەزیمە کە ئەلززەبا لە تەشـــتە زێڕینەکەی کۆی کردبووەوە، هەروەها وشـــترەکانی عەمر بن عەدی کە قەســـیر بە فێڵوتەڵەکەوە توانی کاروانی ئەم حوشتر و پیاوە گەمژەکانی بگەیەنێتە ناو شاری تەدمور.

دەتوانی بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی هەموو ئەو حەکایەت و ئەفسانانەی بە ناوەکانیان و پەند و شوێنەکان گرێدراون و ئەوەی بە شـــیعر هۆنراوەتەوە بەهەمـان ئەو ڕێڕەوەدا بڕۆی.

لێ کۆنەکـان بەو ڕێڕەوەدا نەڕۆیشـــتوون، بەڵکو ئەو باسـوخواس و شـیعرانەیان بە هەموو ئەو شـتەی کە پێی هاتووە و گێڕاویانەتەوە بە ڕاســـتودروســـت وەرگرتووە، گوایە ئەوان لە گێڕەرەوە وەهایان بیســـتووە، بڕوایان بە ڕاســتگۆیی هەبووە. هەر لێرەوە ئیبن ســـەلام و کەسـانی دیکەش چەند بەیتەشیعرێکی جەزیمەیان گێڕاوەتەوە، گوایە لە شــــیعرە هەرە کۆنەکانی عەرەبییە، بەم دێڕە دەســـــت پێدەکا:

**ربّمـا أوفيـت في علـم ... ترفعـن ثـوبي شـمالات**

هەروەهـا جۆرە حەکـایەتیکیش هەبوو خەڵـک دەیگێڕایەوە و زۆریش پێیان خۆش بوو، تێشـیاندا درۆ و شـتی و عەنتیکەیان لەبارەی باسـوخواسـی بەتەمەنەکان دەبینی، ئەوانەی تەمەنیان پتر لە هەزار ساڵی تێپەڕاندبوو. لە باسوخواسی ئەو بەتەمەنانە هەواڵ و شـیعری وەها گێڕدراوەتەوە. زانا ڕاسـتگۆکان لە سـەدەی سـێیەمی کۆچیدا بڕوایان پێکردبوو. لەو زانایانە وەک حاتەم سـەجستانی و خودی ئیبن سـەلامیش، هەر ئیبن سـەلام لە کتێبەکەی خۆی (الطبقـات)دا لەو شـیعرە دروسـتکراوە پڕوپووچـانەمـان بۆ دەگێڕێتەوە، کە داویەتە پـاڵ یەکێـک لەو بەتەمەنـانە، ئەویش ئەلمسـتەوغر بن ڕەبیعە بن کەعـب بن سەعدە، گوایە زۆر ژیاوە و گوتوویەتی:

وَلَقَد سَئِمتُ مِنَ الحَياةِ وَطولِها ... وَعَـمَـرتُ مِن عَدَدِ السِنينَ مِئينا
مِـائَةٌ أَتَـت مِن بَعدِها مِئَتانِ لي ... وَازدَدتُ مِن عَدَدِ الشُهورِ سِنينا
هَـل ما بَقى إِلّا كَما قَد فاتَنا ... يَـومٌ يَـمُـرُّ وَلَيـلَةٌ تَـحـدونا

هەروەها ئیبن سـەلام شـیعرێکی دیکەشـمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە هی پێشـووتر پڕوپووچتر و دەسـتکاریکراوتر و هەڵبەسـتراوترە و داویەتە پاڵ دوەید بن زەید بن نەهد کاتێ لە سەرەمەرگدا دەبێ:

اليـومَ يُبنى لِدُوَيـدٍ بَيتَهُ ... لَـو كـانَ لِلـدَهرِ بَلىً أَبلَيتُـهُ
أَو كانَ قِرني واحِـداً كَفَيتُهُ ... يـا رُبَّ نَهبٍ صالِـحٍ حَوَيتُهُ
وَرُبَّ عَبـلٍ حَسَنٍ لَوَيتُـهُ ... وَمِعصَـمٍ مُخَضَّـبٍ ثَنَيتُـهُ

ئیدی خۆت لە ئیبن سەلامەوە گومانت لەبارەی گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق لەمەڕ شیعری عاد و سەمود و توببەع و حیمیەر بینی، کەچی لێرە بەو شیعرەی ئیبن ئیسحاق و ئەوانی دیکە کە چیرۆکەکانیان گێڕاوەتەوە و داویانەتە پاڵ عەرەبە کۆنەکانی سارانشین و شارستان هەڵخەڵەتاوە.

کاتێکیش شتێک پەیوەندیەکی مەحکەمی بە سارانشینییەوە هەبێ، ئەوا گێڕەرەوەکان زۆر باش هەڵخەڵەتاون. لەوانەش ئەو باسوخواسانەی ناویان لێناوە "نەبەردییەکانی عەرەب"، یان "ڕۆژانی خەڵکەکە"، ئەوان ئەو باسوخواسانەیان لە ئەعرابەکان بیستووە پاشان بە دوورودرێژی گێراویانەتەوە و هەموو شتێکی کە تێدا هاتووە بە جدی وەریانگرتوە و گێڕاویانەتەوە و ڕاڤەیان کردووە و بەهۆیەوە شیعرەکانیشیان لێکداوەتەوە و بەو پێیە مێژووی عەرەبیشیان لێدەرهێناوە، کەچی ئیشەکە لەوە تێناپەڕێ کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە. ئاخر ئەم باسوخواسانە هەر ڕوویەکی چیرۆکی ژیانی عەرەبی کۆنە، ئیدی عەرەبەکان دوای ئەوەی لە شارەکان جێگیر بوون گێڕاویانەتەوە و لێیان زیادکردووە و بە شیعریش ڕازاندوویانەتەوە، هەروەک چۆن یۆنانیە کۆنەکان "ئەلیادە" و "ئۆدیسیا"یان و شیعری دیکەی چیرۆکئامێزانەیان بێ سنوور دروستکرد و هۆنیەوە. ئیدی جەنگی بەسوس و داحس و غەبرا و شەڕی گەندەڵی و "شەڕەکان" زۆرن کە لەنێو کتێباندا دەقنووسکراونەتەوە و شیعریشیان بۆ هۆنراوەتەوە، کە ئەگەر

ڕاستیت بوێ -ئەگەر بیردۆزەکەی ئێمە سەریگرت- ئەوا ئەمانە بەدەر لە نەشونماکردنی ئەو ئەفسانانە و گێڕانەوەی باسوخواسی عەرەب لە دوای ئیسلامەوە شتێکی دیکە زێدەتر نەبوون.

هەر لێرەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، مێژوونووسی ئەدەبیی عەرەبی وا باشە لە بەرانبەر ئەو شیعرەی دەدرێتە پاڵ جاهیلییەکان هەڵوێستی گومانـاوی وەربگرێ -خۆ ئەگەر هەڵوێستی نکوڵیکردنێکی ڕاشکاوانەش وەرنەگرێ- ئاخر ئەمە لە ڕاستیدا هەر ڕاڤەکردن و جوانکردنی چیرۆکێک لە چیرۆکەکان بووە یان ڕوونکردنەوەی ناوێک و لێکدانەوەی پەندێک لە پەندەکانیان بووە.

هەرچی لەبارەی عاد و سەمود و تەسم و جەدیس و جورهوم و زەبەللاحەکان دەگێڕدرێتەوە، شتێکی دروستکراوە.

هەرچی لەبارەی توببەع و حیمیەر و شاعیرانی یەمەن لە سەردەمە کۆنەکان دەگێڕدرێتەوە، هەرچییەکیش لە باسوخواسی کاهینەکان و ئەوەی پەیوەندی بە تەبایی و ناتەباییەوە هەیە، بابەتێکی بێبنەمایە.

هەرچی لەبارەی ڕۆژگاری عەرەب و شەڕ و ناکۆکییەکانی و ئەوەی شیعرێکی پەیوەست بەو شتانە دەگێڕدرێتەوە، ئەوا

دروســـــتکراوە و دراوەتە پـاڵیـان. زۆرینەی ئەو بـابەتـانەش داتاشتراون و جێگەی گومانن.

هەرچی لەبارەی ئەو باســوخواس و شــیعرانەی پەیوەســتن بە عەرەب و نەتەوە بیـانییەکان لە پەیوەنـدییان بەر لە ئیســـــلام دەگێڕدرێتەوە، وەک پەیوەندییان لەگەڵ فارســەکان و جوولەکە و حەبەشــە دەکرێ دانراو و دروســتکراو بێ. بێگومان زۆرینەی ئەو شتانە دروستکراون.

لێرەوە باســی شــیعری ئادەم و هاوشــێوەکانیشــی هەر ناکەین، چونکە ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ گاڵتەوگەپ و ڕابواردن نەنووسیوە.

# ٥

## شعوبییەت و داتاشینی شیعر

ئەریٚ ڕاوبۆچوونت چییە لەبارەی شـــــعوبییەت[١٨]؟ ئاخۆ تا چەند کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر داتاشینی شیعر و باسوخواس دانەپاڵ جاهیلییەکان هەبووە؟ هەرچی ئێمەین بڕوامان وەهایە، ئەو شـعوبییانە باسـوخواس و شـیعری زۆریان هەڵبەسـتووە و داویـانەتە پـاڵ جاهیلی و موسـلـــــڵمـانەکان. هەر بە ئەوەندەش لێنەگەڕاون کە شیعر و باسـوخواس هەڵببەستن، بەڵکو نەیار و ئەوانەی لەگەڵیان کەوتنە مقۆمقۆ ناچار بوون پەنا بۆ فرتوفێڵی داتاشـــین ببەن و زێدەڕویشـــی تێدا بکەن. خۆشـــت باش ئەوە دەزانی ماکی ئەو دەسـتەیە ئەو ڕقوکینەی فارسـە بندەسـتەکان

[١٨] شـــــعوبی: لە ئەدەبیاتی کۆنی عەرەبی ئیسـلـــــامییەوە بە هەر کەسـێک کە عەرەبایەتی نەکردبێ، بەڵکو مەیلی بەلای نەتەوایەتیی خۆی هەبووبێ، پێیگوتراوە شعوبی. وەرگێڕ.

بوو بۆ عەرەبە سەردەستەکان. هەروەها هەر خۆشت ئەوە باش دەزانی، ئەم ناکۆکییە لەدوای داگیرکاریی (فەتح)ی عەرەبی چەندین ڕواڵەتی بە خۆیەوە بینی، کاریگەرییەکی درێژمەوداشی لەسەر ژیانی دینی و سیاسی و ئەدەبیی موسڵمانان دانا. لێ ئێمە نامانەوێ لەم بەندەدا لە کاریگەریی شعوبیەت بەتەنیا لە ژیانی ئەدەبی و بە شێوەیەکی تایبەتیش هۆنینەوەی شیعر و دانەپاڵی شاعیرانی جاهیلی باز بدەین.

هێشتا سەدەی یەکەمی کۆچی بە نیوە نەبووبوو تا پۆلێک لە کەنیزەکی فارس بەعەرەبکران و زمانی عەرەبی بە باشی فێربوون و لە وڵاتانی عەرەبیدا ژیان، ئیدی ئەمانە نەوە و تۆرەمەیان لێ پەیدا بوو، ئینجا ئەم نەوە گەنجە فارسییە هەروەک عەرەبەکان خۆیان بە زمانی عەرەبی دەدوان. زۆری پێنەچوو تا ئەو پۆلە گەنجە تێکۆشان شیعر بە زمانی عەرەبی بهۆننەوە، هەروەک چۆن شاعیرانی عەرەب دەیانهۆندەوە. ئینجا وەنەبێ بابەتەکە هەر بە هۆنینەوەی شیعر کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکو لەوەشیان تێپەڕاند تا لەگەڵ عەرەب بەشداری مەبەستەکانی شیعری سیاسییش بکەن. ئەم شاعیرە مەوالییانە[19] بۆ حیزبە سیاسییە عەرەبییەکان دەمارگیر بوون و لەپێناویاندا تێدەکۆشان.

[19] مەوالی: کۆی وشەی مەولا (مولى)یە، ئەوانیش لە زمانی عەرەبیدا نۆکەر و هاوپەیمانن، ئەم واژەیە بە زۆری لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوییەکان بۆ ئاماژەدان بە موسڵمانانی غەیرەعەرەب بەکار هات، واتە بە فارس و کورد و ئەفریقی و تورک. سەیر لەوەدایە ناوەڕۆکی ئەم وشەیە بە تەواوی جیاکاریی (دیکریمینێیشن/ التميز العنصري) دەگەیەنێ.

ئەو هەڵوێســـــتە ســـــیاســـــییەی مەوالییەکان لەگەڵ لایەنەکان گرتیانەبەر، کاروبارەکانی زۆر بۆ ئاســـــانکردن. ئاخر هەر ئەوەنـدەبوو یەکێـک لەو مەوالییـانە لایەنـداری حیزبێـک لەو حیزبانەی نیشـــاندابایە، ئیدی حیزبەکە زۆری کەیف پێدەهات و پارووی مەولایەکەش دەکەوتە ڕۆن و پاداشـــــت دەکرا، ئەویش هاندەدرا تا هەموو هەوڵی خۆی بۆ بخاتەکار، بەم چەشـــــنەی ئێســـــتـا حیزبە ســـــیاســـــییەکـان ڕۆژنـامە بۆ پشـــــتگیریی هەڵوێســـــتەکانیان بەکاردەهێنن، بەجۆرێک ئەگەر ڕۆژنامەیەک لایەنداری حیزبێک بکا ئەوا دەستی بەسەردادەهێنرێ و باربوو دەکرێ، ئـاخر لەمەدا حیزبەکە هەر بـاکی بە ســـــەرکەوتن و ڕاگەیـانـدنی بـانگەوازەکەی خۆیەتی. هەر یەکێکیش بەتەنیـا عەودالی سەرکەوتنی خۆی بێ، هەردەبێ ئامرازی شایستەی بۆ بخاتەکار و چاویشی لە ئەنجامەوە بێ.

هەر بەم شـێوەش حیزبە عەرەبییەکانی سـەردەمی بەنوئومەییە دەجووڵانەوە. ئیدی ئەو مەولایە لە قەسیدەیەکی شیعری خۆیدا پشـــــتگیریی خۆی بۆ ئومەوییەکان ڕادەگەیاند، ئینجا هەر زوو دەســـــەڵاتی ئومەوی لە خۆیـانی نزیـک دەکردەوە، ئەمەش بێ

تا ڕوخانی خەلافەتی عەباسیش، هەر کەسێکی موسڵمان چ بە دین چ بە سیاسەت پلەی لە هـاوتـا عەرەبزمـان بـالاتریش بووبـا، کەچی هەر بە مەوالی ســـــەیر دەکرا، واتە بە هاوولاتییەکی پلە دوو وعەرەب نزمتر، هەمیشە لەم ڕوانینە ڕەگەرپەرستییە جیاخوازییەوە تاکی عەرەبیان لە تاکیکی بیانی (بە قەولی خۆیان ئەعجەمی) پێباشـــــتر و جوامێرتر و شەریفتر بووە!!! وەرگێڕ

گوێدانە ئەوەی ئاخۆ مەولاکە هەر بەڕاستی لە دڵسۆزییەتی یان هەر بۆ نزیکبونەوە لە دەسەڵات وا دەکا.

حیزبی **ئال زوبەیر** و هاشـــمییەکانیش هەمان ڕەفتاریان نواند. بەم جۆرە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان حیزبە عەرەبییەکان ڕێگەی بۆ خەڵکی بندەســتە داخلەدڵەکان[20] لە مەوالییەکان خۆشـکرد دزە بکەنە نێو ســـیاســـەتی عەرەبی و خـانەدانـانی قوڕەیش و خزمەکانی پێغەمبەر بەر نەشـتەری شـیعری داشـۆرینی خۆیان بدەن.

بەنوئومەییە هانی ئەبو عەباســـی کوێریان دەدا، ئال زوبەیریش دنەی ئیسـماعیل بن یەسـاریان دەدا. ئیدی ئەم دوو شـاعیرەش بەخۆیـان ڕەوا دەبینی بە شـــیعری داشـــۆرین و بەتـایبەتی پەلاماری خانەدانانی قوڕەیش و بەگشــتییش هی عەرەب بدەن، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەی پشتگیری و بنەماڵەی مەروان یان حەرب، یان زوبەیر بەدەستبێنن و لێیان نزیکببنەوە.

---

[20] نووسەر وشەی عەرەبی (موتور)ی بەکارهێناوە، واتای ئەو کەسە بێدەسەڵاتە دەگەیەنێ، کە خزمێکی نزیکی لێکوژرا بێ و توانای دەســـتکردنەوە و تۆڵەکردنەوەشـــی نەبێ، بەم شـێوە داخ لەدڵ بێ. من وشـەی داخلەدڵم بۆ بەڕاسـت زانی. لێرەدا ئەو تێبینییە لەســەر نووســـەر تۆماردەکرێ کە بەم شـــێوە، بە وشـــەیەکی نەرێییانە وەســـفی مەوالییە جگەرسوتاوەکان دەکا، دیارە بۆشی نەبووە تۆڵەی خۆی بکاتەوە! وەرگێڕ

ئەوەی ڕاســـتی بێ ئەم مەوالییانە بۆ عەرەب دڵســـۆز نەبوون[21]، بەڵکو ناکۆکیی سیاسیی نێوان ئەو حیزبانەیان دەقۆستەوە تا لە ژیانی کۆیلایەتی، یان ژیانی کوێرەوەریی مەولایەتی ڕزگار ببن و بگەنە ژیانێکی ئازادانەی ســـەردار، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەم ئیشـــەیان بۆ ئەوە دەکرد، بەڵکو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و ئەو ڕقوکینەی لە دڵیـان لە بەرانبەر عەرەبـدا هەڵگرتبوو پێیان هەڵبڕێژنەوە.

دەکرێ **ئیسماعیلی کوڕی یەسار** دیارترین نموونەی ئەو تاقمەی مەوالی بێ، ئەوانەی ڕقوکینیان لە عەرەب بوو، ئیدی عەرەبیان دەبێزراند و ناکۆکییە سیاسییەکانیشیان بۆ پێداویست و مەیل و هەوەسەکانی خۆیان دەقۆستەوە. گوتوویانە: ئیسماعیلی کوڕی یەســـار مەیلی زوبێری هەبووە، لێ کاتێ بنەماڵەی مەروان لە زوبێری بردەوە، ئینجا ئیســـماعیل بووەتە مەروانی و بەنی ئومەیەش ئەویان قبووڵ کرد. ئەوە بوو ڕۆژێکیان داوای بینینی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانی کرد، ئەویش یەک ســـەعات دوای خســـت ئینجا بینی، لێ کە کابرا لە وەلید چووە

[21] بەرانبەر ئەو هەموو باج و چەوســـاندنەوەیەی کە دەرەبەگەکانی ئومەوی و عەبباســـی بەسەر مەوالی و میللەتە موسڵمانە ناعەرەبەکانیاندا سەپاندبوو، دڵسۆزبوون بۆ عەرەب و دەســـەڵات، لووتکەی حەمـاقەت و خۆگێلکردنە.. دەرکەوتنی تەواوی میرنشـــینە کوردییەکانی وەک: (دۆستەکی، ڕەوادی، مەروانی، حەسنەوی، هازبەنی و شەدادییەکان) کاردانەوە بوو دژ بەو هەموو زوڵم و ســـتەمە. بۆیە ڕووتکردنەوەی خەڵک و ســـەندنی باجێکی بێڕەحمانە لێیان، سـیمای دیاری ئومەوی و عەبباسـییەکان بووە، بە جۆرێک کە لە سەردەمی هاروونەڕەشیددا ١٧٠ – ١٩٣ک، یەکێک لە والییەکانی (عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان) ٨٠ هەزار درهەمی کۆکردبووەوە. وەرگێڕ

ژوورەوە گریا، کاتێکیش لێیانپرسی بۆچی دەگری، ئەویش گوتی: تۆ دواتخستم و کەچی مەروانییەتی من و باوکیشم دەزانن، پاشان وەلیدیش دڵی دایەوە و داوای لێبوردنی لێکرد، کەچی کابرای مەولا تا دەهات بەکوڵتر دەگریا، تا وەلید لێی نزیک بووەوە و دەستی بەسەرداهێنا و چاکەی لەگەڵدا نواند، کاتێکیش لە مەجلیسەکە هاتەدەر، چەند کەسێک لەوانەی لە مەجلیسەکە ئامادە بووبوون بەدوایدا چوون و لێیانپرسی باشە ئەو مەروانییەی لافوگەزافت بۆی لێدا چییە و لە کوێت هێنا؟ ئەویش وەڵامی دانەوە لە ڕقوکینەمان بۆ بنەماڵەی مەروانەوە هێنا، هەر بنەماڵەی ئەو وای لە باوکی واتە لە یەسار کرد تا لە سەرەمەرگدا لەخوا بپاڕێتەوە و نەفرەت لە مەروانی کوڕی حەکەم بکا، هەر ئەم دەردەدڵەش وای لە دایکی کردووە لە کاتی تەسبیحاتیدا بۆ نزیکبوونەوە لەخودا نەفرەت لە بنەماڵەی مەروانی کوڕی حەکەم بکا.[٢٢]

لێ بنەماڵەی مەروان وا خۆیان نمایش کرد، کە پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەو شاعیرانە هەیە، ئەوانەی لەسەریان دەکەنەوە و لەدژی بەنوهاشم دەوەستنەوە؛ ئاخر ئەوان پێگەی بەنوهاشمیان لای مەوالی و فارسەکان دەزانی.

[٢٢] هەرچەندە نووسەر لەم بابەتەدا لەسەر زاری نووسەرە کۆنینەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام هێشتاش سەیرە نووسەرێکی بیرکراوەی وەک د. تەها حوسێن بەم جۆرە نەرێنییە باسی شعوبییەکان بکا، لەکاتێکدا لەسەرەتای ئەم کتێبەیدا دەڵێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە سەنگین بێ، پێویستە واز لە هەست و نەست و مەیلی نەتەوایەتی و دینی خۆت بێنی و لە لایەک دایبنێی. وەرگێڕ

هەر گێڕەرەوەکان باسـیان کردووە، کە خۆشـەویسـتی بەنوئومەییە بۆ شـاعیرەکەی خۆیان، واتە بۆ ئەبوعەباسـەکوێر بێسـنوور بووە، ئـاخر خەڵات و بەراتی ئومەوییەکـانی بۆ دەنێردرایە مەککە. جارێکیان عەبدولمەلیک حەجی دەکرد، ئەو شـاعیرە لێیچووە پێش و شـیعرێکی لە داشـۆرینی ئیبن زوبەیر بۆ خوێندەوە، عەبدولمەلیکیش سـوێندی بە هەموو خزم و ئاشـنایانی لە مەجلیسـەکەدا دا، کە هەر یەکێکیان بە بەرگێک دایبپۆشێ، ئیدی هەریەکەیان جلوبەرگی بۆ فڕێدا تا لە بنیدا بزر بوو، ئینجا هەڵسایەوە و لەسەر جلەکان لەگەڵ باقی ئامادەبووان لە مەجلیسی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا دانیشت.

وەنەبێ هاموشـۆی هاشـمییەکان لەگەڵ لایەنگرانی خۆیان لە مەوالییەکان لە هاموشـۆی ئومەوی و زوبەیرییەکان کەمتر بێ. ئەنجامی هەموو ئەو هاموشـۆیانەش سـەریکێشـا بۆ ئەوەی ئەو مەوالییانە هەموو شـتێک بۆ خۆیان بە ڕەوا بزانن، تا لەپێشـەوە بە شـیعری داشـۆرین دابەزنە سـەر عەرەب، پاشـان باسـی ڕابردوویان بکەن، ئینجا شـانازی بە فارسـەکانەوە بکەن. لە سـەردەمی بەنوئومەییدا زۆرینەی شـانازینامە بە فارس و داشۆریننامە لەسەر عەرەب فەوتاون، لێ لەوەدا بەشێکی کەمی لەنێو کتێبی (ئەلئەغانی) و ئەوانی دیکەدا دەدۆزیتەوە.

هەرچی لەبارەی ڕۆژگاری عەباسییەکانیشەوەیە، ئەوەندە بەسە ئەم قەسـیدەیە بخوێنیتەوە، کە ئەبونەواس هەجوی عەرەب و

قورەیش دەکا، دەگوترێ بەهۆی ئەم شـــیعرەوە هارونەرەشـــید زیندانییەکەی بۆ درێژکردەوە.[٢٣]

هەر ئەو گێڕەرەوانە دەیگێڕنەوە، کەوا ئـازایەتیی ئیســـماعیل کوڕی یەسـار گەیشـتۆتە ڕاددەیەک لەبەردەمی هیشـامی کوڕی عەبدولمەلیک شـــانازیی بە فارســـەکانەوە بکا، ئیدی خەلیفە لێی تووڕە دەبێ و فەرمان دەردەکا بیخەنە چاڵاوێکی لای خۆیان و تا خەریک دەبێ بمرێ دەرینەهێنن.

هەموو ئەم شتانە دەهێنینە گۆ بۆ ئەوەی ڕقوقینی فارسەکان لە عەرەب و کاریگەریی بەســـەر ژیانی ئەدەبی ئەو شـــاعیرانەوە دەربخەین.

ئیدی ئێمە گەیشـــتینە مەبەســـتەکەمان لەوەی لە باندۆری ئەو شـــعوبییەتە لە داتاشـــین و شـــیعردانەپاڵ، هەر ئەوەندە بۆ شـــاعیرێکی مەوالی بەس بوو بەرانبەر بە عەرەب شـــانازی بە خۆیەوە بکا و بیســـەلمێنێ عەرەب بەرلەوەی ئیســـلام بەســـەر نەتەوەکانی دیکەدا زاڵیان بکا، دانیان بەچاکە و پێشـــکەوتنی فارســـەکاندا نابوو، دەڵێن ئەوەیان بۆ نزیکبوونەوە و پاداشـــت

[٢٣] نووســەر دەقی شـیعرەکەی نەهێناوەتەوە، بەڵام هەر بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر پێم باش بوو دەقی بەیتە شیعرەکانی ئەبو نواس لێرەدا بنووسمەوە، کە ئیبن هەیسەم بن عودەی داشۆریوە، ئەو کابرایەش زانایەکی ڕەچەڵکناسی عەرەب بووە: (وەرگێڕ):

الحَمـدُ لِلَّهِ هَذا أَعجَبُ العَجَبِ ... الهَيثَـمُ اِبنُ عَدِيٍّ صارَ في العَرَبِ
يا هَيثَمُ اِبنَ عَدِيٍّ لَستَ لِلعَرَبِ ... وَلَسـتَ مِن طَيِّئٍ إِلّا عَلى شَغَبِ
كَأَنَّني بِكَ فَـوقَ الجِسرِ مُنتَصِباً ... عَلى جَوادٍ قَريبٍ مِنكَ في الحَسَبِ
إِذا نَسَـبتَ عَدِيّاً في بَني ثُعَلٍ ... فَقَدِّمِ الدالَ قَبلَ العَينِ في النَسَب

وەرگرتن بووە، بەتــایبەتیش ئەگەر ڕووداوە مێژووییەکــان و ئەفسانەکان وایان لێبکا و پاڵیان پێوەبنێ.

ئاخر کێ هەیە نکوڵی لەوە بکا کە بەر لە ئیســـلام، فارســـەکان فەرمانڕەوای عێراق بوون و دەســـتیان بەســـەر خەڵکەکەی بە سارانشین و شارستانەوە داگرتبوو! کێ بێ حاشایی لەوە بکا، کە فــارســـــەکــان لەشـــــکری خۆیــان نــاردبووە یەمەن و حەبەشـــییەکانیان لەوێ دەرکرد! ئاخر کێ بێ دان بەوەدا نەنێ، کە لەنێوان فارس و عەرەبدا شەڕی دژوار هەبووە و پاشاکانی حیرە بنـدەســـــتی فـارســـــەکـان بوون و نـاوبەنـاو خـانەدانە ســـــارانشـــــینەکانیان دەناردنە لایان؟ خۆ ئەگەر ئەمە هەمووی ڕاســـتی بێ، کەواتە بۆچی مەوالی شـــتەکان نەقۆزێتەوە؟ باشـــە بۆچی لە بەرانبەر عەرەبی ســـەردەســـتە کە ڕقیان لێدەبنەوە و کردوویانەتە کۆیلە و نۆکەر، ڕقیان لێ نەبنەوە و ســـووکایەتیان پێنەکەن.؟

هەر بەڕاســـتیش مەوالییەکان لەمەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە، ئەوان بڕێکی زۆریان لە پەخشـــان و شـــیعر بە زمانی عەرەبی نووسی، تێیدا هەم پەسنی فارسەکانیان داوە و پێیانهەڵگوتوون و لێیان نزیکبوونەتەوە. هەر ئەوانیشـــن گوتویانە گوایە ئەعشـــا ســـــەردانی کیســـــرای کردووە و پێیهەڵداوە و پاداشـــــتیشـــــی لێوەرگرتووە. هەر ئەوان ئەوەشیان خستۆتەسەر، گوایە **عەدیی بن زەید** و **لەقیت بن یەعمور** و ئەوانی دیکەش لە **ئەیاد** و **عیباد** زۆر شـــیعریان بەشـــان و باڵی پاشـــایانی فارس و دەســـەڵات و

لەشکریان هەڵداوە. ئەوان لە شاعیرەکانی تائیفیش ڕەوانتر بوون، هەندێ بەیتەشیعر کە گێڕەرەوە متمانەدارەکانیش گێڕاویانەتەوە گوایە گومانی تێدا نییە، ئەویش ئەو بەیتەشیعرانەن کە دراونەتەپاڵ **ئەبی سەڵت بن ڕەبیعە**، کە باوکی ئەبو ئومەیە بن ئەبی سەڵتی ناودارە. چاکتریش وایە ئەم بەیتانە بنووسینەوە کە ئەمانەن:

لله درهـمُ من عصبةٍ خرجوا ... ما إن تـرى لهم فى الناس أمثالا
بيضًا مرازبةً غُرّا جحاجحةً ... أُسدا تربب فى الغَيضات أشبالا
لا يَرمضون اذا حرّت مغافرهم ... ولا ترى منهمُ فى الطعن مَيّالا
مَن مثلُ كسرى و سابور الجنود له ... أو مثل وهرز يوم الجيش إذ صالا
فاشرب هنيئا عليك التاجُ مرتفعا ... في رأس غُمدانَ داراً منك مِحلالا
واحطم بالمسك اذا شالت نعامتهم ... وأسبل اليوم في بُرديك إسبالا
تلك المكارم لا قَعبان من لبنٍ ... شيباً بماء فعادا بعدُ أبوالا

شیعرەکەی لە پێداهەڵدانی سەیف بن زی یەزنە[٢٤]: ئیبن قوتەیبیە لە سەرەتاکەیدا ئەم بەیتانەی بۆ زیادکردووە، ئەمەش باشترین ئاماژەنمایە کە ویستمان پەنجەی بۆ ڕادێرین:

[٢٤] سەیف بن زی یەزن: سەرکردەی عەرەبەکانی یەمەن، لە پێناو پاراستنی خەڵک و خاکی وڵاتەکەی، لە هەڕەشە و پەلاماری حەبەشییەکان، پەنای بردە بەر کیسرا ئەنۆشیروانی ساسانی، ئەویش کەشتیگەلێکی بەهێزی بە سەرکردایەتیی وەهریز، ساڵی ٥٧١ لە کەنداوی عەرەبییەوە ناردە دەریای عەرەب و حەبەشییەکانیان دەرپەڕاندن و یەمەنیش تا هاتنی سوپای ئیسلام، لەژێر قەڵەمڕەویی ساسانیدا مایەوە. (ڕ.م)

لن يطلب الوتر أمثال ابن ذي يزن	لجج في البحــر للأعــداء أحوالا
أتى هـــرقل وقد شـــالت نعامته	فلم يجد عنده القول الـذي قالا
ثم انتحى نحو كسرى بعد تاسـعة	من الســنين لقـد أبعـدت إيغالا
حتـى أتـى ببنـي الأحرار يحمــلهم	إنك عمــري لقد أسرعت قلقالا

دەی لێی بڕوانە کە چۆن لە شـیعری یەکەمدا فارسـەکانی پێش ڕۆمەکان خسـتووە و لە باقی شـیعرەکانیشـدا پێش عەرەب! خۆ ئەگەر عەرەب لە دوای ئیسـلامدا چۆن بەسـەر فارسـەکاندا زاڵ بون ئاوەهاش بەسـەر ڕۆمەکاندا زاڵ بووبان، ئەوا ڕۆمەکانیش هەمان سـەروسـەودای فارسـەکانیان لەگەڵ عەرەبدا دەنواند. ئەوە بوو عەرەب دەسەڵاتی ڕۆمەکانیان لەناونەبرد، بەڵکو چەند دەوڵەت و هەرێمێکیان لێ گلدانەوە و دەوڵەتەکەشـیان هەر مایەوە.

چاکیش وەهایە چەند بەیتێکی ئیسماعیل بن یەسار بهێنینەوە کە لە شانازیکردن بە فارسەکانەوە دایناون، لەم شیعرە و ئەوانەی دراونەتە پاڵ ئەبی سەڵت کە مایەی گومانن، گوتوویەتی:

إنّـي وَجـدّك مـا عـودي بِـذي خَـوَرٍ	عِـند الحِـفــاظِ وَلا حَـوضـي بِـمَهدومِ
أَصـلي كَـريمٌ وَمَجـدي لا يُـقـاسُ بِـهِ	وَلي لِسـانٌ كَـحَـدِّ السَّيـفِ مَـسـمومِ
أَحـمـي بِهِ مَـجدَ أَقوامٍ ذَوي حَسَـبٍ	مِن كُلِّ قـرمٍ بِتاجِ المُلكِ مَعمـــومِ
جَــحــاجِــح ســـادَةٍ بُـلجٍ مَـرازِبَـةٍ	جُـردٍ عِـتـاقٍ مَـسـاميخٍ مَطاعيـمِ
مَـن مِـثلُ كِسرى وَســـابور الجُنودِ مَعاً	وَالهُـرمُـزانِ لفَـخـــرٍ أَو لتَـعـظيــمِ
أُسدِ الكَتائِبِ يَـــومَ الرَّوعِ إِن زَحَفـوا	وَهُــم أذلّــوا مُـلوكَ التُّــركِ وَالـرّومِ

يَـمـشـونَ فـي حَـلَقِ المـاذِيِّ سابِغَـةً    مَـشــيَ الضَّراغِـمَــةِ الأُســدِ اللَّهاميـمِ
هُـنــاكَ إِن تَـسأَلي تُـنـبـي بِــأَنَّ لَنــا    جـرثـومَـةً قَهَـرَت عـــزَّ الجَـراثيـمِ

ئیدی بەم شـــێوەیە مەوالییەکان شـــیعر و باســـوخواســـیان هەڵبەســتووە و داویانەتە پاڵ عەرەب بەوەی شـکۆ و نەبەردیی فارســـەکان لە ســـەردەمی جاهیلیدا دێنێتەگۆ. عەرەبەکانیش ناچاربوون هاوشــێوەی ئەوە شــیعر بهۆننەوە و دایبتاشـــن و بدەنە پاڵ شـــاعیرەکانیان تا وەڵامیان بدەنەوە، بەوەی عەرەب بە سەر فار سەکاندا زاڵ بکەن، گوایە دەیسەلمێنن کە دە سەڵاتی فارس بەسـەر عەرەب بەجۆرێک نەبووە، تا یەکەمیان پێگەی پێ گەورە ببێ و هی دووەمیش چاوشۆڕ و سەرکز.

لێرەوە هەڵوێســـتی وەهـا بـاس دەکرێ گوایە نێردەی عەرەب چووەتە لای کیســـرا و بەشـــان و باڵی عەرەب و نەبەردی و خۆڕاگرییان لەکاتی شـــەڕ و تەنگانەدا هەڵداوە. هەر لێرەوە باسوخواسی پاشاکانی (حیرە)شی سەربار دەکرێ، کە هەندێ جار ئەو پاشـایانە وەک هەڵگەڕاوەی یاخیی دژ بە شـاهەنشـاهی گەورە نیشــان دەدەن. هەر لێرەوە ئەو ڕووداو و نەبەردییانەی عەرەب بەسەر فارسەوە هەیبووە باس دەکرێ، ئەوەی پێغەمبەر باسی هەندێکیانی کردووە، لەنێویشیاندا شەڕەکەی زیقارە.

ئیدی خۆت ئەوە دەبینی کە شـعوبیەت لە دەرکەوتنی سـیاسـیی یەکەمیدا وای لە فارســەکان کرد چەندین شـیعر و باسـوخواس

هەڵببەســـــتن و بیــدەنە پــاڵ ئەوانی دیکە، ئەمەش عەرەبی ناچارکردووە هەمان هۆنینەوە و دانەپاڵ و چەواشەکاری بکەن.

لێ زۆری پێنەچوو دوای ڕووخانی دەســـــەڵاتی ئومەوییەکان و پەیدابوونی دەسەڵاتی فارسەکان لەسەر دەستی عەباسییەکاندا، ئەم ناکۆکییە شـــەقڵێکی زانســـتی ئەدەبییانەی وەهای وەرگرت، کە زیاتر لە لێکۆڵینەوە و مشـــتومڕ لەســـەر جۆرەکانی زانســـت نزیــک بوو لەوەی وەک نــاســــــراوبوو لە نــاکۆکی لەنێوان ســەردەســتە و بندەســتە. بەم جۆرەی شــعوبیەتە لەچاو پێشــتر بەپیتوفەڕتر بوو، واتە لەوەی عەرەب و فارس شیعر هەڵبەستن و بیدەنە پاڵ کەسانی دیکە.

لەوانەیە تێبینی ئەوە بکەی ئەو زۆرینە ڕەهــایەی زانــایــان کە خۆیان بۆ ئەدەب و زمان و کەلام و فەلســـەفە تەرخانکردبوو لە عەجەمە مەوالییەکان بوون، ئەوان لە سێبەری دەستڕۆیشتووی وەزیر و گزیرە فارســــەکاندا بوون، نیازەکەیان ســــەلماندنی پێشینەی فارسەکان بوو لە کاروباری دەسەڵات و پاشایەتی تا هەڕمێن بۆ ئەو دەســـــەڵاتە نوێیەیــان پەیــدا بکەن، ئەوەی لە ڕۆژگاری بەنی عەباس دەستیان کەوتبوو، تا بە بەڵگەوە نیشانی بدەن بەوەی کاروبارەکان گەڕاونەتەوە دەستی خاوەنی خۆی و ئەو عەرەبــانەش لەمپەر بوون لەنێوان خۆیــان و ڕایکردنی دەســـــەڵاتدا، پیاوی دەســـــەڵاتداری نەبوون. لێرەوە ئەو زانا و کەســـــانەی دەمەتەقێیان دەکرد گاڵتە یان بە عەرەب دەکرد و گلەییان لە بەدبەختی خۆیان دەکرد.

هەرچی ئەبوعوبەیدە مەعمەر بن ئەلموسەنا بوو، کە عەرەب بۆ پرسی زمان و ئەدەب بۆی دەگەڕانەوە، ئەو داخلەدڵترین کەس بوو بەرانبەر بە عەرەب و گاڵتەی زۆری پێدەکردن، هەر ئەو بوو کتێبێکی دانا ، ئێستا تەنیا ناوەکەی دەزانین؛ عەیبوعاری عەرەب "مثالب العرب". هەرچی کەسانی دیکەی غەیرە ئەبی عوبەیدە لە موتەکەلیم و فەیلەسوف لە مەوالییەکان، ئەوانیش بێڕاددە هەر گاڵتەیان بە عەرەب دەهات: ئیدی لە شەڕ و دەمەقاڵێیەکانیان قسەیان پێدەگوتن، لە شیعرەکانیان دایاندەشۆرین، لە وتار و دوانەکانیان هێرشیان دەکردنەسەر، هەروەها لە دینەکەشیاندا نوقرچییان لێدەگرتن. زەندەقەش هەر ڕوخسارێک لە ڕوخسارەکانی شعوبییەت بوو، ئاخر بەچاکترزانینی ئاگر لە بەرانبەر قوڕ و ئیبلیس لە بەرانبەر ئادەمدا، هەر ڕوویەک بوو لە ڕوویەکانی شعوبییەتی فارسی، کە زەردەشتییەتی بەسەر ئیسلامدا بە باشتر دەزانی.

ئیدی تۆ لە کتێبی "البیان و التبیین"دا قسەی زیاترت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە تا چ ڕاددەیەک فارسەکان بە جێماوەی ئەعجەمی خۆیان سەرسام بوون و لەسەرووی عەرەبیان دادەنان، ئەوان بە ڕێبازی فارس و وتارەکانیان کارانگاز بوو، هەیانبوو بە زانست و دانایی هیند، هەشیانبوو بە لۆژیکی یۆنان و فەلسەفەکەیان، حاشایشیان لەوە دەکرد کە عەرەب شتێکی وەهای هەبووبێ. (جاحز)یش ئەوپەڕی هێزی توانایی خۆی بەکارهێنا تا بیسەلمێنێ بەوەی عەرەب دەتوانێ بەرەنگاری

هەموو ئەو دەســـتکەوتە شـــانازییانەی فارســـەکان ببێتەوە و شتێکی چاکتریش لەوان دابهێنێ.

دەکرێ ڕاســـتگۆترین نموونەی ئەو بێنەوبەرە توندەی نێوان زاناکانی عەرەب و مەوالی ئەو کتێبە بێ کە جاحز لە کتێبەکەی (البيان و التبيين) بە ناوی "كتاب العصـــا"وە نووســـی. هەروەک خۆت دەزانی ماکی ئەم کتێبە ئەوەیە؛ کە شعوبییەکان حاشایان لەوە دەکرد عەرەب هونەری وتاردانی زانی بێ، نکوڵیان دەکرد وتـاربێژی عەرەب لەکـاتی دوانەکـانیـانـدا شـــێوە و ئـامرازی وتاربێژییان هەبووبێ، هەروەها ئەوەشـــیان بە خەوش دادەنا، کە عەرەب لەکاتی وتاردانیاندا داردەســـت یان تێڵا (العصـــا و المخصرة)یان بە دەستەوە دەگرت. ئیدی جاحز کتێبی داردەست (عەسا/عصی)ی نووسی تا بسەلمێنێ عەرەب لە ئەعجەمییەکان ڕەوانترن لە دواندان، هەروەها بەدەســـتەوەگرتنی داردەســـت لەکاتی وتارداندا هیچ لە هونەری وتاربێژیدا ناشـــێوێنێ. ئاخر ئەدی ناوی داردەســـت بە چاکە لە قورئان و ســـوننەت و لە تەورات و قسەی کۆنە دانایاندا نەهاتووە؟ لێرەوە جاحز چاکەی داردەستی ژماردن تا کتێبێکی قەبەی لێدەرچوو.

ئەوەی لەو هەمووە بۆ ئێمە جێگەی بایەخە، ئەوەیە ســـەرنج لە جاحز و هاوتاکانی بدەین، لەوانەی وەڵامی شـــعوبییەکانیان داوەتەوە، ئەوســـا ڕادەی زانســـت و گێڕانەوەیان هەرچۆنێک بووبێ، ئەوا نەیانتوانیوە خۆیان لە داتاشین و دەستخەرۆدان و دانەپاڵ ببوێرن، کە بۆ بێدەنگکردنی شـــعوبییەکان بەتەواوی

ناچاربوون دەستی بۆ بەرن. ئاخر ئاسان نییە بڕوا بەوە بکەین کە هەموو ئەو شیعر و باسوخواسەی جاحز لەبارەی داردەست و تیڵای هێناوتەوە و داویەتەپاڵ جاهیلییەکان ڕاســـت بێ. ئاخر ئێمە بە خــاترجەمییەوە دەزانین کــاتێ نــاکۆکی و دەمەقــاڵێ لەنێوان دوو نەیــاردا گرژ و تونـد دەبێ، ئەوا دەســـــتبردن بۆ ئامرازەکانی درۆودەلەسەش لەگەڵیدا ئاسان دەبێ. شعوبییەکان دەســـتیان بۆ هۆنینەوەی شـــیعر برد و داویانەتە پاڵ شـــاعیرە کۆنینەکــان هەر بۆ ئەوەی عەیبوعــاری عەرەب دەربخەن و پلاریان تێبگرن. ڕکابەرانی شــــعوبییەکانیش هەر پەنایان بۆ دەستخەرۆبردن و دانەپاڵی شیعر برد تا بەرگری لە شانوشکۆی عەرەبایەتیی خۆیان پێبکەن.

شـــێوەیەکی دیکەی ئەو چەواشــــەکارییەی شــــعوبییەکان بە شـــێوەیەکی تـایبەت لە کتێبی (ئەلحەیەوان)ی جـاحز و کتێبە هاوشـــێوەکانی دیکەی زانســـت کە نووســـەرەکانیان ئاراســـتەی ئەدەبییـان لێگرتووە، دەدۆزیەوە. ئـاخر ئەو نـاکۆکییەی نێوان عەرەب و عەجەم (بێگــانە) وای لە عەرەب کرد بــانگی ئەوە ڕادێرن، کە ئەدەبی کۆنینەی عەرەب لەو هەموو زانســـــتەی نوێیەی ئێســتا بەدەر و بە دوور نییە، هەر کاتێک شــتێکیان لەو زانســتەی بێگانان خســتبێتەڕوو، ئیدی هەر دەبووایە بیســەلمێنن گوایە عەرەب پێشـــتر ناســـیویەتی و کارییپێکردووە یان خەریک بووە بیناسی و کاری پێبکا.

لێرەوەڕا تاڕاددەیەک هیچ شـــتێکی وەها لەو شـــتەی جاحز لە کتێبی (حەیەوان)ەکەی خســـتوویەتەڕوو نـادۆزیتەوە، مەگەر عەرەب پێشـــتر شـــتێکی کەم یان زۆر، کورت یان درێژ، ڕوون یان تەومومژاوی لەبارەوە نەگوتبێ. ئیدی پێویســـت بوو عەرەب لە هەموو شـتێکدا قسـەی خۆی و پێشـینەی خۆی هەبووبێ. بۆ ئەوەش تەواو ناچاربوون چاکە و فەزڵەکانی خۆیان بۆ نەتەوە بندەســـتەکان بســـەلمێنن. ئەو ناچارییەشـــیان بەگوێرەی لەدەســـتدانی دەســـەڵاتی ســـیاســـیی و بەگوێرەی ســـەربەرزکردنەوەی ئەو نەتەوە بندەســـتانە کشـــت و خاو دەبووەوە.

منیش بە شـــێوەیەکی تایبەتی دەتوانم درێژە بە باســـکردنی کاریگەرییە جیاوازەکانی شـــعوبییەت بدەم، کە لەســـەر ئەدەبی عەرەبی و لە داتاشین بە شێوەیەکی تایبەت جێیهێشتووە، بەڵام خۆ من ئەم کتێبەم بۆ ئەوە نەنووســـیوە، بەڵکو هەر بۆ ئەوەم نووسـیوە هەندێک باسـی هۆکارەکانی گومان لەبارەی چۆنیەتی شـیعر داتاشـین و داپاڵی شـاعیرانی جاهیلی بکەم. پێشـموایە بە شـــێوەیەکی باشـــیش پرســـی شـــعوبییەت و کاریگەرییەکەیم باسکردووە.

## ٦

## گێڕەرەوەکان و داتاشینی شیعر

کاتێک لە باسکردنی ئەو هۆکارە گشتییانە بووینەوە، کە بوونەتە مایەی بۆهەڵبەستن و شیعردانەپاڵ کەسانی دیکە، ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و دینی و تەکنیکی موسڵمانەکانەوە هەبوو، لێ هێشتا لە بابەتەکە نەبووینەتەوە، چونکە هێشتا ناچارین هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ژمارەیەکی دیکە لە هۆکارەکان بکەین، کە لەچاو هۆکارە باسکراوەکان گشتیی و ڕێکخراو نین. لێ لەوانیش بێکاریگەرتر نین لەسەر ژیانی ئەدەبی عەرەبی، هەروەها لەچاو ئەوانیش کەم هاندەرتر نین بۆ ئەوەی شاعیرانی جاهیلی لە پەخشان و شیعر نەشیان گوتبێ، کەچی درابێتەپاڵیان. لێرەدا مەبەستم ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەو کەسانەی ئەدەبی عەرەبییان تۆمارکردووە و

گەیاندوویانەتە ئێمە. ئەو کەســـــانەش گێڕەرەوەکانن. ئەوانیش دوو جۆرن، یان لە عەرەب خۆیانن کە هەروەک چۆن عەرەب کەتبووە ژێر کــاریگەری ئەوانیش پێی کــارانگــاز بوون، یــان گێڕەرەوەکــان لە مەوالییەکــان بوون، ئەوانیش هەروەک بــاقی مەوالییەکــانی دیکە بە هۆکــاریی گشـــــتییەوە کەوتبوونە بن کــاریگەرییەوە. ئەوان لەســــەر کــاریگەربوونیــان بە هۆکــارە گشـــــتییەکان، بە هۆکاری دیکەش کارانگاز بوون، کە هەروەک پێشتر گوتم دەمەوێ لێرەدا کورتە هەڵوەستەکیان لەسەر بکەم.

لەوانەیە لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی دەســـــتکاریی ئەدەبی عەرەبیان کردووە و شێواندوویانە و وایانلێکردووە بەشێکی زۆری گــاڵتەجــاری تێبکەوێ: ڕووقــایمیی گێڕەرەوەکــان و زێدەڕۆییان بووە لە بەزمی گاڵتە و دەســـتکاری و شـــێواندن و لادانیان لە بنچینەکانی دین و ڕێساکانی ڕەوشت بۆ ئەو شتەی دین و ئاکار بەلایەوە ناچێ و حەزی بەچارەیەوە ناکا.

لەوانەشـــــە دوای ئەوەی بە درێژی و لە بەشـــــی یەکەمی وتەی چوارشــەممە "حدیث الاربعاء"[٢٥]نووســیومە، پێویســتم نەبێ لێرەدا درێژە بە وەسفی ئەو کەسانە بدەم، کە لە چ بارێکی بەزمورەزم و ڕووقایمیی خۆیاندا بوون. لێرەدا هەر بەتەنیا ناوی دوو کەس لەوان دەهێنم، بە ناوهێنانی ئەوان وەک ئەوە وایە ناوی هەموو گێڕانەوەکــان و گێڕەرەوەکــانم هێنــابووبێ: یەکێکیــان حەمــادی

[٢٥]- حدیث الاربعاء کتێبێکی سـێبەشـی تەها حوسـێنە، بەشـی یەکەمی بۆ شـیعری جاهیلی تەرخانکراوە.

گێڕەرەوە/ راویە (حمـاد الراویــة) و ئەوەی دیکەش خەلەفی ئەحمەر (خلف الاحمر)ە.

حەمادی گێڕەرەوە ســـەردەســـتە و دەمڕاســـتی گێڕەرەوە دەقلەبەرەکانی کوفە بووە و خەلەف ئەحمەریش هی بەســـرا. هەردوو کابراش لەگەڵ خۆیان زێدەڕۆ بوون و فڕیان بەســـەر دین و ڕەوشـــت و ســـەنگینی و نەفســـبەرزییەوە نەبوو. هەردووکیان مەست و فاسق و بەدڕەفتار و عەرەقخۆر بوون. هەردوو کابرا جێگەی گومان و گاڵتە و ڕووقایمی بوون.

هەرچی حەماد بوو، دۆستی حەماد عەجرەد و حەماد زەربەقان و موتیع کوڕی ئەیاس بوو. هەمووشـــیان ئەو زێدەڕۆییەیان تێدابوو، کە لە کەســـایەتیی ســـەنگین و شـــەرمەلەخۆکێش نەدەوەشـــایەوە. هەرچی خەلەفیش بوو برادەری والیبە بن حەباب و مامۆستای ئەبونواسیش بوو. هەموو ئەمانە لە شارە گەورەکانی عێراقدا ڕووی گاڵتە و بێناموســـی بوون، ئەوان کەســـیان تێدانەبوو کە بە زەندەقایەتی تاوانبار نەکرابێ، ســـەرتاپای خەڵکەکە لەســـەریان هاوڕابوون بەوەی: خێریان بەنێوچاوانەوە نییە، هیچ کەســـێکیش دانی بە چاکەی ئەوان بۆ دین و دونیاوە نەنابوو.

خەڵکی کوفە کۆک بوون لەســـەر ئەوەی مامۆســـتایان لە گێڕانەوەدا حەمـاد بـووە، لە شـــیعری عەرەبیدا ئەوەی وەریانگرتووە لەو وەریانگرتووە. خەڵکی بەســـراش کۆکبوون

لەسـەر ئەوەی مامۆسـتایان لە گێڕانەوە خەلەف بووە، ئەوانیش ئەوەی لەبارەی شـــیعری عەرەبییەوە وەرگیراوە هەر لەویان وەرگرتووە. خەڵکی کوفە و بەسراش لەسەر بریندارکردنی ئەو دووکەســـە کۆک بوون، بەوەی لە ڕووی دین و ڕەوشـــت و پیاوەتیدا ناتەواو بوون. هەروەها هاوڕابوون لەســـەر ئەوەی ئەوان نەوەک بەتەنیا هەر بۆ لەبەرکردنی شـــیعر و گێڕانەوە دەسـتیان داوە، بەڵکو دوو شـاعیری وەسـتاش بوون، بەهرە و لاسـایکردنەوەیەکی وەهایان تێدابووە کەس نەیتوانیوە شـیعری ڕاســـتەقینە و ئەوەی ئەوان بەزمانی کەســـانی دیکە هەڵیان بەستبوو لەیەک جیابکاتەوە.

هەرچی لەبارەی حەمادەوە هەیە، ئەوا گێڕەرەوەیەکی دیکە کە لە باشترین گێڕەرەوەکانی کوفە بووە، باسوخواسی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش ئەلموفەزەل ئەلزەبی (المُفَضَّـل الضَّـبِّی)یە، گوتوویەتی حەماد شـــیعری وەها شـــێواندووە و تێکداوە ئیدی چـاک نـاکرێتەوە، کـاتێکیش هۆکـارەکەیـان پرســـیوە ئـاخۆ گەردانکردنییەتی، یان هەڵەی دی؟ ئەویش گوتی: خۆزگە وەها بووایە، ئاخر هەینێ خەڵکی زانســـتخواز دەکرا هەڵەکە ڕاســـت بکەنەوە، بەڵام هەرچی ئەوە کە زانایەکی زمانەوانی عەرەبی و شیعر و ڕێبازە شیعری و واتاکانیەتی، هێشتا هەر ئەو شیعرانە دەڵێتەوە کە بەو ڕێبازەدا دەڕوا و دەیخاتە نێو شـــیعرەکان و دەیگەیەنێتە ئەوپەڕی دونیا، ئیدی لەگەڵ شـــیعری کۆنینە تێکەڵ

دەبێ، تەنیا ڕەخنەگرێکی زانا ڕاســـتیودروســـتیەکەی دەزانێ، ئیدی ئەمە لەکوێ و ئەوە لەکوێ؟

محەمەد بن ســەلامیش بۆمان دەگێڕێتەوە کە چووەتە لای بیلال بن ئەبی بوردە بن ئەبی موسای ئەشعەری و بیلال پێیگوتووە: ئەرێ شـــتێکی خۆشـــت بۆ نەگێڕاینەوە. ئیدی بۆ بەیانییەکەی حەماد هاتەوە قەســـیدەیەکی حوتەیئە (الحطيئة) لە پەســـندانی ئەبی موســـــای خوێنـدەوە، بیلال گوتی: خوات بێ، حوتەیئە شـــیعری بە بەژنو باڵای ئەبو موســـــا هەڵدابی و منیش پێیم نەزانیبێ، ئاخر ئەدی هەر خۆم شـــیعری حوتەیئە ناگێڕمەوە! دەی لێیگەڕێ بـا بڕواتە نـاو خەڵـک، ئیـدی حەمـاد لێیگەڕا و ئێستاش لە دیوانەکەی حوتەیئەدا هەیە. ئینجا لەو بارەیەوە هەر خودی گێڕەرەوەکان بەســـەر خۆیاندا دابەش بوون، هەندێکیان دەڵێن وایە هەر بەڕاستی **حوتەیئە** گوتویەتی.

یونس بن حەبیبیش گوتوویەتی: ســەیرم بەو کەســە دێ کە لە زمـانی حەمـادەوە دەیگێڕێتەوە، ئـاخر ئەو دایدەشـــکێنێ و لە گەردانکردنیشـــی هەڵە و درۆ دەکا. درۆی حەماد لە گێڕانەوەی لەبەردەم مەهدیشدا پشتڕاستکرایەوە، ئینجا مەهدی فەرمانی بە پەردەدارەکەی خۆی دا، لەنێو خەڵکی جـاڕی ئەوە بـدا؛ ئەم گێڕانەوەی حەماد پووچەڵ و بێبنەمایە.

هەر بە ڕاســتی حەماد لە گێڕانەوە و زۆروبۆرییەکەیدا شــووڵی لێهەڵکێشـا بوو. وای لێهاتبوو کەس بە باسـوخواسـەکانی باوەڕ

نەکا، ئاخر پرسیاری هەر شتێکیان لێبکردبایە، دەیزانی. دەگوترێ لەبەردەم وەلیدی بن یەزید گوتویەتی، کەوا دەتوانێ بۆ هەر پیتێک لە پیتەکانی فەرهەنگ سەد قەسیدە بهێنێتەوە، لەوانەی بە شاعیریش نەناسراون. دەگوترێ ئەویش تاقیکردۆتەوە، ئەوەندەی شیعر بۆ هێناوەتەوە هەراسان بووە، ئینجا چاودێریی تاقیکردنەوەکەی داوەتە یەکێکی دیکە، تا ئیجازەکەی وەرگرتووە.

هەرچی لەبارەی خەلەفیشەوەیە، ئەوا قسەی خەڵک سەبارەت بە درۆیەکانی زۆرن. ئیبن سەلامیش پێمان ڕادەگەیەنێ، ئەو لە هۆنینەوەی بەیتی شیعریدا لێهاتووترین کەس بوو. باسی ئەوە دەکرێ تا خوا حەز بکا شیعری بۆ کوفییەکان داناوە، پاشان لە دوارۆژەکانی ژیانیدا بەرەو خواپەرستی گەڕاوەتەوە، ئاگاداری خەڵکی کوفەی کردووەتەوە چۆن و چەند شیعری بۆ داتاشیون، ئەوکات خەڵکی کوفەش باوەڕیان پێنەکردووە. هەر ئەو لەبەردەم ئەسمەعیشدا دانی بەوەدا نابوو زیاتر لە قەسیدەیەکی بۆ داناوە. دەگوترێ شیعرێکی درێژی بە پیتی لام بۆ شەنفەرا (الشَّنفَرى) داناوە، هەروەها لامییەکەی دیکەشی (شیعرێکی درێژ کە قافیەکەی بە پیتی لام کۆتاییهاتبێ) بۆ تەئەبەتە شەڕەن (تأَبَّطَ شرًّا) داناوە، کە لە کتێبی حەماسەدا گێڕدراوەتەوە.

گێڕەرەوەیەکی دیکەی خەڵکی کوفەش هەبوو، لە درۆ و تەڵەکەبازی و داتاشیندا هیچی لە دوو گێڕەرەوە ناوبراوەکەی پێشوو کەمتر نەبوو. ئەو کابرایەی شیعری هۆزێک لە

هـۆزەکـانـی کـۆدەکـردە، کـاتـێ لە کـۆکـردنەوە دەبـووەوە لە دەفتەرێکدا دەینووســــیەوە، دەفتەرەکەی لێ پڕ دەکرد ئینجا لە مزگەوتی کوفەی دادەنا. ناحەزانی ئەو کەســـــە دەیانگوت: ئەو پیاوە ئەگەر بەدمەسـتی نەبووایە جێگەی بڕوابوو، ئەویش ئەبو عەمرو شــــەیبانی بوو. دەڵێن گوایە: شـــــیعری حەفتا هۆزی کۆکردبووەوە.

مەزندەی هەرە زۆریش ئەوەیە خۆی وەک کرێگرتە خســــتبێتە بەردەســتی ئەو هۆزانە، ئیدی بۆ هەر هۆزێک کۆمەڵێ شــیعری داتاشـــــیبێ و دابێتیە پاڵ شــــاعیرەکانیان. ئەمەش لە مێژووی ئەدەبیی عەرەبیدا شــــتێکی ســــەیر و نامۆ نییە، ئاخر نموونەی وەها لە مێژووی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانیش زۆر هەبوون.

خۆ ئەگەر پیـاوەتی لەنـگ بوو هەروەک پیـاوەتیی حەمـاد و خەلەف و ئەبی عەمرو شەیبانی لەنگ بووبوو، خۆ ئەگەر ئەوان بە بارودۆخێکی وەها دەورەدرابن و وای لێکردبن بۆ پەیداکردنی پارەوپول و نزیکبوونەوە لە خانەدان و میر و دەرکەوتنیان لە ناکۆکی و ڕکابەری و وروژاندنی عەرەب، دەســـت بۆ هۆنینەوە و داتاشـینی شـیعر ببەن، ئەوا ئێمە دەڵێین: کاتێک پیاوەتیی ئەو گێڕەرەوانە لەکەدار و نەنـگ بووبێ و ئەو بـارودۆخە دەورەی دابن، وا باشــــە بەخاترجەمی و پشــــتلێکردنەوەوە شــــیعرە کـۆنـیـنەکـانـیـان لـێ وەرنەگـریـن، ئەوەی ئەوان بـۆیـان گواستووینەتەوە.

سـەیر لەوەدایە ئەو گێڕەرەوانەی پیاوەتییان لەکەدار نەبووبوو، بە بەدخوو و ڕووقایم و شـــعوبیش نەناســـرابوون، کەچی ئەوانیش درۆیان بۆ کردووین و شیعری داتاشراو و دراوەپاڵیان بۆ گواســـتینەوە. ئاخر ئەبو عەمرو بن عەلا دانی پێدادەنێ کە بەیتە شیعرێکی بە زمانی ئەعشا داناوە:

**وأنكرتنـي وما كـان الذي نكرت　　من الحوادث الا الشيب والصلعا**

**ئەعشاش دانی بەشتێکی وەها داناوە.**

لاحیقی(للاحقي)ش دەیگێڕێتەوە، کە ســـیبەوەیهی لەبـارەی چاوگی عەرەبی و لەبارەی کاری (فعلا) لێپرسـیوە، ئەویش ئەم بەیتەی بۆ داناوە:

**حَــذِرٌ أمــورًا لا تضير وآمــن　　ما ليـس ينجيَــه من الأقـــدار**

لەم نموونانەش زۆرن.

دەســـتەیەکی دیکە لەو گێڕەرەوانەش هەن، گومـانی تێـدانییە بۆهەڵبەسـتن و شـیعر دانەپاڵ شـاعیرانی کۆنیان وەک شـێوازی کاســـبی بۆ خۆیان گرتبووەبەر. ئەوان ئەم کارەشـــیان وەک جۆرێک لە گاڵتە و پێڕابواردن دەکرد، مەبەستمان ئەو ئەعرابانە بوو کە گێڕەرەوە شـارسـتانەکان بە ئاوەدانییەکانی سـارانشـینی ئەعرابدا بە دوای شـــیعر و بەســـەرهاتی ســـەیروســـەمەرەدا دەگەڕان. دیـارە گومـان نییە هەر کەســـێـک بە ڕەوشـــتی ئەعرابەکان بەڵەد بێ، ئەوا کاتێک ئەوان ئەو شـــارســـتانانەیان

دەبینین و پێیان دادەگرت و لێیان دەپاڕانەوە، بەڵکو شـــیعر و بەســەرهاتی ســەیروســەمەرەیان بۆ بگێڕنەوە تا بینووســنەوە. ئیدی ئەوانیش قەدری کاڵاکەی خۆیان زانی و لە شـــیعرگوتندا پێیان لێهەڵبڕی. کاتێکیش پەرۆشـی خەڵکی شـارسـتانیان بۆ ئەو شـتە زانی، ئەوەوە بوو هەر بە خۆیان کردیانە شـتێکی بازرگانی و هەر بەوە نەوەســـتان لە ڕەشــــماڵەکانی خۆیان بمێنەوە و چاوەڕێی نووســـەرێکی شـــارســـتان بکەن تا بۆیان تۆمار بکا، بەڵکو خۆیـان چوونە شــــارەکـان و کـاڵاکـانیـان لە شـــیعر و سـەربردە بە گێڕەرەوە شـارسـتانەکان فرۆشـتەوە. باشـە بۆچی وەهایان نەکرد، ئەدی باشـــتر نەبوو خۆیان شــــتەکانیان باس بکەن؟ باشـــە بۆچی خۆیان دانەبەزنە شـــارەکان و شـــیعر و سـەربردە سـەیروسـەمەرەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، بەم جۆرە ئەرکی ســـەفەری دوور و زەحمەتی بیابانیش لە کۆڵ گێڕەرەوە شــارســتانەکان بکەنەوە، ئاخر کێ دەیتوانی بە ســارادا بگەڕێ، مەگەر کەســـێکی وەک ئەســـمەعی، یان ئەبی عەمرو بن عەلاء نەبێ؟ ئیدی وەهایان کرد: ئەو ئەعرابانە دابەزینە ناو شــارەکان و کاڵاکانی خۆیان خســـتە ڕوو و گێڕەرەوەکانیش لە دەوریان کۆبوونەوە، خۆشــت ئەوە دەزانی هەڵڕشــتنی کاڵا پێویســتی بە بەرهەمهێنـانە، ئینجـا ئەو ئەعرابـانە لە درۆکردنـدا شـــوڵیـان لێهەڵکێشا، تا هەر خودی گێڕەرەوەکان دەرکیان بە شتەکە کرد. ئەســمەعی لە زاری یەکێک لەو ئەعرابانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ناوی **ئەبو زەمزەم** (أبو ضمصم) بووە، بەوەی شیعری لەزاری سەد یان هەشتا شاعیر گێڕاوەتەوە و هەر هەمووشیان ناویان

عەمر بووە، ئەسەمەعی دەڵێ من و خەلەف ئەحمەر ناوەکانمان ژماردن کەچی نەمانتوانی سی دانەیان بژمێرین.

هەروەها ئیبن سەلام لە زاری ئەبوعوبەیدە بۆمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە داود بن موتەمەم بن نوەیرە هاتە بەسرا تا ئەعرابەکان کالأی خۆیانی بخەنە بەردەم، لەوێ ئەبوعوبەیدە لەبارەی شیعری باوکی لە کابرای ئەعرابی پرسی و پێویستییەکانیشی دابینکردن، کاتێکیش داود لە گێڕانەوەی شیعری باوکی بووەوە، پێی خۆش نەبوو ئەو بایەخەی ئەبوعوبەیدە پێی داوە لەدەست بدا، بۆیە ئەوەندە شیعرەی بەدەمی باوکییەوە گوت، کە باوکی فڕی بەسەریانەوە نەبوو، ئەبوعوبەیدەش بەوەی زانی.

ئێمەش پێمان وایە لە ژماردنی هۆکارە جیاوازەکان بە مەبەست گەیشتووین، ئەوانەی وای کردووە شیعر بدرێتە پاڵ کەسانێک کە شیعرەکانیان نەگوتووە بەتایبەتیش بدرێتە پاڵ شاعیرانی جاهیلی. ئێستاش لەم چەرخەدا ئەمە وامان لێدەکا بە چاوی گومان و خۆپارێزییەوە لەو شیعرانە بڕوانین.

هەموو شتێک لە ژیانی موسڵمانان لە سێ سەدەکانی یەکەمەوە مایەی ئەوە بوو پەنا بۆ دەستخەرۆیی شیعر و دانەپاڵ ببرێ، ئەوسا ژیانەکەیان چاک و باش، ژیانی چاکە و خواپەرستی بووبێ، یان ژیانێکی خراپ و بەدڕەوشتی و بێشەرمی. کاتێکیش ڕەوشەکە وەها بووبێ، ئایا تۆش نایەیتە سەر ئەو باوەڕە، کە

ئـاوەز و لێبڕاوی داوای ئەوەمـان لێـدەکـا ئەوەی کۆنینەکـان گوتوویانە بێ ڕەخنە و توێژینەوە وەرنەگرین؟

هەروەک پێشتر باسمان کرد، درۆ و داتاشین لەبارەی ئەدەب و مێژوودا هەر تەنیا لەســەر عەرەبماڵ نەبوو، بەڵکو بەشــێکی باوی لە ســـــەرتاپای ئەدەبی کۆنینەدا هەبوو. ئیدی واچاکە بۆ نـاســـینەوەی ڕاســـتی ئەوەی لە شـــیعری جاهیلی دەکرێ ڕاسـتبکرێتەوە تێبکۆشـین. دوای ئەوەی لە بارودۆخی شـیعری جاهیلیمان کۆڵییەوە، ماوەتەوە ســـەر ئەوەی لە بێژە و واتای شیعرەکان خۆیان بکۆڵینەوە.

# کتێبی سێیەم

# شیعر و شاعیران

# ١

## چیرۆک و مێژوو

پێمـانوایە کۆنەخوازان چـاوی ئەوەیـان لەمە نییە ڕاســتیی شـتەکانیان بۆ بگۆڕین، یان ئەو ڕاسـتییانە بە غەیری ناوەکانی خۆیان ناودێر بکەین، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی پەســەندنامەیان وەربگرین و لە تووڕەیی و سەخڵەتییشیان دووربکەوینەوە. خۆ هەرچەندی پەرۆشیش بین تا ڕازی ببن و هەرچەندە زۆریشمان کەیف بە سەخڵەتی ئەوان نەیەت، خۆ ئێمە لەسەر ڕازیبوون بۆ ڕاستیی پەرۆشترین، تا ئەوپەڕیش ڕقمان لە گاڵتەکردن بە حەق و زانستە.

خۆ ناکرێ بە شـتێک بڵێین حەق ئەگەر حەق نەبێ، بە مێژووش بڵێین مێژوو ئەگەر وەها نەبێ. ناشـــتوانین دان بەوەدا بنێین، ئەوەی لە مێژووی ژیانی ئەو شـاعیرە جاهیلییانە دەگێڕدرێتەوە و ئەوەی لە شـــیعر دەدرێتە پاڵیان، بە مێژوویەک دابنێین کە

متمـانە و بڕوامـان پێی هەبێ، ئـاخر زۆرینەی ئەو چیرۆک و ئەفسانانە سوود بە یەقین ناگەیەنن و پشتڕاستیشی ناکەنەوە، بەڵکو لەســـەر دڵان دەبنە مـایەی وەهم و گریمـانە. ڕێگەی لێکۆڵەرەوەی بەدواداچوو ئەوەیە بە بایەخ و هێواشـــی دوور لە هەوەس و مەبەســـــت بیـانخـاتەڕوو، ئینجـا ڕەخنەگرانە و لێکدەرەوانە کنەوپشـکنینیان بۆ بکا. خۆ ئەگەر لە دەرســـودەور بووەوە و گەیشـتە ڕاسـتییەک یان شـتێکی هاوشـێوەی ڕاسـتی، ئەوا لەســـەریەتی بە هەموو ئەو گومانانەی بۆی پەیدابوون و وایلێکردوون ڕاوبۆچوونی خۆی لەســەری بگۆڕێ و بیســەلمێنێ و دیسان لە نوێیەوە لێکۆڵینەوەکەی خۆی نۆژەن بکاتەوە.

ئاخر باســوخواســی جاهیلییەکان و شـیعرەکانیان لە ڕێگەیەکی ڕاسـتودروسـتی مێژوویی بەدەسـتمان نەگەیشـتوون، بەڵکو هەر لە ڕێی ئەوەی پەیوەندی بە چیرۆک و ئەفســـانەکانەوە هەیە گەیشـتوون، وەک: لە ڕێگەی گێڕانەوە و قســەوباس، لە ڕێگەی یاری و گاڵتەوگەپ، لە ڕێی زۆرلەخۆکردن و داتاشـــین. ئیدی ئێمە لە بەرانبەر ئەو هەمووەدا ناچارین دەســـت بە ئازادیی تەواوی خۆمـانەوە بگرین و بەرپەرچی خولیـا و ئـارەزوو و هەوەس و باری خۆزاییەکەمان بدەینەوە، کە بە ئاسانی ئامادەیە بۆ ســـەلماندن و متمانەپێکردن. ئێمە هیچ دەقێکی عەرەبیمان بە ڕێگەیەکی ڕاســتودروســتی مێژووی بەر لە قورئان بەدەســـت نەگەیشـــتووە، مەگەر لە چەند نەخشـــە هەڵکۆڵراوێک بترازێ، ئەوانیش نە بە پشـــتڕاســـتکردنەوە و نە بە پووچەڵکردنەوە داد

نادەن، بەڵکو هەر ئەوەندەیە لەوانەیە ســـوودێکیان بۆ مێژووی نەخش و نیگار هەبێ.

تەنیا قورئان دەقێکی عەرەبی کۆنینەیە کە مێژوونووس دەتوانێ بە خاترجەمییەوە لە ڕاستی و دروستییەکەی بڕوانێ و بۆ ئەو چەرخەی بۆی هاتووە دەرخەر بێ. هەرچی شیعری شاعیران و وتار و دوانی وتاربێژان و پەخشانی سەروادارى پەخشاننووسانیش هەیە، هیچ ڕێگەیەکمان بۆ پشتڕاستکردنەوەیەکی دڵنیاکەرەوە لەبەردەستدا نییە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئێمە لە کتێبی یەکەمدا ئەو هۆکارانەمان بۆ تاوتوێکردن هێنانەوە، ئەوانەی بوونەتە مایەی گومانکردن لە ڕاستی و دروستییان، هەروەها دوای ئەوەی لە کتێبی دووەمیشدا ئەو هۆکارانەمان هێنانەوە، کە تیختیخەی خەڵکیان داوە بۆ دەستخەڕۆیی و داتاشین.

کەواتە پێویستە مێژوونووسی ئەدەبی عەرەبی دوو هەڵوێستی لەیەک جیاوازی هەبێ: یەکێکیان لە بەرانبەر ئەفسانە و چیرۆک و سەربردەکانە، ئەوانەی لەزاری سەردەمی جاهیلییدا دەگێڕنەوە. دووەمیشیان لە بەرانبەر دەقە مێژووییە ڕاست و دروستەکان، کە بە قورئانەوە دەستپێدەکەن. لە کتێبی پێشوودا ئەوەمان ڕوونکردەوە، کە ئەمە هەر بە تەنیا لە ئەدەبی عەرەبی نەقەوماوە، بەڵکو بەرۆکی سەرتاپای ئەدەب و وێژەی کۆنینەی گرتووە. نموونەشمان لە ئەدەبی یۆنانی و

ڕۆمانیدا هێناوەتەوە. خۆ ئەگەر لەبەر کورتبڕی نەبێ، نموونەی دیکەمان لە دەستەیەک لە ئەدەبی زیندووی نوێش دەهێنایەوە، ئاخر هەموو ئەدەب و وێژەیەک دابەش دەبێتەسەر ڕاستی و هەڵبەستراو، هەموو نەتەوەیەکیش مێژوویەکی ڕاست و یەکێکی هەڵبەستراوی هەیە. ناشزانین بۆچی کۆنەخوازان دەیانەوێ نەتەوەی عەرەب و ئەدەبی عەرەبی لە باقی نەتەوەکان و ئەدەبەکان جیابکەنەوە؟ ئاخر کێ دەتوانێ ئەوە بڵێ کەوا خوا قانونە گشتییەکانی بۆ سەرتاپای مرۆڤایەتی داناوە تا ملکەچی بن، کەچی تەنیا هەر ئەو وەچەیەی عەدنان و قەحتانی دەچنەوەسەر، لێ هەڵاوێرد کردووە؟ نەخێر! نەوەی عەرەبیش وەک سەرتاپای نەوەکانی دیکە ملکەچی ئەم قانونە گشتییانەیە، کە بەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵەکاندا باڵکێشە.

عەرەب خەیاڵی میللی خۆی هەیە، ئەم خەیاڵەش کەوتۆتە کار و بەریشی گرتووە، ئەنجامی کردوکۆش و بەرەکەی ئەو چیرۆک و ئەفسانانەن، ئەوانەی نەوەک هەر لە بارەی سەردەمی جاهیلییەوە دەگێڕدرێنەوە، بەڵکو لەبارەی سەردەمە مێژووییەکانی ئیسلامیش. خۆشت لەو بەندانەی ناومان لێنابوو "قسەی چوارشەممە /حدیث ألاربعاء/ بینیت، چۆن گومانمان لە دەستەیەک لەو چیرۆکە دڵدارییانە کرد ئەوانەی لەبارەی هۆزی عوزری و ئەوانی دیکە لە عاشقانی سەردەمی ئومەوییەوە

بوون. هەر بەڕاستیش وەک ـ هەندێ سیاسی وەهای بۆ دەچن ــــــــ ئێمە دەبێ عەقڵی خۆمان بەلاوەنێین تا بڕوا بەو هەموو شــاعیر و نووســەر و خەلیفە و ســەرکردە و وەزیروگزیرانە بکەین بەوەی ڕاســـتیین، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی لە کتێبی (ئەلئەغانی)، یان لە کتێبی تەبەری، یاخود لە کتێبی ئەلموبەرید، یان لە دانراوێکی جاحیزدا هاتوون. بەڵێ هەر دەبێ نەوەک هەر عەقڵ، بەڵکو بوونیشـــیمان بەلاوەبنێین و ببینە کتێبی گەڕۆک: ئەمەیــان کتێبی (ئەلکــامــل)ی ئەزبەرکردووە، ئیـدی بووەتە کتێبەکە و لەســـەر دوو پێ دەڕوا و قســـەدەکا، ئەوی دیکەیان کتێبی (ئەلبەیان و ئەلتەبیین)ی لەبەرکردوە و بووەتە بەشـــێک لێی، ئەمەشــیان تێکەڵەیەکی لەم کتێبانە لەبەرکردوون و بووەتە شـــتێکی ســـەیر، جارێک بە زمانی جاحز دەدوێ و جارێکی دیکەشیان بە زمانی موبەرید و پاشان بە زمانی سەعلەبە(ثعلب) و ئینجا بە زمانی ئیبن سەلام.

هەردەبێ کۆنەخوازان بە ڕەوشــی ژیانی زانســتییان ڕازی بن. لـێ ئێمە بەتەواوی ئەوە ڕەتـدەکەینەوە ببینە ئـامرازێکی لاســاییکەرەوە یان کتێبێکی گەڕۆک، ئاخر ئێمە بەوە قایل نابین، مەگەر ئێمە مێشـکمان نییە تا بۆ ڕەخنە و کنەوپشـکنین بێ هیچ لافوگەزافێک و ملهوڕی پەنای بۆ ببەین. هەر ئەم عەقڵەشـــمان ناچارمان دەکا هەروەک پێشــتر پاڵی بە کەســانی دیکەش ناوە،

بەوەی هەروەک چۆن لە نوێخوازان دەڕوانین ئـاوهـاش لە کۆنەخوازان بڕوانین بێئەوەی هەلومەرجەکانمان لەبیربچێ چ بۆ ئەمیان و چ بۆ ئەویان. خۆ من وەک شـتێکی پیرۆز تەماشـای هیچ کەسـێکی هاوچەرخم ناکەم نە لە درۆ و دەسـخەڕۆیی، هەروەها نە لە شـاشـی و پشـێویش بێخەتای دەرناهێنم. خۆ ئەگەر لەبـارەی شـتێکەوە بۆیـان بـاس کردم، یـان بۆیـان گواسـتمەوە، ئەوا من هەروا بەبێ ڕەخنە و لێپێچینەوە، بێ لێکدانەوە و وردبوونەوە قبوولی ناکەم. هەروەها کەسـیش لە کۆنەخوازان نـانـاسـم کە هـاوچەرخەکـانیـان بە بێ ڕەخنە و تێڕوانین بە پیرۆز بزانن. ئـامـاژەی ئەوانیش هەر ئەوەیە، هەروەک چۆن نوێخوازان ژیـانی ڕۆژانەی خۆیـانیـان هەیە، ئەوانیش هەیانە، ئیدی ئەوانیش هەروەک باقی خەڵک بەگوێرەی بڕکردنی هۆش و زیرەکی و خۆڕسـکێتییان شـت دەکڕن و دەفرۆشـن و داوادەکەن. ئیـدی بـاشـە کـاتێ ئەو توانـا و لێهاتوویەیان بۆ نوێخوازەکان بەکاردەهێنن، باشـە بۆچی بۆ کۆنەکـانیش بەکـاری نـاهێنن؟ کـاتێـک کە ئەوان تـا ئەو ڕاددەیە حەزیان لە ڕاسـتی و دڵنیابوونەوە هەیە، ئەدی بۆچی کاتێک پێیان دەگوترێ نرخی فلانە کالا بیست دراوە، کەچی ئەوان هەر بڕی دە دراوی دەخەنە مسـتی، بەڵکو لەسـەر ئەو بڕەش دانوسـتان دەکەن تا بگەنە ئەوەی خۆیان حەزیان پێیەتی؟ خۆ ئەگەر ئەوان هەروەک چۆن کۆنینەکان بە ڕاسـت زانیوە و لێیان

دڵنیان هەر ئاواش نوێیەکانیان پێپەسەند بووایە، ئەوا دەبوونە نموونەی گەمژەیی و کاڵفامی، ئەوکات لە ژیان تووشی دەردەسەری و کوێرەوەری دەهاتن. لێ ئێمە سوپاسی خوا دەکەین، کە ئەو کۆنەخوازانە بە بەراورد بە هاوچەرخەکانیان کەسانێکی بیرتیژن و ئاگایان لە وردەکارییەکان و فرتوفێڵەکان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان لە تەنگژەکان دەرباز بکەن، ئەوان هەروەک ئێمەی نوێخواز گۆشت دەکڕن و بەدوای هەمان ئەو نان و ڕۆنەن کە ئێمە بەدواوەین.

کەواتە ئەدی بناوانی ئەو ناتەباییە چییە، کە لە نێوان کۆنەخوازان و نوێخوازاندا دروستیان کردووە؟ بۆچی ئەوان بڕوایان بە ئەوانە و گومانیش لە ئەمان دەکەن؟

بۆ ئەم ناتەباییە تەنیا ئەو هزرە بناوانە، کە بەسەر دڵودەروونی گشتی لە هەموو نەتەوە و لە هەموو ڕۆژگارەکاندا باڵکێشە، ئەویش ئەو بیرۆکەیە، کە دەڵێ هەرچی کۆنینەیە لە نوێیەکە چاکترە، کات و زەمانیش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو شەڕانگێزی نەوەک چاکە و خێر دەڕوا، ئیدی زەمان وا لە خەڵک دەکات بۆ دواوە بگەڕێتەوە: بیانگێڕێتەوە دواوە و بۆ پێشەوەیان نەبا...

ئەوان پێیانوایە گوایە دەنکەگەنم لە چاخە زێڕینەکاندا لە ڕووی قەبارەوە هێندەی سێوێک دەبوو، پاشان خودا غەزەبی لە

خەڵکەکە گرت و دەنکەگەنم ئەوەندە بچووک بووەوە تا گەیشتە ئەو قەبارەیەی ئێستا هەیەتی.

هەروەها ئەوەشـــــیان گوت، گوایە لای نەوەکانی زەمانی بەرێ پیـاو لە بەژن و بـاڵا و کەڵەگەتی و هێزدا ئەوەنـدە بووە توانیویەتی باسکی بۆ ناو دەریا شۆڕ بکاتەوە ماسی لێدەربهێنێ و بەرزی بکـاتەوە بۆ هەوا، لە نزیـک ڕۆژی ڕاییبگرێ، کـاتێ دەیهێنێتەوە ڕاستی دەمی دەبینێ برژراوە.

ئەوان پێیانوایە کەســـــانی بەرایی لە جەســــتە و هەڵکەوتەیان ئەوەندە کەتە و زل بوون تەنانەت هەندێک لە پاشـــــاکانیان یان هەندێک لە پێغەمبەرەکانیان ڕانی خۆیان بەســـەر ڕوباری فراتدا ڕاناوە تا ببێتە پرد و خەڵک بەسەریدا بپەڕێتەوە.

کەواتە کۆن باشـــــتر بووە لە نوێ، کۆنەخوازانیش چاکترن لە نوێخوازان. زۆرینەی خەڵکی ڕەشۆکیش بڕوایان بەم شتە هەیە و هـیـچـیـش نـیـیە ئەو بـڕوایەیـان بـلەقـێـنـێ. ئەم بـڕوایەش پەرەدەســــێنێ و دەگۆڕێ، بەڵام بنەمـاکەی جێگیرە. ئیـدی یارۆکانی شارستانییەت و مەدەنییەت ئەوانەی بڕێکی باشیان لە زانســت هەبووە بڕوایان بەو جۆرە قسـانە نەبوو کە ئاماژەمان پێدا، بەڵام ئەوان وەهایان دەبینی، هەر بۆ نموونە لە چەرخەکانی بەرایی ڕەوشــــت و ئاکار بێدارتربوو لە ئێســــتا، دڵودەروون

بەئاگاتر بووە، جەســـتەکانیش تەندروســـتتر بوونە. ئیدی بەم شـــێوەیە کۆن لە بەرانبەر نوێدا بە چاکتر دەزانرێ، چونکە لە ســـەرێکەوە کۆن کۆنە و نـابینرێ، هەرچی نوێشـــە هەر بە سروشتی خۆمان تێیداین و لێی سەخڵەتین.

ئەرێ تۆ پێتوایە ئەوانەی بڕوایـان بە خەلەف و حەمـاد و ئەسـمەعی و ئەبی عەمرو بن عەلاء هەیە، لەبەر شـتێکی غەیری ئەوەی بـاســـم کرد بڕوایـان پێ هەیە؟ نەخێر! ئەو خەڵکە لە هاوچەرخەکان لەڕووی ڕەوشـــتەوە باشـــتر بوون و کەمتریش بەلای درۆدا دەچوون، ئەوان دڵودەروونیـان وریـاتر بوو، توانستی لەبەرکردنیان بەهێزتر بوو، بیرتیژتریش بوون. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەوان کۆنینە بوون! لەبەرئەوەی ئەوان لە چەرخی زێڕیندا دەژیان! ئەرێ باشـە ئەدی سـەردەمی عەباسـییەکان بە بەراورد بەو سەردەمەی تێیدا دەژین زێڕێن نەبوو؟

هەرچی ئێمەین ئەوە نـاڵێین کەوا کۆنینەکـان لە تـازەکـان بەدتر بوون، لێ ئەوەش ناڵێین کە ئەوان باشـــتر بوون لەوان. بەڵکو ئەمـان و ئەوان وەک یەک بوون، جیـاوازیـان نەبووە مەگەر جیاوازی لە بارودۆخی ژیان، ئەو بارودۆخەی شـــەقڵی ژیانێکی گونجاوی بۆ دارشـتوون و لەسـەری ژیاون. ئاخر کۆنینەکانیش هەروەک تازەکان درۆیان کردووە، کۆنەکان هەروەک نوێیەکان هەڵە دەکەن، ئەوانیش کردویـانە، بەڵکو بەختی کۆنینەکـان لە

کەوتنە داوی هەڵەوە زیاتر بووە لەوەی تازەکان هەیانە، چونکە عەقڵ لە سەردەمی ئەواندا نەگەیشتبووە ئەو پێشکەوتنەی ئێستا هەمانە، ئەوکات ئەو ڕێبازانەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن وەک ئەوەی ئێســـــتا هەمانە نەدۆزرابوونەوە. بۆیە ئەگەر خۆمان لە بەرانبەر کۆنەکـــان لە هەڵوێســـــتی گومـــان دانـــا، ئەوا هیچ زێدەڕۆییمان نەکردووە، بەڵکو مافی خۆی بە عەقڵ دەدەین و قەرزی زانســـــتەکەش دەدەینەوە. خۆ ئەگەر داوای شـــتێک لە کۆنەخوازان بکەین هەر ئەوەیە کە هەندێک ژیربێژانە ڕەفتـار بنوێنن، ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەوەی دەیخوێننە و دەینووســــن، لەگەڵ کڕین و فرۆشتندا بگەونجێنن.

دەی کەواتە با زۆر بە کورتی شـــتێک لە شـــیعر و شـــاعیرانی سەردەمی جاهیلی بکۆڵینەوە، تا ببینین ئاخۆ تا چەند لە شیعر و باســـــوخواســـــەکانیان دڵنیا بین، کە کتێب و دانراویان پێ پڕکراوەتەوە.

## ٢

## ئیمریئولقەیس - عەبید - عەلقەمە

دیارە لە کۆنترین شاعیران، ئەوانەی شیعرێکی زۆروزەوەندیان لێ گێڕدراوەتەوە و گێڕەرەوەکانیش باســـوخواســـی زۆریان لەبارەوە گوتووە، درێژدادڕی و وردەکاریی زۆریشـــی تێدایە، ئیمریئولقەیسە.

ئێ ئەوەش دەزانین کە گێڕەرەوەکان باس لە دەســـتەیەک لە شاعیران دەکەن، گوایە بەر لە ئیمریئولقەیس ژیاون و شیعریان گوتووە، لێ لەو شـــاعیرانە هەر بەیتیک یان دوان یاخود چەند بەیتێکیان لێدەگێڕدرێتەوە. ســـەبارەت بە باســـوخواســـی ئەوان شـــتی زۆر کەمیان لەســـەر باســـکردوون، کە هی گوتن نییە. هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە گوایە لە ســـەردەمێکی زۆر زوودا ژیاون و کەســـانێکی وەهاش نەبوون تا شـــیعرەکانیان

لەبەر بکەن و پشـــتا و پشـــت بۆ نەوەکانی دوای خۆیان گێڕابێتەوە. لە کتێبی پێشتر بە کەمێک ڕەخنەوە باسی ئەوەمان کرد، چۆن شت دراوەتە پاڵ ئەو شاعیرانە، تا سەری کێشا بۆ ئەو ڕاددەیەی ئەوەی لە باســوخواس و شــیعر دراوەتە پاڵیان جێیی بڕوا نەبێ. دەی با لەو شــاعیرانە بگەڕێین و هەڵوێســتە لەســـەر ئیمریئولقەیس و هاوڕێکانی بکەین، ئەوانەی وا دیارە گێڕەرەوەکان ناسیویانەوە زۆر شتیان لەبارەیانەوە گێڕاوتەوە.

ئیمریئولقەیس کێیە؟ لەو بـارەیەوە گێڕەرەوەکـان نـاکۆک نین بەوەی خەڵکی کینـدە بووە، بەڵام کینـدە چییە؟ گێڕەرەوەکـان لەســـەر ئەوەش جیاوازییان نییە بەوەی کیندە هۆزێک بووە لە قەحتـان (قحطان)، لێ ئەوان لەبـارەی ڕەچەڵەک و لێکدانەوەی نـاوەکەی و بـاســـوخواســـی مەزنەکـانی هۆزەکە جیـاوازن. هەرچۆنێکیش بێ، ئەوان لەســـەر ئەوە کۆکن، کە کیندە هۆزێکی یەمانییە و ئیمریئولقەیسیش لەوانە.

لێ هەرچی نـاوی ئیمریئولقەیس و نـاوی بـاوک و دایکیەتی شـتێکی ئاسـان نییە تا گێڕەرەوەکان لەســەری کۆک بن. ناوی شـــاعیرەکە ئیمریئولقەیس بووە، هەروەها ناویشـــی **حوندوج** (حندج)، هەروەها پێشـــیان گووتووە قەیس. ناوی باوکی عەمر بووە، هەروەها دەڵێن ناوی حەجریش بووە. ناوی دایکیشـــی فـاتیمە کچی ڕەبیعەی خوشـــکی موهەلهیل و کولەیب بووە، دەشـــڵێن نـاوی دایکی **تەملیـک** بووە. ئیمریئولقەیس بە ئەبووەهەبیش ناســـراوە، هەروەها بە ئەبوحارســـیش. هیچ

منداڵێکی نێرینەی نەبووە. ئاخر ئەو هەموو کچە تازەلەدایکبووەکانی زیندەبەچاڵ دەکردن. یەک کچی هەبووە ناوی هیند بووە، دەڵێن ئەمەش کچی خۆی نەبووە، بەڵکو کچی باوکی بووە. بە پاشای سەرگەردان (ملك الضليل) دەناسرا، هەروەها بە یارۆی کێم و برین (ذي القروح)یش ناسراو بوو.

ئیدی تۆش دەبێ لەو تێکەڵە شێواوەدا بتوانی شتێک هەڵێنجێنێ، کە ناوێکی لێبنێی یان هەر بەهەق ناوێکی هەبێ. هیچ شتێکیش لەوە ئاسانتر نییە، هەر بەدوای ئەوەی گێڕەرەوەکان باسیان کردووە بێچەندوچوون وەربگری؟ زۆر لە گێڕەرەوەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە ناوی ئەو شاعیرە حوندوج بن حوجر بووە، نازناویشی ئیمریئولقەیس، کونیەکەشی ئەبووەهەب، دایکیشی فاتیمەی کچی ڕەبیعە. لەسەر ئەمە زۆر لە گێڕەرەوەکان هاوڕا بوون، کاتێکیش زۆرینە هاوڕا بن، ئەوا پێویستە شتەکە بەڕاستی وەربگیرێ یان بەلای کەمییەوە، وا دابنرێ تای تەرازووی بەلای ڕاستییدا شکاوەتەوە.

هەرچی منیشم ئەوا لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەران و ئەو جۆرە دانیشتنانەدا دڵم بە ڕای زۆرینە ئاو دەخواتەوە، یان ناچارم بڕوا بە زۆرینە بکەم. لێ زۆرینە لە زانستدا نایخوا، ئاخر ئەدی زۆرینەی زانایان حاشایان لە خڕییەتی زەوی و جووڵانەوەکەی نەکرد، دواتریش دەرکەوت ئەوان هەڵە بوون. زۆرینەی زاناکان کاتی خۆی ئەو زانستەی ئێستا سەلمێنراوە بە نادروستیان لەقەڵەم دابوو. کەواتە زۆرینە لە زانستدا نایخوا.

کەواتە ڕێگەچارە ئەوە نییە قسەی زۆرینە لەبارەی ئیمرئیولقەیسەوە بپەژرێنین، بەڵکو ڕێگەچارە ئەوەیە هاوسەنگییەک لەنێوان ئەوەی ئەوان و ئەوەی کەمینە باسی کردووە بدۆزینەوە. کاتێکیش بگەڕێینەوە سەر هۆکارەکانی داتاشین و دەسخەرۆیی و شیعر و چیرۆک لە کتێبی پێشوودا، ئەوا هیچ چارەش لەبەردەم ئەو هاوسەنگییەدا نامێنێ.

کەواتە ناتوانین حوکم لەنێوان ئەو دەستە ناکۆکە بکەین، بەڵکو ناچارین بە وەرگرتنی قسەی ئەوان و ئەمان لەسەر ئەوەی خەڵک لەبارەیەوە دەیڵێن بەبێ ئەوەی بزانین ڕاستن یان نا. ئەمە و هەڵەی هاوشێوە لە تێکەڵکردن لە ژیانی ئیمرئیولقەیسدا باشترین بەڵگەیە لەسەر بۆچوونمان بەوەی هەر بەڕاستی ئیمرئیولقەیس نەبووە -ئێمە زیاتر بەو لایەدا دەیشکێنینەوە و خەریکە لێمان ببێتە یەقین- ئاخر خەڵک لە ناوەکەی بترازێ چیدیکەیان لێنەزانیوە، مەگەر هەر دەستەیەک لە ئەفسانە و قسە بن کە پەیوەندییان پێوەهەبێ.

لێرەوە واباشە سەرنجی ئەوە بدەین، کە زۆروبۆری ئەو ئەفسانە و باسوخواسانە تەنیا لە چەرخەکانی دوایی بڵاوبوونەوە: واتە لە سەردەمی گێڕەرەوە تۆمارکەرەکان و چیرۆکنووسەکان. مەزندەی هەرە گەورەش ئەوەیە، هەر لەم چەرخەدا سەریان هەڵدابێ و لە هی سەردەمی جاهیلییەوە بە میرات بەجێنەمابێتەوە. مەزندەی هەرە گەورە ئەوەیە، ئەوەی ئەم چیرۆکەی دروستکردوە و گەشەی پێداوە، ئەوا ئەو شوێن

و پێگەیە بووە کە هۆزی کیندە لە ژیانی ئیسلامییدا هەیبووە، هەر لەوکاتەی بۆ پێغەمبەر لواوە دەست بەسەر عەرەبستاندا بگرێ تا ئاخیروئۆخری سەدەی یەکەمی کۆچی.

ئێمە ئەوە دەزانین کە نێردەیەک لە کیندە بە سەرۆکایەتیی ئەشعەسی کوڕی قەیس (الأشعث بن قیس) هاتبووە لای پێغەمبەر. ئەوەش دەزانین -هەروەک ژیاننامەی پێغەمبەر (سیرە) دەیگێڕێتەوە- ئەم نێردەیە داوای لە پێغەمبەر کرد خوێندەوارێکیان لەگەڵدا بنێرێ تا کاروباری دینییان فێربکا. هەروەها ئەوەش دەزانین کاتێ پێغەمبەر مرد، ئەوان لە دینەکە هەڵگەڕانەوە، ئینجا کاربەدەستەکەی ئەبوبەکر لە نوجەیر ئابلۆقەی دان و حوکمی خۆیانی بەسەردا سەپاند و خەڵکێکی زۆریان لێکوشتن و ئینجا پۆلە کەسێکیان بۆ لای ئەبوبەکر بەڕێکرد، کە ئەشعەسی کوڕی قەیسیشیان تێدابوو، ئەوان لەبەردەم ئەبوبەکردا تۆبەیان کرد و گەڕانەوە سەر دۆخی جارانیان، ئینجا ئەشعەس بووە زاوای ئەبوبەکر و خوشکەکەی (ئوم فەروە/ام فروة)ی خواست، پاشان -هەروەک گێڕەرەوەکان گێڕاویانەتەوە- گوایە ئەشعەس چووەتە مەیدانی وشتران و دەستی داوەتە شمشێرەکەی و گەیشتبێتە لای هەر وشترێک ورگی هەڵدڕیوە، خەڵک وایانزانیوە تێکچووە، کەچی بانگهێشتی خەڵکی مەدینەی بۆ سەر خوانی پڕ لە خۆراک کردووە و پارەی وشترەکانیشی بژاردووە، ئەم کوشتارگە دڕندانەیەش خوانی زەماوەندەکەی بوو. ئێمە دەزانین ئەو پیاوە لە داگیرکردنی شام

و چەندین شـــەڕ و بەیەکدادانیش لەگەڵ فارســـەکاندا بەشـــدار بووە، لە هەمووشیان نەبەردیی باشی نواندووە، ئینجا کاری بۆ عوســـمان کردووە و بووەتە کاربەدەســـتی ئەو، پاشـــان لایەنی عەلی لە دژی موعـاویە گرتووە، زۆریشـــــی لە عەلی کرد بە دادوەرییەکە قایل بێ، ئەوە بوو عەلی لە شـــــەڕی ســــیففەین (صـــــفین) بە دادوەرییەکە قایل بووە. ئێمە ئەوەش دەزانین کە کوڕەکەی ئەو، واتە محەمەد کوڕی ئەشـــــعەس یەکێک بوو لە ســـــەردارەکانی کوفە. زیادیش هەر پشـــتی بەو بەســـت کاتێک حوجری بن عەدێ کیندی هەراســــــانی کرد. هەروەها ئەوەش دەزانین کە چیرۆکی ئەو حەجر بن عەدییە و کوشتنەکەی لەگەڵ چەند پیاوێکی لەســـەر دەســـتی موعاویەدا کاریگەرییەکی گەورە و قووڵی لەســـــەر دڵودەروونی موســــڵمـانـان بە گشـــتی و بەتایبەتیش یەمەنییەکان دانا، ئیدی کابرا لە وێنەی شـــەهیدێکدا بەرجەســـتە کرا. ئەوەش دەزانین کە نەوەی ئەشـعەســی کوڕی قەیس واتە عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەشعەس لە دژی حەجاج شـــۆڕشـــــی بەرپاکرد و لای خۆی عەبدولمەلیکی لەســــــەر تەختی خەلافەت لادا و بەم کـارە دەوڵەتی مـاڵبـاتی مەروان (ئـال مەروان)ی تووشــــــی مەترســــیی ڕووخـان و لەنـاوچوون کرد، ئەمەش بووە مـایەی خوێنڕژانێکی زۆری موســڵمانانی عێراق و شــام، ئەوانەی لە شــەڕ و پێکدادانەکانی ئەودا کوژران بە دەیان هەزار بوون، پاشـــان بەزی و پەنای بۆ پاشــای تورکان برد، دواتر گەڕایەوە و بەنێو شــارەکانی ئێراندا جرتوفرتی بوو، ئینجا دیســـان بێئومێد بووەوە و گەڕایەوە لای

پاشـاکەی تورک، پاشـاکەی تورکیش غەدری لێکرد و ڕادەسـتی پیاوەکانی حەجاجی کرد، ئیدی لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ عێراق کوژرا، سـەری لێکرایەوە و بە نێو عێراق و شـام و میسـردا گەڕێنرا.

باشـە تۆش هەر ئەو مەزندەیە ناکەی، کە بنەماڵەیەکی کیندەیی وەها، ئەم پێگەیەی لە ژیانی ئیسـلامیدا و ئەو کاریگەرییەی لە مێژوویی موسـڵماناندا هەبێ، ئاخۆ چیرۆک و داسـتان بۆ خۆی بەکارناهێنێ و چیرۆکنووس و حەکایەتخوان بەکرێ ناگرێ تا بانگەوازی بنەماڵەکەیان بە شـار و لادێدا بڵاوبکەنەوە تا پێگەی ماڵباتەکە و شـانوشـکۆیان بەرز و بەرزتر ڕابگرن؟ بەڵێ! خۆی هەر گێڕەرەوەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشـعەس چیرۆکخوانی بەکرێگرتبوو و پـارەی دەدانێ و هەروەک چۆن پاداشـتی شـاعیرانیشـی دەکرد: چیرۆکخوانێکی هەبوو بە ناوی عەمرو بن زەر (عمرو بن ذر)، هەروەها ئەعشا هەمدان (أعشى هَمْدان)یش شاعیری بوو.

بێگومان ئەوەی لە باسوخواسی کیندە لە سەردەمی جاهیلییەتدا دەگێڕدرێتەوە بە کاری ئەو چیرۆکخوانانە کاریگەر بووە، کە بۆ بنەماڵەی ئەشـعەس کاریان دەکرد. چیرۆکی ئیمریئولقەیس بە شێوەیەک لە شێوەکان لە زۆر ڕووەوە لە ژیانی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشـعەس دەچێ. تێیدا ئەوە دیارە کەوا ئیمریئولقەیس بەدوای تۆڵەی بـاوکییەوە بووە. ئـاخر ئەوانەی لە مێژووش تێدەگەن هەر بۆ ئەوە ناچن کە عەبدوڕەحمانیش هەر لە تۆڵەی

حوجری کوڕی عەدیدا تۆڵەخواز بووە؟ چیرۆکەکە سەربردەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئیمریئولقەیس چاوی لە دەسەڵات و پاشایەتی بڕیوە. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسیش خۆی لە بەنوئومەییە بۆ تەختی خەلافەت بە کەمتر نەزانیوە، هەر بۆیە داوای دەکرد. هەر چیرۆکەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە چۆن ئیمریئولقەیس بەنێو خێڵ و هۆزە عەرەبییەکاندا گەڕاوە. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسیش بەنێو شارەکانی ئێران و عێراقدا گەڕاوە. چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە چۆن ئیمریئولقەیس پەنای بۆ قڕاڵ (قەیسەر)ی ڕۆم بردووە و داوای پشتیوانی لێکردووە. عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسیش پەنای بۆ پاشای تورک بردووە و داوای یارمەتی لێکردووە. لە کۆتاییدا چیرۆکەکە ئەوەمان بۆ باس دەکا، چۆن قڕاڵی ڕۆم دوای ئەوەی لە کۆشک پشتگوێی دەخا، غەدریشی لێدەکا. پاشای تورکیش غەدر لە عەبدرولرەحمان دەکا و ڕادەستی پیاوەکانی حەجاجی دەکاتەوە. پاشان هەر چیرۆکەکە وێنای ئەوەمان بۆ دەکێشێ چۆن ئیمریئولقەیس لە ڕێگەی گەڕانەوە لە وڵاتی ڕۆم دەمرێ. عەبدوڕەحمانیش لە ڕێگەی هێنانەوەی لە وڵاتی تورکاندا سەری تێدا دەچێ.

ئەرێ ئیدی ئاسان نییە ئەو گریمانەیە بکەین، یان باشتر بڵێین بەولایەدا بیشکێنینەوە کەوا ژیانی ئیمریئولقەیس هەروەک لەسەر زاری چیرۆکبێژەکاندا هاتووە، هەر ڕەنگێکی دیکەی بەرجەستەکردنی ژیانی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەس بووە،

کەوا چیرۆکخوانەکان بۆ ڕازیکردنی دڵی خەڵکی یەمەن، ئەوانەی لە عێراق بوون، ئیدی ناوی خوازراوی پاشـای سـەرگەردانیان بەسەردا دابڕیبێ بۆ ئەوەی لەبەرچاوی کاربەدەستانی بنەماڵەی ئومەییە شـوێنبزری بکەن، ئەمە لایەک، لە لایەکی دیکەشـەوە هەر بۆ ئەوەی بەشـێک لەو باسـوخواسـانەی پاشـا سەرگەردانەکەی پێدەناسرا بقۆزنەوە و بەکاریبهێنن؟

❖

لەوانەیە تۆ ئەوە بڵێی: باشـە شـیعری ئیمریئولقەیس چییەتی؟ چۆن لێکدەدرێتەوە؟ کاروباری شـیعر ئاسـانە، لێکدانەوەکەشـی هەر ئاسـانە. بە کەمترین ڕوانین بۆ ئەم شـیعرانە وات لێدەکا دابەشـی بکەیتە سـەر دوو بەش: یەکێکیان پەیوەندیی بەو چیرۆکەوە هەیە کە ئـامـاژەی پێـدرا. کەواتە کـاروبـاری ئەم چیرۆکە هەر ئەوەیە هەڵبەسـترابێ و درابێتە پاڵ ئیمریئولقەیس بۆ ڕاڤەکردن و تۆمارکردن، بۆ ئەوەش دانراوە تا ببێتە مایەی ڕەنگدانەوەی ئەو کێبڕکێ توندەی لەنێوان هۆزەکانی عەرەب و نشینگەکانیان لە کوفە و بەسرادا هەبوو. بچووکترین دەرسیش لەم شـیعرەدا وات لێدەکا ببێتە سـەر ئەو ڕایەی، ئەگەر هات و لەو کەسـانە بی کە بە لێکۆڵینەوەی نوێ بەڵەدن، بەوەی ئەم شیعرەی لەسەر ئیمریئولقەیس حیساب کراوە و ڕاستەوخۆ بە چیرۆکەکەی پەیوەسـتە، ئەوا شـیعرێکی ئیسـلامیانەیە نەوەک جاهیلی. دەگوترێ و هەر بۆ ئەو هۆکارانەش هەڵبەسـتراون،

ئەوانەی ئاماژەمان پێداون و بۆ هۆکاری دیکەش کە لە بەشـــی دووەمی ئەم کتێبەدا ڕوونمان کردووەتەوە. ئیدی ئەمە بەشـــی یەکەم، هەرچی بەشـــی دووەمیشـــە، ئەوا ئەو شـــیعرانەن کە پەیوەندییان بە چیرۆکەکەوە نییە، بەڵکو تێیدا هونەرگەلێکی لە قســـە و وتەی ســـەربەخۆ لە مەیلی ســـیاســـی و حیزبی تێدایە. ئیدی بۆ ئەم بەشـــە ڕاوبۆچوونی خۆمان هەیە، وا لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو.

پوختەی ئەم لێکۆڵینەوە کورتە ئەوەیە، کەسایەتیی ئیمریئولقەیس -ئەگەر بیری لێبکەیتەوە- نزیکە لە کەســـایەتیی هۆمیرۆســـی شـــاعیری یۆنانی. ئێســـتاش مێژوونووســـانی ئەدەبی یۆنانی گومانیان نییە لەوەی ئەگەر لەڕاستیدا کەسێکی وەها هەبووبێ، کـاریگەریی بەســـەر شـــیعری چیرۆکئـامێز هەبـووە، کاریگەرییەکەشـــی تا ئێســـتا هەر بە بەهێزی ماوەتەوە، کەچی شـــتێکی وەهای لەبارەوە نازانن کە جێگەی دڵنیایی بێ، بەڵکو هەر دەڕواننە ئەو باســـوخواســـانەی لەبارەی گێڕدراونەتەوە هەروەک چۆن دەڕواننە چیرۆک و ئەفسانەکان، ئیدی ئاوەها نە کەم و نە زۆر. ئیمریئولقەیســـیش هەر بەڕاســـت پاشـــای ســـەرگەردان بووە: مەبەســـتمان ئەوەیە ئەو پاشـــایە بووە کە شتێکی وەهای لەبارەوە نەزانراوە جێگەی دڵنیایی و خاترجەمی بێ. ئەو هەر وەک قامووســـنووســـە عەرەبەکان گوتویانە ئەو (ضِلّلّ بن قُلّ) بووە. ئەوی سەیریشە کۆمەڵە شیعرێک دەدرێتە پاڵ ئیمریئولقەیس بەوەی گوایە ئەو کاتانە گوتوویەتی

کە بەنێو هۆز و خێڵە عەرەبییەکاندا گەڕاوە و پەسنی ئەمیانی داوە و ئەویانیشی داشۆریوە، ئینجا هەندێ باسوخواس بەو شیعرانە گرێدراون کە شوێنی دابەزینی ئیمریئولقەیس لەنێو هۆزێکدا دەبینرێ و پاشان پەنای بردووەتە بەر هۆزێکی دیکە، چووەتە بەر سێبەری هۆزێک و داوای یارمەتی لە یەکێکی دیکەیان کردووە، هەر شتێکی وەهاش لە ژیانی هۆمیرۆس بەدیدەکرێ، ئەویش هەروەک چۆن گێڕەرەوە یۆنانییەکان باسیان کردووە، گوایە بەنێو شارەکانی یۆناندا گەڕاوە و سووڕاوە لای هەندێکیان ڕێزی گیراوە و بەخێرهاتنی لێکراوە و لای هەندێکی دیکەشیان وەدەرنراوە. مێژوونووسانی ئەدەب و وێژەی یۆنانی ئەم باسوخواسانە وەها ڕاڤەدەکەن، کە ڕوویەکی کێبڕکێی نێو شارە یۆنانییەکان بووە: هەروەک ئەوەی شارێکیان کەشوفشی پێوە بکا بەوەی میوانداریی هۆمیرۆسی کردووە یان پەروەردەی کردووە یاخود دالدەی داوە یان بەزەیی پێداهاتووەتەوە.

ئێمەش بۆ ڕاڤەکردنی ئەو باسوخواس و شیعرانەی پەیوەستییان بە هاتنوچوونی ئیمریئولقەیسەوە هەیە لەنێو هۆزەکانی عەرەبدا هەر لەسەر ئەو ڕێبازەین. ئەویش ئەوەیە ئەم شیعرانە لەوکاتەی ڕکابەری و ناحەزی ئەو هۆز و خێڵانە لە سەردەمی ئیسلامیدا لە کێبڕکێدابوون، ئیدی ئەوکاتە شیعرەکە دادەتاشرا، چونکە هەر هۆز و ئاواییەک خوازیار بوو تا بکرێ هەرچی شانازی و شکۆ و شەرەف هەیە بۆ خۆی

بگەڕێنێتەوە. کۆنەکانیش هەستیان بە هەندێ لەو شتە کردبوو، ئەوەتا نووسەری کتێبی "ئەلئەغانی" باسی قەسیدەیەکی قافیمان بۆ دەکا کە دراوەتە پاڵ ئیمریئولقەیس، گوایە تێیدا بە شانوباڵی سەمەوئەلی هەڵداوە، لەوکاتەی هانای بۆ بردووە، دیارە ئەم قەسیدەیە دارم بن عەقال هەڵیبەستووە کە کوڕی سەموئەل بوو. مەزندەی هەرە گەورەی ئێمەش ئەوەیە، دارم بن عەقال بەتەنیا ئەم قەسیدەیەی هەڵنەبەستووە، بەڵکو سەرتاپای چیرۆکەکەشی هۆنیوەتەوە و هەرچی بەوەشەوە پەیوەست بێ هەڵیبەستووە: چیرۆکی کوڕی سەموئەلی هەڵبەستووە ئەوەی گوایە لەبەردەم باوکیدا کوژراوە، ئەوکاتەی باوکی ڕازی نەبووە چەکی ئیمریئولقەیس ڕادەست بکاتەوە، چیرۆکی ئەعشاش هەر هەڵبەستراوە ئەوەی هانای بۆ شورەیح کوڕی سەمەوئەل بردووە و ئەویش ئەم شیعرە ناودارەی گوتووە:

| | |
|---|---|
| شُرَيْحُ لا تَتْرُكَنّي بَعْدَ مَا عَلِقَتْ | حِبالَكَ اليَـوْمَ بَعْدَ القِدّ أظْفـارِي |
| قَدْ طُفْـتُ ما بَيْنَ بَانِقْيَا إلى عَدَنٍ، | وَطـالَ في العُجْمِ تَرْحالي وَتَسيارِي |
| فكانَ أوْفاهُـمُ عَهْداً، وَأمنَعَهُـمْ | جـاراً أبـوكَ بعـرفٍ غيـرِ إنكـارِ |
| كالغيـثِ ما استمطرهُ جادَ وابلهُ، | وعنـدَ ذمتّـهِ المسـتأسدُ الضّـاري |
| كـنْ كالسّـموألِ إذْ سارَ الهمامُ له | في جحفلٍ كسـوادِ اللّيلِ جـرّارِ |
| إذْ سامَهُ خُطّتَيْ خَسْفٍ، فَقالَ له: | مهـما تقلـهُ، فـإنّي سـامعٌ حـارِ |

فَقــالَ: ثُكْـلٌ وَغَــدْرٌ أنتَ بَينَهُما، فاخــترْ ومـا فيهما حــظٌّ لمختارِ

فشــكّ غيرَ قليـــلٍ، ثمّ قــالَ لهُ: اذبـــحْ هــديَّكَ إنــي مانعٌ جاري

إنّ لــــهُ خلقــاً إنْ كـنتَ قاتلـــهُ، وَإنْ قَتَلْـتَ كَـرِيماً غَيــرَ عُـــوّارِ

وَسَوْفَ يُعقِبُنِيـهِ، إنْ ظَفِــرْتَ بِــهِ، ربٌّ كــريمٌ وبيــضٌ ذاتُ أطهـــارِ

لا ســرُّهنّ لـدينــا ضائــعٌ مـذقٌ، وكاتمــاتٌ إذا اسـتودعنَ أسـراري

واختــارَ أدراعـــهُ أنْ لا يسبّ بها، وَلـمْ يكُــنْ عَهْــدُهُ فِيــهَا بِخَتّارِ

پاشـــان هەر هۆنینەوەی ئەم چیرۆکە بووە هۆکاری هۆنینەوەی چیرۆکێکی دیکە، ئەویش چیرۆکی ڕۆیشـــتنی ئیمریئولقەیس بوو بۆ قوســـتەنتینیە لەگەڵ هەموو ئەو شـــیعرانەی پەیوەندی بەو ســـەفەرەوە هەبوو. ئەم قەســـیدە ڕائییەی درێژەی خوارەوەش هەڵبەستراوە، کە سەرەتاکەی وەها دەست پێدەکا:

سَما لَكَ شَوقٌ بَعدَما كانَ أَقصَر وَحَلَّت سُلَيمى بَطنَ قَوٍّ فَعَرعَرا

ئەو شـــیعرەش گوایە ئیمریئولقەیس کاتێک لەگەڵ قەیســـەردا چووەتە گەرمـاو و لەوێـدا هۆنیبێتیەوە، ئەوا ئێمە لەم کتێبەدا ڕوومان نایەت دایبەزێنین. چیرۆکی ئەو خۆشەویستیەش گوایە ئیمریئولقەیس لەگەڵ کچەکەی قەیسەردا هەیبووە هەڵبەستراوە. ئەو شـیعرانەش کە دراونەتە پاڵ ئیمریئولقەیس کاتێک هەسـتی کردووە ژەهرخوارد کراوە و لە وڵاتی ڕۆمەکان بەرێکەوتووە، هەر هەموویان بەزاری ئەو هەڵبەستراون و ڕاست نین.

هەموو ئەمانە هەڵبەستراون، چونکە ئەو باسوخواسانە ڕاڤەدەکەن کە باو بووبوون، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کردوون.

خۆ ئەگەر هەر پێویست بکا بەدوای بەڵگەی بەرجەستەدا بگەڕێن، بەوەی ئەم شیعرانە بەزاری ئیمریئولقەیسەوە هەڵبەستراون، ئیدی حەزمان لێیە بزانین ئاخۆ چۆن ئیمریئولقەیس سەردانی ڕۆمای کردووە و چۆن لەگەڵ قرالەکەی تێکەڵ بووە و تا ئەو ڕادەیەی لەگەڵی چووەتە گەرماو و بە کچەکەی سەرسام بووە، ئیدی کە هەموو ئەو ڕووە شارستانیەتەی وڵاتی ڕۆمانییەکانی بینیبێ کەچی هیچ شتێکی لەمە لە شیعرەکەیدا ڕەنگی نەدابێتەوە: نە وەسفی قەیسەری کردوە و نە ناویشی هێناوە، وەسفی هیچ کڵێسایەکی لە کڵێساکانی نەکردووە، وەسفی کیژە ئیمپراتۆرەکەشی نەکردووە کە عاشقی بووە، وەسفی هیچ کیژە ڕۆمانییەکیشی نەکردووە، وەسفی هیچ شتێکی نەکردووە کە هەر بەڕاستی بۆنی ڕۆمانەکانی لێبێ. پاشان ئەوەندەمان بەسە، کە ئەم شیعرە بخوێنینەوە هەست بە لاوازی و شێوان و بەڵەدنەبوونی ڕێگەی قوستەنتینیە بکەین.

خۆ ئەگەر هەر شتێک بێ، ئەوا هەر ساویلکەیی بەهانامەنەوە دێ بەوەی بڵێین شاعیرێکی عەرەبی کۆن ئەم شیعرەی گوتبێ، کە دراوەتە پاڵ ئیمریئولقەیس، ئەویش لە کاروانەکەی بۆ وڵاتی ڕۆم و لەوێش گەڕابێتەوە.

ئەگەر تۆش لەگەڵ ئێمەدا ئەوە ببینی، کە هەموو ئەو شـــیعرەی پەیوەندی بە ژیاننامەی ئیمریئولقەیســـەوە هەیە، دەســـتکاریی چیرۆکبێژانە، ئیـدی ڕاســـتی ئەوەیە لەگەڵ تـۆدا کورتە هەڵوەسـتەیەک لەسـەر بەشـی دووەمی شـیعری ئیمریئولقەیس بکەین، ئەو بەشـــەی کە نە ژیـاننـامەی لێکـدەداتەوە و نە پەیوەندیشـی بەوەوە هەیە. دیارە گرنگترین شـیعرەکانیش ئەو دوو قەسیدەیەن:

یەکەمیـــــان: **"قفا نبک من ذکری حبیب و منــزل"**

دووەمیشیان: **ألا أنعــم صبــاحا أیها الطلل البالی"**

هەرچی بەدەر لەو دوو قەسیدەیە هەیە، ئەوا لاوازی و پەشێوی تێدا دیارە و زۆر لەخۆکردن و ســـواوی پێوە دیارە، دەکرێ بە دەســـتیش هەســـتی پێبکەی. دەکرێ پێش هەمووشـــتێک ئەو تێبینییە بدەین، ســـەریشـــم لەوە ســـوڕماوە چۆن نووســـەرە کۆنەخوازەکان لێی ڕزگار بوونە، ئەویش ئەوەیە ئیمریئولقەیس -ئەگەر گێڕانەوەکان ڕاســـت بکەن_ خەڵکی یەمەن بووە، کەچی شـــیعرەکەی بە زمانی قوڕەیشـــە، کە هیچ جیاوازیی بێژە و گەردانکردن و هەرچی پەیوەندی بە ڕێســـاکانی کەلامەوە هەبێ لەگەڵ قورئاندا جیاوازی نییە. خۆ ئێمە ئەوەش باش دەزانین -هەروەک پێشـتر باسـمان کرد- کە زمانی یەمەن بە تەواوی لە زمانی حیجاز جیاواز بووە، باشـــە ئەدی چۆن ئەو شـــاعیرە یەمەنییە بە زمانی خەڵکی حیجاز شـیعری هۆنیوەتەوە؟ نەوەک هەر ئەوەنـدە بەڵکو بە زمـانی قوڕەیشـــیش؟ دەکرێ بڵێین:

ئیمریئولقەیس لە نێو هۆزەکانی عەدناندا گەورە بووە و باوکی ئەو پاشای بەنی ئەسەد بووە و دایکیشی لە بەنی تەغلب بووە و موهەلهیلیش خاڵی بووە، کەواتە سەیر نییە بە زمانی عەدنانییەکان شیعر بڵێ و وازی لە زمانی یەمەنییەکان هێنابێ. لێ ئێمە بەو هەموو زانیارییە نازانین و ناشتوانین بیسەلمێنین مەگەر لە ڕێی ئەو شیعرە نەبێ کە دراوەتە پاڵ ئیمریئولقەیس. ئێمە گومانمان لەو شیعرەی ئیمریئولقەیس هەیە و بە شتێکی داتاشراو و هەڵبەستراوی دادەنێن.

کەواتە ئێمە دەخولێینەوە: زمانی ئیمریئولقەیس دەسەلمێنین کە بە هۆیەوە گومانمان لە شیعری ئیمریئولقەیس هەیە کە گومانی لێدەکەین. لێ خۆ ئێمە لەبەردەم پرسێکی دیکە داین کە لە ئاڵۆزیدا لەو پرسەیان کەمتر نییە. ئاخر ئێمە تا ئێستاش نازانین و ناتوانین بزانین ئاخۆ زمانی قورەیش لە سەردەمی ئیمریئولقەیسدا بەسەر عەرەبستاندا زمانی زاڵ و باو بووە؟ مەزندەی هەرە گەورەش ئەوەیە ئەم زمانەی قورەیش ئەوکات زمانی عەرەب نەبووە، بەڵکو هەروەک باسمان کرد لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی زاینیدا بەسەر عەرەبستاندا باڵکێش بووە.

کەواتە ئەدی چۆن ئیمریئولقەیسی یەمەنی شیعری خۆی بە زمانی قورئان گوتووە، هەرچەندە ئەوکات، لە سەردەمی ئیمریئولقەیسدا زمانی قورئان زمانی باڵکێش و زاڵ نەبووە؟ سەیریشم پێدێ کە مرۆ بە شێوەیەکی ڕەها هیچ بێژە و شێواز

و ڕێسایەکی زمانی لە شیعری ئیمریئولقەیسدا نابینێتەوە بەوەی بلێی کابرا یەمەنی بووە. هەرچۆنێک بێ ئیمریئولقەیس بە زمانی عەدنان کارانگاز بووە، لێ چۆن ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان، کە زمانی زگماکی خۆی هەر لەخۆیەوە ڕەش بووەتەوە و هیچ شوێنەواری بەسەر شیعرەکانیدا نەماوە؟ پێمانوایە کۆنەخوازان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسگرێکە زۆر هیلاک دەبن. پێموایە بەر لەوەی ئەم پرسگرێکە چارەسەر بکرێ، ئەوا هەوڵی دانەپاڵی ئەم شیعرە بۆ ئیمریئولقەیس شتێکی نەکردەیە (مەحاڵە).

لێ ئێمە حەز دەکەین لەبارەی شتێکی دیکەشەوە بپرسین. -هەروەک ئەوان دەیلێن- ئیمریئولقەیس خوشکەزای موهەلهیل و کولەیب بووە، خۆشت باش ئەوە دەزانی کە چیرۆکێکی دووروودرێژ لەبارەی موهەلهیل و کولەیب هۆنراوەتەوە، ئەویش -هەروەک چیرۆکبێژەکان دەیلێن- چیرۆکی بەسووس و ئەو شەڕەی گوایە چل ساڵی ڕەبەقی خایاندووە و نێوانی هەردوو هۆزی دەستەخوشک واتە بەکر و تەغلبی تێکوپێک داوە. لێرەدا سەیر ئەوەیە، ئیمریئولقەیس بە یەک وشەش ئاماژە بۆ کوشتنی کولەیبی خاڵی خۆی ناکا، هەروەها ئاماژە بۆ نەبەردییەکانی موهەلهیلیش ناکا، توخنی ئەو کارەساتەش ناکەوێ کە تووشی خاڵەکانی لە بەنی تەغلب هاتبوو، هەروەها بەلای ئەوەشدا ناچێ، کە خاڵەکانی چییان بەسەر بەنی بەکردا هێناوە.

کەواتە ڕوو لە هەر کوێ بکەی هەر ڕووبەڕووی گومان دەبیتەوە: گومان لە چیرۆکەکە، گومان لە زمانەکە، گومان لە

ڕەچەڵەکەکە، گومان لە گەشـــتەکە و گومانیش لە شـــیعرەکە. ئیدی ئەوان دوای ئەو هەمووە دەیانەوێ بە هەموو باسوخواسی کۆنەکـان لەبـارەی ئیمریئولقەیس بڕوابکەین و متمـانەمـان پێی هەبێ! بەڵێ گەر هاتبا و خودا عەقڵێکی تەمبەڵی پێدا باین، ئەو عەقڵەی هەرچی کۆنەخوازە لای خەڵک خۆشـەویسـت دەکا تا لە نوێگەرێتی دووربکەوێتەوە، ئەوســـا دەکرا بڕوای پێبهێنین و لێشـــی دڵنیابین. لێ خۆ خوا ئەو جۆرە تەمبەڵی و تەوەزەلییەی پێنەبەخشـــیوین، ئیدی ئێمە زەحمەتی گومان و لێکۆڵینەوەکە بە ڕەوا دەزانین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەمـانگەیەنێتە ســـەر ئەوەی بڵێین زۆرترین شـــیعر لەوەی دراوەتە پـاڵ ئیمریئولقەیس فرێ بەســـەر ئیمریئولقەیســـەوە نییە، بەڵکو هەمووی دراوەتەپـاڵی و بۆی دروســـتکراوە، هەندێکیان عەرەب خۆیان بۆیان هەڵبەســـتووە، هەنـدێکی دیکەش گێڕەرەوەکـان هەڵیـانبەســـتووە، ئەوانەی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا شیعریان تۆمار کردووە.

دەی با ئێســـتا ســـەیری موعەلەقەکە (ئەو شـــیعرەی گوایە بە دیواری کەعبەوە هەڵواسرابوو وەرگێڕ) خۆی بکەین، ئاخر ئێمە لە زۆرلەخۆکردن و دەسـتکاریی زیاتر لەم قەسـیدەیەدا نابینین. باکیشمان بە چیرۆکی هەڵواسینی ئەو حەوت، یان دە قەسیدانە نییە بە دیواری کەعبەوە هەڵواســرابن یان لە پەڕاوەکاندا تۆمار کرابن. پێشمان وانییە کۆنەخوازانیش باکیان بەو چیرۆکە هەبێ، کە لە چەرخێکی دواتر دانراوە و هیچ شـــتێکی ژیانی عەرەب و

بایەخدانیان بە ئەدەبەوە نایســـەلمێنێ. لێ ئێمە تێبینیی ئەوەمان کردووە، هەر کۆنەکـان خۆیـان گومـانیـان لە بەشـــێـک لەم قەســـیدەیە هەبووە، ئەوان گومان لەم دوو بەیتەی خوارەوەی دەکەن:

تَرَى بَعَــرَ الأَرآم فِي عَرَصَاتِها | وَقِيعَــانِها كَأَنَّــهُ حَـــبُّ فُلفُلِ
كأني غَـداةَ البَيْنِ يَوْمَ تَحَمَّلوا | لدى سَمُراتِ الحَيّ ناقِفُ حنظلِ

هەروەها ئەوان گومان لەم بەیتانەش دەکەن:

وَقِرْبَةِ أَقْوامٍ جَعَلْتُ عِصــامَها | علـــى كاهِـلٍ مني ذَلُولٍ مُرَحَّلِ
وَوادٍ كجَـــوْفِ العَيرِ قَفْرٍ قطعتُهُ | بِهِ الذئبُ يَعوي كالخَليعِ المُعَيَّلِ

فَقُلْـتُ لَهُ لما عَوى: إنّ شَـأنَنا | قليلُ الغنى إنْ كنــتَ لمَّا تَمــوَّلِ
كِلانا إذا مــا نالَ شَـــيْئاً أفاتَهُ | وَمن يحترِث حَرْثِي وَحرْثَك يهزُلِ

ئەوان لەدوای ئەوەدا، جیـاوازییەکی زۆریــان لە گێڕانەوەی قەســـیدەکەوە هەیە: جیـاوازی لە بێژەوە و بەدواییەکدا هاتنی بەیتەکانی، ئاخر ئەوان بێژەیەک لە جێی بێژەیەکی دیکە دادەنێن و بەیتێک لە شـــوێنی بەیتێکی دیکە. وەنەبێ ئەم جیاوازییەش هەر بەو قەســـیدەوە بەند بێ، بەڵکو هەموو شـــیعری جاهیلی گرتووەتەوە. ئەوەش جیاوازییەکی ناقۆڵایە و هەر خۆی بەتەنیا بەســـە بۆ ئەوەی گومان لە بەهای شـــیعرەکە بکەین. هەر ئەم جیاوازییەش وێنەیەکی ناشیرینی درۆزنانەی لە شیعری عەرەبی داوەتە دەست ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئیدی بەلای ئەوانەوە شیعری

عەرەبی بێ تەرتیبی و شـــیرازەیە، یەکێتیی بابەت لە شـــیعردا هەر نییە، هەروەها کەسـایەتیی عەرەبییش لە شـیعرەکەدا بەدی ناکرێ، ئیدی هەر خۆت دەتوانی بەیتەکان پاش و پێش بکەی و هی شـــاعیرێکی دیکەی بۆ زیاد بکەی، بێ ئەوەی توشـــی هیچ سـەخڵەتی و گوناحێک ببی، بەتایبەتیش کاتێ کێش و سـەروای شیعرەکەت لەنگ نەکردبێ.

دەکرێ ئەم شـــتە دەرهەق شـــیعری جاهیلییەوە دروســـت بێ، ئاخر زۆرینەکەی بۆهەڵبەستراو و دروستکراوە. کەچی شیعری ئیسـلامی کە ڕاسـتی و دروسـتی ماڵخۆکەی سـەلمێنراوە، ئەوا شـــتی وەهای تێدانییە، لێرەوە بە ئاڵنگارییەوە دەڵێن؛ با هەر ڕەخنەگرێک هەبێ بتوانێ دەستکاری ئەم شیعرەی ئیسلامی بکا بێ ئەوەی بیشـێوێنی. منیش دەڵێم یەکێتیی قەسـیدە لەو شـیعرە ئیســـلامییەدا ڕوون و دیارە، کەســـایەتیی شـــاعیریش دیارە و دیاربوونەکەشـــی هیچی کەمتر نییە لە دیاربوونی دانەرەکەی لە شـــیعری بیـانیـدا. لەگەل ئەوەشـــــدا ئەو هەڵەیە هـاتووە کە بەنموونەی شـــیعری جاهیلی دانراون، لەگەڵ ئەوەی شـــیعری جـاهیلی -هەروەک ڕوونمـان کردووەتەوە- نوێنەرایەتیی هیچ شتێک ناکا و بۆ ئەوەش دەست نادا ببێتە نموونەی دەستکاری و گەمەی دەستی چیرۆکبێژ و گێڕەرەوەکان.

پێشـــمانوایە کۆنەخوازەکان ناکۆک نین لەســـەر ئەم دوو بەیتە شلۆقەی نێو قەسیدەکە:

وليلٍ كمَوجِ البحر أرخى سدولَه    عليّ بأنــواع الهموم ليبتلي

فقلـــت له لمّا تمطّـــى بصُلبه    وأردف أعجــازًا وناء بكلكل

ئەم دوبەیتە هەر بۆ ئەوە دانراون تا بتوانرێ ببێتە دەروازە بۆ بەیتی دواتر:

ألا أيها الليل الطويلُ ألا انجلي    بصبح وما الإصباحُ منك بأمثلِ

ئەم دوو بەیتە لە زۆرلەخۆکردنێکی دووبەیتی و پێنجبەیتی زیاتر بەهیچ شتێکی دیکە ناچێ.

خۆ ئەگەر لەو شـــیعرە بووینەوە، ڕایەکی دیکەمان زیاتر لەوە نییە بڵێین شـــیعرێکی هاوردەیە و ئاخنراوەتە نێو قەســـیدەکە، ئیدی دەتوانین قەسیدەکە بگەڕێنینەوە سـەر بەشـە یەکەمەکانی خۆی. ئەم بەشـانەش ئەمانەن: یەکەمیان هەڵوەسـتەی شـاعیر لەســەر ماڵ/خانوو و هەرچی پێیەوە پابەندە لە گیان و شـیوەن و زار، ئەوســا یادی ڕۆژانی ڕابواردنی لەگەڵ پاکیزەکان، ئینجا گلەیی کردن لە دۆســـتەکەی و ئەوەی پەیوەندی بە یارەکەیەوە هەیە، پاشـان ناوهێنانی شـەو و چوونەوەسـەر باسـی ڕاو و ئەوەی پەیوەندی بە وەسـفی ڕاو و ئەسـپەوە هەیە، دواتریش ناوهێنانی هەورەبروسکە و لێکەوتەی لێمشت و لافاو.

دەی باخێرا بچینە سـەر ئەوەی بڵێین وەسـفی ڕابواردن لەگەڵ پاکیزەکان و ئەوەی لەو بارەوە هاتووە، ئەو جۆرە بەدڕەفتارییە، لە هۆنینەوەی فەرەزدەق دەچێ لەوەی هی جاهیلی بێ. ئاخر

هەر گێڕەرەوەکـان بۆیـان بـاســـکردووین چۆن فەرەزدەق لە ڕۆژێکی تەڕ و باراناویدا دەچێتە ســەرپەڕی شــاری بەســرا و بەشـــوێن پێی دا دەڕوا تا دەگاتە گۆماوێک دەبینێ ژنان خۆیان تێدا دەشۆن، ئینجا دەڵێ " ئای ئەم ڕۆژە چەند بەماڵی جولجول (جُلْجُل) دەچێ، ئەمە دەڵێ و لەوێ دەڕوا، ئەوســـا ژنان بانگی دەکەن:

هۆ کابرای ئێسترسوار، ئەویش دەگەڕێتەوە لایان تا باسی ماڵی جولجولیـان بۆ بکـا، هەینێ چیرۆکی ئیمریئولقەیســـیـان بۆ دەگێڕیتەوە و ئەم شیعرەیان بۆ دەڵێ :

أَلَا ربّ يــوم لك منهنّ صـــالحٍ ولاســـيما يوم بـــدارة جاجل

ئەوانەی شــیعری فەرەزدەق دەخوێننەوە و تێبینیی بەدڕەفتاری و ڕووقـایمی دەکەن کە فرچکی پێوەگرتووە، ئیـدی ئەوانەی لەسەر ئەو شیعرانە ڕاهاتوون سەختییەکی وەها نابینین هەندێ بەیتی هاوشـــێوەی خۆی بۆ ســـەربار بکەن. زۆریش وابووە کۆنینەکان ئەو باســوخواســانەیان هێناوەتەگۆڕێ و دەشــیدەنە پـاڵ نووســـەرانی کۆن، بەوەی خۆیـان شـــتی وەهـایـان هەڵبەســتووە و داویانتەپاڵ کەســانی دیکە. هەرچۆنێک بێ، زمانی ئەو بەیتانە وەک زمانی قەســـیدە بەتەواوی زمانێکی عەدنانیی قورەیشـــییە دەکرێ لە شــاعیرێکی موســـڵمانەوە دەرچووبن کە زمانی قورئانی کردبێتە زمانی ئەدەبیی خۆی.

هەرچی لەبارەی وێناکردنی ئیمریئولقیس و سەردانەکەیەتی بۆ لای یارەکەی و ئەو دەردەسەرییەی لە ڕێگەی چوون و گەیشتن بە یارەکەی و ترسان لە ئاشکرابوون و کەتنەکەی تووشی هاتووە، پاشان بەیەکەوە دەرچوون و کەیف و ڕابواردنی خۆیان کردووە و ئینجا بە کلکی بارگیری داداوە و گەڕاوەتەوە، هەموو ئەمە بە شیعری عومەر بن ئەبی ڕەبیعە نەبێ بە هی کەسی دیکە ناچێ. ئاخر ئەم چەشنە لە چیرۆکی دڵداریی لە شیعردا هونەرێک بوو کاتی خۆی عومەر بن ئەبی ڕەبیعە بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، هەر بەڕاستیش تاکەسواری مەیدانەکەبوو. سەیریش لەوەدایە ئیمریئولقیس لەم چەشنە هونەرەدا پێشی ئەو کەوتبێ و بە شێوازێکی خۆی دانابێ و پێشییەوە ناسرابێ، پاشان ئیبن ئەبی ڕەبیعە بێت و لاسایی ئەو بکاتەوە، هیچ کام لە ڕەخنەگرانیش ئاماژە بەوە نەکەن کەوا ئیبن ئەبی ڕەبیعە بە ئیمریئولقیس کارانگاز بووبێ، لەگەڵ ئەوەی ئەوان ئاماژەیان بە کاریگەریی ئیمریئولقیس لە ڕووی وەسفەوە لەسەر کۆمەڵێ شاعیری دیکە کردووە. ئێ باشە ئایا ڕێی تێدەچێ کە ئیمریئولقیس بەو حیسابەی خۆی لە غەزەلدا داهێنەری ئەم جۆرە هونەرە بێ، ئەوەی عومەر بن ئەبی ڕەبیعە لەسەری ژیاوە و کەسایەتیی خۆی وەک شاعیر پێناسراوە و بەو شتە نەزانێ؟

تۆش ئەگەر قەســـیدەیەک، یان دووانت لە هی ئیبن ئەبی ڕەبیعە خوێندەوە هیچ ســـێودووی لێ ناکەی بەوەی ئەم جۆرە هونەرە داهێنراوی خۆی بێ و بە باشـــترین و بەهێزترین شـــێوەش بەکاریهێناوە و قۆســـتوویەتیەوە و عەرەبیش لەســـەر ئەمە گەواهی بۆ دەدا. هەمان شـــێوەش لەبارەی چیرۆکەکانی دڵداری کە لە قەســـیدەیەکی دیکەی ئیمریئولقیسدا دەیبینییەوە: "ألا أنعم صباحا ايها الطلل البالي". لەم چیرۆکە ڕووهەڵماڵراوەدا جێدەســتی هونەری ئیبن ئەبی ڕەبیعە و گیانی فەرەزدەق دیارە. ئێمەش تای تەرازووەکە بەو لایەدا دەشـــکێنینەوە، کە ئەم جۆرە هونەرە لە غەزەل درابێتە پاڵ ئیمریئولقەیس، ئەوەش هەر گێڕەرەوە داویانەپاڵ کە بەو دوو شاعیرە ئیسلامییە کاریگەر بوون.

ئیدی ماوەتەوە ســەر وەســف، نەخاســمە وەســفی ئەســپ و ڕاووشـــکار. لێ ئێمە هەڵوێســـتێکی دوودڵییانەی لە بەرانبەردا دەنوێنین. هەر زمانیش وامان لێدەکا ئەم هەڵوێســتە وەربگرین. دیارە ئیمریئولقیس لە وەســفی یەکســم و وڵاخەبەرزە و ڕاو و باران و لافاودا بلیمەت بووە. دیارە لەوەدا چەند شـــتێکی نوێی داهێنـاوە کە پێشـــتر نەبوون. لێ ئـاخۆ ئەو لەو شـــیعرەی بەردەستماندا ئەوەی گوتووە یان لە شیعرەکانی دیکەی و ئیدی زەمەن بەســـەر ئەو شـــیعرانەدا تێپەڕیوە و لەبیرچوونەتەوە، هیچی وەهای لێنەماوە مەگەر چەند ڕســـتەیەکی چڕ و کورت نەبێ، ئەویش گێڕەرەوەکان لە شـــیعری نوێدا هۆنیویانەتەوە و

خەڵکیان دەسـخەرۆ کردەوە بەوەی داویانەتە پاڵ شـاعیرە کۆنەکەمـان کە ئیمریئولقیسـە؟ ئێمە بەلای ئەو ڕێبـازەدا دەیشـکێنینەوە. ئاخر ئێمە ئەوەمان پەسـەندە کە ئیمریئولقیس یەکەمین کەسـە ئاژەڵە دڕندەکانی کۆتوبەند کردبێ و ئەسپی بە داردەست و باز و شتی لەم جۆرە چواندبێ، لێ ئێمە گەورەترین گومانمان لەوە هەیە خۆی ئەو بەیتانەی گوتبێ، کە گێڕەرەوەکان گێڕاویانەتەوە. گەورەترین مەزندەش ئەوەیە ئەو وەسـفەی لە موعەلەقەکە و لە قەسیدە لامییەکەی دیکەیدا هەیە شتێکی لە هی ئیمریئولقیس تێدایە، بەڵام هەر بۆنەکەیەتی و بەس.

قەسـیدەی سـێیەمیش هەیە، ئێمە گردەبڕانە دەڵێین ئەمەیان بەتەواوی بۆی هەڵبەسـتراوە. ئەویش قەسـیدەی بائیەکەیەتی، گوایە ئیمریئولقیس بۆیە دایناوە تا نەیاریی خۆی بۆ عەلقەمە بن عەبەدەی فەحل و ئەنغامی ئوم جوندوب، ژنەکەی ئیمریئولقیس کە عەلقەمەی بەسـەر مێردەکەیدا سـەرخستووە، گوتووە. ئیدی خۆت هەردوو قەسـیدەکە لە دیوانی ئیمریئولقیس و دیوانی عەلقەمەدا دەبینیتەوە. هەرچی قەسـیدەی ئیمریئولقیسـە، بەم دێڕانە دەستپێدەکا:

خَليـلَيَّ مُـرّا بي عَلـى أُمِّ جُنـدَبِ　　نُقَضِّ لُبـاناتِ الفُـؤادِ المُعَذَّبِ

هەرچی قەسیدەکەی عەلقەمەیە، سەرەتاکەی وەها دەستپێدەکا:

ذَهَبتَ مِـنَ الهِجرانِ في غَيرِ مَـذهَبٍ　　وَلَـم يَـكُ حَقّاً كُلُّ هَـذا التَجَنُّبُ

هەر ئەوەندە بەسیەتی ئەم دوو بەیتە بخوێنیتەوە، تا هەست بە نەرمونیانی دارِشـــتنی ئیســـلامییانە بکەی. بە وردبوونەوە لەو دوو قەســیدەیە، هەڵوێســتە لەســەر ئەو دوو شــاعیرە دەکەی، بەوەی زۆر واتا و زۆر بێژە و بەڵکو بەیتی زۆریش بە دەق لەو دوو قەســـــیدەیەدا لەهـاویەکییـدا دەبینی، بەوەی ئەو بەیتەی دراوتە پــاڵ عەلـقەمە و پرســــەکەی پێ بـردووەتەوە و لە ئیمریئولقەیسیش دەگێرِدرێتەوە، ئەویش ئەم بەیتەیە:

فـأدركهـنَّ ثانيـاً عـن عِنــانـه      يمـرُّ كَمَـرِّ الرَّائـحِ المُتَحـلِّبِ

ئەو بەیتەش کە ئیمریئولقەیس پرســــەکەی پێ دۆرِانـدووە لە عەلقەمەوە دەگێرِدرێتەوە، ئەمەیە:

فَللسّـَوطِ لَهُــوب، ولِلسّــَاق دِرَّة      وللزَّجـرِ منه وقـعٌ أهـوَج مُهــذَّبِ

ئیدی تۆ دەتوانی ئەم دوو قەســــیدەیە وەها بخوێنیتەوە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە کەســـــایەتیی شـــــاعیرەکانیان بدۆزیتەوە، بەڵکو هەر کەســـایەتیی شــاعیری تێدا ببینیتەوە، هەر ئەوەندە تۆ هەســـت دەکەی هۆنینەوەیەکی ســـەیرە، کە ســــەرلەبەری لە وێناکردنی ئەســـپ و یەکســـمە. گەورەترین مەزندەش ئەوەیە، عەلقەمە شـــانازیی بە ئیمریئولقیســـــەوە نەکردووە، ئوم جونـدوبیش نەکەوتۆتە نـاوبژیکردنیــان، هەردوو قەســیدەکەش فرێ بەســـەر جاهیلیەتەوە نییە، بەڵکو دروستکراوی یەکێک لە زاناکانی زمانە، ئەوسا بەهەر هۆیەک لە هۆیەکان لەوانەی پێشـــتر ئاماژەمان پێداوە، ئەوانەی پاڵی

بە زماندناســـــەکانەوە ناوە تا بەم جۆرە شــــیعر بە زاری شاعیرانی جاهیلییەوە هەڵببەستن. کاتی خۆی ئەبوعوبەیدە و ئەسمەعی لەسەر ئەسپناسی و وەسفی عەرەب بۆ یەکسم کێبڕکێیان بوو بەوەی ئاخۆ کێیان بەتواناتر و زیرەکتر و مێشکڕوونترە لەبارەی وەسفی یەکسمەوە. مەزندەی ئێمەش لەوە دەرناچێ، ئەم قەســــیدانە هەر چەشــــنێک بن لەو کێبڕکێیەی نێوان زاناکانی شارە جیاوازەکانی موسڵمانان لە سەردەمی خۆیدا.

لێرەوە پێویســــت بە هەڵوەســــتەیەکی دیکە دەکا. ئاخر هەر بەتەنیا ناو و باسوخواسی ئیمریئولقەیس نایە، بەڵکو لەگەڵیدا ناوی شــــاعیرانی وەک عەلقەمە -وەک بینیت- هەروەها ناوی عەبید بن ئەبرەســـیش دێ. هەرچی لەبارەی عەلقەمەیە، ئەوا گێڕەرەوەکان هیچی وەهای لەبارەوە ناگێڕنەوە تەنیا ئەو شانازینامەیە نەبێ بە ئیمریئولقەیس و پێداهەڵدانی پاشایەک لە پاشاکانی غەسانەوە نەبێ، ئەویش قەسیدە ڕائییەکەیەتی، دەستپێکەکەشی وەهایە:

طَحــا بِكَ قَلـبٌ في الحِسانِ طَروبُ　　　بُعَيــدَ الشَــبابِ عَصرَ حـانَ مَشــيبُ

گوایە ئەم شاعیرە هاموشۆی قوڕەیشی کردووە و شیعری بۆ گوتوون، بەوەی گوایە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام مردووە، واتە لەچاو ئیمریئولقەیسدا لە سەردەمێکی زۆر دواتردا مردووە، چونکە ئیمریئولقەیس بەر لە لەدایکبوونی پێغەمبەر مردووە،

کەچی ئێمە وەهای دەبینین، ئەم شـــاعیرە بەر لە ســـەدەی شەشەم، لەوانەشە بەر لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا ژیابێ.

هەرچی لەبـارەی عەبیـدەوەیە، ئەوەی لە ژیـاننـامەی ئەوەوە بۆمـان هەڵکرێنراوە و ئەو شـــیعرەی دراوەتە پـاڵی، تەنیـا مەبەســـتمـان ســـەلمـانـدنی کەســـایەتیی ئیمریئولقەیس و شـــیعرەکەیەتی، کە ئەنجامێکی غەمناکمان لێهەڵێنجاوە. ئاخر ئەنجامی هەڵوێســـتمان لە عەبید و شـــیعرەکەی هەر هەمان هەڵوێســتمانە لەبارەی ئیمریئولقەیس و شــیعرەکەی. لەمەشــدا ئێمە سـووچمان نییە، ئاخر گێڕەرەوەکان شـتێکی وەها لە عەبید ناگێڕنەوە مایەی پەســەندکردن و پشــتڕاســتکردنەوە بێ. ئاخر عەبیـد لای گێڕەرەوە و چیرۆکخوانـان کەســـێکە لە کەســـە سـروشـتبڕەکان(خاریق) و ئەوانەی کەشـف و کەراماتیان هەیە، گوایە دۆستی جنۆکە و ئاسمان بووە، گوایە زۆر بەتەمەن بووە، ئەوەندە ژیاوە گەیشـــتووەتە ســـێ ســـەدە و زۆر ناحەزانەش مردووە: گوایە نوعمان کوڕی مونزیر یان مونزیری کوڕی ماء السماء لە ڕۆژی کەساسی و بێمرادییەکەی خۆیدا کوشتوویەتی. گێڕەرەوەکان شــەیتانی عەبیدیان ناســیوە، ناوی ئەو شــەیتانە هەبید بووە، ئیدی هەنـدێکیـان هەوڵیـان داوە ئەمە بکـاتە پەنـد بەوەی بڵێ: گەر هەبیـد نەبوایە، عەبیـدیش نـابوو "لولا هبیـد مـاکـان عبیـد". ئەوســـــا لەبـارەی ئەو هەبیـدەوە شـــیعریـان گێڕاوەتەوە، گوایە ئەو ویسـتوویەتی سـروش بە کەسـانی دیکە، بۆ غەیرە عەبید بســـازێنێ تا شـــیعر بڵێن، بەڵام ســـەرکەوتوو

نەبووە. لەبارەی ئەو عەبیدە قسە و باسی وەهای لەگەڵ جنۆکە دەگێڕنەوە لە سەیرەوسەمەرە و چێژ و خۆشی بەدەر نییە. لێ هەر شتێک لە باسوخواسی ئەو عەبیدە دەخوێنیتەوە، ئەوا هیچمان لەبارەی کەسایەتییەوە پێنالێ و شتێکی وەهای تێدانییە تا لەسەر دڵودەروونی خەڵکی ڕەشۆک و نیمچەڕەشۆکیش مایەی دڵنیایی و بڕوا بێ.

هەرچی شیعری عەبیدە، ئەوا لە کەسایەتییەکەی ڕونتر نییە. ئاخر گێڕەرەوەکان بە شێواوی و پچڕپچڕ و ونبوو شتی لەبارەوە دەگێڕنەوە. ئیبن سەلام لە شوێنێک لە کتێبەکەی خۆی "طبقات الشعراء"دا بۆمان باسدەکا، کەوا هیچ شتێکی وەها لە شیعری عەبید و تەرەفە بەجێنەماوە لە دە قەسیدە پتر نەبێ، کەچی هەر ئیبن سەلام لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەی دەڵێ، ئەو هەر بەو شیعرەی عەبید دەزانێ:

أَقفَرَ مِن أَهلِهِ مَلحوبُ        فَالقُطَبِيّاتُ فَالذَنوبُ

پاشان ئیبن سەلام دەڵێ: لەدوای ئێوە هیچی دیکە نازانم. لی گێڕەرەوەکانی دیکە سەرتاپای چیرۆکەکە و شیعری داشۆرینیش لەبەرانبەر ئیمرئولقەیس و ناکۆکبوونی لەگەڵیدا دەگێڕنەوە، ئەمەش هەمووی بۆ ڕاکێشانی سۆزی حوجور لە بەرانبەر بەنی ئەسەددا. خۆ هەر بەتەنیا خوێندنەوەی دەستپێکی قەسیدەکەش بەسیەتی تا گردەبڕانە بڵێین ئەم قەسیدەیە هەڵبەستراوە و هیچ بنەمایەکی ڕاستودروستی نییە، کە شاعیری ناوبراو ماخۆکەی بێ. هەروەها ئەوەشی تێداهاتووە

کە چۆن یەکتایی خوا و زانایی خوا هەروەک چۆن لە قورئاندا هاتووە دەسەلمێنێ. بەیتەکە وەهایە:

واللّه لیس له شریكٌ عَلاَّمُ        ما أخفت القلوبُ

هەرچی شیعرەکەی دیکەیە، کە نەیارێتی لە بەرانبەر ئیمریئولقەیس دەردەبڕێ و هەجوی کیندە دەکا، بە بڕوای ئێمە ڕاست نییە و هەڵبەستراوە. ئاخر شیعرەکە لە ڕووی بێژە و شێوازەوە سواو و لاوازە هی ئەوە نییە بدرێتە پاڵ شاعیرێکی پێشینە. خوێندنەوەی ئەو قەسیدەش بەسیەتی کە بزانین دەستکردی چیرۆکنووسەکانە، ئیدی ئەم شیعرە و هاوشێوەکانی بەرهەمی لێکەوتەی ڕکابەریی دەمارگیریی خێڵەکیی یەمەنی و موزەرییەکانە. شیعرەکە وەها دەستپێدەکا:

يا ذا المُخَوِّفنا بِقَتلِ        أَبيهِ إِذلالاً وَحَينا
أَزَعَمتَ أَنَّكَ قَد قَتَلتَ        سَراتَنا كَذِباً وَمَينا

خۆ ئەگەر لەبەر کورتبڕی کتێبەکە نەبووایە، دەکرا ئەم شیعرەمان هێنابایەوە و پەنجەمان لەسەر چۆنیەتی دروستکردنەکەی دانابووایە، لێ گەڕانەوە بۆ ئەو شیعرە بۆ خوێنەر ئاسانە و بڕیار لەسەردانیشی ئاسانتر. کەواتە هەموو شیعرێکی ئیمریئولقەیس کە پەیوەندی بە شیعری ئەو عەبیدەوە هەیە، کەوا بەزاری ئەوەوە هەڵبەستراوە، هەروەک چۆن هەمان کاریش دەرهەق عەبید کراوە.

ئیدی بەو تاوتوێکردنە کورتەی ئەو سێ شاعیرە (ئیمریئولقەیس و عەبید و عەلقەمە) بۆت دەردەکەوێ، شیعری ڕاستودروستی ساغکراوی ئەوان هەر زۆر کەمە و بە ئاستەم ناوی دێ، ئاخر بەشە هەرەزۆرەکەی ئەم شیعرە دروستکراوە و لە بەرانبەر شیعری جاهیلیدا نە هیچ شتێک دەسەلمێنێ و نە ڕەتیشی دەکاتەوە، لەمەدا لەم دوو قەسیدەیەی عەلقەمە نەبێ هیچی لێ هەڵاوێرد ناکەین. ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەمیان: "طحا بک قلب للحسان طروب"

دووەمیشیان: "هل ما علمت وما استودعت مکتوم"

دەکرێ ئەم دوو قەسیدەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕاست بن و ساغ کرابنەوە، بەڵام لە چەند بەیتێکی قەسیدەی دووەمدا پێویستە بە پارێزەوە بۆی بچین. کەچی ڕاستی و دروستی ئەم دوو قەسیدەیە کار لە ڕاوبۆچوونمان سەبارەت بە شیعری جاهیلی ناکا، ئاخر خۆت بینیت عەلقەمە درەنگتر ژیاوە، ئەو دوای پەیدابوونی ئیسلام مرد، ئەوەشت بینی چۆن ئەو شاعیرە دەهاتە لای قورەیش و شیعری خۆی دەخستە ڕوو. لێ ئێمە هێشتا لەبارەی چەند بەیتێکی قەسیدەی دووەمی خۆپارێز بووین بەوەی ئەویش دەستکاری کرابێ و بۆی هەڵبەسترابێ، ئەویش ئەو بەیتانەن کە شاعیرەکە ڕێگەی پەند و نموونەهێنانەوەی گرتووە.

## ٣

# عەمر بن قەمیئە ــ موهەلهیل ــ جەلیلە

باسوخواسی دوو شاعیری دیکە لەگەڵ ئیمریئولقەیس دێ. یەکێکیان -هەروەک گێڕەرەوەکان دەیڵێن- هاوڕێی ئیمرئیولقەیس بووە، لە کاروانەکەی بۆ کوستەنتینە هاوگەشتی بووە، هەروەک چۆن ئیمرئیولقەیس لەم گەشتەیدا نەگەڕایەوە، ئەویش هەر نەگەڕایەوە، شاعیرەکەش عەمر بن قەمیئە بوو. هەرچی شاعیرەکەی دیکەیە -هەروەک گێڕەرەوەکان باسیان کردووە- خاڵی ئیمرئیولقەیس بووە، ئەویش موهەلهیلی کوڕی ڕەبیعەیە.

لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەو دوو شاعیرە بکەین تا دوای کەمێک لە تێڕامان بۆمان دەربکەوێ، ژیانی ئەوانیش لە ژیانی ئیمرئولقەیس و عەبید ڕونتر نەبووە و سەلمێنراوتریش نەبووە، هەروەها شیعرەکانیشیان لە ڕووی

ســـــاغبوونەوەی ماخۆیەتییان لە هی ئیمرئولقەیس ڕاســـــت و دروستتر نەبووە.

دەی با بەر لە هەموو شـــــتێک ئەو تێبینییە دەرببڕین، کەوا لە یەکچوونێکی ســـەیر لەنێوان ئیمرئیولقەیس و عەمر بن قەمیئەوە هەبووە، ئیمریئولقەیس بە پاشــــای ســـــەرگەردان/وێڵ ناودەبرا. ئێمە ئەو نـاوەشــــــمـان بە شـــــێوەیەکی دیکەی جیاواز لەوەی گێڕەرەوەکان و زمانناســـــــان ڕاڤەیانکردووە، کە ئەو پاشـــــــایە نەناســـراوە هیچ شــتێکی لەبارەوە نازانرێ، ضِلّ بن قِل بووە. عەرەب بە عەمر بن قەمیئەشـــــــی دەگوت عەمری وێـڵ. هەرچی گێڕەرەوەکانی دوایی بوون، ئەوانەی دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، ئەوان ئەو ناوەیان وەک ئەوەی هەنگوینیان لە کلۆرەدار دۆزیبێتەوە وابوو، پێیان سووک و ئاسان بوو، ئەدی ئەوەنەبوو کە لەگەڵ ئیمریئولقەیس چووە قوســـــــتەنتینییە؟ ئەدی هەر لەو گەشـــتەشـــدا ســـەری نەنایەوە و نەمرد؟ کەواتە ئەو عەمری وێڵ بوو، چونکە بێ مەبەســـــت و بەبێ ئاراســـــتە ســـــەری نایەوە و بزربوو. لێ ئێمە ئەو ناوە بە شــــــێوەیەکی دیکە ڕاڤە دەکەین، بەهەمـان شـــــێوەی نـاوی ئیمرئیولقەیس، وەهـای دەبینین کە عەمـرو بـن قەمـیـئە لە بـیـرەوەری و یـادگەدەدا هەروەک ئیمرئیولقەیس ون بووە، لە نـاوەکەی بترازێ هیچی لەبـارەوە نازانرێ، ئیدی چیرۆکیان بۆ هەڵبەســـــتووە و هەروەک چۆن بۆ هەردوو هاوڕێکەی دیکەشـــیان هەڵبەســـت، شـــیعریان بە زاری

ئەو هۆنیوەتەوە و وەک چۆن بۆ هاوڕێکانی ئەویشیان هۆنیوەتەوە و داویانەتە پاڵیان.

گێڕەرەوەکان گوتوویانە: گوایە ئیبن قەمیئە زۆر ژیاوە و ئیمرئیولقەیسی ناسیوە هاوڕێی بووە تا پیربووە، لێ ئیمرئولقەیس خۆشیویستووە و وێڕای تەمەنەکەشی لەگەڵ خۆی بۆ گەشتەکەی بردوویەتی. ئیبن سەلامیش گوتوویەتی: تیرەی بەنیئوقەیش (بني أقيش) هەندێ شیعری ئیمرئولقەیسیان داوتە پاڵ عەمرو بن قەمیئە، لەڕاستیشدا وەها نییە. هەر بەڕاستیش ئەم شتە وەها نییە، ئاخر ئەم شیعرە ناکرێ هی عەمرو بن قەمیئە بێ، هەروەک چۆن ناشکرێ هی ئیمرئیولقەیس بێ، چونکە ئەم شیعرانە شیعری داتاشروای چەواشەکارن.

خۆ ئەگەر عەمرو بن قەمئیە تەنیا لە تەمەنێکی پیرییدا ئیمریئولقەیسی ناسیبێ، کەواتە هەر دەبێ بەر لە ئیمرئیولقەیس شیعری هۆنیبێتەوە. گێڕەرەوەکان دەڵێن گوایە ئیبن قەمیئە لە تافی لاویدا شیعری گوتووە. کەواتە وادەردەکەوێ ئیمریئولقەیس یەکەمین کەس نەبێ دەرووی شیعری بۆ خەڵک کردبێتەوە. لێ ئێمە چیمان داوە لەسەر شتێکی وەها بوەستین کە هەر خودی گێڕەرەوەکان بەتەواوی لێی شڵۆق و دڕدۆنگن؟ ئەوان دەڵێن گوایە یەکەمین، کەس کە قەسیدەی دانابێ موهەلهیلی کوڕی ڕەبیعەی خاڵی ئیمریئولقەیسە. بە شێوەیەک گوایە ئیمرئیولقەیس لە دایکییەوە شیعری بۆ بەجێماوە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە شیعر عەدنانییە نەوەک قەحتانی. ئیدی

هەر لێرەوە بیردۆزێکی دیکە سـەریهەڵدا، بەوەی هەموو شـیعر یەمـانـیە، واتە هەر لە دەسـتـپـێـکەکەی بـگـرە، هەر لە ئیمریئولقەیسـەوە، لە سـەردەمی جاهیلیەتەوە تا بە ئەبونەواس لە سـەردەمی ئیسـلامییەوە کۆتایی پێهات. ئیدی خۆت دەبینی کاتێ لەسـەر پرسـێکی وەها دەوەسـتین، ئەوا لە دەماگیریی خێڵەکیی نێوان عەدنان و قەحتان تێناپەڕین. لێ کەمێک دواتر شتێ زێدەتریش دەبینی.

چیرۆکی عەمر بن قەمیئە کە گێڕەرەوەکان باسی دەکەن شتێکی بەهادار نییە، هەروەک باسـوخواسـی ئەوانی دیکە گوتە و قسەیە، ئەوان دەڵێن گوایە ئەم شاعیرە منداڵ بووە کاتێ باوکی مردوە، ئینجـا مـامی بەخێوی کردووە. عەمر بن قەمئیە کوڕیژگەیەکی جوانکیلە بووە و تا مامۆژنەکەی چاوباشـقانێی لەگەڵ کردووە و چاوی تێبڕیوە، ئیدی لای خۆی هێشتووەتەوە، هەر کاتێک بۆ کارێک مێردەکەی واتە مامی شـاعیرەکە لەماڵ چووەتە دەر، ئیدی مامۆژن داوای لێکردووە و خۆی بۆ نمایش کردووە، بەڵام کوڕەکە لەبەر خاتری مامی دڵی بەرایی نەهاتووە و کارەکەی لەگەڵ نەکردووە و لەوێ ڕۆیشـتووە. کەچی دواتر مامۆژنەکەی ڕقی لێداگرتووە و کەتنی پێداداوە، دوای ئەوەی مێردەکەی گەڕاوەتەوە بە ڕق و تووڕەییەوە چیرۆکێکی بۆ هەڵبەستووە و بەدوایدا ناردووە، ئیدی کابراش زۆر لە برازاکەی دەهری دەبێ. لێرەوە گێڕەرەوەکان لە باسـوخواسـەکە جیاواز دەبن، هەریەکەیان بە جۆرێک بەدوای سـەرەداوەکەدا دەڕۆن،

هەیانە دەڵێ مامەکە خەریک بووە برازاکەی بکوژێ، کەچی هەڵاتووە و چووەتە حیرە، هەشیانە دەڵێ وازی لێهێناوە. هەرچۆنیک بێ، شاعیرە لاوەکە لە شیعرەکەیدا داوای لێبوردنی لە مامی کردووە، لەم شیعرەدا هەر خۆت نەرمونیانی و ئاسانی و دەستکاریی هەست پێدەکەی:

| | |
|---|---|
| خَليلَيَّ لا تَستَعجِلا أَن تَزَوَّدا | وَأَن تَجمَعا شَملي وَتَنتَظِرا غَدا |
| فَما لَبَثٌ يَوماً بِسابِقِ مَغنَمٍ | وَلا سُرعَتي يَوماً بِسابِقَةِ الرَدى |
| وَإِن تُنظِراني اليَومَ أَقضِ لُبانَةً | وَتَستَوجِبا مَنّاً عَلَيَّ وَتُحمَدا |
| لَعَمرُكَ ما نَفسٌ بِجِدٍ رَشيدَةٍ | تُؤامِرُني سِرّاً لِأَصرِمَ مَرثَدا |
| وَإِن ظَهَرَت مِنهُ قَوارِصُ جَمَّةٌ | وَأَفرَعَ في لَومي مِراراً وَأَصعَدا |
| عَلى غَيرِ ذَنبٍ أَن أَكونَ جَنَيتُهُ | سِوى قَولِ باغٍ كادَني فَتَجَهَّدا |
| لَعَمري لَنِعمَ المَرءُ تَدعو بِحَبلِهِ | إِذا ما المُنادي في المَقامَةِ نَدَّدا |
| عَظيمُ رَمادِ القِدرِ لا مُتَعَبِّسٌ | وَلا مُؤيِسٌ مِنها إِذا هُوَ أَوقَدا |
| وَإِن صَرَّحَت كَحلٌ وَهَبَّت عَرِيَّةٌ | مِنَ الريحِ لَم تَترُك لِذي المالِ مِرفَدا |
| صَبَرتُ عَلى وَطءِ المَوالي وَحَطمِهِم | إِذا ضَنَّ ذو القُربى عَلَيهِم وَأَخمَدا |
| وَلَم يَحمِ فَرجَ الحَيِّ إِلّا مُحافِظٌ | كَريمُ المُحَيّا ماجِدٌ غَيرُ أَحرَدا |

مەزندەشمان وەهایە، خوێنەر هەر خوێندنەوەی ئەم چیرۆک و ئەم قەسیدەیەی بەس بێ بۆ ئەوەی بڕوا بەوە بێنێ، کە ئێمە لەبەردەم شتێکی هەڵبەستراوی دەستکاریکراو داین و لەڕاستی و دروستییە بنەڕەتیی شاعیرەکەوە دوورە. ئەم شیعرەی خوارەوەشیان گوایە عەمرو بن قەمیئە لەکاتی پیربوون و

بەساڵداچوونی وەسفی پیری و پەککەوتەیی خۆی کردووە، ئەوا لەم چیرۆکە و ئەم قەسیدەیە باشتر نییە کە باسمان لێوەکرد. گوایە بەر لە کاروانەکەی لەگەڵ ئیمرئولقەیس بۆ وڵاتی ڕۆم گوتبێتی. ئەلشەعبی یان ئەوەی لەزاری ئەلشەعبی گێڕاویەتەوە پێیوایە کەوا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بە مەرەدی دەرد و نەخۆشی ئەو چووە و سەریناوەتەوە:

كأنِّي وقد جاوزتُ تِسْعينَ حِجـَّةً — خلَعتُ بها عَنِّي عِنـانَ لِجَامِي

عَلى الرَّاحَتَيْن مَـرَّةً وعَـلى العَصَا — أَنـوءُ ثـلاثاً بَعْدَهُنَّ قِيامِي

رمَتْنِي بناتُ الدَّهر مِن حَيْثُ لا أرَى — فمـا بَـالُ مَـن يُرْمَى وليس بِر

فلـو أنَّ ما أُرمَـى بنَبـلٍ رَمَيْتُها — ولكنَّـما أُرمَـى بغَيـرِ سِهامِ

إذا مـا رآني النـاس قالـوا: ألم يكن — حديثاً جديد البري غير كـهام!

وأهلكنـي تـأميل يـومٍ وليـلةٍ — وتأميـل عـامٍ بعد ذاك وعـام

وأهلكـني تأميـل يـومٍ وليلةٍ — وتأميـلُ عـامٍ بعد ذلك وعام

لەپاش ئەمە دەتوانین عەمرو بن قەمیئەش بخەینە پاڵ دوو هاوڕێ سەرگەردانەکەی دیکە: (عەبید و ئیمریئولقەیس)، ئینجا بچینە سەر موهەلهیل، تا بزانین چی لە باسوخواس و شیعرەکەی بسەلمێنین.

هەرچی کاروباری موهەلهیلە شتێکی ئاسانە و هیچ ناکۆکی لەسەر نییە. ئاخر دەبێ بگەینە پلەیەکی وەها لە ساویلکەیی تا بڕوا بە گێڕەرەوەکان بکەین لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دوورودرێژەی پێیدەگوترێ چیرۆکی جەنگی بەسوس. پێشمان

وایە ڕێککەوتن ئاســـانە لەســـەر ئەوەی ئەم چیرۆکە چەندی درێژەکێشــاوە و پەلوپۆی هاوێشــتووە و باســوخواســەکەی لە ئیسلامدا ئەوەندە گەورەبووە، تا کار گەیشتووەتە سەر کێبڕکێی ڕەبیعە و موزەر لە لایەک، لە لایەکی دیکەش لە نێوان بەکر و تەغلب. موهەلهیلیش هەر پاڵەوانێکی ئەم داســتانەیە، بەگوێرەی درێژدادڕی و پەلوپۆکێشانی چیرۆک و حەکایەتەکە، ئەوا پێگە و پــایەی موهەلهیــل گەورە و گەورەتر بووە. ئێمە نکوڵی لەو ناحەزییە توندەی نێوان هەردوو هۆزە دەســتەخوشــکەکە، واتە تەغلب و بەکر ناکەین کە لە چاخی جاهیلیدا ڕوویداوە، هەر ئەم ناکۆکییەش ســەریکێشــا بۆ چەندین شــەڕ و زۆر کەســیش لەو نێوەدا کوژران و خوێنی زۆریش ڕژا، بەڵام هۆکــاری ئەو ناکۆکییە و دەرکەوتە و شوێنەوارە ئەدەبییەکەی لەبەین نەماوە، هەر بەتەنیا یادەوەرییەکی کەمی مابووەوە ئەویش چیرۆکنووس و حەکایەتخوانەکان بە باشــترین شــێوە قۆســتوویانەتەوە، ئیدی بەکر و تەغلــب و ڕەبیعە پێویســـــتییەکــانی خۆیــان لەو دەرفەتقۆســـــتنەوەیە بینییەوە، ســـــا بۆ نــا؟ ئــاخر ئەدی پێغەمبەرایەتی و خەلافەت و نمایشـــی شـــەڕەف و شـــکۆ، هەر هەموو ئەمـانە لە ئیســـــلامـدا بۆ موزەر نەبوون؟ ئـاخر ئەدی عەرەبی ڕەبیعە چۆن بــاوەڕ بە ســـــەرداریێتی موزەر و ئەو نەمرییە بهێنن، بێئەوەی شـــتێک لە چاخی کۆنینە بۆ خۆیـان بســـــەلمێنن، هەر هیچ نەبێ ســـــەنگی شـــــەڕەف و نەمری و ســەروەری؟ بەڵێ هەرواشــیان کرد: ئەوان وەهایان گوت گوایە ســالارانی عەرەبی عەدنانی لە ســەردەمی جاهیلیدا: کە پاشــا و

ســـــالارەکان لەوان بوون، هەر ئەوان لەبەرانبەر عەدنانزادەدا بەرگرییان لە قەحتان کرد، هەر ئەوانیش بوون لەدژی ملهوڕیی لخمییەکانی عێراق و غەســاســینەکانی شــام وەســتانەوە، هەر ئەوانیش بوون ســوپای کیســرایان لە شــەڕی زیقاردا بەزاند. کەواتە موزەر لەنێو عەرەبی دوای ئیســـلامــدا پێگەی خۆی هەبوو، ڕەبیعەش لەنێو عەرەبی پێش ئیســـلامــدا. خۆ ئەگەر ســـەرنج بدەی، بۆت دەردەکەوێ، کە هەر بەڕاســـتی ناکۆکی لەنێوان ڕەبیعە و موزەر لە ڕۆژگـاری ئومەوییەکـانـدا هەبووە، هەر ئەو ناکۆکییە ئەدەبییەش بوو وای لە جەریری شـــاعیری موزەرییەکان کرد بڵێ:

إِنَّ الَّـذي حَـــرَمَ المَكـــارِمَ تَغلِبـاً  جَعَـلَ النُبُـــوَّةَ وَالخِـلافَةَ فينا

هــاذا اِبنُ عَمّـي في دِمَشـقَ خَليفَةً  لَــو شِـئتُ سـاقَكُمُ إِلَيَّ قَطـينا

هەروەها ئەختەڵیش هاتۆتە وەڵام و گوتوویەتـی:

أبَنــي كُلَيْـبٍ، إنَّ عَمــي اللـــذا  قتــلا الملــوكَ، وفككـا الأغـــلالا

ئێمە دەڵێین ئەگەر ســـــەرنجی ئەو هەموو ململانێیە بدەی، ئەوا بۆت سەخت نابێ ئەو هەموو چیرۆک و شیعرە بۆهەڵبەستراوە ساختەیە لەبارەی هەردوو هۆزەکانی ڕەبیعە، کە بەکر و تەغلبن بێنیتە پێشـچاوی خۆت. کەچی هەندێک گێڕەرەوە زۆر گومانیان لە باســوخواســی پەیوەســت بە شــیعرەکانی بەکر و تەغلبەوە هەبوو.

هەرچۆنێک بێ، کەســـــایەتیی موهەلهیلیش لە کەســـــایەتیی ئیمریئولقەیس یان عەبید یاخود عەمرو بن قەمیئە ڕوونتر نییە، هەرئەوەیە کە چیرۆکی بەســـــوس وێنەیەکی وەهای موهەلهیلی نیشـانداوین هەر لە ئەفسـانەکان نزیکە لەوەی شـتێکی دیکە بێ. ئیبن سەلامیش گوتوویەتی، عەرەب وەهای دەبینێ کە موهەلهیل زیاتر شـیعر دەڵێ لەوەی بە کردەوە شـتێک بکا. ئەوەی ڕاسـتی بێ ئەوە موهەلهیل نەبوو کە زۆری شـیعر گوتووە بەڵکو هۆزی تەغلب بوو، کە لەنێو ئیسـلامدا پەلوپۆی هاوێشـتبوو، ئیدی ئەو هەموو شتەی بە زاری شاعیرەکەی هەڵبەست و دایەپاڵی. هەر بەو بۆهەڵبەســـتنەش لێنەگەڕاون، بەڵکو بـانگی ئەوەشـــیـان ڕاهێشتووە گوایە ئەو یەکەمین عەرەب بووە شیعری گوتووە و شـــیعری درێژدادڕیشـــی گوتووە، پاشـــان وەک ئێمە هەســـتیان پێکردووە یان وەک گێڕەرەوەکان هەستیان کردووە، شیعرەکان شـــێواو و تێکەڵوپێکەڵن، ئیدی هەر لەبەر ئەوە گوتوویانە گوایە لەبەر ئەو شـــێواوی و تێکەڵوپێکەڵیە ناوی لێنراوە موهەلهیل، چونکە ئەو شـــیعری شـــڵۆق کردووە. هەلهەلەکە (نـاوی شـاعیرەکەی لێوەهاتووە) واتە شـێوان و شـڵۆقی. ئیبن سـەلام وەک بەڵگە پەنا بۆ دێڕە شیعرێکی نابغە دەبا:

"أتـاكَ بقَـوْلٍ هلهـلِ النّسـجِ، كـــاذبٍ"

گومانی تێدانییە کە شـیعری موهەلهیل شـێواو و شـڵۆقە. ئاخر شـڵۆقی و تێکەڵوپێکەڵەی تێدایە. لێ خۆ هەر هەمان ئەو شـڵۆقی و شێواوییەش لە شیعری ئیمریئولقەیس و عەبید و ئیبن قەمیئە

و زۆر لە شـــــاعیرانی ســــەردەمی جاهیلییدا دیارە، کەواتە هەموویان هەر موهەلهیل (شلۆق) بوون.

لێ ئێمە ناتوانین باوەڕ بەوە بێنین کەوا ســــەرجەم شــــاعیرانی جاهیلی شــیعریان شــلۆق شـــێواو کردبێ، بەجۆرێک بۆ هەر یەکێکیان کەسـایەتییەکی شـیعریی جیاوازی لە هێز و لاوازی و توندوبەندی و ســــەیری و ئاســــانی تێدابێ. کەواتە ئەدی کێ شیعرەکەی شلۆق کردووە؟ هەر دەبێ ئەوانەی ئەو شیعرانەیان تێهەڵکێشـــی چیرۆکەکان کردبێ و ئەو کەســـانەی بە زاری ئەو شـــــاعیرانەوە و ئەوانەی کێبڕکێ و نــاحەزییــان لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لەنێواندابووە ئەم کارەیان کردبێ.

دەی با هەندێ لە شــــیعری موهەلهیلتان بۆ بێنینەوە تا بزانن ئاخۆ کۆنترین شیعرێک کە عەرەب گوتبێتی ئاوا دەبێ:

أَلَيلَتَنـا بِـذي حُسُـمٍ أَنيـري ... آذا أَنتِ اِنقَضَيتِ فَلا تَحـــوري

فَإِن يَكُ بِالذَنائِبِ طـالَ لَيـلي ... فَقَـد أَبكي مِـنَ اللَـيلِ القَصيرِ

فَلَـو نُبِشَ المَقابِرُ عَـن كُلَيبٍ ... فَيَعلَـمَ بِالـذَنائِـبِ أَيُّ زيـــر

بِيَـومِ الشَـعثَمَينِ أَقَـرَّ عَيناً ... وَكَيفَ لِقـاءُ مَـن تَحـتَ القُبورِ

وَأَنـّي قَـد تَرَكـتُ بِـوارِدَاتٍ ... بُجَيـراً فـي دَمٍ مِثـلِ العَبيـرِ

هَتَكتُ بِهِ بُيوتَ بَنـي عَبـادٍ ... وَبَعـضُ الغَشـمِ أَشفى لِلصُّدورِ

عَلى أَن لَيسَ يوفي مِن كُلَـيبٍ ... إِذا بَـرَزَت مُخَبَّـأَةُ الخُـــدورِ

وَهَمّامَ بنَ مُـــرَّةَ قَـد تَرَكنـا    عَلَيـهِ القُشـــعُمانِ مِنَ النُسـورِ
يَنـــوءُ بِصَـدرِهِ وَالرُمـحُ فيهِ    وَيَخلُـجُـهُ خَـدبٌ كَالبَـعيـرِ
فَلَولا الـــريحُ أُسمِعُ مِن بِحُجرٍ    صَليــلَ البيضِ تُقـرَعُ بِالـذُكورِ
فِدىً لِبَني شَـقيقَةَ يَومَ جاءوا    كَأُسـدِ الغـابِ لَجَّـت فـي الزَئيرِ
غَـــداةَ كَأَنَّنـا وَبَنـي أَبيـنا    بِجَنـبِ عُنَيـزَةَ رَحيـا مُديــرِ
تَظَـلُّ الطَـيرُ عاكِفَـةً عَلَيهِـم    كَـأَنَّ الخَيـلَ تَنضَـحُ بِالعَبـيرِ

ئایا پێتان سەیر نییە کێشی ئەم شیعرە بەم شێوە جێگیر بێ و سەرواکەشی دووبارە بووبێتەوە و بە شێوەیەک لەگەڵ یاسا و ڕێســـای ڕێزمـان و شـــێوەی هۆنینەوە داڕێژرابێ، کە هیچ ڕیزپەڕییەکی تێدانەبێ و هیچ ئاماژەیەکی کۆنیشـــی تێدانەبێ بەوەی نیشـانە بێ کە ماخۆکەی یەکەمین قەسـیدە و شـیعرێکی وەها درێژی گوتبێ؟

ئەرێ تۆش بەو هەموو شـــتە ســـەرت ســـوڕنامێنێ، کەوا ئەو هەموو بێژەی ســـادەو و ســـواو و نەرمونیانی و ســـووکی شـــاعیرەکەی لەئارادابێ و زەینیش بۆ ئەوە نەچێ کە ئەمەیان لەو کەسانە بێ تەنیا بەسەر بێژەی سووک و سواو و بازاڕییدا زاڵ بێ؟

لێ ئێمە نامانەوێ دەست لە موهەلهیل بشۆین بێئەوەی باسێکی جەلیلەی براژنیشـــی نەکەین، -هەروەک گێڕەرەوەکان- دەڵێن شـــیعرێکی بۆ لاواندنەوەی کولەیبی مێردی گوتووە، کە ئێمە نازانین ئاخۆ شاعیرێکی ژن یان شاعیرێکی پیاو لەم سەردەمەی

ئێســـتاماندا شـــيعرێکی وەها ســـواو و ئاســـان و ســـاويلکانە بنووســـن، ئەمە و لەکاتێکدا ئەوەی خەنســـا و لەيلای ئەخيلی بخوێنينەوە بۆی دەردەکەوێ چ شـــــيعرێکی بەهێز و توانـايی وەهای تێدايە کە ئاوێنەيەکی ڕاســـــتگۆييانەی ژنێکی ڕەوەندی ڕەبيعەيە.

جەليلە گوتوويەتی:

يَا ابْنَةَ الأَقْوَامِ إِنْ شِـئْتِ فَـلا تَعْجَــلِي بِاللّـَوْمِ حَتَّى تَسْأَلِي

فَـــإِذَا أَنْـتِ تَبَيَّنْــتِ الَّذِي يُوجِـبُ اللَّــوْمَ فَلُومِي واعْذُلِي

إِنْ تَكُنْ أُخْتُ امْرِئٍ لِيمَتْ عَلَى شَــفَقٍ مِنْــهَا عَلَيــْهِ فَافْعَــلِي

جَلَّ عِنْدِي فِعْلُ جَسَّاسٍ فَيَاح سْـــرَتِي عَــمَّا انْجَلَتْ أَوْ تَنْجَلِي

فِعْلُ جَسَّاسٍ عَلَى وَجْــدِي بِهِ قَاطِـــعٌ ظَهــْــرِي وَمُدْنٍ أَجَلِي

يَا قَتِـيلاً قَـــوَّضَ الدَّهْـــرُ بِهِ سَــقْفَ بَيْتـَيَّ جَمِيعًا مِنْ عَلِ

هَدَمَ البَيْتَ الَّذِي اسْـتَحْدَثْتُهُ وَانْثَنَــى فِي هَدْمِ بَيْتِــي الأَوَّلِ

وَرَمَــانِي قَتْـلُهُ مِـنْ كَثَـــبٍ رَمْيَةَ المُصْـــمِي بِهِ المُسْـتَأْصِلِ

يَا نِسَائِي دُونَكُـــنَّ اليَــوْمَ قَـدْ خَصَّنِــي الدَّهْــرُ بِرُزْءٍ مُعْضِـلِ

خَصَّنِــــي قَتْـلُ كُلَيـْبٍ بِلَظًى مِـنْ وَرَائِي وَلَظًــى مُســْتَقْبِلِي

لَيْسَ مَنْ يَبْكِي لِيَـــوْمَيْنِ كَمَنْ إِنَّمَــــا يَبْـــكِي لِيَــوْمٍ يَنـــْجَلِي

ئێمە لە هەموو ئەو قســـانەی لەبارەی شـــيعری ســـەروادارەوە هەيە، پێمـــانوانييە کەســـــێـک هەبێ گومـــانی لەوە هەبێ کە دروســـتکراوی زۆرلەخۆکراون. لەو بڕوايەدان خوێندنەوەی ئەم شيعرە کە هێناومانەتەوە بەسيەتی بۆ ئەوەی بە هيچ سەختييەک

موهەلهیـل و جەلیلەی براژنی بـدەینە پـاڵ ئیمرئولقەیسـی خوشکەزای.

ئیدی لە باسـوخواسـی ئیمرئیولقەیس بووینەوە، لێ هێشـتا لە شـاعیرەکـان نەبووینەتەوە، بۆیە پێویسـت بە کورتە هەڵوەسـتەیەک لەسـەر پۆلە شـاعیرێکی دیکە دەکا. ئەو هەڵویسـتانەش ئەوەت بۆ دەسـەلمێنێ، کە ئێمە نە ئەوەندە دەستمان گرتووەتەوە و نە ئاوەڵاشمان کردووە، لەوە ترساین گومان هەر بەتەنیا لەسـەر ئیمریئولقەیس و شـیعرەکەی قەتیس نەمێنێ.

# ٤

## عەمر بن كولسوم ــ حارس بن حليززە

کاتێک ئێمە واز لە موهەلهیل و براژنەکەی دەهێنین و دەچینە سەر باسوخواسی ئەو دوو شاعیرەی خاوەن موعەلەقات، ئەوا هێشتا لە هۆزی ڕەبیعەوە دەرنەچووین، بەڵکو لە هەردوو تیرەی بەکر و تەغلبیش دەرنەچووین. ئاخر عەمر بن کولسومی تەغلبی، هەروەک گێڕەرەوەکان گوتوویانە زمانی دەربڕی تەغلب بووە، ئەو کەسە بووە کە شانازی و نەبەردییەکانی تەغلبی تۆمارکردووە و لە شیعرەکانیدا پەسنی داون و بەشانوباڵیاندا هەڵداوە، یان بە دەربڕینێکی وردتر لە قەسیدەکەیدا باسی هەموو ئەو شتانەی کردووە کە لەنێو موعەلەقاتەکاندا هەیە. ئەو شاعیرە -هەروەک گێڕەرەوەکان گوتوویانە- یەکێک بووە لە پاڵەوانەکانی تەغلب و هێزوگوڕ و توندی و جەسوری و چاونەترسی لە باپیرەی، واتە لە

موهەلهیل بە میرات بۆی ماوەتەوە. ئاخر دایکی ئەم شاعیرەمان لەیلای کچی موهەلهیل بووە.

تەنانەت لەدایکبوونی دایکیشی بە کۆمەڵێک ئەفسانە و حەکایەت دەورەدراوە، کە ساویلکەترین مرۆڤ گومانی لەوەدا نابێ، لەوەی هەمووی هەڵبەستن و گاڵتە جاڕییە:

ئاخر ئەوان گوتوویانە، گوایە کاتێ موهەلهیل لەیلای کچی بووە، باوکەکە بەنیاز بووە زیندەبەچاڵی بکا، لێ دایکەکە شاردوویەتیەوە، پاشان کاتێ نوستووە یەکێک هاتپووەتە خەونی، لە خەونەکەدا پێشبینیان بۆ کچەکە کردووە گوایە منداڵێکی دەبێ و دەنگ دەداتەوە، کاتێکیش لە خەوەکەی بێدار بووەتەوە پرسیاری کچەکەی کردووە، پێیانگوتووە زیندەبەچاڵ کراوە، ئەویش گوتی درۆدەکەن، هەر سوور بووە لەسەر پرسیارەکەی تا ڕاستییەکەیان پێگوتووە، ئینجا بایەخی بە کچەکەی داوە و بەخێویکردووە. پاشان ئەم لەیلایە، مێردی بە کولسوم کردووە، هەر زووش ئەوەی دەبینی کە لە خەونی باوکیدا هەبووە بەوەی ڕۆڵەکەی دەبێتە شتێکی گرنگ. ئەوەبوو عەمر کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە پازدەساڵی، کە بووبووە سەردار و مەزنی خەڵکەکەی.

ئیدی هەموو ئەو قسەوباسانە ئاماژەیان بەوە داوە، کە عەمر بن کولسوم بە کۆمەڵێ ئەفسانە و حەکایەت دەورە درابوو، کردبوویانە پاڵەوانی داستان و حەکایەتەکانیان و بە جۆرێک لە

کەسـایەتییەکی مێژوویی بچێ. لەگەڵ ئەوەشـدا هەر بەڕاسـتی ئەو هەبووە، بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر باسمان لێوەکردووە، ئەو لە شـاعیرەکان دەژمێردرێ. خاوەنی کتێبی "ئەلئەغانی" باسـی ئەوەمان بۆ دەکا، کە تا ڕۆژگاری ئەو ناوبانگی هەر مابوو.

ئیدی ئەگەر هات و عەمر بن کولسـوم کەسـایەتییەکی مێژوویی بێ یان پاڵەوانی چیرۆک و حەکایەتەکان، ئەوا ئەو قەسـیدە شـیعرییەی دراوەتە پاڵی، ناکرێ بە قەسـیدەیەکی جاهیلی دابنرێ، هەروەها ناکرێ بگوترێ زۆرینەی بەیتەکانی قەسیدەکە هی سـەردەمی جاهیلی بن. ئاخر لە پێشـدا ئایا دەکرێ بڕوا بە چیرۆکی گێڕەرەوەکان بکەین بەوەی عەمر بنکولسـوم پاشـای حیرەی کوشـتبێ کە عەمر بن هندی بەناوبانگ بوو، ئەمەش گوایە لەو کـاتەدا بووە کـاتێ ئەو عەمرو بن هینـدە لە پاشایەتییەکەی و لە ملهوڕیدا پێی لێ هەڵبڕیوە، تا وای لێهاتووە لەیلای کیژی موهەلهیل و دایکی عەمروی شـاعیر بەکاربهێنێ؟ گێڕەرەوەکان دەڵێن گوایە هیندی دایکی پاشاکە داوای لە لەیلای کچی موهەلهیل کردووە کە بەردەسـتی بکا و دەفرێکی بداتێ، لەیلاش وەڵامی داوەتەوە: دەی ئەوەی شـتێکی دەوێ با خۆی بچێ شـتەکە بۆ خۆی بێنێ، پاشـان گوایە هیند لەسـەر داواکەی مکوڕ بووە، ئەوسـا لەیلا هـاواری کردووە: ئـای لەو سـەرشـۆڕییەی بە تەغلب دەکرێ! عەمروی کوڕی لەیلاش ئەوکات لە دیوانی پاشـادا دەبێ و گوێی لە هاتوهاواری دایکی

دەبێ، ئینجا هەڵدەستێ و دەست بۆ شمشێرێکی هەڵواسراو لە دیوانی پاشا دەبا و لە پاشا دەدا، بەدوای ئەودا تیرەی تەغلب ڕادەپەڕن و کۆشکی پاشا تالان دەکەن و دەگەڕێنەوە سارای خۆیان.

لێ ئەو دەقە مێژووییەی ئەم حەکایەتە بسەلمێنێ هێشتا نەگەیشتووەتە بەردەستمان. ئینجا ئایا ڕێی تێدەچێ پاشایەکی حیرە بەم شێوەیە بکوژرێ و کێشەکە لەنێوان تیرەی ئال مونزیر و بەنی تەغلب لەلایەک و لەنێوان پاشاکانی فارس و خەڵکی بیاباننشین لەلایەکی دیکە بەم چەشنە کۆتایی پێبێ؟ ئایا ئەم قسەوباسانە هەر ئەوانە نین کە حەکایەتخوانەکان مەجلیسی خۆیان لەبەر پێویستی عەرەب بە شانازیی و نەبەردی کێبڕکێ پێ گەرم بکەن؟ بەڵێ! قەسیدەکەی عەمرو بن کولسومیش جۆرێکە لەو شیعرەی وەک ئەو قسەوباسانە کە بۆی هەڵبەستراوە. خۆ ئەگەر تۆ ئەم قەسیدەیەی عەمرو بن کولسوم بخوێنیتەوە، ئەوە دەبینی کە نەوەک هەر موهەلهیل بەتەنیا درێژدادڕی کردووە، بەڵکو ئەم درێژدادڕی و درۆیانە بۆ عەمر بن کولسومی نەوەشی بەمیرات بۆ ماوەتەوە، ئاخر ئێمە وتە و قسەی پێڵێهەڵبڕ و سواوی وەک ئەوەی دراوەتە پاڵ عەمرو بن کولسوممان پتر لە نێو جاهیلییەکان نەدۆزییەوە. هەرچی ڕاوبۆچوونی گێڕەرەوەکانە ئەوا هاوشێوەی ڕاوبۆچوونەکانن لەبارەی ئیمریئولقەیس، چونکە ئەوانیش گومان لە هەندێکی دەکەن و لەبارەی چەند بەیتێکی دیکەشی ڕای لەیەک جیاوازیان

هەیە، بەوەی ئاخۆ هەر بەڕاستی عەمرو بن كولسوم گوتوویەتی یـاخود عەمر بن عەدیێ خوشـــكەزای جەزیمەیی ئەبرەش؟ هەرچی ئەوانەی ئەم بەیتانە بە هی عەمرو بن كولسوم دەزانن، ئەوا دەستپێكی قەسیدەكە بەم شێوەیە:

"أَلاَ هُبِّـــي بِصَحْنِـكِ فَاصْبَحِيْـنَـا"

هەرچی ئەوانی دیكەن دەڵێن دەستپێكی قەسیدەكە وەهایە:

"قِفِـي قَبْـلَ التَّفَــرُّقِ يَـا ظَعِيْنـــَا"

ئەمـان و ئەوانیش لەســــەر ئەو دوو بەیتە نـاكۆك نین كە هی عەمرو بن عەدیێ بن:

صَبَنــْتِ الكَأْسَ عَنَّـــا أُمَّ عَمْـرٍو وَ كَانَ الكَأْسُ مَجْـرَاهَا اليَمِيْنَـا
وَمَـــا شَــرُّ الثَّـــــلاَثَةِ أُمَّ عَمْـرٍو بِصَاحِبِكِ الذِي لاَ تَصْبَحِيْنَـا

كاتێك تۆ درێژە بە خوێندنەوەی ئەم قەســیدەیە دەدەی، دەبینی لە ناوەڕاســـت و كۆتایی قەســــیدەكەدا چەند بەیتێك دووبارە دەبنەوە. لێ ئەم جۆرە شـــڵۆقی و شـــێواوییە لە زۆر شــــیعری جاهیلیدا هەیە، ئەمەش بۆ جیاوازی ســــەرچاوەی گێڕانەوەكان دەگەڕێتەوە. كــاتێكیش خودی قەســــیــدەكە دەخوێنیتەوە، ڕووبەڕووی بێژەی ئاســـان دەبیتەوە، كە لە ڕەوانبێژی بەدوور نین، هەروەها واتای چاك و شـــانازیی وەهای تێدا دەبینییەوە، كە گرفتێك دروســـت ناكا ئەگەر ناوبەناو شــاعیرەكە زێدەڕۆیی تێدا نەكا، تا بە شتی پڕوپووچ كۆتایی پێدێ وەك ئەم بەیتە:

ذَا بَلَـغَ الفِطَـــامَ لَنَـــا صَبِــيٌّ تَخِــرُّ لَـــهُ الجَبَـابِرُ سَــاجِدِيْنَـا

هەروەها بەیتی وەهاشی تێدا دەخوێنییەوە کە شانازیی کابرای ڕەوەندەی سارانشینی بۆ نەبەردی و خۆهەڵدانەوە بە هێزوبازووی خۆی تێدایە وەک ئەم بەیتە:

أَلاَ لاَ يَجْهَلَـــنَّ أَحَـدٌ عَلَيْنَـــا فَنَجْهَـلَ فَوْقَ جَهْلِ الجَاهِلِيْنَا

گوتم بەیتەکان نەبەردی و شانازیی کابرای ڕەوەندەی سارانشین بەرجەستە دەکا، لێ خێرا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە ئەم بەیتانە لە ڕاستی و دروستیی سروشتی بەدەوی بەدەرە و تێیدا پیتەکان تا ڕادەی هەراسانبوون دووبارەبوونەتەوە:

أَلاَ لاَ يَجْهَلَـنَّ أَحَـدٌ عَلَيْنـــَا فَنَجْهَـلَ فَوْقَ جَهْلِ الجَاهِلِيْنَا

ئاخر لێرەدا ئەوەندە جیم و ها و لامی تێدان و نەفامییەکە تا ڕاددەی هەراسان هەڵکشاوە. هەر گێڕەرەوەکان بەیتێکی هاوشێوەی زێدەڕەویش دەدەنە پاڵ ئەعشا. لێ ئێمە گومانمان لە ڕاستی و دروستی ئەو بەیتە هەیە، کە دراوەتە پاڵ ئەعشا.

هەرچۆنێک بێ ئەو قەسیدەیەی عەمر بن کولسوم لە ڕەوانی و نەرمونیانی و ئاسانی بێژەکانی کەوا لە خوێنەر دەکا بە ئاسانی تێبگا، بەتایبەتیش لەم سەردەمەمان و ئەوانەی کەمتریش ئاگاداری زمانی عەرەبین. ئاخر خۆ عەرەب لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی زایینیدا و بەر لە پەیدابوونی ئیسلام بە نیو سەدە وەها نەدەدوان. هەروەها خۆ بە شێوەیەکی تایبەتیش ڕەبیعە لەو سەردەمەدا پێی نەدەدوان کە هێشتا زمانی موزەر باڵکێش نەبووبوو و هەروەها نەبووبووە زمانی شیعرگوتن.

تەنانەت ئەختەڵی تەغلبیش، کە لە سەردەمی ئومەوییەکان، واتە لە دوای عەمرو ئیبن کولسوم بە یەک سەدە ژیاوە، بەم شێوەیە نەدەپەیڤی. ئیدی ئەم بەیتانە بخوێنەوە ئینجا لە جاهیلییەتەکەیم دڵنیابکەوە:

قِفِـي قَبْــلَ التَّفَرُّقِ يَا ظَعِيـْنَـا ... نُخَبِّـــرْكِ اليَقِيْـــنَ وَتُخْبِرِيْنَـا

قِفِي نَسْأَلْكِ هَلْ أَحْدَثْتِ صَرْماً ... لِوَشْـكِ البَيْنِ أَمْ خُنْتِ الأَمِيْنَـا

بِيَــوْمِ كَرِيْهَةٍ ضَــرْباً وَطَعْنــاً ... أَقَــرَّ بِـهِ مَوَالِيْـــكِ العُيُــوْنَـا

وَأَنَّ غَـــداً وَأَنَّ اليَـــوْمَ رَهْــنٌ ... وَبَعْـــدَ غَـدٍ بِمَــا لاَ تَعْلَــمِيْنَـا

تُرِيْكَ إِذَا دَخَـلَتْ عَـلَى خَـلاَءٍ ... وَقَــدْ أَمِنْتَ عُيُوْنَ الكَاشِحِيْنَـا

ذِرَاعِـي عَيْـطَلٍ أَدَمَــاءَ بِكْـرٍ ... هِجَــانِ اللَّــوْنِ لَمْ تَقْرَأ جَنِيْنَـا

وثَدْياً مِثْلَ حُقِّ العَـــاجِ رَخِصاً ... حَصَـاناً مِــنْ أُكُفِّ اللاَمِسِـيْنَـا

ومَتْنَى لَدِنَةٍ سَـــمَقَتْ وطَالَـتْ ... رَوَادِفُـهَـا تَنــوءُ بِمَا وَلِيْنــَــا

وَمأْكَمَـــةً يَضِيـقُ البَابُ عَنْهَـا ... وكَشْـــحاً قَد جُنِنْتُ بِهِ جُنُونَـا

وسَــارِيَتِـي بَلَنْـطٍ أَو رُخَـــامٍ ... يَرِنُّ خَشَــاشُ حَلِيـــهِمَا رَنِيْنَـا

ئینجا ئەم بەیتانەش بخوێنەوە:

أَلاَ لاَ يَعْلَــمُ الأَقْـــوَامُ أَنَّــا ... تَضَعْضَــعْنَا وَأَنَّــا قَـدْ وَنِيْنَـا

أَلاَ لاَ يَجْهَلَـنَّ أَحَـــدٌ عَلَيـْنَـا ... فَنَجْهَـلَ فَوْقَ جَهْلِ الجَاهِلِيْنَـا

بِاَيِّ مَشِيْئَـةٍ عَمْـرُو بْنَ هِنْـدٍ ... نَكُـوْنُ لِقَيـْلِكُـمْ فِيْـهَا قَطِيْنَـا

بِأَيِّ مَشِيْئَـةٍ عَمْـرَو بْنَ هِنْـدٍ ... تطِيْـعُ بِنَا الوُشَــاةَ وَتَزْدَرِيْنَـا

تَهَـدَّدُنَــا وَتُوْعِـدُنَا رُوَيْـداً ... مَتَـــى كُـنَّا لأُمِّــكَ مقْتَـوِيْنَـا

فَإِنَّ قَنَـاتَنَـا يَا عَمْـرُو أَعْيَـتْ عَلى الأَعْــدَاءِ قَبْلَـكَ أَنْ تَلِيْنَـا

ئەم بەیتانەش:

وَنَحْنُ التَّارِكُوْنَ لِمَا سَخِطْنَا وَنَحْنُ الآخِـذُوْنَ لِمَــا رَضِيْنَـا
وَكُنَّا الأَيْمَنِيْـنَ إِذَا التَقَيْنــَا وَكَــانَ الأَيْسَــرِيْنَ بَنُو أَبِيْنَـا
فَصَـالُـوا صَوْلَةً فِيْمَنْ يَلِيْهِـمْ وَصُــلْنَا صَـوْلَةً فِيْمَنْ يَلِيْنَـا
فَــآبُوا بِالنِّــهَابِ وَبِالسَّبَايَـا وَأُبْـنَا بِالْمُلُــوْكِ مُصَفَّدِيْنَـا
إِلَيْـكُمْ يَا بَنِــي بَكْـرٍ إِلَيْكُـمْ أَلَمَّــا تَعْـرِفُوا مِنَّــا اليَقِيْنَـا

ئەم بەیتانەش لەگەڵ یەک و بە بەیتەکانی کۆتایی بەراورد بکە:

وَقَـدْ عَلِمَ القَبَـائِلُ مِنْ مَعَـدٍّ إِذَا قُبَـبٌ بِأَبطَحِـهَا بُنِيْنَـا
بِأَنَّـا الْمُطْعِمُـوْنَ إِذَا قَدَرْنَـا وَأَنَّـا الْمُهْلِكُـوْنَ إِذَا ابْتُلِيْنَـا
وَأَنَّـا التَـارِكُوْنَ إِذَا سَخِطْنَـا وَأَنَّـا الآخِـذُوْنَ إِذَا رَضِيْنَـا
وَأَنَّـا العَاصِمُـوْنَ إِذَا أُطِعْنَـا وَأَنَّـا العَازِمُـوْنَ إِذَا عُصِيْنَـا
وَنَشْرَبُ إِنْ وَرَدْنَا الْمَاءَ صَفْـواً وَيَشْـرَبُ غَيْرُنَا كَدِراً وَطِيْنَـا

هەروەها ئەم بەیتانەش:

ذَا مَا الْمَلْكُ سَامَ النَّاسَ خَسْفـاً أَبَيْنَـا أَنْ نُقِــرَّ الـذُّلَّ فِيْـنَـا
مَـلأْنَا البَـرَّ حَتَّى ضَــاقَ عَـنَّا وَظَــهرَ البَحْـرِ نَمْلَـؤُهُ سَفِيْنَـا
إِذَا بَلَــغَ الفِطَـامَ لَنَا صَبِــيٌّ تَخِــرُّ لَهُ الجَبَــابِرُ سَاجِدِيْنَـا

تۆکمەترین قەسیدە و سەنگینترینیان قەسیدەکەی حارسی کوڕی حیلززەیە، گوایە زمانحالّی خێڵی بەکر بووە، هەروەک

گێڕەرەوەکانیش باســـیان کردووە و لە دیوانی عەمرو بن‌هیندا داکۆکیکارێکی ســەرســەختیان بووە. ئەوان دەڵێن گوایە عەمرو بـن هـیـنـد هەردوو هـۆزی نـاکـۆکـی بەکـر و تەغـلـبـی ئـاشـــتـکـردوونەتەوە، بـۆ ئەوەش بـارمـتەی لە هەردوولا وەرگرتوون، ئینجا بارمتەکانی تەغلب تووشـــی دەســـتدرێژی هاتن و هەموویان یان بەشـێکیان فەوتان، ئیدی تەغلب چووەتە ســـەر بەکر و داوای خوێنی بـارمتەکـانی کردووە، بەکریش نەیســـەلماندووە، خەریک بووە دیســـان شـــەڕیان لەنێواندا هەڵبگیرسێتەوە، ئینجا ڕیشپییانی هەردوولا لای عەمرو بن‌هیندا دانیشتوون تا ناوبژییان بکا. لەوکاتەدا حارسی شاعیریش لەوێ بووە، هەستیکردووە پاشـا لایەنگریی تەغلبییەکان دەکا، بۆیە لە شـــوێنی خۆی هەڵدەســـتێ و کەوانەکەی دەداتە بەرخۆی و قەسـیدەکە دەڵێ. دەڵێن شـاعیرەکە سـوورێژەی هەبووە، بۆیە پـاشــــا بڕیـارڕدەدا پەردەیەکیـان لەبەیدا هەبێ، لێ کـاتێ کـابرا شــیعرەکەی خۆی دەخوێنێتەوە، پاشــا پێی ســەرســام دەبێ، بەرەبەرە لەخۆی نزیک دەکاتەوە تا لای خۆی دایدەنیشـــێنێ و بڕیارەکەشی لە بەرژەوەندیی بەکرییەکان دەردەکا.

هەر ئەوەندەش بەســـیەتی ئەم قەســـیدەیە بخوێنیتەوە تا بۆت دەربکەوێ کە هەروا و لە گۆترەوە نەگوتراوە، بەڵکو شاعیرەکە باش بیری لێکردۆتەوەوە بە باشــترین شـێوە بەش و پاژەکانی قەسیدەکەی داڕشتووە. لە ڕوخساری تەردەستانەی هۆنینەوەدا بەدەر لەم دێڕە هیچی دیکەی وەهای تێدا نییە:

فملــكا بذلـک النــاس حتی ملک المنــذر بن ماء الســماء

ســـــەروای هەموو قەســـــیدەکە بۆ ئەم دێڕەیان بۆرەیان هەیە/ مەرفوعن. هەرچەندە (ئیقواء)[٢٦]لای شـاعیرانی ئیسـلامی شـتێکی باو بووە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە هەموو کاتێکدا تەڕدەســـــتانە دەهاتنە جواب. ئێمە دەڵێین ئەم قەســـــیدەیەی حارســـــی کوڕی حیلززە لە قەســـــیـدەکەی عەمرو بن کولســـــوم تۆکمەتر و ســـــەنگینترە. خۆ ئەگەر قســـــەی گێڕەرەوەکـان ڕاســـــت بێ هەردووکیان لە یەک ســـــەردەم هۆنراونەتەوە. کەواتە دەی ئەم بەیتـانەی حـارس بخوێنەوە و بە بێژەو واتـاکەی لەگەڵ هی عەمرو بەراوردیان بکە:

مَلِـكٌ أَضْـرَعَ الْبَــرِيَّـــةَ لا يُـو جَدُ فِيهَــا لِمَا لَدَيْـــهِ كِفَاءُ
مَا أَصَــابُـوا مِنْ تَغْلِبِـيٍّ فَمَطْلُو لٌ، عَلَيْهِ إِذَا أُصِيــبَ الْعَفَـاءُ
كَتَكَالِيـفِ قَوْمِنَـا إِذْ غَــزَا الْمُنْـ ـذِرُ هَلْ نَحْنُ لابْنِ هِنْدٍ رِعَاءُ
إِذَا أَحَـلَّ العَلْيَـاءَ قُبَّـــةَ مَيْسُو نَ فَــأَدْنَى دِيَارِهَا العَوْصَــاءُ
فَتَــأَوَّتْ لَــهُ قَرَاضِبَـــةٌ مِــنْ كُـــلِّ حَــيٍّ كَأَنَّهُـــمْ أَلْقَـاءُ
فَهَدَاهُمْ بِالأَسْوَدَيْنِ وَأَمْـرُ اللّـ ـهِ بِلْغٌ تَشْــقَى بِهِ الأَشْـــقِيَاءُ
إِذْ تَمَنَّوْنَهُـمْ غُـرُورَاً فَـسَاقَتْـ هُـــمْ إِلَيْكُـــمْ أُمْنِيَّـــةٌ أَشْـرَاءُ

[٢٦] ئیقواء /اقاء واتە جیاوازی جووڵەی پیتی رەوی ( قافیە ) لە نێوان دوو دێرە شـــیعردا لە یەکێکیان کەسرە ولەویتریان ضمة بێت، وەیان شعرێک جولەی قافیەی هەموو دێرەگانی جولەیەک بێت تەنها جولەی یەکێکیان جیا بێت وجولەیەکی تر بێت سەرچاوە : موسیقی الشـــعر العربی قدیمە وحدیثە – د. عبدالرضـــا علی ص ١٨٨ وفي العروض والقافية – د . یوسف بکار ص ٤١ – ٤٢ ) .

لَمْ يَغُـرُّوكُمُ غُـــرُوراً وَلـكِنْ      رَفــــَعَ الآلُ شَخْصَهُم وَالْضَّحَاءُ

ئینجا ســـــەیری ئەم بەیتانەی خوارەوە بکە کە چۆن شــــاعیر ڕەخنە لە هێرش و بەســــەرهاتەکانی تەغلب دەگرێ بۆ ســــەر هۆزەکەی ئەو:

أَعَلَيْنَـا جُنَـاحُ كِنْـدَةَ أَنْ يَغْـ      ـنَمَ غَـازِيهِــمُ وَمِنَّـا الجَزَاءُ
لَيْسَ مِنَّا الْمُضَرَّبُـونَ وَلا قَيْـ      ـسٌ وَلا جَنـْـدَلٌ وَلا الْحَـذَّاءُ
أَمْ جَنَايَــا بَنِـي عَتِيقٍ فَإنَّـا      مِنْكُــمُ من حــربهم بُــرَاءُ
أَمْ عَلَيْنَا جَـرَّى إِيَادٍ كَمَا نِيـ      ـطَ بِجَـــوْزِ الْمُحَمَّلِ الأَعْبَاءُ
وَثَمَانُـونَ مِنْ تَمِيــمٍ بِأَيْدِيـ      ـهِمْ رِمَاحٌ صُـدُورُهُنَّ الْقَضَاءُ
تَرَكُوهُـمْ مُلَحَّبِــينَ وَآبُـوا      بِنِهَابٍ يَصُــمُّ مِنْهَا الْحُـدَاءُ
أَمْ عَلَيْنَا جَـرَّى حَنِيفَـةَ أَمْ مَا      جَمَّعَــتْ مِنْ مُحَارِبٍ غَبْـرَاءُ
أَمْ عَلَيْـنَا جَـرَّى قُضَاعَـةَ أَمْ لَيْـ      ـسَ عَلَــيْنَا فِيمَا جَنَوْا أَنْدَاءُ
ثُمَّ جَاؤُوا يَسْتَـرْجِعُـونَ فَلَمْ تَرْ      جِعْ لَهُــمْ شَامَةٌ وَلا زَهْـرَاءُ

ئیدی خۆت جیاوازییەکی مەزن لەڕووی بێژە و واتاکانیان و تۆکمەیی و ســـەنگینی لە نێوان هەردوو قەســـیدەکەدا دەبینی. لەگەڵ ئەوەشــــدا هێشــــتا ڕاوبۆچوونمان لەبارەی ئەو دوو قەسیدەیەوە نەگۆڕاوە، ئاخر ئێمە هەردووکیان بە هەڵبەستراو دەزانین. لێ هەر ئەوەندە هەیە، ئەوانەی ئەو شــــیعرانەیان داتاشــــیون و داویانەتە پاڵ شــــاعیرانی جاهیلی لەڕووی هێز و تۆکمەیی و نەرمونیانیی قەســــیدەکان جیاواز بوون. واتە ئەو کەسەی قەسیدەکەی حارسی کوڕی حیلززەی هەڵبەستووە لە

گێڕەرەوە بەهێز و زەبربەدەســتەکان بووە، لەوانە بووە کە زۆر جوان و ڕێکوپێک قەســـیدەکەی هۆنیوەتەوە. لێرەدا دوودڵ نین لەو قسەیەی پێشتر لەبارەی ئەو دوو قەسیدەیە و هاوشێوەکانی گوتوومـانە، کە پەیوەنـدی بە نـاکۆکیی نێوان بەکر و تەغلبەوە هەبووە، ئەمەش شـــوێنەواری دەمارگیریی خێڵەکی بووە لەنێو ئیسلامدا نەوەک جاهیلیدا.

## ٥

## تەرەفە بن عەبد ــ موتەلەمیس

کورتە هەڵوەستەیەکیش لەسەر دوو شاعیری دیکەی ڕەبیعە دەکەین، ئەوانیش تەرەفە بن عەبد و موتەلمیسن. هەر بۆیەش ئەو دوو شاعیرە بە یەکەوە کۆدەکەینەوە، چونکە چیرۆکەکان بە یەکەوەیان کۆکردوونەتەوە. گێڕەرەوەکان گوتوویانە گوایە موتەلمیس خاڵی تەرەفە بووە. چیرۆکی ئەو گێڕەرەوانە هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکو لەو زانیارییە بچووکەی لەبارەیانەوە دەزانین بەیەکەوە کۆیان کردوونەتەوە، بەوەی تەرەفە و موتەلەمیس ئەفسانەیەکیان هەبووە، کە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا خەڵکیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. هەر ئەو چیرۆکخوانانەشن لە گێڕانەوەیاندا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، لێ ئێمە لەو گێڕانەوانەدا ئاسانترین و نزیکترینیان لەوەی بۆ مرۆڤ بشێن باس دەکەین:

گوایە ئەو شـاعیرانە بە شـیعری داشـۆرین دابەزیونەتە سـەر عەمرو بن هیند و زۆریش تووڕەیان کردووە، پاشـان چوونەتە لای و میواندارییەکی باشـی لێکردوون و ئینجا دوو نامەی بۆ کاربەدەستی خۆی لە بەحرەین بۆ نووسیوین. خەیاڵیان بۆ ئەوە چووە پاشـا خەڵاتی باشـی بۆ دانابن، ئینجا ئەوانیش لای ئەو دەڕۆن و بەنیازی چوونە لای کاربەدەستەکەی بەحرەین گەشت دەکەن. لێ موتەلەمیس گومان لە نووسـراوەکەی دەکا و بە کوڕێکی خەڵکی حیرە نامەکەی دەخوێنێتەوە، دیارە فەرمانی کوشـتنی موتەلەمیسـی تێدا نووسـرابوو، ئەویش نامەکە فڕێدەداتە نێو ڕووبار، لەسەر تەرەفە پێدادەگرێ، بەڵکو ئەویش نامەکەی خۆی بکاتەوە، لێ تەرەفە ڕازی نابێ نامەکەی بکاتەوە، ئینجا هەردوو شـاعیرەکە لەیەک جیادەبنەوە: یەکێکیان بەرەو شـام و ڕزگاری دەبێ، ئەویدیکەش بەپێی خۆی بەرەو مەرگی خۆی دەچێتە بەحرەین. تەرەفە لە تافی لاویدا بوو، هێشـتا تەمەنی نەگەیشـتبووە بیسـت سـاڵی، بە ڕای هەندێ لە گێڕەرەوەکان بیست و شەشی تێنەپەڕاندبوو. باسوخواسیش لەبارەی ئەم چیرۆکەوە زۆرن، زۆر شتیشیان بۆ هەڵبەستوون کە هەر لە ڕوخسـارەوە دیارە بۆی دانراوە و دراوەتە پاڵی. دوای ئەوە عەمرو بن هیند لە موتەلەمیس تووڕە دەبێ، کە چۆن بۆ شام هەڵاتووە و لە مەرگی خۆی ڕزگاری بووە و سوێندی خواردووە جارێکی دیکە نابێ گەنمی عێراق بخوا. داشۆرینەکەی موتەلەمیسیش پەیوەندیی بەو شتەوە هەیە.

گێڕەرەوە لیکۆڵەرەوەکان ئەم دوو شـــــاعیرە بەو شـــــاعیرانە دادەنێن، کە زۆر کەم شــــیعریان گوتووە. بەڵکو یەکێکی وەک ئیبن ســــەلام هیچ شــتێک لە موتەلەمیس ناگێڕێتەوە و تەنانەت یەک قەسیدەش ناداتە پاڵ ئەو. هەرچی لەبارەی تەرەفەشەوەیە، ئیبن سەلام لە شوێنێکدا دەڵێ ئەو و عەبید لە کەڵە شاعیرەکانن و هەر دە قەســـیدەشـــیان لەپاش بەجێماون. ئیبن ســــەلام ئەو قەســــیدانە دەهێنێتەوە و گوتوویەتی زۆر شـــــیعریان بە ناوی ئەوانەوە هەڵبەســـتوون و قەســـیدەیان داونەتەپاڵ. ئەوەشـــم لە کتێبەکەی ئیبن ســـەلامدا بەدیکرد، کاتێ ویســـتوویەتی عەبید لە چینێک لە چینە شـــــاعیرەکانی نێو کتێبەکەیدا دابنێ، تەنیا یەک بەیتی لەبارەی ئەوەوە زانیوە. هەرچی ســــەبارەت بە تەرەفەش بوو، هەر قەســـــیــدەیەکی دوورودرێژی لێــدەگێڕێتەوە کە دەستپێکەکەی بەم جۆرەیە:

لِخَـــولَةَ أَطـلالٌ بِبُرقَةِ ثَهمَـــدِ    تَلوحُ كَباقي الوَشمِ في ظاهِرِ اليَدِ

قەسیدە ڕائییە ناودارەکەش بە هی تەرەفە دەزانرێ:

"أصحـوت اليـوم أم شـاقتك هـــر"

گوایە قەســـیدەی دیکەشـــی هەن، بەڵام ئاماژەیان بۆ نەکراوە. گوتراوە بە یەک قەسـیدە باشـترین شـاعیر بووە، مەبەسـتیش موعەلەقەکەیە. ئێســـتاش دیوانی تەرەفەمان لەبەردەســـتدایە، هەردوو قەسـیدە و قەسـیدەیەکی ناوداری دیکەشـی تێدایە، کە ئەمەیە:

سـائِلوا عَنـّا الَّـذي يَعـرِفُنا ... بِقُـوانا يَومَ تَحـلاقِ اللِمَـم

هەروەها کۆپلەی دیکە ئەوەندەی ئەوانی دیکە بەهێز نییە. تۆش ئەگەر شیعری تەرەفەت خوێندەوە و ئەوە برە زۆرەی شیعرەت بینی دراونەتە پاڵ شـاعیرە جاهیلییەکان بەتایبەتیش موزەرییەکان، کە لە ڕووی بێژە و واتاوە مەحکەمن و هەندێ جاریش سەیرن، تا ئەو بەیتانە دەخوێنیتەوە کە بەبێ هانابردن بۆ فەرهەنگ لێیان تێناگەی. لێ ناچاری ئەو سەرنجە بدەی کە ئەم شـیعرە بە شـیعری موزەرییەکان دەچێ لەوەی هی ڕەبیعییەکان بێ، ئاخر ئێمە شـاعیرەکانی ڕەبیعەکانمان هەر لەخۆڕا کۆنەکردوونەتەوە، بەڵکو هەر بۆیە لەم کتێبەدا کۆمان کردوونەتەوە، کە تاڕاددەیەک ڕێککەوتنیان لەبارەیەوە هەیە، ئەویش ئەو ئاسانییە و هەندێ جاریش دەگاتە ڕادەی سواوی، لەوانەش هیچیان ڕیزپەڕ ناکەین مەگەر قەسیدەکەی حارسی کوڕی حیلززە نەبێ. باشـە ئەدی چۆن تەرەفە لە سـەرجەم شاعیرانی ڕەبیعە هەڵاوێردراوە و ئیدی شیعرەکەی توندوبەند و مەحکەم و سـەنگین بووە و کاریگەریی زۆری لای غەوارەکانیش هەبووە کە خاوەنەکانیان نەیانبووە و شیعرەکەشی لە هی موزەرییەکان نزیک بووە؟

دەی سەیری ئەم بەیتانەی خوارەوەی بکە کە وەسفی وشتری کردووە:

وَإِنِّي لأُمْضِي الهَمَّ عِنْدَ احْتِضَارِه ... بِعَـوْجَاءَ مِرْقَالٍ تَرُوحُ وتَغْتَـدِي
أَمُونٍ كَـأَلْوَاحِ الإِرَانِ نَصَـأْتُهَا ... عَلَى لاحِـبٍ كَأَنَّهُ ظَهْـرُ بُرْجُـدِ

جَمَالِيَّـــةٍ وَجْنـَـاءَ تَـرْدِي كَأَنَّهَا　سَـفَنَّجَةٌ تَبْـرِي لأزْعَـرَ أَرْبَـدِ
تُبَارِي عِتَاقَاً نَاجِيَاتٍ وأَتْبَــعَتْ　وَظِيْفَاً وَظِيْفَاً فَوْقَ مَـوْرٍ مُعْبَّدِ
تَرَبَّعْتِ القُفَّيْنِ فِي الشَّوْلِ تَرْتَعِي　حَدَائِـقَ مَـوْلِيَّ الأَسِـرَّةِ أَغْيَــدِ
تَرِيْعُ إِلَى صَوْتِ المُهِيْبِ وَتَتَّـقِي　بِذِي خُصَلٍ رَوْعَاتِ أَكْلَفَ مُلْبِدِ
كَأَنَّ جَنَاحَيْ مَضْــرَحِيٍّ تَكَنَّـفَا　حِفَافَيْهِ شُكَّا فِي العَسِيْبِ بِمِسْرَدِ

ئیدی ئەو بەم چەشنە لەسەر وەسفی وشترکەی دەڕوا تا وای لێکردین بیر لەوە بکەینەوە، هەروەک پێشـــتر گوتمان زۆر لەو وەســـفانە زیاتر لە کردە و دەســـتکاری زمانزانەکان (زانایانی زمان) دەچێ لەوەی شتێکی دیکە بێ. دەی ئێستا واز لە وەسفی حوشتر بێنە و ئەو بەیتەشیعرانە بخوێنەوە:

وَلَسْــتُ بِحَلاَّلِ التِّــلاَعِ مَخَافَةً　وَلكِنْ مَتَــى يِسْــتَرْفِدِ القَوْمُ أَرْفِدِ
فَإِنْ تَبْغِنِي فِي حَلْقَةِ القَوْمِ تَلْقَنِي　وَإِنْ تَلْتَمِسْنِي فِي الحَوَانِيْتِ تَصْطَدِ
وَإِنْ يَلْتَقِ الحَيُّ الجَمِيْعُ تُـلاَقِنِي　إِلَى ذِرْوَةِ البَـيْتِ الشَّرِيْفِ المُصَمَّدِ
نَدَامَايَ بِيْضٌ كَالنُّجُــــومِ وَقَيْنَةٌ　تَــرُوحُ عَلَيْنَــا بَيْنَ بُرْدٍ وَمَجْسَــدِ
رَحِيْبٌ قِطَابُ الجَيْبِ مِنْهَا رَقِيْقَةٌ　بِجَسِّ النَّــدامَى بَضَّــةُ المُتَجــَرَّدِ
إِذَا نَحْنُ قُلْنَا أَسْــمِعِيْنَا انْبَرَتْ لَنا　عَلَى رِسْــلِهَا مَطْــرُوقَةً لَمْ تَشَدَّدِ
إِذَا رَجَّعَتْ فِي صَوْتِهَا خِلْتَ صَوْتَهَا　تَجَـاوُبَ أَظْـآرٍ عَلَـى رُبَــــعٍ رَدِ

دیارە ئەم بەیتانە نەرمونیانن بەڵام لاواز نین، توندوبەندن بەڵام زبر نین. تێیدا قســەی وەها دەبینی نە ئەوەندە ســەیر و نامۆن کە مرۆڤ لێیان تێنەگا، نە قسەی بازاڕیی هیچوپوچیشن، بێژەی وەهــاش نین هەر وشـــەڕیزکردنێکی بێ واتــا بن. درێژە بە خوێندنەوەی قەســـیدەکە بدە، تا کەســـایەتیی بەهێز و ڕێبازی

ژیانی شـــاعیرەکەت بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ، ئەویش ڕێبازی کەیفوســەفا و ڕابواردنە، کە بڕوای بە شــتێک لەدوای مردنەوە نییە و چاویشـــی نەبڕیوەتە ژیان مەگەر بەقەدەر خۆشـــییەکی بێوەییانەی دوور لە شــــەرم و شـــوورەیی نەبێ، هەروەک خەڵکەکە لێ تێگەیشتووە:

وَمَا زَالَ تَشْرَابِي الخُمُــورَ وَلَــذَّتِي وبَيْعِـي وإِنْفَاقِي طَرِيْفِـي ومُتْلَدِي
إِلَى أنْ تَحَامَتْنِي العَشِــيْرَةُ كُلــُّهَا وَأُفْـرِدْتُ إِفْـرَادَ البَعِــيْرِ المُعَبَّــدِ
رَأَيْتُ بَنِي غَبْرَاءَ لاَ يُنــْكِـرُونَــنِي وَلاَ أَهْلُ هَــذَاكَ الطِّـرَافِ المُمَدَّدِ
أَلاَ أَيُّهَذَا الزَّاجِرِي أَحْضُرَ الـوَغَــى وَأَنْ أَشْهَدَ اللَّذَّاتِ هَلْ أَنْتَ مُخْلِدِي
فَإِنْ كُنْتَ لاَ تَسـْطِيْعُ دَفْعَ مَنِيَّتِي فَدَعْنِي أُبَادِرُهَــا بِمَا مَلَكَتْ يَـدِي
وَلَوْلاَ ثَلاثٌ هُنَّ مِنْ عَيْشَـةِ الفَـتَى وَجَدِّكَ لَمْ أَحْفِـلْ مَتَى قَامَ عُوَّدِي
فَمِنْهُنَّ سَـبْقِي العَـاذِلاتِ بِشَـرْبَةٍ كُمَيْـتٍ مَتَى مَـا تُعْلَ بِـالمَاءِ تُزْبِدِ
وَكَرِّي إِذَا نَادَى المُــضَافُ مُـجَنَّباً كَسِــيدِ الغَــضَا نَبَّهْــتَهُ المُتَــورِّدِ
وتَقْصِيرُ يَوْمِ الدَّجْنِ والدَّجْنُ مُعْجِبٌ بِبَهْكَــنَةٍ تَحْـتَ الخِبَــاءِ المُعَمَّدِ

لەو شــیعرەدا کەســایەتییەکی دیار و بەهێز هەیە، هەر کەســێک لێی بڕوانێ ناتوانێ بڵێ زۆرلەخۆکردنی پێوەدیارە یان بە زاری شاعیرەکە هەڵبەستراوە یان خوازراوەتەوە. ئەم کەسایەتییەش بە ڕواڵەت ڕەشماڵنشینی و بێخوایی و ماتەم و نامرادی و پێوە دیـارە و لە مەبەســـــت و مـامنـاوەجی بەرەو لای ئیبـاحییەدا دایدەشکێنێتەوە، ئەم کەسایەتییە هی پیاوێکە بیری کردبێتەوە و بەدوای خێر و ڕۆشـــناییدا گەڕابێ، لێ هێشـــتا پێینەگەیشـــتبێ، کەســـەکە لە کەســـاســـییەتیدا ڕاســـتگۆیە، لە غەمگینییەکەیشـــی ڕاســـتگۆیە، لە مەیل و نەوســـــی بەلای زەوق و خۆشـــییەکان

کارییان تێکردوە هەر ڕاستگۆیە. ناشزانم ئاخۆ ئەم شیعرە تەرەفە، یان کەسێکی دیکە گوتوویەتی؟ پێشم گرنگ نییە تەرەفە ماخۆی شیعرەکە بێ، بەڵکو هەر بۆم گرنگ نییە ماخۆی شیعرەکە بزانم، لێ ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە شیعرەکە ڕاستودروست زۆرلەخۆکردن و داتاشینی تێدا نییە، هەروەها لە شیعری پێش خۆی ناچێ، ئەوەی لە وەسفی وشتردا گوتراوە و ناشکرێ بە ئەوە ببەسترێتەوە، ئەم شیعرە لە شیعرە دانسقەکانە، ناوبەناو لەنێو ئەو شیعر و قسەوباسە زۆرانەی دەدرێنە پاڵ جاهیلییەکان تووشی دەبین، ئینجا کە دەیخوێنینەوە، هەست دەکەین هەر بەڕاستی شیعرێک دەخوێنینەوە هێز و ژیان و گیانی تێدایە.

کەواتە من بەو لایەدا دەیشکێنمەوە کە ئەم قەسیدەیە شیعری وەهای تێدایە زانایانی زمان دروستیان کردووە، ئەوەش ئەو وەسفەیە کە پێشتر باسمان کرد، هەروەها ئەو شیعرە هەر بەڕاستی لای شاعیرێک گوتراوە، ئەوەش ئەو بەیتانە و هاوشێوەکانیەتی. دڵنیاش نین کە ئەو بەیتانە لەلایەن شاعیرێکەوە هەڵبەستراون و ئیدی بە تەواوی بە زاری شاعیرێکی دیکەوە دانرابن.

هەرچی ماخۆی قەسیدەکەیە، وەک گێڕەرەوەکان دەڵێن خاوەنەکەی تەرەفەیە. منیش نازانم ئاخۆ تەرەفەیە یان هی کەسێکی دیکەیە؟ بەڵکو ئەوەش نازانم ئاخۆ ئەم شیعرە هی

جاهیلییە یا ئیسلامی؟ هەموو ئەوەی لێی دەزانم ئەوەیە کە هی شاعیرێکی ڕەوەندەی ڕەشماڵنشینی بێ باوەڕە.

حەزیشم لێ نییە هەڵوەستە لەسەر ئەو دوو قەسیدەیەی دوایی بکەم، ئاخر کەسایەتیی شاعیرەکەیان لەپشتەوە خۆی شاردووەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیعرەی کە زیاتر لە جارێک هەڵوەستەم لەسەری کردووە، بەوەی نوێنەرایەتیی شکۆی هۆز و شانازییە کۆنینەکەی دەکا. مەزندەی هەرە گەورەش ئەوەیە، ئەم دوو قەسیدەیە، واتە قەسیدەی حارسی کوڕی حیلززە لە سەردەمی ئیسلامدا بۆ بەنەمرهێشتنەوەی نەبەردییەکانی بەکر بن وائیلەوە گوتراون.

دەی با واز لە تەرەفە بێنین و بچینە لای موتەلەمیس. هەرچی کاروباری موتەلمیسیشە لە هی تەرەفە ئاسانترە. ئاخر شیعری ئەو دەمانباتەوە سەر شیعری ڕەبیعە کە پێشتر باسمان کرد و ئاماژەمان بۆ ناسکی و ساوای و بێچاوڕووی کردووە. سەیریش لەوەدایە زۆرلەخۆکردن لەم قەسیدەیەی موتەلەمیسدا دیارە، بەتایبەتیش لە سەرواکەی، ئیدی ئەوەندە بەسە قەسیدە سینییەکە بخوێنیتەوە کە دەستپێکەکەی وەهایە:

یــا آلَ بَکــرٍ أَلا لِلَّــهِ أُمُّکُــمُ    طالَ الثَواءُ وَثَوبُ العَجزِ مَلبُوسُ

تا هەست بە زۆرلەخۆکردنی سەرواکەی بکەی. هەروەها ئەم قەسیدەیە لەڕووی گێڕانەوەشەوە شلۆق و پەشێوە، دەکرێ

کۆتـاییەکەی لە بەراییەکەی دابنرێ، دەکرێ بەم چەشـــنەش بگێڕدرێتەوە:

كَم دونَ أَسماءَ مِن مُستَعمَلٍ قَذَفٍ          وَمِن فَـلاةٍ بِها تُسـتَودَعُ العيسُ

موتەلەمیس قەسـیدەیەکی دیکەشـی هەیە کە لەمەیان تۆکمەتر نـییە، بەڵـکو لە ڕووی خـراپییەوە لەمەشــیـان نـزمـتـرە، دەسپێکەکەشی وەهایە:

ألم تـر أن المرء رهـن منـيـة          صَريعٌ لِعافي الطَيرِ أَو سوفَ يُرمَسُ

فَلا تَقبَلَن ضَيماً مَخـافَةَ ميتَة          وَمـوتَن بِها حُرّاً وَجِـلدُكَ أَملَسُ

هەروەها لەدێڕی دواتردا دەڵێ:

فَما النـاسُ إِلاّ ما رَأَوا وَتَحَدَّثوا          وَما العَجزُ إِلا أَن يُضاموا فَيَجلِسُوا

دەکرێ قەسـیدە میمییەکەی موتەلەمیس لە چاکترین ئەو شـیعرانە بێ کە دراوەتە پاڵی، سەرەتاکەی وەهایە:

يُعيـِّرُني أُمِّـي رِجالٌ لا أَرى          أَخا كَـرَمٍ إِلاّ بِـأَن يَتَكـَرَّما

گەورەترین مەزنـدەش ئەوەیە، ئەو شـیعرەی دراوەتە پـاڵ موتەلەمیس -یان بەلای کەمییەوە زۆرینەکەی- دروسـتکراوە، مەبەسـتیش لە هۆنینەوەی ڕاڤەکردنی کۆمەڵێـک پەنـد و باسـوخواسـە لەبارەی پاشـاکانی حیرە و سـەربردەکانیان: لەوانەی تێکەڵەی عەرەب و غەیرەعەرەب بوون، ئەوانەی لە خاکی سەواد/ڕەشەخاک (ارض السواد)دا ژیاون. بەدووریشی

نـابینم کە خودی موتەلمیس داهێنراو و دروســـــتکراو بێ، کە پێشـــــتر کەس هیچی لەبارەیەوە نەزانیوە، ئیدی چیرۆکبێژان لە ئەفسانە میللییەکانەوە ڕاڤەیان کردووە، پێشتر زیاد لە جارێکیش ئاماژەمان پێداوە.

شاعیری دیکەی ڕەبیعەش هەن، دەکرێ لەسەریان بوەستین و شیعرەکانیان تاوتوێبکەین و زانیاریی باشیان لەبارەوە بدەین و بگەینە هەمان ئەنجامی ئەو شــاعیرانەی کە لەم کورتە باســەدا پێی گەیشتبووین، لێ هەر بەوەی پێشکەشمان کرد وازدەهێنین، ئـاخر نموونەمـان پێهێنـانەوە. پێمـانوایە بـابەتەکەمـان ڕوونکردۆتەوە و تـاوتوێ کردووە و پەردەمـان لەســـەر هەڵداوەتەوە هەرچی ویستوومانە لەبارەی شیعری جاهیلییەوە دەرمانبڕیوە.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیازمان نەبووە لە هەموو شــــاعیرەکان بکۆڵینەوە، هەروەها مەبەســتیشــمان لێکدانەوەی شــیعرەکانیان نەبووە، بەڵکو مەبەستمان ڕوونکردنەوەی ڕاوبۆچوونمان بووە وەک ڕێگەیەکی لێکۆڵینەوە لە شــــیعری جاهیلی و شـــــاعیرانی ســەردەمی جاهیلی. لەو پرســەشــدا گەیشــتینە مەبەســتەکەمان. هەرچی لێکۆڵینەوەی شـاعیر بە شـاعیر و لێکدانەوەی شـیعر بە شـــــیعرە، دەکرێ لە کتێبێکی دیکەدا ئـاوڕی لێبـدەینەوە. هەرچۆنێکیش بیکەین ئەوا بەتەنیا ناتوانین بە تەنیا و لە ســاڵێک یان لە چەندین ســـاڵدا بیکەین، بەڵکو پێویســـتە لەگەڵ ئێمە ئەو

کەسـانەی هەقخوازن و بەدوای ڕاسـتی و هەقدا وێڵن دەسـت بدەنە ئەم کارە و دەستبارمان لەگەڵ بگرن.

لێ ئێمە دەمانەوێ ئەم کتێبە بە دوو سەرنج کۆتایی پێبهێنین:

**(یەکەمیان)** ئەو لێکۆڵینەوەیەی پێشـکەشـمان کردووە و تێیدا گەیشـتینە ئەو ئەنجـامە، کە دەکرێ لەڕووی مێژووییەوە ڕاسـتودروسـت نەبێ، بۆیە وەها باشـترە توێژەران لەسـەری بوەسـتن و لێیبکۆڵنەوە و بیگەیەنینە سـەر سـاغە، بەوەی کەوا کۆنترین شاعیر هەروەک عەرەب گوتوویەتی و گێڕەرەوەکانیش باسیان کردووە، گوایە یەمەنی یان ڕەبیعی بوون. ئەوسا ئەگەر ئەو شاعیرانە لەمان یان لەوان بن، ئەوا ئەو باسوخواسانەی کە لێیان گێڕدراوەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە نەجد و عێراق و جەزیرە یان ئەو وڵاتەی بە شـێوەیەکی دیار بە فارسـەکانەوە بەسـتراوەتەوە ژیاون، ئەو وڵاتەی عەرەبی قەحتان و عەدنان کۆچی بۆ کردووە.

کەواتە ئێمە بەو لایەدا دەیشـکێنینەوە، ئەو جووڵانەوانە لە لایەکەوە پاڵی بە خەڵکی یەمەن و حیجازەوە ناوە و لە لایەکی دیکەوە پـاڵی بە خەڵکی عێراق و جەزیرە و نەجـدەوە نـاوە، ئەمەش لە سەدە جیاوازەکان ڕویداوە، کە لە سەدەی چوارەمی زاینیـدا تێنەپەڕیوە، تـا بووەتە مـایەی ڕاچەنینێکی عەقڵی و ئەدەبی، ئاخر ئەو دوو ڕەگەزە عەرەبییە بەیەک و هەروەها بە فارسەکانیشی گەیاندووە و تێکەڵ یەک بوونە.

ئیدی لەم ڕاچەنینەدا شـــیعر یـان ئەگەر بتەوێ دەتوانی بڵێی شیعر پەیدابووە و بەهێز بووە و بووەتە هونەرێکی ئەدەبی. لێ ئەم شـیعرە فەوتاوە و هیچی وەهای بۆ یادگاری لێنەماوەتەوە، کەچی سەدەی شەشەمی زایینی دێت تا ئەو ڕاچەنینە وڵاتەکانی عێراق و جەزیرە و نەجـد تێـدەپەڕێنێ و دەچێتە قووڵایی عەرەبســتان و حیجاز و خەڵکەکەشـــی دەگرێتەوە. ئیدی وەک دەبینرێ شـــیعر یەمەنیە و کاتێکیش قەحتان بە ڕەبیعە دەگا بەهێز دەبێ. لێ ئێمە نەمانناســیوە و پێی نەگەیشــتووین تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بە عەرەبســتان شــۆڕبووەتەوە و موزەر لە ڕەبیعەی وەرگرتووەتەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێمە بە مەبەســت لەســەر لێکۆڵینەوەکەمان وەســتاین و تا گەیاندمانە ئەوەی پێی گەیشـــتین، ئـاخر ئێمە ڕاوبۆچوونێکمـان لەبـارەی شـــیعری موزەرەوە هەیە، کە هەمان ڕاوبۆچوون نییە لەبارەی شـــیعری یەمەن و ڕەبیعە، چونکە دەتوانین مێژوویەکەی و ســـەرەتـاکـانی بزانین، هەروەهـا دەکرێ هەنـدێ لە شـــیعرە کۆنەکانیشی پەسەند بکەین بێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی زمانی توند بێتە سەر ڕێگەمان.

کەواتە دەکرێ لە کتێبێکی دیکەدا لەســـەر لێکۆڵینەوەکەمـان تێهەڵچینەوە. ئیدی دەبینی کە سەرجەم یان زۆرینەی شاعیرانی جاهیلی هۆزی موزەر گەیشـتنە سـەردەمی ئیسـلام، بۆیە سـەیر نییە زۆر لە شــیعرەکانیان بەڕاســت و دروســتی گەیشــتبێتنە دەستمان.

**(دووەمیشـــــیان)** ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە و لێیدەبنەوە، دەکرێ لەســەر دڵ و دەروونیان شــتێکی ئازاربەخش پەیدا ببێ لەبارەی ئەو گومانە ئەدەبییەی لە هەموو شــوێنێکی ئەم کتێبەدا چەند پاتەمان کردووەتەوە. دەکرێ ئەوان چ بە شـــاشـــی چ بە پێکاوی هەســت بکەن بەوەی ئێمە بە نیاز ویســتومانە شــتەکە تێک بدەین و بە مەبەستێکی نەرمی نەنواندن وەهامان کردووە. ئینجا لە ئەنجامی ئەو وێرانکارییە بەگشـــتی لەســـەر ئەدەبی عەرەبی و لەســـەر قورئان و ئەوەی پەیوەندیی بەو ئەدەبەوە هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی بترسن.

ئینجـا بۆ ئەو کەســـــانە ئێمە ئەوە دەڵێین، کە ئەم گومـانە پێویســتیەکە و لێدەرچوونی نییە، ئەوەش وەنەبێ لەبەر ئەوەبێ کە گومان ســـەرچاوەی یەقینە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کاتی هاتووە ئەدەبی عەرەبی و زانستەکانی لەسەر بنەمایەکی تۆکمە دابنرێن. باشــتریشــە ئەدەبی عەرەبی بەشــێوەکی توند و ڕەقیش بێ ئەو شـــتـانەی لێ دەربهـاوێژرێ، کە نـاتوانن بژین و شـــیـاوی مانەوەیەکی ڕەزاقورسانە نین، چونکە زیانیان لە سوودبەخشین زیاترە و ڕێگریشە لە جووڵەی ئەدەبی لەوەی بزوێنەری بێ.

ئێمە لەبارەی ئەو چەشـــنە گومان و تێکدانە ترســـیشـــمان لە قورئـان نییە، ئـاخر ئێمە بە تونـدی لەگەڵ ئەوانە نـاکۆکین، کە بڕوایان وەهایە قورئان پێویســـتی بە شـــیعری جاهیلییە تا عەرەبییەکەی سـاغ بکرێتەوە و بێژەکانی پشـتڕاسـت بکرێنەوە، بەتونـدی نەیـاری ئەوەین، چونکە تـا ئەوەی زانیـارییمـان هەبێ

کەس نکوڵی لە عەرەببوونی پێغەمبەر نەکردووە، کەسیش نکوڵی لەوە نەکردووە کاتێ عەرەب گوێیان لە ئایەتەکانی قورئان گرتووە و بۆیان خوێنراونەتەوە لێی تێگەیشتوون. ئیدی ئەگەر کەسێک حاشای لەوە نەکردبێ کە پێغەمبەر عەرەب بووە و کەسیش حاشای نەکردووە کە عەرەب لە قورئان تێگەیشتووە کاتێک گوێیان لێبووە، کەواتە چ ترسێک لەسەر عەرەبیی قورئان هەیە، تا بەو شیعرە جاهیلییە، یان ئەو شیعرەی دەدرێتە پاڵ جاهیلییەکان پووچەڵ ببێتەوە؟ ئەوەش ڕوونە کە لەنێو کۆنەخوازان خۆیاندا هیچ ناکۆکییەک سەبارەت بەو شتە نییە، کە موسڵمانەکان بە هەموو وریاییەکەوە قورئانیان گێڕاوەتەوە و نووسیوەتەوە و خوێندوویانە و ڕاڤەیان کردووە، بەجۆرێک بووەتە وردترین دەقی عەرەبی کۆن، کە بۆ تۆمارکردنی زمانی عەرەبی و لێتێگەیشتنی پشتی پێببەستری. بەپێچەوانەوە ئەوان زۆر گوێیان بە گێڕانەوەی شیعر نەداوە و خەمیان لێنەخواردوە، بەڵکو لە هەندێ کاتدا هەر وازیشیان لێهێناوە، ئەوسا چ بە خۆشی یان بە ترشی بێ، تا ڕۆژگاریشی بەسەردا ڕانەبردووە نەگەڕاونەتە سەری، ئەمەش دوای ئەوەی لەبیرچوونەوە و ڕۆژگار زەبری خۆی لەوە وەشاندووە ئاخۆ چەند لەو شیعرە لەبەر کراوە و پشتاوپشت بەبێ نووسین و تۆمارکردن ماوەتەوە. ئیدی ئاخۆ کامەیان بۆ قورئان بۆ دەق و باوەڕ بە عەرەبییەکەی مەزنتر و شکۆدارترە و پیرۆزترە: ئەو کەسەی وەهای دەبینێ کە قورئان بەتەنیا دەقێکی ساغکراوەی ڕاستودروستە، کە دەکرێ لەبارەی عەرەبی یەکلاکەرەوە پشتی

پێببەســـــترێ لەوەی گومان لە عەرەبییەکەی بکرێ، لەگەڵ ئەو کەسـەی بە شـیعرێک ئاماژە بە قورئان بکا و بیکاتە بەڵگە، واتە بە گێڕانەوە و داتاشین بەبێ مشوورخۆریی کەسانێک کە وەک بەڵگە پەنایان بۆ بردبێ، ئەوانەی درۆزن و بەدخوو و کرێگرتە بوون یان کەســـانێک بە گاڵتەوگەپ و کەیفوســـەفا و ڕابواردن ناسراو بن، ئیدی ئەمە پرسیارەکەیە؟

هەرچی ئێمەین، ئەوا لە ڕێبازەکەمان دڵنیاین لەوەی شـــــیعری جاهیلی، یان زۆرینەی ئەم شـــــیعری جاهیلییە هیچ شـــــتێک دەرنابڕێ و ئاماژەش نییە بۆ هیچ شتێکی وەها تەنیا ئەوە نەبێ کە پێشـکەشـمان کردووە، ئەویش لە درۆ و بۆهەڵبەسـتن زیاتر شـــــتێکی دیکە نییە. ئیدی ڕووەکە -ئەگەر بە ئاماژەنمای دەق لەســەر دەق نەبێ- ئەو ئاماژەنمایە بە دەقەکانی قورئان لەســەر عەرەبیبوونی ئەم شـــــیعرە، نەوەک عەرەبیبوونی قورئـان بەم شیعرە.

**١٨ مارتی ساڵی ١٩٢٦**
**چاپخانەی دار الكتب المصرية ٣٥٦/ ١٩٢٦/١٥٠٠**

# چەند دێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ـەوە ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. زیاتر لە بیست کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١ - نهێنییەکانی مۆسـاد، نووسـینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەنـدییەوە، سـێ جـار چـاپکراوەتەوە؛ چـاپی یەکەم ٢٠٠٨ چـاپخـانەی هێڤی، هەولێر. چـاپی دووهەم دەزگەی چـاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢ - مادلین ئۆلبرایت، سـیاسـەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ - داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرـائیل، نووسـینی ڕۆبەرت سـەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤ - کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسـەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چـاپی

یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥ - وەرزێکی سپیی و شکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦ - ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧ - ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆ مان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ - شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ - یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ - خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١١ - کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢ - خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵڵا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣ - کردە هەرەگرنگەکانی مۆســـاد، میخائیل بار زۆهار و نەســـیم میشـــال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ - لە مەککە، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی

١٥ - ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبســـن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.

١٦- شـــەوە ســـپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧ - زۆربـــای ئێرانی، قـــادر عەبـــدوڵڵا، ڕۆمـــان، لە هۆڵەنـــدییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٨- ژیانی من، گۆلدا مایەر، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٩- کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئا ڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.

٢٠ - هێڵێك بەنێو لمدا، جێمس بار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.

٢١- شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیسینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢- پاشـــا، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٣- لەبارەی شیعری جاهیلییەوە، د. تەها حوسێن، هزر و ئەدەب، لە عەرەبییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٣.

٢٤- کتێبەکەی ســـەلاحەدین، تاریق عەلی، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، ئامادەیە بۆ چاپ.